MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

پیتەر ئایگن

# تۆڕە جیهانییەکانی گەندەڵی

وەرگێڕانی: ئومێد عوسمان

هەولێر - ٢٠٠٧



**ناوی کتێب: تۆڕە جیهانییەکانی گەندەڵی**
- نووسینی: پیتەر ئایگن
- وەرگێڕانی: ئومێد عوسمان
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- ژمارەی سپاردن: (٤٠١)
- تیراژ: (٢٠٠٠) دانە
- چاپی یەکەم ٢٠٠٧
- نرخ: (٤٠٠٠) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی دەزگای ئاراس

زنجیرەی کتێب (١٨)

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی
www.mukiryani.com
asokareem@ maktoob.com
Tel: ٢٢٦٠٣١١

# پێشکەشە بە یوتتا

# ناوەڕۆک


ناوەڕۆك (٥)

پێشەکی: جیهانی کڕیار (١١)

١- ئایدیا سەرەتاییەکان (١٥)

٢- کارکردن لە بانکی نێودەوڵەتی (٢٣)

٣- جۆرەکانی ناسیاوی و تەرزەکانی بەرگریکردن (٣٢)

٤- دەرپەڕین (٤٠)

٥- ڕێکخراوەکە پەرەدەستێنێت (٤٧)

٦- ململانێ لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتیدا (٥٧)

٧- ڕێکەوتننامەی ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری و پەرەپێدان (٦٥)

٨- کارنامەی راستبوونەوە (٧٣)

٩- پێویستە دامەزراوەکان چۆن هەڵسوکەوت بکەن (٨١)

١٠- چۆن کەلوپەلی بەرەنگاربووانی گەندەڵی، بەرەنگاری گەندەڵی پێدەکرێتەوە (٩٥)

١١- ئینتەرنێت ئامرازێکی یەکلاکەرەوەیە (١٠٤)

١٢- پێڕستی درکپێکردنی گەندەڵی (١١٣)

١٣- پێڕستی بەرتیلدەرەکان (١٢٤)

١٤- خەڵاتی راستبوونەوە (١٣٠)

١٥- گەندەڵی لە ئەڵمانیا (١٤٥)

١٦- کۆڵ و دەستەیەك لە خاوەن بەرژەوەندی و پاشبەندەکان (١٥٦)

١٧- بیمەی تەندروستی (ئەڵمانی) (١٦٨)

١٨- راپۆرتی گەندەڵی جیهانی (١٧٩)

١٩- ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و خەباتیان لەدژی گەندەڵی (١٨٨)

٢٠- هەر بەتەنیا شەفافییەتی نێودەوڵەتی هەبوونی نییە (٢٠٠)

٢١- تەواوکردنی بازنەکە: کینیا نموونەیەکی بەرچاوە (٢١٥)

٢٢- ئەو رێگایەی کە کارەکان بە بەردەوامی پیایدا گوزەردەکات (٢٢٣)





بنەبڕکردنی گەندەڵی پێویستی بە سیستمێك لە چوارچێوەی مۆراڵیدا هەیە (٢٣٠)

خشتەی کارەکانی گەشەپێدان و تەحەدی گەندەڵی (٢٤٧)

پاشکۆ (٢٥٣)

نەخشەی گەندەڵی جیهانی (٢٥٣)

ئەوروپای خۆرئاوا (٢٥٣)

ئەمەریکای باکوور (٢٥٦)

ئەمەریکای ناوەڕاست و مەکسیك و دوورگەی کاریبی (٢٥٩)

ئەمەریکای باشوور (٢٦٣)

ئۆقیانووسی ئارام (٢٦٥)

خۆرهەڵاتی ناوەڕاست (٢٦٧)

باشووری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست (٢٧١)

باشووری ئاسیا (٢٧٢)

دەوڵەتانی پاشماوەی یەکێتی سۆڤیەت (٢٧٥)

خۆرهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپا و دەوڵەتانی بەڵتیك (٢٧٩)

باشووری خۆرهەڵاتی ئەوروپا (٢٨١)

ئەمپەڕی خۆرهەڵات و باکووری ئەفریقیا (٢٨٤)

خۆرئاوای ئەفریقیا (٢٨٦)

ناوەڕاستی ئەفریقیا (٢٨٨)

خۆڕهەڵاتی ئەفریقیا (٢٩٠)

باشووری ئەفریقیا (٢٩٢)

بەرئەنجام (٢٩٦)

خشتەکان (٢٩٨)

پێڕستی درکپێکردنی گەندەڵی (٢٩٨)

پێڕستی بەرتیلدەرەکان (٣٠٤)

بەرتیل لە لقەکانی ئابووریدا (٣٠٧)

بەرتیل لە لقەکانی ئابووری، پێ بە پێی بەرزبوونەوەی بڕەکانی بەرتیل (٣٠٨)

چارەسەر لە پێناو بنەبڕکردنی گەندەڵی (٣١٠)
سەرچاوەکانی زانیاری ئەوانەی پرسیاریان لێکراوە (٣١١)
سنووری گەندەڵی (٣١٢)
مومارەسەی کارە ناڕەواکانی دیکە بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازی نا رەوا (٣١٤)
مومارەسەی کارە ناڕەواکانی دیکە کە حکومەت بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازی ناڕەوا بەکاری دەهێنێت (٣١٤)
ئەو وڵاتانەی مومارەسەی کاری خەوشدار یان نامەشروع دەکەن بۆ واژۆکردنی سەودانامە یاخود پاراستنی بواری کارەکان (٣١٥)
پەیڤی سوپاسگوزاری (٣١٧)
نووسەر لە چەند دێڕێکدا (٣٢٠)

## سەرنجەکانی پەخشکار لە مەڕ دەق و سەرچاوەکانی پەرتووکەکە

★ بابەتی زمانەوانی نێوان کەوانە دووڕووەکان " " ئاماژەیە بۆ دەقی وەرگێراو

★ بابەتی زمانەوانی نووسراوی نێوان و، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە نێـوان کەوانـە دانراوێکدا، کەوانەدانراوێکی تر هەیە.

★ بابەتی زمانەوانی نێوان دوو کەوانەی تاك ( ) ئاماژەیە بـۆ ئـەو سەرچـاوەیەی کە دەقە لە کەوانە دانراوەکانی لێوە وەرگیراوە

★ بابەتی زمانەوانی نێـوان " " بـەواتای نـاڕەزایی نووسـەرە سـەرەکییەکە یـان دانەری کتێبەکەیە لە بەرامبەر ناوەڕۆکیدا.

★ بابەتی زمانەوانی نێوان {} ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەمە لە دەقە سەرەکییەکە یان دانەری کتێبەکەدا بوونی نییە.

**قەدموس بۆ پەخش و دابەشکردن**

## جیهانی کڕیار

### پێشەکی بە پێنووسی سەرۆك کۆماری پێشووی ئەڵمانیای فیدراڵی

ماوەی ١٠ ساڵە (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) بۆ ڕاگرتنی بنچینەی ئەو خراپەکارییە بڵاوەی لە جیهانماندا کاردەکات، کە ئەویش گەندەڵییە لەبەرە و پێشچوونی بەردەوامیدایە، هەروەها مرۆڤیش خەریکە دەگاتە ئەو باوەڕەی کە ئەمە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشتی بایە و ئێمەش مرۆڤین نەك فریشتە!

بێگومان پێشکەشکردنی دیارییەکانمان بۆ ئەوەیە خۆشی بخەینە دڵی ئەوانی ترەوە، یاخود بە ئەنگێزە (دافع)ی خۆشی لە پێشکەشکردندا یان بە ئەنگێزەی هاوڕێیەتی، بەڵام فریودانێکی باو لە ئارادایە کە بەرەو پێشکەشکردنمان دەبات ئەویش بۆ گەیشتن بەو مەرامەی لە پشت ئەوەوەیە.

لەباری ئاساییدا، مرۆڤ بە هۆشیاری و بە مەبەست، دەسەڵاتی خۆی دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی بگاتە ئیمتییازێکی کەسێتی، ئەویش لەبەرئەوەی بەهێز دەست بە سوکانی سەرکردایەتییەوە دەگرێت و هەرچی بێدەسەڵاتیشە لە بەرامبەردا پێویستە مەزاجی وەکو ئەوەی بۆی دەلوێت راستبکاتەوە، تاوەکو سوکانی سەرکردایەتی ببزوێت، ئەمەش حاڵەتێکی تەقلیدییە لە حاڵەتەکانی گەندەڵی. چ جای هێشتا دەوڵەتی یاسا و ڕۆژنامەی ئازاد سستن، مەبەستیشم ڕۆژنامەی سەربەخۆ و ئازادە بە کردەیی. بەڵام خۆ تەنانەت دیموکراسییەتی لای ئێمەش لەم لێکۆڵینەوەیە بێبەش نییە. ئەوەتا پارتە بەهێزەکان نفوزی یەکلاکەرەوەیان لە دابەشکردنی وەزیفە یان پۆست و بۆندەکانی راسپاردندا هەیە، هەروەها هێما دەداتە خاوەنەکانیان لە پشتیوانیکردنیان بۆ ئەوەی بەهەر حاڵێك بێت، زیادەباری فەراهەم بکات و بیخاتە پاڵ وەسیلە زۆر و زەوەندەکانی بە ئەندازەییەکی لە ڕادەبەدەر.



ئێمە لە چوارچێوەی ئابووری جیهانیدا ڕێکەوتی هەموو کەناڵە تاریکەکان دەکەین، کە لە بڕی کێبڕکێی شەرەفمەندانە، لە ڕێگەی گەندەڵییەوە کاردەکات. دواجار هێزەکانی پیاوانی مافیا و تیرۆریستان خوازیارن، ئامانجەکانیان بە شێوازەکانی گەندەڵی بەدەستبهێنن و بەوەش لە چنگی پارێزەرانی ڕژێم رزگاریان بێت.

ئەوەتا پیتەر ئایگن بە هاوکاری هاوسەرە مەزنەکەی خاتوو یوتتا (yutta) بە شێوەیەکی میتۆدگەرایی لە پێناو بەرەنگاری بوونەوەی ئەم پەتایە کە پەتای گەندەڵییە دەستپێشخەری کردووە.

هەروەها سەرجەم جۆری ئەزموون و شارەزاییەکی لە سەرتاسەری جیهاندا کۆکردۆتەوە و لەم بارەیەشەوە لە کتێبەکەیدا دەدوێت، ئەو کتێبە زانستییەی کە جەماوەرێکی زۆری هەیە و لە هەمان کاتیشدا بە چەشنی ڕۆمانێکی بەپێز دەخوێنرێتەوە و بە بابەتگەراییەکی پتەو دادەنرێت.

هەربۆیە لە هەموو کیشوەرەکان، شوێنکاری ئەم دەردە دەسرێتەوە و لە هەر جێگایەکیش کە لە تەکیدا دەجەنگن، بەو ڕۆژنامەنووسانەی بوێرییان نیشانداوە، بەو پارێزە زۆرانەی کە خاوەن ویژدانن، بە هاوڵاتییانی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا و هەروەها ئەبەسەنجوی سەرۆکی نایجیریاشەوە کە لە وڵاتەکەیدا دژایەتی گەندەڵی دەکات، سەرکەوتووە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرەنگاری بوونەوەی گەندەڵی بە تەنیا واتای ئەوە نییە کە پەنا بۆ کوتەکە ئەخلاقییەکان لەڕوویدا ببرێت، بۆ ئەوەی خۆمان بە ساکاری بکەینە خواپەرست. بەڵکو ئەوە پێویستی بە ڕاگرتنی ئیستغلالکردنی خۆپەرستانەی دەسەڵات و یارمەتیدانی بێدەسەڵاتەکان هەیە بۆ گەیشتنیان بەو دەرفەتانەی کە بۆیان مسۆگەردەکرێت. ئەمەش ئەرکێکە و لە ئەستۆی ئێمەی

هاوڵاتیاندایە لەپێناو بەرژەوەندی یاسا و لە ڕێگەی شەفافییەت و دادوەرییـــەوە. لەبەرئەوە کتێبەکەی پیتەر ئایگن (Peter Eigen) کە بە هاوکاری (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) هێناویەتە بوونـەوە، بـە دەسـتکەوتێکی نموونـەیی دادەنرێـت، کـە پەیڕەویکردنی دەرفەتی ئەوەمان دەداتـێ هیـوای چانـسی کۆمـەڵگای مـەدەنی دەروەست بەدەستبهێنین، ئەگەر بمانەوێت لە سەرتاسەری جیهاندا فێربین و چۆنیش بە ئسلوبی مرۆیی پێکەوە هەڵبکەین.

**ریچارد ڤون ڤایتستیسکەر**

## ١- ئایدیا سەرەتاییەکان

گەندەڵی، بریتییە لە ئیستغلالکردنی دەسەڵات لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتدا (پێناسەی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی).

گەندەڵی بنچینەی خراپەکاری لە سەردەمەکەماندا دەنوێنێت، هەروەها ئەدگاری قێزەونی خۆی لە هەموو جێگایەك ئاشکرا دەکات، دیسان بە نزیکەیی لە ریشەی گشت گرفتە پڕ بایەخەکاندا بوونی هەیە یاخود بەلانی کەمەوە بۆ ئالۆزکاری دەگۆڕێت کە چارەسەری نییە ، شوێنکاری خۆی لە ناوچە هەژارەکانی جیهاندا بەجێدەهێڵێت، بە شێوەیەك کە بە ملیۆنان مرۆڤ گیرۆدەی نەگبەتی و هەژاری و نەخۆشی و ململانێ و فۆرمەکانی ئیستغلالی بەربەری و زۆرداریانە دەکات (پیتەر ئایگن، ئازاری ساڵی (٢٠٠٣). بەر لە هەر شتێك ژیانی پراکتیکیم لە بانکی نێودەوڵەتییدا بەسەربردووە، ئەویش ئەو ڕێکخراوە پەرەپێدانە نێودەوڵەتییەیە کە یارمەتی وڵاتانی هەژار لە سەرتاسەری جیهاندا بە قەرز دەدات لەپێناو گەشەی ئابووری وکومەڵایەتیدا. بەڵام واژەی (گەندەڵی) هیچ جۆرە بوونێکی لە بەکارهێنانی زمانەوانی فەرمی لە بانکی نێودەوڵەتیدا نەبووە، لە راستیشدا وەکو دەزانین بەرتیل —دەم شیرینکردن (الرشوة) ، لە هەموو جێگایەکدا تاوەکو ئێستا هەیە، دیسان ئەوەشمان دەزانی کە زۆرێك لە هەوڵەکانی پەرەپێدانمان پەکدەخات، ئەگەر بێتوو سەرکەوتنمان سەد لەسەد نەبێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا بەنهێنی باسمان لەوە دەکرد و نەدەکرا خۆمانی لە قەرەبدەین، بەو پێیەی بابەتێك بوو بۆ کاری شێلگیرانە و بگرە لە شتە تابۆکانیش بوو.

بانکی نێودەوڵەتی بۆ خۆی بە هیچ جۆرێك لە جۆرەکان لەم بوارەدا لەکەدار نەبووە، بە تایبەتیش کە لەگەڵ ئەوەدا بووە بە نزیکەیی پشتیوانی لە هەموو پرۆگرامێکی پەرەپێدان بکات، بەڵام بەهۆی واقیعی گەندەڵ بووەوە دوچاری



شێواندن بووەتەوە و پارەیەکی ئێجگار زۆریش چووەتە گیرفانی تایبەتی سیاسی و کارمەندەکانەوە. دامەزراوە خۆرئاواییەکان لە ڕێگەی راسپاردنەکانەوە، کە پارەیەکی زۆریان تێچووە، سامانیان بەدەستهێناوە بێئەوەی پێویست بوویێت، یاخود دەسەڵاتی تایبەت لە یەکلایکردنەوە لە لایەنەکانی تردا خراپ بەکارهێنراوە.

هەر وشەیەکی نەشیاو لە ئێمەی کارمەندانی بانکی نێودەوڵەتییەوە دەربچووایە، کەس گوێی بۆ نەدەگرت و پێشنیاز و تەنانەت ڕێسا زۆرەملێکانیش کە دانرابوون بۆ ئەوەی خاوەن سەرمایەکانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو و گەندەڵکارەکانی باکوور لەسەر حیسابی هاوڵاتییەکانیان و بە پارەی وڵاتانی کۆمەکبەخش دەوڵەمەند نەبن، بە تەواوی رەتدەکرانەوە، چونکە بیانووی فەرمانگەی یاسایی ئێمە پێیوابوو ئەوە دەستێوەردانی سیاسییە لە کاروباری ناوخۆی هەریەك لەو وڵاتانە بە شێوەیەکی جیا، ئەم دەستتێوەردانەش بەپێی سیستمی بنچینەیی بانکی نێودەوڵەتی قەدەغە بوو.

بێگومان چاودێرە وریاکان، لە توانایاندا نەبوو ئەقڵ و بیستنیان لە کاریگەری کارەساتی گەندەڵی کلۆم بکەن، من چاك ئەو تێبینییەی یوتتای هاوسەرم لە یادە، کە دەیگوت بانکی نێودەوڵەتی لەسەر بانەکان کەمان دەژەنێت لە کاتێکدا رۆما گڕ دەگرێت.

بێگومان ئەو دیدەی کە پێیوایە ئەرکی ئەم دامەزراوەیە لە وەرگرتنی هەڵوێستێکی ڕووندایە لە بەرامبەر گەندەڵیدا، بە هەڵگەڕانەوە لە ئایین دادەنرێت.

لە بەرئەوە کاتێك هەوڵمدا لە چوارچێوەی تایبەتمەندێتیدا لە دژی گەندەڵی بە کارەوە پابەندبم، بە گوێرەی یاداشتنامەیەکی سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی - conable- ڕێگریم لێکرا بە دەستەواژەیەکی راشکاوانە.

من هەردەم بە ئامادەیی تەواو و قەناعەتی پتەوەوە لەپێناو ئەم دامەزراوەیەدا کارم کردووە. هەربۆیە بۆ چەندین ساڵ بەردەوام بووین و توانیمان یارمەتی زۆری جیهانی سێیەم بدەین.

من تاوەکو ئەمڕۆش ڕێز لە بانکی نێودەوڵەتی دەگرم و پەشیمانیش نیم لەوەی کە بە درێژایی ئەو ماوەیە ئینتیمام بۆی هەبووە.

دیسان وەکو یەکێك لەو کارمەندانە بووم کە بە ئەنگێزەی باوەڕبوون بە یارمەتیدان و گەیشتن بە جیهانێکی چاکتر کارمدەکرد. ئێستاش کە بانکی نێودەوڵەتی بەجێدەهێڵم و بە هەمان ئەنگێزەی ئەو باوەڕبوونەیە کە لە ماوەی ٢٥ ساڵدا هەمبووە. هەروەها بەرلەوەش کارلەکار بترازێت لە ئایاری ١٩٩٣ لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڕێیان و چەند جەنگاوەرێکی کەم لە سەرتاسەری جیهان، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی (Transperency International، TI)مان لە دژی گەندەڵی باو لە هەموو جێگایەکدا دامەزراند.

بەر لە ١٩٩٣، هیچ جۆرە ئاخاوتنێك لەمەڕ گەندەڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ئارادانەبوو، هەربۆیە لەو چوارچێوەیەدا بە تایبەتیش ئابووری ببووە یەخسیری ئەڵقەیەکی شەیتانی و لەو بڕوایەدابوو، کە پێویستە لەسەری ڕێگای بەرتیل بگرێتەبەر بۆ ئەوەی لە شەڕی کێبڕکێدا کە هەموو جیهانی گرتووەتەوە بەرگە بگرێت.

شێوگی باو ئەوەبوو کە هیچ بۆند و ڕاسپاردەیەك بەبێ بوونی گەندەڵی بەڕێوەنەچێت، هەرکەسێکیش هەوڵیبدایە لە کۆتی ئەم ئاریشەیە دەربچێت، دەکرا پرۆژەکەی بگەینێتە لێواری لەناوچوون. ئیدی بۆچی نابێت ئەوانیش هەمان هەوڵنەدەن لە کاتێکدا حکومەت هانی ئەو سیستەمە دەدا.

تەنیا هێزی ئابووری پێشەنگ کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو، لە ساڵی (١٩٧٧) ەوە بە پێی (یاسای مومارەسەی گەندەڵی لە دەرەوەڕا / FCPA)



پەنابردنی بۆ بەرتیل لە وڵاتانی بیانی قەدەغەکرد ، بەڵام دەوڵەتێکی وەکو ئەڵمانیا نەك هەر ڕێگەی دەدا و بێدەنگ دەبوو، بەڵکو پشتیوانی لێدەکرد، بەشێوەیەك ئەو بڕە بەرتیلەی کە لە دەوڵەتانی بیانی دەدران شیاوی داشکانی زەریبی بوو.

هەرچی ئەو وتەیەیە کە تاوەکو ئەمڕۆ هێشتا بە بەردەوامی دووبارە دەکرێتەوە، کە گوایە پەنابردن بۆ بەرتیل و پێدانی بەخشیش بە دەسەڵاتدارانی زۆردار و فەرمانبەران بووەتە شتێکی تەقلید و باو لە جیهانی سێیەم، ئەوە نەك هەر مایەی بێزاری مرۆڤ و لە ڕاستیشەوە دوورە، بگرە بە سادەییش هەڵەیە. ئەوەی ڕاستە ئەوەیە دیاری بەلای هەندێك لە خێزان و هۆزە دیاریکراوەکان و لە ژیارە جیاوازەکان، لەسیاقێکی دیاریکراودا بەهای ڕێژەیی خۆی هەیە. هەروەها وڵاتێکیش لە جیهاندا نییە، دەسەڵاتدارەکانیان کە لەلایەن خەڵکییەوە بۆ جێبەجێکردنی کاروباری کۆمەڵگا قسەکانیان بەهەند وەردەگرن، ڕێگە بدات زیانی پێبگات و بڕە پارەیەکی زۆریش بچێتە سەر حسابە بانکییە ناسراوەکان، بۆ ئەوەی بڕیاری هەڵەی پەیوەست بە سیاسەت و ئابووری بدەن.

خۆ ئەگەر لە هەندێك شوێندا، لە نموونەی ئەم جۆرە سیستمە دامەزرابێت، کە لە زۆرکاتدا خۆرئاوا بردوویەتییە ئەو شوێنە، ئەوا پرۆژە تایبەتەکان بەو هۆیەوە بەشدارییەکی گەورە لە تاواندا دەکەن. با لە یادیشمان نەچێت کە ئەڵمانیا دەشێت وەکو وڵاتێك لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بێت: چونکە دیسان لەم وڵاتەدا بەرتیل دەدرێت و لە بازاڕی ڕەشدا سەودانامەکان سازدەکرێن. هەروەها گزی و فێڵ و شێواندن لە سەر هەموو ئاستەکان مومارەسە دەکرێت. دوا ئابڕووچوونیش لە ئەڵمانیا بەباربووەدان بوو بە (هێلمەت کۆڵ)ی ڕاوێژکاری پێشوو یاخود ئەو کێشانەی لە کۆلۆنیا و فوبرتاڵ ورووژێنران.

میخائیل فیهن، سەرۆکی لقی ئەڵمانیای شەفافییەتی نێودەوڵەتی کە لەو پۆستەدا ماوەتەوە لەبارەی ئەو مەسەلەیە دەبێژێت:

"هێشتا لە ئەڵمانیا ئامادەیی گەندەڵی بە شێوەیەکی بێ ئەندازەیە بەتایبەتیش لەلای چینی مامناوەندو شارەوانی یان لۆکاڵی. هیچ شتێك بەبێ دیاری بەرێوەناچێت، کەچی خەڵکی بە گەندەڵی لێی ناڕوانن چونکە مەسەلەکە هەمیشە هەر بەم شێوەیە بووە"، لەگەڵ ئەوەشدا بەدرێژایی ساڵانی پێشوو خەڵکی باسیان لەوە نەدەکرد وەکو ئەوەی کە لە ناوەندی بانکی نێودەوڵەتی بە وردی قسەی لەسەردەکرا.

وشیاری لە بەرامبەر ئەم مەسەلەیەدا کە نابەجێ و پێچەوانەی یاسایە بە تەواوەتی بوونی نییە ، هەروەها خەڵکی لێرە لەم وڵاتە سەرنجیان لەوانە داوە کە گەندەڵی هەر بە تەنیا کێشەیەکی پەیوەست بە جیهانی سێیەم نییە، بۆیە لە ڕێگەی بڵاوکراوە زۆرەکانی ئێمەوە لەوانەش پێڕستی گەندەڵی، کە پێڕستێکی درکپێکردنی گەندەڵییە لە ئاستی جیهانییدا، خەڵکی ئاگادار دەکرێتەوە.

گرنگترین ڕەهەند ئەوەیە کە درکپێکردنی گەندەڵی هەڵەیەك نییە لە هەڵەکانی سوارچاکی و لێوەشاوەیی، بەڵام هێشتا خەڵکی بە شتێکی بێبایەخ تەماشای دەکەن و نازانن کە گەندەڵی مەرگ و زیانی لەسەر ئاستی جیهانی هەڵگرتووە و بەهایەکی گەورە لە ئابووری نەتەوەیی لەباردەبات و پێشکەوتنی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم پەکدەخات. هەروەها گەندەڵی پرۆژە مەزنەکان خاپوور دەکات و کێبڕکێکردن دەشێوێنێت و کاردەکاتە سەر سیاسەتی ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەنی سەنتەری سەرکردایەتیکردنن، دیسان بنەماکانی دیموکراسییەت لاواز دەکات و لەلایەن تاوانی سیستماتیك و تیرۆریشەوە دەقۆزرێتەوە.

لە بەرامبەر فەڕوویی گەندەڵیدا، لە ساڵی **١٩٩٣** کۆمەڵێك بابەتی فەڕوو دوچاری ئەو خەڵکە بووەوە، کە کۆببوونەوە بۆ ئەوەی بەهۆی وەسیلەکانی



کۆمەڵگەی مەدەنی بگەنە دەرچەیەك و، شەفافیەتی نێودەوڵەتی پێکبهێنن. ئەوەبوو هەندێکیان بە منیشەوە لە ڕێکخراوە کۆمەکبەخش و پەرەپێدانە نێودەوڵەتییەکانەوە هاتبووین و ئەوانی دیکەش لە گۆڕەپانی ئابووری و زانست یاخود لە حکومەتان و ماس میدیاکانەوە هاتبوون، کە ئەوانیش لە پیاوان و ئافرەتانی جیهانی یەکەم، دووەم، سێیەم بوون، هەروەها لە ژۆرنالیست و پارێزەر و هەڵسوڕاو و داکۆکیکارانی مافەکانی هاوڵاتیان بوون.

دیسان ئەو خاڵە هاوبەشەی هەموومانی کۆدەکردەوە، ئەوەبوو کە ئێمە کەسانێك بووین پێشتر بە درێژایی ژیان پۆستی بەرزمان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەبووە یاخود لەو پۆستەدا ماوین و هەمووشمان ڕاستەوخۆ بەدەست شوێنکاری گەندەڵییەوە ناڵاندوومانە جا ئەوە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر کەم یان زیاتر بووە.

نموونەی ئەمانەش (کەمال حسێن)ی وەزیری دادی بەنگلادیش و هاوکاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە ئەزموونێکی دووردرێژی لەگەڵ حاڵەتەکانی گەندەڵی جیهانیدا هەبووە، کە بۆ ماوەی چەند دەیە یەك پارێزەرێکی نێودەوڵەتیش بووە. هەروەها بلیمەتی پەیوەندیگرتن، فرانك ڤۆگل ( Frank vogl) ی وتەبێژی پێشووی بانکی نێودەوڵەتی و یەکەم وتەبێژی ڕۆژنامەنووسی بە ناوی ئێمەوە، هنزیورگ ئلزهوست (Hansjorg Elshorst) ی بەڕێوەبەری کارەکانی (کۆمەڵەی هاریکاری تەکنیکی / ( Gesellschaft fur Techniche Zusammenarbeit، GTZ ئەڵمانیا، کەملی بۆ بەرتیل نادات، فریتس هایمن (Fritz Heimann) ....................، بەو پێیەی راوێژکاری یاسایی کۆمپانیای ژەنەراڵ ئەلەکتریك /(General Electric، GE بوو، دەبوو بە دیدی خۆی بەشداری بکات لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کێبڕکێی نێودەوڵەتی و ئەو ئیمتیازاتانەش کە کێبڕکێ بە هۆی بەرتیلەوە فەراهەمی دەکات.

دیاره ئێمه هەموومان له چاکسازانی یەکەمی جیهان که پرچیان درێژبوو یاخود له شۆڕشگێڕەکانی نێو پانتۆڵە شڕەکانی جینز نەبووین، بەڵکو ئێمه پیشەکار بووین که ئەزموونەکان پێیان گەیاندووین ، هەروەها سیاسی و بەرێوەبەرانی بانکەکان بووین .

دیسان ئێمه نەمانخواستووه که لەنێو وەرشەی کاردا خۆمان بەزنجیر ببەستینەوه یا خود له کەنارەکانی جەزائیر به بەلەمی پلاستیکی به دوای پێترۆڵدا بگەڕێین و ڕێگەی بۆتەی بکەین. نا ئێمه به پێچەوانەی ئەمەوه، هەر له سەرەتاوه لەگەڵ نوێنەرانی تەقلیدی ئەم جیهانه گەندەڵەدا ویستوومانه لەسەر مێزێك دابنیشین و بگەینه چارەسەرێك پێکەوه.

هەروەها ویستومانه سیستمی گەندەڵی بناسێنین، نەك ئەوانەی بۆ ماوەی چەند دەیەیەکه کەوتوونەته تۆڕی ئەڵقەی بەرتیلەوه. جا مادامەکی ئێمه پراگماتین، ئەوا خەباتی ورد دەخوازین بەهەمان ئەو ڕێگایانەی که به درێژایی ساڵان مومارەسەمان کردووه. دیسان به بۆچوونی ئێمه ئەو ڕێگایانه خۆی له کۆکردنەوەی لایەنه پەیوەندیدارەکان به مەسەلەکه و قەناعەتپێکردنیان لەسەر مێزی دانیشتن دەبینێتەوه بۆئەوەی بگەینه چارەسەری مامناوەند و داڕشتنی هاوپەیمانیەتییەکان و دیسان به ئامانجی پاراستنی شەفافییەت له چوارچێوەی بەشدارییەکی بەرفراواندا. پاشان دەستمان کرد به دامەزراندنی لقه نیشتمانییەکان.

ئەمڕۆش له پاش بیست ساڵ، (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) خاوەنی زیاتر له سەد دامەزراوەیه که به لقه نەتەوەییەکان ناویان دەبەین. هەروەها پەیوەندیگرتن لەگەڵ نزیکەی سەد و بیست وڵاتدا هەر له ئەڵمانیاوه تا دەگاته بەنگلادیش و کینیا و چیك و فلیپین بۆ روسیا و ویلایەته یەکگرتووەکاندا هەیه و هەزارانیش به ئامانجی ئێمەوه پابەندبوون.



دیسان لەو ساڵانەی رابردوودا، ئامرازگەلێکی ئەوتۆمان بۆ سنووردارکردنی گەندەڵی به ئسلوبێکی چالاك دروستکردووه، ئێمه (دوورگەی تەواوکاری)مان دامەزراندووه و (ڕێکەوتننامەگەلێکی تەواوکاری)مان سازداوه، پاشان چەندین خول و لێکۆڵینەوەمان به ئەنجام گەیاندووه و لەسەر ئاستی جیهانیش وێنای پلەی گەندەڵی و ئاستی ئامادەیی بۆ پێدانی پارەی بەرتیلمان کردووه و له لیستەکاندا ریزبەند کراو، هەروەها به زۆرێك له شەفافییەت له ئابووری و ئیدارە و سیاسەتدا پابەندبووین.

له ماوەی دەیەی رابردووشدا بەدەست شکستەوه ناڵاندوومانه و توانیویشمانه چەند ڕەنگێکی سەرکەوتن تۆمار بکەین، بەڵام هێشتا نەگەیشتوونەته ئەوەی که پێویسته پێیبگەین.

دیسان شەفافییەتی نێودەوڵەتی رووبەڕووی پرۆسەیەکی گەورەی بیناکردن و تەحەددی پەرەسەندن دەبێتەوه. پاشان یانزەی سپتێمبەر وایکرد که گەندەڵی له رووناکییەکی تەواو تازەدا دەربکەوێت، لەو کاتەشەوە ناکرێت که به تەنیا له چوارچێوەی تاوانێکی ئابووریدا وێنای بکەین، بەڵکو ئەوە ئەرکێکیشه که به ڕوونی مەزەندەی بکەین، بەوەی ئامرازێکه بۆ تیرۆریستان. چونکه مەسەلەکه وەکو رۆلاند نۆبل (Roland Noble)ی ئەمینداری گشتی ئەنترۆپۆل گوزارشتی لێدەکات و دەڵێت:

کەڵکی چییه که پۆلیس به تەکنیك پۆشته و پەرداغ بکرێت، ئەگەر ئەندامەکانی گەندەڵ کاربن؟ یا خود ئەگەر تیرورستان بتوانن خۆیان لەو رێو شوێنه ئەمنی وگەرانانه به دوور بگرن و، ئەو کەسانەش کەوا پێویست دەکات له راستیدا رێگری له کارەکانیان بکەن و گەندەڵیان بکەن؟

هەروەها شەفافییەتی نێودەوڵەتی ڕووبەرووی تەحەددییەکی تر دەبێتەوه که ئەویش له بەرشتنەوەی پارەیه، که یەکێك له کۆڵەکەکانی تاوان وتیرۆری

سیستماتیك دەژمێردرێت ، بۆیە پێویستە لە سەرمان كار بۆ پێشكەوتنی ئابووری ولاّتانی جیهانی هەژار بكەین تا وەكو ئەو هەلومەرجە نەیەتە ئاراوە كە تیرۆر و تاوانی سیستماتیكی لێدەكەوێتەوە، دواجاریش لە پێناو پاراستنی ژینگە و دۆزینەوەی ئەو سەرمایەیەی كە دەسەلاّتدارانی جیهانی سێیەم بە تالاّن بردوویانە یاخود ئەتكی كردوە یان بە خراپ بەكاریهێناوە.

سەبارەت بەو رێگایانەی كە ئێمە پراكتیزەی دەكەین، ئەوەیە ئێمەش بەوپێیەی رێكخراوێكین لە رێكخراوەكانی كومەڵگەی مەدەنی، لە بیرۆكەیەكی بچووكەوە هاتینە بوونەوە، بەلاّم (شەفافییەتی نێودەوڵەتی ) گەشەی كرد بۆ بزوتنەوەیەكی نێودەوڵەتی كە هەر تاكێك ئەتوانێت بەشداری تیادابكات بۆ گەیشتن بە سیستمێكی نوێی جیهانی. ئەوەی دەمەوێت لەم كتێبەدا بیگێڕمەوە تا ئاستێك چیرۆكی خۆمە و بەر لە هەر شتێكیش چیرۆكی هەزاران مرۆڤە كە هەر رۆژەی بە پرسێكەوە پابەند دەبن و قەناعەتیان دەیانگەیێنێتە ئەوەی، كە دەستەیەكیان لەپێناویدا خۆیان بكەنە قوربانی.

## ٢- كاركردن لە بانكی نێودەوڵەتی

هەردەم هەڵوێستی مێردەكەم، لە بەرامبەر بانكی نێو دەوڵەتی هەڵوێستێكی رەخنەگرانە بووە و تاوەكو هەنووكەش پێی سەرسامم، هەروەها بە هیچ شێوەیەك لە شێوەكان پەشیمانی نیشان نەداوە، هەرچەندە بەدرێژایی ئەوماوەیە كاری دەكرد و لە بارەی مەسەلە جیا جیاكانی ئەو بانكەش بۆچوونەكانی تا ئاستێكی دوور مایەی مشتومڕ بوون.



**(یوتتا ئایگن )**

هەرگیز لەو كەسانە نەبووم كە لە ئاخاوتنەكانیاندا شۆرشگێرێتی پێوەدیارە. من لە ماڵی باوكی خۆشەویستم كە خاوەنی لێهاتووی و دەستبلاّوییە، لەشاری ئیرلنگنی فرانكفۆنی پەروەردەبووم. هەروەكو دواتریش یوتتا فیلیپی ( yutta Philippi) ی هاوسەرم بە زمانە قورسەكەی بە(پادشای شارۆچكە بچووكەكە) ناوی دەبرد. هەروەها كۆمەڵەی قوتابیانی سوارزانیم دامەزراند ودەمتوانی كە تیایدا لە ئارەزووی سوارچاكیدا رۆبچم . هاوكات لەگەڵ تیمێكی جاز و لە چوارچێوەی ئیدارەی هاوبەش لەگەڵ قوتابییەكان لە دواناوەندی میوزیكدا ئامێری كلاّرنێتم دەژەنی و ئاهەنگە وەرزشی و سەمائامێز و ئاهەنگەكانی دیكەم سازدەكرد، دیسان بە شێوەیەكی بەردەوام كورتە وتارم لە رۆژنامەی ڤۆلكسبلات ئیرلنگن (Erlanger Volksblatt) دەنووسی و جاروباریش بەهۆی خوێندكارێكی هاورێمەوە سەردانی گەنجە دیموكراتخوازەكانی باڤاریامان دەكرد، من بەدوور لە سیاسەت پەروەردە بووم، پاشان لە ئیرلنگن و فرانكفۆرت ماین، مافناسیم خوێند و دواتریش بڕوانامەی دكتۆرام بەدەستهێنا.

لەگەڵ ئەوەشدا لە هاوینی **١٩٩٣**، بەهۆی گەشتێك بۆ ئەمەریكای باشوور ژیانم گۆڕدرا و بۆ ماوەی ساڵێكیش بەسوودوەرگرتن لە یارمەتی خوێندنی ڤولبرایت لەوێ مامەوە. لەم گەشتەدا بۆ جاری یەكەم هەستم بە بوونی گرفتی نادادوەری لە جیهاندا كرد، دوای ئەوەی لە رێگەی ئۆتۆستۆپەوە رووم لە ئەمەریكای باشووریش كرد. بێگومان لە ماوەی چوار مانگدا كە لەوێ بووم وەك چۆن دەسەلاّتدارانم ناسی ئاوەهاش ئەو كرێكار و قوتابیانەم ناسی كە لەو گەشتەدا لەگەڵیدابوون یاخود داڵدەیان دەدام.

بۆ نموونە لە نیكاراگوا لەلایەن هاوڕێ دەوڵەمەندەكانی سومۆزای دیكتاتۆرەوە بانگهێشت كرام، هەرگیز ئاستی هەڵسوكەوتی خۆبەزلزانی و لە خۆباییبوونی ئەو

دەستەبژێرە لۆکاڵییەم لەیادناچێت، کە لە چوار دەوریاندا پیاوانی چوارشانەی پۆلیس راوەستابوون و بە فەرمانی ئەوان دەجوڵانەوە. هەروەها بەدەستەواژەی پڕ بێزاری لەگەڵ دانیشتوانی وڵاتدا دەدوان و لە هەموو شوێنێکیشدا بە شێوەی دەربەگەکانی چاخەکانی ناوەڕاست هەڵسوکەوتیان دەکرد.

دیسان کاتێك لەگەڵ قوتابییە چەپەکاندا سەردانی کۆستاریکامان کرد، باسیان لە ڕەوش و بەدحاڵیبوونی سیاسی دەکرد. هەروەها لە کێڵگەیەکی مۆزی باشووری ئەو وڵاتە هەندێ زانیاریم لە بارەی بەرژەوەندی ئابووری کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانی ئەمەریکا لە ئەمەریکای ناوەڕاست بەدەستکەوت.

دواجار لە ئیکوادۆر ئۆتۆمبیلێکم بە کرێ گرت بۆ ئەوەی درێژە بە گەشتەکەم بدەم بەرەو پیرۆ و لەوێشەوە بەرەو چیللی، پاشان لەلای هەڵسوڕاو و هونەرمەندە کۆمۆنیستەکان مامەوە و ئەوانیش باسیان لە ئیستغلالکردنی سەردەستی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکرد. ئەوەش کە وای لە من کرد ئارەزووی کارکردن لە بانکی نێودەوڵەتی بکەم، ناسینی پیتەر رایتەری دیبلۆماتی ئەمەریکی و نوێنەری بانکی نێودەوڵەتی بوو کە ورەی لەلای من دروستکرد لە پای شوێنکارە پۆزەتیڤەکانی کارەکانی.

لە ئەرژەنتینیش پەنابەرانی جولەکە و نازییە کۆنەکان و هاوڕێیانی پێشووی ئەو ڕێکخراوەی قوتابییانم ناسی کە باوکم ئەندامی بوو، هەروەها ئەندامانی دەستەی سەربازی (خونتا)، لێرە هەوڵمدا لە سەرپشتی کەشتییەك کارم دەستبکەوێت. لە پاش نیوەڕۆشدا بە پەتێکی باریك ئەسپەکانی ژەنەراڵ کارلۆس دیلیام دەبزواند، ئەو دەم لە یارییەکانی ئەسپسواری و بازدانیان بەسەر پەرژینەکان دا پاڵەوانی جیهانی بوو.

لەم گەشتەدا لە نزیکەوە ئاستی ئەو فیودالیزمییەم بینی کە چینی فەرمانڕەوا بە دەمارگیرییەك کە لەسەر حسابی زۆرینەی هاوڵاتیانی دەژیا هەڵسوکەوتی دەکرد.



هاوکات بەمەش خوشەویستیم بۆ ئەمەریکای لاتینی و بێزراویم بۆ ستەمکار و چەوسێنەرەوەکان ئاشکرابوو. هەر ئەو کاتەش کە بە کەشتییەکی هۆڵەندی بۆ ئەوروپا دەگەڕامەوە دوو مەسەلەم زانی: ئەوانیش دیسان گەڕانەوەم ، دەشمویست کە ژیانم بە شتێکی بەسوود دەستپێبکەم.

دیارە ئەم کارەش ماوەی بیست ساڵی خایاند، تا بوومە بەڕێوەبەری بەشی تایبەتی شەش وڵاتی ئەمەریکای باشوور لە بانکی نێودەوڵەتی و دواجاریش واملێهات کە بتوانم شتێك بە شتێك بکەم. بۆ جاری یەکەم کە لە ئەمەریکای لاتینی گەڕامەوە ساڵی **١٩٦٣** بوو، کە خۆم بە خوێندنەوە بە شێوەیەکی زیاتر لە جاران سەرقاڵکرد و لە ڕەوتە چەپەکاندا خۆم دەبینییەوە. هەروەها بوومە ئەندامی شانۆی ستۆدیۆش لە ئیرلنگن، کە ئەوەش نوێنەرایەتی دەستەیەك لە پەیڕەوکارانی (برتۆڵد برێخت)ی دەکرد، ئەوکات بە گەشت و سەیران دەردەچووین و لەلای کۆمەڵێك لە هونەرمەندانی بەرلینی بە سەرپەرشتی هێلین فایگل وانەمان وەردەگرت، دیسان بە میوانی چووین بۆ پۆلۆنیا و لە ساڵی **١٩٦٤** لە ڤیستیڤاڵی وارشۆ خەڵاتی یەکەمان بەدەستهێنا، ئەویش لەپای دەرهێنانی شانۆگەری (پەرچەمی شەقام)ی پایمن کە لە نووسینی (هانز هێنی) یانە.

سەبارەت بە خۆشم لەگەڵ گرنگیدانی تازەم بە شانۆ خوێندنم بە سەرکەوتوویی تەواوکرد. ئەوەی ماوەتەوە قەرزارباری منە بۆ کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی باشم کە تاوەکو ئەمڕۆ پەیوەندیەکی بەتینم پێیانەوە هەیە.

تەنیا لە پاش ساڵێکیش لە دەرچوونم، بەڕێوەبەری پەیمانگای مافناسی ئابووری لە زانکۆی فرانکفۆرت: کە ئەویش پرۆفیسۆر (هاینرچ کرونشتاین /( Heinrich kronsteinە بانگی کردم بۆ ئەوەی پلەی مامۆستا لە زانکۆ بەدەستبهێنم ئەویش لە ماددەی مافەکانی کێبڕکێدا.

لە ئەیلولی ١٩٦٦ چوومە (پەیمانگای یاسای بازرگانی نێودەوڵەتی و دەرەوە /Institute for International and Foreign Trade law) لە زانکۆی واشنتۆن لە جۆرج تاونی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئارەزووی ئەوەم دەکرد کاری تۆیژینەوە لە بواری دەستە کێبڕکێکانی ئەمەریکادا بکەم. لە ساڵی (١٩٦٨) بە داوای بانکی نێودەوڵەتی بانگهێشتی بەشی یاسایی کرام، ئەوەبوو هەر لەو کاتەی کە لە چیللی نیشتەجێ ببووم بیرۆکەی چوونم بۆ ئەو جێگایە لە مێشکدابوو بۆ ئەوەی شتێك بە شتێك بکەم.

بەڕاستی لەو چوار ساڵەی کە لە بەشی یاسایی لە واشنتۆن کارمدەکرد، ژیانی تایبەتیم پڕبوو لە ئاژاوە و پشێوی، هەر لەو ماوەیەشدا یوهانا (Yohanna)ی کچمان دوانەیەکی کوڕی بوو، کە ئەوانیش کریستیان (Christian) و توبیاس (Tobias)ە. بەڵام بەهۆی سەرقاڵیمەوە سەرم نەدەپەرژا و سەرگەرمی چارەسەری لایەنە یاساییەکانی پرۆگرامەکانمان بووین لەگەڵ کۆمەڵێ لە پسپۆڕانی تری بانکی نێودەوڵەتی.

هاوکارەکانم بەرپرسیاربوون لەو قەرزانەی کە بۆ ولاّتە جیاجیاکان تەرخانکرابوون، لەگەڵ ئەو پرۆژانەی کە تایبەتمەندبوون بە کەرتە جیاجیاکانی وەکو گواستنەوە و کشتوکاڵ و پەروەردە و تەندروستی و کانەکان. منیش بۆ خۆم لە کۆمەڵێك ئەرکدا لە چەند ولاّتێکی جۆربەجۆری وەکو کۆستاریکا و تانزانیا و پاکستان و پرۆسەی جیاکردنەوەی پاکستان لە بەنگلادیش لەڕووی مافناسییەوە بەشداریمکردووە، سەرباری ئەوەش مەسەلەی پێدانی قەرز بە بازاڕە سەرمایەدارەکانی ئەڵمانیا کە بە شێوەیەکی بەربڵاو ببووە مایەی بایەخپێدان لە ئەستۆی مندا بوو.

لە ساڵی ١٩٧١ پێشنیازکرا کە بۆ ماوەیەك بچم بۆ بوتسوانا و بۆ یارمەتیدانی حکومەتی ئەو ولاّتە لە دامەزراندنی سیستمی قەزایی ئەویش بە راسپاردەیی دامەزراوەی فورد (Ford Foundation)، لە سەرەتادا گومان دایگرتبووم و



دەمپرسی ئاخۆ دەبێت لەم ماوەیەدا پشت لە بانکی نێودەوڵەتی بکەم. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك هاوسەرەکەم داوای لێکرا وەکو پزیشك لە نەخۆشخانەیەکی میری کار بکات، مەسەلەکە یەکلایی بووەوە، ئەوەبوو مۆڵەتی تایبەتی و بێ مووچەم بۆ ماوەی دوو ساڵ کرد و لەگەڵ خێزانەکەم چووم بۆ ئەفەریقیا، تاوەکو ئەوەی لە بانکی نێو دەوڵەتی فێری بووم بیگوازمەوە. پێم وابوو کە لە توانامدا هەیە پشکم هەبێت لەپێناو ئەوەی سیستمی مافناسی و خۆشگوزەرانی بە رێژەیی باڵ بەسەر ئەو ولاّتەدا بکێشێت.

هەروەها داواملێکرا کە سەرپەرشتی دانوستانە ئابووریەکان لەڕووی یاساییەوە بکەم، کە ئەوەش لەو رۆژگارەدا بەهۆی هەڵوێستی جیۆپۆلیتیکی باوەوە سادە نەبێت، چونکە ئەو ولاّتە بە دراوسێی رەگەزپەرست و نادیموکراسی ئابڵۆقە درابوو.

بوتسوانا تەنیا لە باکوورییەوە لە کیشوەری ڕەشهەڵگەڕاو جیادەبووەوە، کە ئەویش پنتێکی ئەندازەیی بوو لە ناوەندی رووباری زامبیزی. ئەم پنتە لەڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە درێژکراوەی نەبوو، هەروەها بە پێچەوانەی ویستی دراوسێکانی دەتوانرا لەو پنتەوە بە کەڵەك بپەڕێتەوە. دیارە ئەمەش یەکێك لەو هۆکارانەبوو کە وای لە حکومەتی سیریتسەخاما (seretse khama) کرد، کە لە ساڵی ١٩٦٦ ولاّتی بەرەو سەربەخۆیی برد، کە گرەو لەسەر دانوستان و یاسا بکات، کە ئەمەش زۆر گونجاو بوو بۆ ئەقڵانییەتی پەیماننامەکانی پێدانی ئیمتیاز لە پێناو کانە گەورەکانی ئەڵماس کە بە دانوستان لە چنگی (هاری ئوپنهایمەر/ Harry oppenheimer) و تیمەکەیان سەندەوە. شیاوی ئاماژەیە ئەمە باشترین دەرفەت بوو بۆ من کە حکومەتێکی کراوەم دەستکەوێت کە تا ئەو ئاستە ئەقڵانیەت بێت، وەکو ئەوەی کە لە بوتسوانا هەبوو، کە پێدەچوو لە هیچ جێگایەکی تر ئەوە نەبێت.

لەسەر بناغەی ئەو ئەزموونە باشانەی بوتسوانا، بیرۆکەی ئەوە بە مێشکمدا دەهات کە واز لە بانکی نێودەوڵەتی بهێنم و ڕێکخراوێکی سودمەندی گشتی بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم دابمەزرێنم بەڵام نەموێرا کە لە ساڵی ١٩٧٤ بانکی ناوبراو بەجێبهێڵم، هەربۆیە لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕامەوە و بوومە بەرپرسی قەرزەکان و پسپۆڕ لە کۆتیڤوار و بنین و تۆگۆ.

ئەو ڕۆژگارە لێوان لێوبوو بە سەرنج و کاردانەوەکان، منیش سەرگەرمی گەشتکردن بووم و زۆرێك لەو وڵاتانە فێر ببووم. لە ساڵی ١٩٧٧ بوومە بەڕێوبەری بەش و لە کاتی دابڕان و مۆڵەتی پێشووشمدا پۆستی مامۆستای میوانیان لە زانکۆی فرانکفۆرت پێدابووم و پسپۆڕی هەر حەوت وڵاتی ئەفەریقییای ناوەڕاستبووم کە ئەوانیش کامیرۆن و کۆماری ئەفەریقییای ناوەڕاست و تچاد و کۆماری کۆنگۆی میللی و گینیای ئیستوائی و گابۆن و ساوتۆمی/ برنسیب بووم. ئەو دەمە ڕۆژگارێکی دژوار و نالەبار بوو، بۆ نموونە لە کۆنگۆ ئێمە پشتیوانیمان لە پرۆژەیەکی گەورەی هێڵی ئاسنین دەکرد، بەڵام بینای میترۆکە لەلایەن جەنگاوەرە ئازادیخوازەکانەوە کە لە ئەنگۆلاوە هاتبوون ڕووبەڕووی هێرش دەبووەوە و بیناکردنیش بەتەواوی ڕاگیرا. هەروەها ئەو دامەزراوە بەشداربووانەش ئامادەنەبوون دەست بە کاری ئەو پرۆژەیە بکەنەوە، ئەگەر لەڕووی سەربازییەوە پارێزگارییان لێنەکرێت و پارەی زیادەیان بۆ تەرخاننەکرێت لە بەرامبەر مەترسییەکاندا. من لەلایەن خۆمەوە هەموو شتێکم کرد بۆ ڕزگارکردنی پرۆژەکە و کۆکردنەوەی پارە لەلایەن وڵاتانی کۆمەکبەخشەوە، بەر لە ڕۆیشتنیشم بۆ جارێك چاوم بە ماریان نگوابی (Marien Ngouabi) کەوت، کە نامەیەکی پێداناردم بۆ ڕوبەرت مەکنمارای سەرۆکی بانکی نێو دەوڵەتی. ئەوەبووبە گەیشتنم بۆ واشنتۆن کۆتایی بە نگوابی و ئەوانەش هات کە لەگەڵیدابوون، چونکە دەیویست بەڕووی خۆرئاوادا بکرێتەوە، ئەودەم منیش بۆ یەکەمجار زانیم کە کارەکەم پڕ لە سەرکێشییە.



پاشتریش بۆ ماوەیەکی زۆر کە بوومە هەڵسوڕاوێکی دژ بە گەندەڵی درکی زیاترم بەوەکرد.

لەگەڵ ئەوەی جاروبار ڕەخنەم دەگرت، بەڵام دڵسۆزی قەناعەتی خۆم بووم و لە زۆرکاتدا سەربازێکی ئەمەکداری بانکی نێودەوڵەتی و کەسێکی پراگماتی بووم و دەشمتوانی شەقڵی ئەقڵانییەت بدەمە هەموو ئەو شتانەی کە ڕوویان دەدا لە لێکدژی تەواوی نێوان من و یوتتای هاوسەرمدا.

ئەو هەمیشە دەیگەڕاندمەوە بۆ سەر زەوی و مشتومڕی لەگەڵ دەکردم و بۆ چەند جارێکیش کاری منی ڕووبەڕووی گومان دەکردەوە. یوتتا دەیگوت: ئەگەر ئێمە لەگەڵ ستەمکار و فەرمانڕەوایانی خاوەن سامان تێوەگلێین ئەوا لەلای خەڵکی وڵات و لە جیهان ڕاستگۆیی خۆمان لە دەستدەدەین. ئەو لە ساڵی (١٩٦٥)ەوە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٢ کە گیانی لەدەستدا پابەندبوو بەپرسی نەخۆش و مرۆڤە بێبەشەکانی سەرتاسەری جیهان.

لە ساڵی ١٩٧٢ لە بوتسوانا لەپاڵ ئیشەکەی خۆی لە نەخۆشخانەی میری، نەخۆشخانەیەکی لە جەنگەڵەکانی دەرەوەی گابورنی پایتەخت کردەوە و چارەسەری تیادا دەکرد.

لە ساڵی ١٩٩٩ و بەو پێیەی ئەندامی ڕێکخراوی (پزیشکانی جیهانی سێیەم/ Arzte fur die۳. welt) بوو کۆمەڵەی بەهاناوەچوونی منداڵانی دامەزراند.

تەنانەت لە پاش گەڕانەوەشمان لە ئەفەریقییا لە هەموو ساڵێکدا بۆ چەند مانگێك سەردانی نەخۆشخانەی وڵاتانی تازە پێشکەوتووی دەکرد، لە کاتێکدا کە منیش کۆبوونەوە و کۆنگرەم لەگەڵ فەرمانڕەوایانی وڵاتانی ئەفەریقیا و ئەمەریکای لاتین سازدەدا، ئەو لە گەڕەکە پیس و پۆخڵەکاندا کە ڕووبەڕووی کلۆڵی ژیانی ڕۆژانە دەبووەوە کاری دەکرد. لەم بارەیەوە توبیاسی کوڕمان دەڵێت:

"هەمیشە دایکم لەگەڵ باوکمدا لە مشتومڕی گەرمدابوون بە تایبەتیش ئەو کاتەی کە باوکم لە چیللی هاوکاری ئۆگستۆ پینۆچیەی دەکرد، هەروەها بە هەمان شێوەش لە ئەفەریقیبیا، دایکم لە هەفتەیەکدا بۆ ماوەی شەش ڕۆژ لە گەرەکە پیس و پۆخڵەکاندا دەمایەوە، لە کاتێکدا باوکم لە کۆبوونەوەکانی بانکی نێودەوڵەتی و لە نوسینگە نەرم و خۆشەکاندا دادەنیشت. هەمیشە مشتومڕەکان لەسەر مێزی نانخواردن دەستییپێدەکرد، باوکم باسی لە هەڵوێستی بانکی نێودەوڵەتی دەکرد و دایکیشم دیدوبۆچوونی جیاوازتری هەبوو. دیارە هەر کاتێك باوکم بە هەڵەداوان دەهاتەوە، ئەوە فەرمانڕەوایان بۆ جارێکی تر و سەرلەنوێ پرۆژەیەکی پووچ و بێ واتایان لەسەر حسابی ئەو پرۆژانەی کە باوکم بەلایەوە پڕمانا و مەعقول بوو سەپاندبوو، کە ئەمەش هەروا بەئاسانی پەسەند نەدەکرا".

دیارە ئەم جۆرە ئاخاوتنانە کاریگەری بۆ سەر دەروونم هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ساڵانێکی دووروودرێژ لەسەر ئەو باوەڕەی خۆم سووربووم کە دەگەمە شتێك لە کاتی دانیشتنم لەگەڵ خاوەن دەسەڵاتەکان. هەروەها بۆ چەندین جاریش تاڵی و ناخۆشیم چەشتووە بەڵام خۆ ئەگەر هاوسەرەکەم نەبووایە ڕەنگبوو هەر زوو گیانم لەدەستبدایە. بەر لە مەرگیشی یوتتا ئەوەی بە بیرهێنایەوە کە پەیوەندیمان زۆر پتەو بووە و لەگەڵ ئەوەشدا هۆکاری ناکۆکییە بەردەوامەکانیشمان لەوەدابووە کە ئەو زیاد لە پێویست سەرقاڵی کارکردنبووە لە کاتێکدا من مامەڵەم لەگەڵ فەرمانڕەوایاندا بووە. هەروەها لە بەردەم پیتەریشدا ڕێگەیەکی تر بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ خاوەن دەسەڵاتەکاندا کە بەپێی ئارەزووی من بێت نەبووە، هەربۆیە مشتومڕەکانمان جۆرێك لە توندوتیژی و پیاهەڵپژانی پێوە دیاربووە.

لە ساڵی ١٩٨٣ بوومە بەڕێوەبەری بەش لە ئەمەریکای لاتین و شارەزا لە ئەرژەنتین و چیللی و ئیکوادۆر و پاراگوای و پیرۆ و ئۆرۆگوای. هەروەها لەژێر



دەستمدا بودجەی قەرزی ساڵانە کە (١,٥) ملیار دۆلار بوو، هەبوو. لەم ڕۆژگارەشدا زیاتر لەهەر کاتێکیتر سەرگەرمی پەرەپێدانی ئابووری ئەو دەوڵەتانە بووم. ئەوەبوو لەلایەك دانوستانم لەگەڵ حکومەتانی ئەو وڵاتانە و لەلایەکی تریشەوە دانوستانم لەگەڵ وڵاتانی کۆمەکبەخش و ڕێکخراوەکانی هاریکاری پەرەپێدان و بانکەکان و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی دەکرد.

دواجار دەبوو کینیا دوا وێستگەم بێت لە بانکی نێودەوڵەتیدا و پاشئەوەش چەند ساڵێك چاوەڕوان بم تاوەکو خانەنشین دەبم یاخود دەکرێت درێژە بە کاروانی پیشەیی خۆم بدەم، کاتێك لە پڕێکدا کاروبارەکان پڕبایەختربوون و هاوڕێکانم لە جیهانی یەکەم و جیهانی دووەم و جیهانی سێیەم دەستیان بۆ درێژدەکردم و ئەمەش وای دەخواست کە پابەندبم لە خەباتی دژ بە گەندەڵی، بەڵام هەردوو دەستەکانم لەنێو بانکی نێودەوڵەتی گیریانخواردبوو کە نەدەکرا ئەوێ بەجێبهێڵم.

## ٣- جۆرەکانی ناسراوی و تەرزەکانی بەرگریکردن

کاتێك بۆ جاری یەکەم پیتەر ئایگن سەبارەت بە دەستپێشخەری جیهانی دژ بە گەندەڵی پرسیاری لە بۆچوونی من کرد، من گومانێکی زۆر دایگرتبووم و پێم گوت: تۆ مرۆڤێکیت لە وەهمدا دەژیت، بۆیە دەستەکانت لەمەدا نوقم مەکە! چونکە دەرفەتت نییە. هەرلەو دەمەشەوە پیتەر ئایگن کەسانێکی بێ شومار پێی پێدەکەنن، بەو پێیەی کەسێکی ئایدیالییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانی قەناعەت بە خەڵکێکی زۆر و چاك بهێنێت: ئەوانەی کە بە خاوەنی ئەنگێزە و بایەخپێدان دەناسرێنەوە. ئەویش بەهۆی فیکرییەوە کە وایلێکردن هاوکاری لەگەڵدا بکەن (میخائیل فیهن، بەڕێوەبەری پێشووی بانکی نێودەوڵەتی و، دواتریش سەرۆکی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) لە ئەڵمانیا.

سەبارەت بە ئێمەش، کینیا بە زێڕی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) دادەنێین چونکە لەوێ تۆوی ئەم ڕێکخراوە سەوز بوو، هەرچەندە حکومەتی ئەو وڵاتە

دامەزراندنی لقی ڕێکخراوەکەی قەدەغەکرد. ئێمە لەمڕۆدا هەست بە بوونی پەیوەندییەکی تۆکمە لەگەڵ پیتەر ئایگن دەکەین و ئەگەر ئەو نەبوایە ئەوا ئێمە لێرە نەدەبووین، هەرچەندە کەسێکیتر کە پێموایە (جۆن گیتۆنگۆ/( John Githongo) یە کە وەزیری دەوڵەتە لە ئۆفیسی کیباکی سەرۆکی کینیا و ڕۆژنامەنووسێکی دێرین و سەرۆکی ئێستای لقی شەفافییەتی نێودەوڵەتی لە کینیا، لقی ڕێکخراوەکەی لەو وڵاتە دامەزراند.

لە پاریس ساڵانە بۆ جارێك نوێنەرانی دەوڵەتانی کۆمەکبەخش و نوێنەرانی ڕێکخراوە کۆمەکبەخشەکان لەپێناو کینیا کۆدەبنەوە و ئەو کۆبوونەوەیەش بە کۆبوونەوەی ڕاوێژکردن ناودەبرێت، هەروەها بانکی نێودەوڵەتیش بە شێوەیەکی تەقلیدی کورسی سەرۆکایەتی پێدەدرێت، ئەوەی پەیوەستیشە بە ئەرکی منەوە ئەوەیە کە لە ساڵی (١٩٨٨)ەوە ئیدارەی کۆنگرەی تەکنیکی کۆمەکبەخشەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بەڕێوە دەبەم. دیارە هەموو دەوڵەتان و ڕێکخراوەکان بەرژەوەندی تایبەت بە خۆیان هەیە و هەرچی ئێمەشە لەمیانەی دانوستانەکان لە هەوڵی دەستەبەرکردنی پارەدابووین لە پێناو ئەو پرۆژە گرنگانەی کە کینیا بەرەو پێش و پەرەسەندن دەبات لە دیدی ئێمەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆرکاتدا زۆربەی شتەکان بێ واتابوون، لە کاتێکدا هێشتا ئێمە لە پاریس و نایرۆبی لە ململانێی ئەوەدابووین کە پشتیوانی دارایی بۆ ئەم پرۆژە بێ سەروبەرانە دەستەبەربکەین. هەروەها بانکە تایبەتە نیشتمانییەکان کە قەرزیان بۆ ئەو جۆرە پرۆژانە فەراهەم دەکرد، بەپەلە قەرزیان دەدایە دەوڵەتانی باشوور بەڵام دیارە سوودێکی زۆریان چنگ دەکەوت و دەبوو ئەو قەرزانەش بەپێی گەرەنتی حکومی بدرێنەوە و قەرزەکانیش کەڵەکەدەبوون ئەگەر وڵاتانی کۆمەکبەخش پێکرا و نەیتوانیایە قەرزەکانی بداتەوە.

ئاشکرایە نموونەی ئەم پرۆژە و قەرزانەی کە سوودێکی زۆریان لێدەکەوێتەوە هۆکاری سەرەکین لە قەرزاربارکردنی جیهانی و ژێرخانی داتەپیو و وێرانکردنی ژینگە لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا. هەرچی پرۆژە و فەرمانڕەوا دەوڵەمەندەکانە



کە شیاوی بەرتیلخۆرین کاروبارەکانیان بە چاکی دەڕوات و ئەوانەش کە بەدەست غەم و کلۆڵییەوە دەناڵێنن خەڵکی وڵاتەکەن و هەروەها نەوەکانی داهاتوون. دیارە گەندەڵی بناغەی ئەم جۆرە سیستمانەیە و بۆ ئەوەش کە پرۆژەی نائەقڵانی بسەپێنرێن ئەوا پێویستە پارەیەکی زۆر بچێتە گیرفانی تایبەتی ئەو کەسانەی کە خاوەنی بڕیارن.

لە یادمە کە ئێمە لە بانکی نێودەوڵەتی بڕیارماندا پارەی ئەو پرۆژەیەی کە لە کۆتیڤوار بۆ پەیوەندیگرتنی لە دوور تەرخانکرابوو، دەستەبەری نەکەین، چونکە حکومەتی ئەو وڵاتە ئامادە نەبوو پرۆژەکە بداتە ئەو بەڵێندەرەی کە هەموو مەرجێکی پێویستی تێدابوو، بەڵکو درایە ئەو بەڵێندەرەی کە بەرزترین نرخی داوادەکرد.

بەڵام بڕیارەکەی ئێمە هیچی لێ سەوز نەبوو، بەڵکو لەلایەن بانکێکی تایبەتی خۆرئاواوە سەرمایە بۆ ئەم پرۆژەیە تەرخانکرا کە پارەیەکی زۆری تێچوو.

دیسان لەم کارە هاوشێوە و پووچانە، پیلانێکی دامەزراوەیەکی ئەڵمانی بوو کە خوازیار بوو شەقامێك دابمەزرێنێ و پیایدا ڕێبواران گوزەر بکەن و تیایدا وێنەی مارکس هەبێت، ئەم پرۆژەیەش لە هەژارترین وڵاتی ئەفەریقیبیا بوو.

هەر لەم چوارچێوەیەدا، چەند ساڵێك بەر لە ئێستا بە مەبەست ڕێگە بە حکومەتی کامیرۆنی درا شەقامێك دابمەزرێنێ کە پایتەخت بە شاری دوالای بەندەرەکانەوە ببەستێتەوە.

ئەوەبوو چەند وڵاتێکی کۆمەکبەخش بڕیاریاندا بڕی تێچوونی پرۆژەکە دەستەبەر بکەن. دیارە ئەم ڕێگایە پێچاوپێچ بوو کە بەسەر شوێنە سەخت و چیاکاندا تێدەپەڕی، هەروەها ئەم ڕێگایە کە بۆ هەموو کەش و هەوا و وەرزەکان شیاو بوو، دەبوو خێرایی تەنیا بە هەشت کیلۆمەتر پیایدا تێپەڕبێت.

ئەم پرۆژەیە کە ساڵی پار تەواو بوو، تێچوونەکەی ئێجگار زۆربوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جوڵەی هاتووچۆی ئۆتۆمبێل لەسەری زۆر سستە.

دیسان لە کینیا، بانکی نێودەوڵەتی سەرمایەی بۆ پرۆژەیەکی گەورەی تەندروستی دەستەبەرکرد و بڕیاریش بوو کە هاوشان لەگەڵ پرۆژەکەدا، عیادەیەکی هاوچەرخی بە هاناوەچوون لە یەکێك لە گەڕەکە پیس و چەپەڵەکانیدا دابمەزرێنرێت. کاتێك کە بانکی نێودەوڵەتی ڕەزامەندی خۆی نیشاندا، کرێکارەکانی ئەو عیادەیە کە لە کەپرێك پێکهاتبوو، دەستیانکرد بە ئامادەکاری لەپێناو دامەزراندنی عیادەی نوێدا، چونکە لە منەوە بیستبوویان کە پارەی تەواو گەیەنراوەتە حکومەت، ئەمە جگە لەوەی کە یوتتای هاوسەریشم لەو جێگایە بە هانای ئەو نەخۆشانەوە دەچوو کە لە گیانەڵاندا بوون.

ئەوەبوو لە چاوەڕوانی گەیشتنی پارەکەدا بوون، بەڵام هیچ ڕووینەدا و منیش لەلایەن خۆمەوە هەوڵێکی زۆرمدا بۆ گەیشتنی پارەکە بەڵام هیچم پێنەکرا جگە لە دڵنەوادانەوە و هێمنکردنەوە نەبێت.

نموونەیەکیتری هەناسە ساردیمان پرۆژەی راکێشانی ئاو بوو لە کانیاوەکانی نزیما (Nzima - spring)وە کە دەکەوتە قەدپاڵی شاخەکانی دەوروبەری مومباساوە، ئەمە بە مەزەندەی ئێمە نزیکەی چل ملیۆن دۆلاری تێدەچوو.

لە بەرامبەردا یەکێتی دامەزراوە پارەدەرەکان لە هەریەك لە ئەڵمانیا و ژاپۆن و وڵاتانی تر داوای سەد ملیۆن دۆلاریان دەکرد بۆ راکێشانی هێڵی نوێی ئاو لە نزیماوە بۆ مومباسا.

ئەم کانیاوانە دەکەوتنە دڵڕفێنترین ناوچەی شاخاوی کینیاوە لەگەڵ ئەوەی ئەو وڵاتە کێشەی کەمی ئاوی هەیە و دیاربوو بە ئەنجامگەیاندنی پرۆژەکەش زیانی بە ژینگەی ناوچەکە دەگەیاند، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دامەزراوەکان قەرزەکانیان



دەستەبەرکرد و منیش بۆ ماوەیەکی زۆر بوو لەگەڵ وەزیرێکی پسپۆڕدا ڕێکەوتبووم، بەڵام لە پڕێکدا هەموو پلانەکەی لەباربردین و بیانووی ئەوەی هەبوو کە گوایە بانکی نێودەوڵەتی ئاگاداری واقیعی ئەفەریقیا و مەسەلەی گەشتیاری نییە، بەڵام لە واقعی ئەفەریقیادا تاوەکو ئەمڕۆش دەوڵەمەندەکان حەوزی مەلەوانگەکانیان بە ئاوی گرانبەها پڕ دەکەن: لە کاتێکدا هەژارەکانیان ناچار دەبن هەروەکو ئەوانەی پێش خۆیان بەو پارە کەمەی کە هەیانە ئاو بکڕن بۆ خواردنەوە. من ئەو کاتە و ئێستاشی لەگەڵدابێت لەو بڕوایەدام کە گەندەڵی گەمەی خۆی دەکات و لە توانای منیشدا نەبوو کارێك بکەم چونکە ئەوە پێچەوانەی سیاسەتی بانکی نێودەوڵەتی بوو.

دیارە ڕێکخراوەکانی سەر بە وڵاتانی کۆمەکبەخش لە ئەڵمانیا و ئەسکەندەناڤیا بە سەختی هەوڵیاندا بۆ دژایەتیکردنی ئەم پرۆژەیە و پرۆژەیەکی تری هاوشێوە لە دروستکردنی بەنداوێك لەسەر ڕووباری (تورکول /Turkwell) لە خۆرئاوای ئەو وڵاتە، بگرە نەرویجیەکان لە ئەنجامی ئەوە لە پرۆژەکە چوونە دەرەوە و ژنە بالوێزی کەنەداش کە بە چەند پەیڤێك دوا ڕاگەیاند کە ئەو کەسێکە لێی ڕازی نین.

بەڵام لە کۆتایی هەشتاکان و لە دەستپێکی نەوەدەکاندا مەزاج گۆڕانکاری ئاشکرای بەسەردا هات، هەروەها بۆ ڕێکخراوەکانی سەربە وڵاتانی کۆمەکبەخش و دەوڵەتانی هاوبەش روون بووەوە کە ئەوان بەرپرسیارێتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئەستۆی ئەواندایە لە بەرامبەر ئەوەی کە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم ڕوودەدات. ئەو سەردەمەی کە پارەیەکی زۆر بەدەستکراوەیی ڕەوانەی ئەفەریقیا دەکرا بۆ ئەوەی فەرمانڕەوا دەوڵەمەندەکان نەبنە دووژمنێکی بەد و فێڵباز، لەگەڵ داڕمانی دیواری بەرلین کۆتایی هات و نەما.

بە هەمانشێوە پرۆژەیەکی بچووکی بەڵام تەواو پڕبایەخ سەبارەت بە چاککردنی کێشەی هاتووچۆکردن لە نایرۆبی شکستی پێهێنرا کە ئێمە بڕی بیست ملیۆن دۆلارمان بۆ تەرخانکردبوو. ئەم پرۆژەیە کە سیستمێکی ئیدارەی هاتووچوی

دادەمەزراند کۆتایی بە کێشەی درێژخایەنی هاتووچۆی ئەو وڵاتە دەهێنا بەڵام لە نووسینگەی سەرۆك دانیال ئاراب مۆی بیستمان کە راوێژکاری ئەڵمانیای فیدراڵی هیڵموت کۆل لە پاش وتووێژی لەگەڵ سەرانی ئابووری ئەڵمانی بەڵێنی پێداوە بە دامەزراندنی سیستمێکی هێڵی خێرا لە نایرۆبی، ئەویش لە بەرامبەر نزیکەی (٧٠٠) ملیۆن مارك. بەڵام دواتر لە پاش پرسیارکردن روون بوەوە ئەوەی کە بەڵێنەکە جگە لە لێکۆڵینەوەیەك کە خراوەتەڕوو چیتر نییە، بێگومان ئەم لێکۆڵینەوەیەش لە بەرامبەر ملیۆنان مارك بووە بۆ گیرفانی گەورە راوێژکارەکانی ئەڵمان. دیارە ئەم پرۆژەیەش کینیای ناچار دەکرد کە بەبڕی (٧٠٠) ملیۆن مارك لە پێناو دامەزراندنی هێڵەکە قەرز بکات، لەگەڵ ئەوەشدا پرۆژەکە بە ئەنجام نەگەیەنرا و هەروەها پرۆژە بچووکەکەی ئێمەش بە شکست کۆتایی هات و تاوەکو ئەمڕۆش نایرۆبی گیرۆدەی کێشەی هاتووچۆکردنە.

هێدی هێدی بۆم ڕوون بووەتەوە گەندەڵی، ئاستەنگی سەرەکییە لە بەردەم هاوکارییەکانی پەرەپێدان و دەردێکی ناوەندییە لە شکستپێهێنانی گشت هەوڵەکانی پەرەپێدان. دیارە ئەم وێناکردنەی من لەلایەن زۆرێك لە پیشکەشکارانی کۆمەکەکانی پەرەپێدان و خاوەن پرۆژەکانی باکووری دەوڵەمەند و دەستەبژێری تەکنیکی لە رۆشنبیرانی ئەفەریقیاش پشتیوانی لێدەکرا، هەروەها لە میانەی زۆرێك لە وتووێژەکانیان جەختیان لەوە دەکردەوە کە بە هیچ شێوەیەك لە هەلومەرجەکە رازی نین. بۆ جارێکیتریش لەلایەن هاوسەرەکەمەوە پێی راگەیاندم: کە ناچار نیت ئەمە پەسەند بکەیت و دیارە منیش ئەوەم نەدەویست. دواتر لەم هەڵوێستەدا سەرجەم نوێنەرانی بانکی نێودەوڵەتی لە ئەفەریقیا کە بۆ کۆنگرەی سوازیلاند بانگهێشتکرابوون یەکبوون. هەروەها لەلایەن کیم جایکۆسی جێگری شارەزای سەرۆکەوە داوام لێکرا کە لە بارەی گەندەڵییەوە بدوێم و پێی گوتم: کە تۆ بەهۆی کارکردنت لە کینیا خاوەنی ئەزموونیت. بێگومان منیش نەمدەویست ئەم دەرفەتە لە کیس خۆم بدەم. ئەوەبوو لەگەڵ هاوڕێیەکم لە کینیا



لە دانیشتنێکی هەفتانەماندا لەبارەی موحازەرەی داهاتووم قسەم لەگەڵ کرد، کە ئەویش جوگیتۆنگ بوو، کاری بۆ کۆمپانیایەکی گەورە دەکرد بەڵام لەو رۆژگارەدا لەبەر ئەوەی سەربە هۆزی کیکوی بوو، رووبەڕووی هەڵاوێرد دەبووەوە، دیسان بەهۆی بنەچەکەیەوە لەلایەن حکومەتەوە رانەدەسپێردرا. ناوبراو بە وردی گوێی لە من دەگرت و پێی گوتم کە نووسراوێکت بۆ دەنووسم، ئەوەبوو بە بەشداری لۆرنس کوکروفت (Luarence cockroft) نوسراوەکەیان نووسی و منیش لەلایەن خۆمەوە بۆ هاوکارانم لە بانکی نێودەوڵەتی لە کۆنگرەکەدا خوێندەوە، کە کرۆکەکەی لەم خاڵانەدا خۆی دەبینییەوە:

١- ئەفەریقیاییەکان خوازیارن کارێك لە دژی گەندەڵی بکرێت.
٢- گەندەڵی لە هەموو جێگایەك ئامادەیە و ئەوپەڕی زیان دەگەیەنێت.
٣- لە توانای مرۆڤدا هەیە شتێك لە دژی بکات.

دیار بوو کە کاردانەوەی هاوکارەکانم پڕاوپڕ بوو لە حەماسەت، چونکە بۆ ماوەیەکی زۆر دانیان بەخۆیاندا گرتبوو، هەربۆیە هەموان هەستیان بە ئاسوودەیی کرد و دەستبەجێش هێزی ئەرك (Task Force) ەکانمان پێکهێنا، کەوا پێویستی دەکرد پلانی شێوازەکانی بنەبڕکردنی گەندەڵی دابڕێژین و هاوکاتیش بڕیاردرا کە من بکرێمە بەڕێوبەری، بەڵام دەستمان بەکارنەکردبوو لەلایەن بەشی یاساییمانەوە یاداشتنامەیەك هات و دەڵێت ئەو کارەی ئێوە دەیکەن رێگەی پێنادرێت. هەربۆیە دەبوو یەکسەر بوەستین و ئەو هێزەی پێکمانهێناوە هەڵیبوەشێنینەوە، چونکە رێگە بە بانکی نێودەوڵەتی نادرێت هیچ چالاکییەکی سیاسی و دەستتێوەردانێك لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان ئەنجامبدات.

لە پاش شۆکی یەکەم، قەدەغە کردنەکەم پەسەندکرد و بەخۆم گوت: کەواتە با لە سنووری تایبەتیدا کار بکەم لە پاش تەواوبوونی کاتی دەوام. هەروەها هێشتا زۆرێك لە هاوکارەکانم ئامادەبوون بۆ هاوکاریکردن، بۆیە برەومان بە بیرۆکەکەدا

و ناومان لێنا (چاودێریکردنی مومارەسەی کار/ ( Business Practice Monitor که بەو پێیەش دەبوو دامەزراوەکان خۆیان پابەند بکەن بەوەی کە بە گەندەڵی تاوانبار نەکرێن. لەو رۆژگارەدا نەماندەزانی کە مەسەلەکە پەیوەستە بە پێشەنگی یەکەمی کارنامەکانمان و ناکرێت دەستبەرداری بین کە ئەویش (کارنامەی راستبوونەوە/ (Integrity Pact یە. ئێمە دەمانویست کە لەگەڵ نوێنەرانی بانکی نێودەوڵەتی و لایەنە دەرەکییەکان کۆنگرەیەك بۆ بەرباسختستنی ئەم ئایدیایانە ساز بکەین. ئەوەبوو هنزیورگ ئێلزهورست ئامادەی خۆی بۆ دەسگیرۆیکردنی کاری لەو جۆرە نیشاندا، کە دەیتوانی لە بودجەی کۆمەڵەی هاوکاری تەکنیکی بڕی (٩٩٠٠) مارك دەستەبەر بکات، هەروەها (پیتەر سۆییە/ (Peter sotje ش رایگەیاند کە بە بڕی (٩٩٠٠) مارك لە رێکخراوی ئەڵمانی بۆ پەرەپێدان بەشداری دەکات. لەگەڵ بوونی ئەم بەڵێنانەدا کە لە گیرفانماندا بوون، بانگهێشتی بیست میوانی گرنگمان کرد بۆ ئەوەی لە یەکی ئەیلولی ساڵی ١٩٩٠ لە بەرلین و لە ڤێللا بورسیگ، ئایدیاکانمان بخەینەڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شتێك بە هیچ کۆتایی هات، چونکە وەزیری دەوڵەت لە وەزارەتی هاریکاری ئابووری (سیگفرید لینگڵ) رێگەی پێدانی پارەکەی نەدا، لە کاتێکدا هەردوو دامەزراوەی ناوبراو بۆیان هەبوو بەبێ رەزامەندی وەزارەت بڕی (١٠٠٠٠) مارك خەرج بکەن، بەڵام بیانووەکەی ئەوەبوو کە کۆی گشتی هەردوو ئەم دامەزراوە فیدراسیۆنییە لەسەرو ئەو بڕەوەیە: لەبەر ئەوە لە توانایدا بوو کۆنگرەکەمان قەدەغە بکات، ئەوە بوو هیچمان پێنەدەکرا و تەنیا یەك هەفتەش لەبەردەمماندا مابوو بۆ ئەوەی پرسەکە چارەنووسی ژێرەوژوور بێت.

دیاربوو نەدەکرا من داوا لە سەرجەم ئەو بەشداربووانە بکەم کە لەسەر حسابی خۆیان گەشتەکەیان ئەنجامدەدا نەیەن و هەروەها کۆتایی بە بیرۆکەی تایبەت بە کۆنگرەکە بهێنم، ئەوەبوو لەسەر هەڵوێستی خۆم سووربووم تا بۆ جارێکی تر یاداشتنامەی دووەم بە ئیمزای کونبڵی سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی پێمگەیشت.



منیش بەو پێیەی بەڕێوبەرێك بووم لە بەڕێوبەرەکانی بانکی نێودەوڵەتی نەدەکرا لە دامەزراندنی ستراکچەرێکی دژ بە گەندەڵی بەشداری بکەم، چونکە ئەوە ئاماژەیەکی خراپی لەسەر بانکی ناوبراو دروست دەکرد، بۆیە داوای لێکردم کە دەستبەجێ هەر هەوڵێکی لەو شێوەیە ڕابگرم.

هەرچی پەیوەستە بە منیش ئەوەم بە ئاماژەی کۆتایی دادەنا بۆ ماڵئاواییکردن و خەریك بوو ئەوە بە ئامانج بگەیەنم کە بە (رێسای هەشتا/ ( Rule of ٨٠ ناودەبرێت و بەو پێیەش دەکرێت مرۆڤ خانەنشین بکرێت بێ قوربانیدانی گەورەی دارایی، دیارە ئەوە بەلای منەوە قوربانیدان نەبوو، بەڵکو وەکو سەرەتایەکی نوێ دەبوو، کاتێك بە تەمەنی پەنجاو چوار ساڵی خانەنشین بکرێم چونکە هێشتا بە بەرمەوە مابوو بۆ ئەوەی پرۆژەگەلێکی نێومێشکم بە ئەنجامبگەیەنم و رێکخراوێکی دژ بە گەندەڵی دابمەزرێنم.

بۆ جارێکی تر یوتتای هاوسەرم گەڕاندمییەوە بۆ سەرزەمینی واقیع و وتی: بێگومان چیتر ئێمە پێویستیمان بە بەدەستهێنانی پارە نییە لە رێگەی پێشکەشکردنی ئامۆژگاری، بگرە هەنووکە دەتوانین ئەوە بکەین کە راستە ئەویش دامەزراندنی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) یە.

## ٤- دەرپەڕین

لێرە دەستەیەك لە پیرە پیاوانی سپی خۆرئاوا بووین، خاوەنی ئەزموونی بەرفراوانی ئابووری ئێجگار پراگماتی بووین، کە رێکخراوێکی ناحکومیمان دامەزراند، کە دیارە ئەمەش تەنیا بە کەسە گەنجە یەکەمەکانی رەوتی ئایدیاڵی نەبێت ژیان تیایدا سەوز نابێت (فرانك فوگل، بەڕێوبەری پێشووی ئۆفیسی ڕۆژنامەنووسی بانکی نێودەوڵەتی).

له راستیدا بۆ جیابوونەوە لە بانکی نێودەوڵەتی بەبێ پەشیمان بوونەوە و دوودڵی پلانێکم دانابوو، هەروەها دەستبەجێش خۆم تێکەڵ بە کارێکی لاسارانەی نێو ڕێکخراوێکی دژ بە گەندەڵی کرد، کە تا ئەو کاتە هیچ ناوێکم بۆ دانەنابوو، بەڵام ڕێگرییەکەی زگفریدلینگلی بریکاری وەزارەت بۆ دیدارە دەسپێکەکەمان ئێمەی بۆ ساڵێکی تەواو گەڕانده دواوە.

کاتێکیش لە تەمووزی ١٩٩١ بانکی نێودەوڵەتیم بەجێهێشت و لەسەر خواستی کۆمپانیای فۆرد بە گەشتێك بۆ ماوەی شەش مانگ چووم بۆ نامیبیا، یارمەتی ئەو دەوڵەتە هەرزەیەمدا بۆ تەیکردنی ڕێگا بەرەو یاسای تازە. هەرچی یۆتتای هاوسەریشمە، سەرلەنوێ لەوێ وەکو پزیشك لە پرۆگرامەکانی سندوقی سەرپەرشتیکردنی منداڵان (یونسێف) کاری دەکرد.

وەکو ئاشکراشە بەر لە چەند ساڵێك دامەزراوەی فۆرد هاندەری چالاکییە راوێژکارییەکانی من بوو لە بوتسوانا.

لەو سەردەمەدا سەرۆکەکەم (هارتموت رۆپیل)ی پارێزەری گشتی و کەسێکی کارامە بوو: کە هەر زوو پەیوەندییەکی پتەو بەوی بەستمەوە، هەروەها پەیوەندی نێوانمان لەگەڵ (تیوفرانك)ی دادوەری باڵا لەڕووی پەیوەندی کارەوە لەسەر بناغەی متمانە بوو. هەردولامان زۆر بە حەماسەوە بایەخمان بە پاراستنی کرانەوە و راستبوونەوەی داهاتوو لە حکومەتێکی دیموکراسی تازەدا دەدا کە لە شەڕی رزگاریخوازانە و بوێرانەی دژ بە رژێمی ئاپارتاید لە باشوری ئەفەریقیا کەوتبووەوە. تیوفرانك کە لەلایەن سەرۆك نجوما (Nujoma) وە ئەرکی ئیدارەی لیژنەی بنەبڕکردنی گەندەڵی پێراسپێردرابوو، چیتر دەرفەتی ئەوەی نەما کە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەی بڵاوبکرێتەوە کە بە ئەنجامی گەیاندبوو.

من لەلایەن هارتموت رۆپێل بە ئەنقەست دانرابووم بۆ ئەوەی پرۆژەی تۆمارکردنی رێسای رەفتاری گەورە کارمەندان و بریکارەکان بنەخشێنم. دیارە ئەو دوو پیاوە



بە شێوەیەك لە دامەزراندنی شەفافییەتی نێودەوڵەتیدا پشکی خۆیان هەبووە. یەکێك لەو ئەنگێزانەی تر وایلێکردم لە پێناو ئەم رێکخراوەدا کاربکەم سەردانەکەی ژەنەراڵ ئۆباسانجۆ (Obasanjo)ی سەرۆکی پێشووی نایجیریا و سەرۆکی یانەی سەرۆکایەتیکردنی ئەفریقی (African Leadership Forum) بوو کە لەو رۆژگارەدا هاندەرێکی گرنگ بوو بۆ بیرۆکەی شەفافییەتی نێودەوڵەتی.

دواتر لەژێر کاریگەری ئەودا سەردانی باشوری ئەفەریقیامان کرد و ئۆباسانجۆش لەلای نیلسۆن ماندێلای هاوڕێی داوای پشتیوانیکردنی بۆ پرسەکەمان کرد. دیسان لە هەمان ئەو گەشتەماندا سەرمان لە هەراری دا، کە ئەویش لەلایەن خۆیەوە ستایشی بزوتنەوەی دژ بە گەندەڵی لە میانەی ئەو کۆنگرە گەورەیەی هەڤاڵبەندی جیهانی لەپێناو ئەفەریقیادا کرد، چونکە ئەویش بۆ خۆی ئەندامێکی ئەو بزوتنەوەیە بوو. بەم شێوەیە توانیمان دەست لە بیرۆکەکەمان هەڵنەگرین و لە کۆنگرە جۆربەجۆرەکاندا باسی لێوە بکەین و هێدی هێدیش هەندێ هاوپەیمانی گرنگ لە خۆمان کۆبکەینەوە لەوانەش: رۆبەرت مکنمارای سەرۆکی پێشووی بانکی نێودەوڵەتی، یان پروك، وەزیری هاوکارییەکانی پەرەپێدان (هۆڵندا)، لیندە چالکەر (شانشینە یەکگرتووەکان)، کارل- دیتەر شپرنگەر(ئەڵمانیا) و هەروەها هاوکارە نزیکەکانیش لە گەڵیاندا، هاوکات سەرۆکی (بانکی پەرەپێدانی سەرتاسەری ئەمەریکا /( Inter America Development bank) ، دیتەر فریچ، سەرۆکی ڕێکخراوی پەرەپێدانی کەنەدی و ژمارەیەکی زۆری کەسایەتیەکانی تر بە تایبەتیش لە ئەفەریقیا و ئاسیا و ئەمەریکای لاتینی.

ئەمە ئەو سەردەمە پڕ چالاکی و بزۆزییە بوو کە لە نێوان بەجێهێشتنم بۆ کینیا لە هاوینی ١٩٩١ و دامەزراندنی فەرمی شەفافییەتی نێودەوڵەتی بەخۆیەوە بینی.

کاتێکیش لەپاش چەندین ساڵ لە دەرەوە بۆ بەرلین گەڕاینەوە، بیرگەلێکی زۆرم لەلا هەبوو کە دەمویست بە ئازادی بەگەڕیان بخەم، ئەوەش کە جێگەی گومان نەبوو دیسان گەڕانەوەم بوو بۆ نامیبیا، چونکە دامەزراوەی فۆرد سندوقێکی گونجاوی دروستکردبوو کە لە ڕێگەیەوە هەرکاتێك پێویستی بکردایە گەشتم دەکرد و ڕێگەی پێدەدام. هاوکات بیریشم لەوە دەکردەوە کە نووسینگەیەکی پارێزەری یاخود نووسینگەی بۆندەکانی کار لەلای بانکی ئەوروپای خۆرهەڵات (EBRD) دابمەزرێنم، کە لە پاش رووخانی دیواری بەرلینیش پێویستی زیاتری بە وزەی پسپۆرە پیشەواکان هەبوو، بۆ ئەوەی منیش لەوێ ئەو پرۆژەیە بە کردەیی لە ئەستۆ بگرم یاخود ببمە راوێژکارێك یاخود لە هەمووی گرنگتر سەرپەرشتی دەستەبەرکردنی وزەی ئەتۆمی لە ناوەڕاستی ئەوروپا بکەم، بەڵام دیسان ئەمەشم لەسەر ئامۆژگاری هاوسەرەکەم رەتکردەوە، چونکە ئەو هەر بە زگماکی دژی دامەزراندنی وزەی ئەتۆمی بوو، بە دیدی ئەو ئێمە چیتر پێویستیمان بە پارە نییە چونکە موچەی خانەنشینیمان بەسە.

دیسان لە بری ئەوە (میکلش نیمت)ی جێگری سەرۆکی بانکی ئەوروپای خۆرهەڵاتم بۆ شەفافیەتی نێودەوڵەتی بانگهێشتکرد تاوەکو ئەمڕۆش ئەندامی ئەنجوومەنی راوێژکارییە.

لەو کارە باش و دیارانەی کە هنزیورگ ئلزهورست لە بەرامبەر بە من کردنی، هاندان و قەناعەت پێکردنم بوو بەوەی کە هەموو بایەخێکم بە ڕێکخراوەکە بدەم. هەروەها بە سازدانی وتووێژکردن لەگەڵ کۆمەڵەی هاریکاری تەکنیکی لەپێناو کۆبوونەوەیەك لە ئیچبۆرن (Eschborn) و دیسانیش بە پارەش پشتیوانی دەکردم، بەم جۆرەش درێژەمان بەم چالاکییەدا هەروەکو ئەوەی پلانمان بۆ دارشتبوو.

یەکێك لەو دیدارانەی کە تاوەکو ئەمڕۆ لە یادنەچووە، دیدارێك بوو لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٣ لە نزیك لەندەن. ئەو کات پۆل باچەکەر (Paul Bachelor) کە



ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی راوێژکاری شەفافییەتی نێودەوڵەتییە و ئەو رۆژگارەش بەڕێوبەری گشتی کۆمپانیای کۆپەرس و لیبراندی راوێژکاری تایبەت بە پرۆژەکانی (Coopers and Lybrand) بوو، کە ئەمڕۆش بە: پرایس و ترهاوس کۆپەرس ناودەبرێت، سەنتەری راهێنانی پرۆژەکەی خستە ژێر دەسەڵاتی ئێمەوە بۆ ئەوەی جێگایەك بێت بۆ کۆبوونەوەکان دیارە لەتیمەرهاوس ( Latimer House) کۆشکێکی بچکۆلە و دڵگیر بوو لە دەرەوەی لەندەن، کە لەوێ تیایدا نزیکەی بیست پیاو بەیەکگەیشتین و خەباتمان دەکرد و دەبوو ئەوانە کرۆکی شەفافییەتی نێودەوڵەتی بن، هەرچەندە هێشتا نەماندەزانی کە چ جۆرە ڕێکخراوێکمان دەوێت دابیمەزرێنین.

هەڵبەتە ئەنگێزەکانی هەریەکێك لە بەشداربووەکان و دەستپێشخەرییە تایبەتەکان سەبارەت بە چۆنیەتی ئەو خەباتەی کە دەمانخواست دەستی پێبکەین زۆر لەیەکەوە جیاوازبوون. دیسان بەهۆی هەڵوێستە جیاوازەکانی بەشداربووەکانەوە کاتێکی زۆرمان لە کیس چوو، هەربۆیە تکام لە هنزیورگ ئلزهورست کرد کە پۆستی سەرۆکی کۆنگرەی لەتیمەر هاوس بگرێتە دەست و سووربێت لە بەدەستهێنانی ئەنجامگەلێکی بەرجەستەبوو.

لە سەرەتادا نەماندەتوانی لەسەر ناوی ڕێکخراوەکە ڕێکبکەوین، بەڵام من هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ناوی (Transparency International) بووم و وشەی شەفافیەتیش لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە زۆر جێگەی بایەخ نەبوو، بۆیە مایکل هرشمن وتی: هەر کاتێك کە گوێم لە وشەی شەفافییەت دەبێت، پارێزگاریکردنم بیردەکەوێتەوە، بۆیە باشتر وایە وشەی شەرەف (Honesty) یان راستبوونەوە (Integrity) جێگەی بگرێتەوە، بەڵام من بۆ خۆم لەگەڵ مانەوەی ئەو وشەیەدابووم و لەو بارەیەشەوە بە دۆستە ئەمەریکییەکانم راگەیاند، کە وشەی شەفافییەت لە ئەوروپادا دەنگدانەوەیەکی باشی هەبووە و بە تەواوەتیش ئەو گوزارشتەیە کە ئێمە ویستوومانە.

لەمرۆشدا هرشمن دەبێژێت: ئەوانی تر لە رێگەی هەڵبژاردنی ناوەکەیانەوە خۆیان سەپاند و ئەوەی کە ماویشەتەوە بڵێم ئەوەیە کە ئەوان لەسەر هەق بوون.

دواجار (شەفافییەتی نێودەوڵەتی)مان دامەزراند و ئەم رێکخراوەمان لە بەرلین لەناو دۆسیەی رێکخراوەکان تۆمارکرد، کە ئەندامە دامەزرێنەرەکانی ئەمانە بوون:

**هنزیورگ ئلزهورست، جوگتنگ، فرتس هایەن، مایکل هرشمن، کەمال حسێن، دولوریس ل ئسبانیول، جورج مودی پارفت، جێرمی پۆپ، فرانك فۆگل و بەندە.**

هەروەها لە هەمانکاتدا ئیدارەی سەرپەرشتیکردنی رێکخراوەکەمان پێکهێنا واتە: ئەنجوومەنی ئیدارەی رێکخراوەکە و منیش بوومە سەرۆکی و کەمال حسێنیش لە بەنگلادیش و فرانك فوگلیش لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بوونە دوو جێگری سەرۆك، دیسان هەریەك لە لورنس کوکرفت لە بەریتانیا و دولوریس ئسبانیول لە فلیپین و تیو فرانك لە نامیبیا و جوگیتونگ لە کینیا و مایکل هرشمن لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و جیری بارفیت لە بەریتانیا هاتنە نێو ئەنجوومەنی ئیدارەکەوە.

ئەوەبوو لەپاش ئاهەنگی پێشوازیکردنەکە کە تیایدا نزیکەی سەد هۆڵەندی کە نوێنەرایەتی پۆلیس و دادگا و جیهانی سیاسەتیان دەکرد ئامادەبوون، من بەرەو فرانکفۆرت گەڕامەوە و لەوێشەوە بە تاکسییەك بەرەو بەرلین گەڕامەوە و رادیۆکەم کردەوە، بەڵام ئەوەی گوێ بیستی بووم خەریك بوو باوەڕنەکەم کاتێك لە هەواڵێکدا باسی لەوە دەکرد کە "پیتەر ئایگن بە سەرۆکی رێکخراوێکی جیهانی کە دەیەوێت گەندەڵی لەسەر ئاستی جیهاندا بنەبڕ بکات، هەڵبژێردراوە". هەڵبەتە من سەرنجی ئەوەم نەدابوو کە فرانك فوگلی بلیمەتی پەیوەندیگرتنەکان بەخۆی و رۆژنامەنووسانەوە لە تەکماندان.



ئێستا مەسەلەکە گەیشتوتە هەنگاوی دووەم و لە بەرلین ویستمان کۆنگرەی دامەزراندن (تەئسیسی) سازبکەین و لەو پێناوەشدا زۆرترین ژمارە لە سیاسییە ناودار و گەورە ئابوورییناسەکانی پایتەختی ئەڵمانیا پێشکەش بکەین و بۆ ئەم مەبەستەش چەند ئامانجێکی ئاشکرامان داڕشت. لە راستیدا ئێمە ئەمانەی لای خوارەوەمان دەخواست:

١- تیغکردنی دیواری بێدەنگی کە ئابلۆقەی گەندەڵی دابوو، ئەویش بە قسەکردنی تێروتەسەل لەو بابەتە لەڕووی پیشەییەوە.

٢- درکپێکردنی واقیعی گەندەڵی و پێناسەکردن و ئاشکراکردنی ئەو کوڕیانەی کە لە هەنگاوەکانی دژ بە گەندەڵی نراون.

٣- دامەزراندنی هەڤاڵبەندی دژ بە گەندەڵی و کۆکردنەوەی لایەنە جۆربەجۆرەکان و ئامادەکردنی سەرچاوەکان لەپێناو رێکخراوە تازەکەدا.

٤- سەرنجڕاکێشانی ماس میدیاکان بۆ مەترسی گەندەڵی و ئاشکراکردنی ئەو زیانانەی کە بە هۆیەوە دەکەونەوە بە تایبەتیش لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو.

واش چاوەڕوان دەکرا کە کۆنگرە لە (٤-٦) ی ئایار لە ڤێلای بورسیگ ی بەرلینی سازبکرێت، واتە: لە بارەگای سندوقی ئەڵمانی بۆ پەرەپێدانی جیهانی، هەروەها بۆ هاوکاریکردنم لە سازدانی ئاهەنگ و دامەزراندنی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) یەکەم هاوکاری خۆمان راسپارد کە ئەویش (فریدریك گلتونگ) ی کوڕی (یوهان گلتونگ) ی لێکۆڵیاری نەرویژی بواری ئاشتی و هەڵگری خەڵاتی نۆبڵە.

کۆنگرەکە کە تیایدا حەفتا کەس لەپتر لە بیست وڵات بەشداریان کرد، بەسەرکەوتن و هەنگاوێکی گەورەی بەرەو پێشچوون دانرا و هۆکاری یەکەمی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە دەستەیەکی زۆرین لە هاوڕێیانی سەرتاسەری جیهان.

هەروەها روبەرت مکنمارای وەزیری بەرگری پێشووی ئەمەریکا و سەرۆکی پێشووی بانکی نێودەوڵەتی کە پەرۆشی وێناکردنەکەی ئێمەبوو بۆ (دوورگەی راستبوونەوە) بەڵێنیدا ئامادەبێت و ئەمەش بۆ من سەرکەوتن بوو، کە نوێنەری وڵاتانێکی وەکو وڵاتی ئەمەریکا بگاتە بەرلین. هاوکات ئەلبێرتۆ داهیك (Alberto Dahik) ی جێگری سەرۆك کۆماری ئیکوادۆریش بە یاوەری فریتچ هایمەنی نوێنەری کۆمپانیای ژەنەراڵ ئەلەکتریك گەیشتنە بەرلین و ئەمەش بەس بوو بۆ ئەوەی رۆبەرت مکنماراش بگاتە لامان.

هەروەها دەرکەوتنی ئەو وتەکەشی "دەرفەتی کەمبوونەوەی گەندەڵی بە شێوەیەکی بەرچاو لە ئێستادا زۆر زیاترە لەوەی کە لە پێنج ساڵی رابردوودا هەبووە" وای لە رێکخراوەکەمان کرد مسداقیەتی زیاتری هەبێت لەلای دەوڵەتانی پیشەسازی و جیهانی سێیەمیشدا.

هەڵبەتە هاتنی ژمارەیەك کەسایەتی گرنگیتر وایکرد کە رێکخراوەکە بەم خێراییە هەنگاوبنێت و لەسەر ئاستی جیهانیدا پەسەند بکرێت. هاوکات لەمیانەی کۆنگرەکە و لە ئەنجوومەنی راوێژکاریدا پۆستی سەرۆك درایە ئەلبێرتۆ داهیك لە ئیکوادۆر و بڕیاریشماندا کە بە خێرایی لقە نیشتیمانیەکان دابمەزرێنین واتە: لقە لۆکاڵیەکانمان و هەرزووش لقەکانی کینیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەنگلادیش و بەریتانیا و ئەڵمانیا و ئیکوادۆر دەست بەکاربوون.

## ٥- رێکخراوەکە پەرەدەستێنێت

هەر لە سەرەتاوە ئاشکرابوو، کە پێویستی دەکرد هەڤاڵبەندییەکی جیهانی دابمەزرێنین کە ئەندامەکانی بە پاشخانی ناتەبای ژیانیان جیابکرێنەوە نەك بەوەی کە لە رێکخراوە کۆمەکبەخشەکانی پەرەپێدانەوە بێن. بەم شێوەیە، ئێمەی ئەمەریکی لە رێکخستنی لقی لۆکاڵیمان دەست بەکاربووین کە ئەمەش تا



ئاستێکی دوور دژواربوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی (١٩٩٤)ەوە دەستماندایە کارکردن (فریتس هایمن).

کەواتە ئەمەش ئەو رێکخراوە تازەیەیە، کە بە شەفافییەتی نێودەوڵەتی ناودەبرێت یاخود بەلانی کەمەوە ئەو هەیکەلەیە کە توانای ئەوەمان نییە پڕ لە ژیانی بکەین. هەروەها بارەگای سەرەکیمان لە بەرلین بوو، کە لە نوسینگەیەکی بچووکی نزیك بە وێستگەی تسو بانهۆف (Zoo Bahnhof) پێکهاتبوو. کاتێکیش من فەرمانبەری یەکەم بووم، بەرلین وەکو بارەگایەکی کاتی بۆ (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) هەڵبژێردرا. سەرباری رووخانی دیوارەکە بەڵام هێشتا لەپاش ئەوەش پایتەختی ئەڵمانیا، رێکخراوێکی تری نێودەوڵەتی ناحکومی لەخۆناگرێت: هەربۆیە بەو هیوایە بووین کە زیاتر لە پایتەختانی وڵاتانی تر ببینە مایەی بایەخپێدان و سەرنجدان، چونکە لە هەمانکاتدا بەدەیان رێکخراوی ناحکومی خاوەن ئامانجی جیاواز بوونیان هەبوو. بێگومان پارەمان کەم بوو، بۆیە پشتمان بەو یارمەتیانە دەبەست، کە لە رێکخراوە جیاجیاکانەوە بۆمان دەهات. بۆ نموونە رێکخراوی هاریکاری تەکنەلۆژیا، بڕیاریدابوو، کە بڕی حەفتا هەزار مارك بۆ کرێی نیشتەجێبوونمان تەرخان بکات. هەروەها لەلایەن دامەزراوەی فۆردیشەوە بە بڕێکی زۆر پشتیوانی دەکراین و ساڵانەش لەلایەن (هەڤاڵبەندی جیهانی لەپێناو ئەفەریقیا)دا، بڕی پێنج هەزار دۆلارمان پێدەگەیشت. هەڤاڵبەندی ناوبراو هەریەك لە مکنمارا و پرۆنکی وەزیر لە وەزارەتی کۆمەکبەخشی پەرەپێدانەکانی هۆڵەندا و سەرۆك مازیری، سەرۆکی بوتسوانا بەشداربوون. هەموو ئەمانەش لەو وەسیلانەبوون کە توانیمان لە رێگەیانەوە رێکخراوە چاپووکەکەمان دابمەزرێنین.

من لە هەوڵی ئەوەدابووم، کە لە هەر بۆنەیەکدا یارمەتی دارایی کەم یان زۆربێت، بەدەست بهێنم و لەپێناو (شەفافییەتی نێودەوڵەتی)دا بەگەڕی بخەین.

لەگەڵ بەدەستهێنانی سەرکەوتنمان توانیمان لە ساڵی (١٩٩٣)وە لەگەڵ مارگیت ڤان هەم (Margit Van Ham) ژنە بەڕێوبەری نووسینگەی یەکەمان ، فریدریك گلتونگ، یەکەم بەرپرسی پرۆگرامەکانمان، یارمەتییە داراییەکان بە شێوەیەکی نەگۆڕ بەکاربهێنین. لە (١)ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٤، جیرمی پۆپ وەکو یەکەم بەڕێوەبەری کارەکانمان لەگەڵمان دەستبەکاربوو، کە پێکەوە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا زۆر پەرۆشی کارەکەیان بوون و شوێنەکەشمان لە نزیك وێستگەی بانهۆف تسو بەرفراوان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا نەماندەویست پەلە لە چالاکیەکانماندا بکەین و هەر لە سەرەتاشەوە لەگەڵ ئەوەدا بووین لقە لۆکاڵییەکانی شەفافییەت دابمەزرێت. هەروەها نەشماندەخواست کە راستەوخۆ کاریگەریمان لەسەر حکومەتەکان هەبێت، بەڵکو دەشمانویست کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ لای خۆمان کێش بکەین.

لەم بارەیەوە فرانك فۆگل دەڵێت: سەرکەوتنی شەفافییەت دەگەڕێتەوە بۆ بوێری خەڵکی لە دەرەوەی سنوری مەئلوف لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا کە ژیانی خۆیان دەخەنە پێناوی پرسەکەمان و هەرچی لقە لۆکاڵیەکانیشیانە لەژێر کاریگەری (شەفافییەتی نێودەوڵەتی)دا دادەمەزرێن.

یەکەم لقی نیشتیمانی شەفافیەت لە نەبوونەوە هاتە ئاراوە، ئەویش بە هەوڵی زۆر و دەستپێشخەری تایبەتی ئەوانەی کە کاریان لەگەڵدا دەکردین. بۆ نموونە مایکل هێرشمن (Michael Hershman) و فریتس هایمن (Fritz Heimann) لقی شەفافییەتیان لە ویلایەتە یەکگرتوەکان پێکهێنا و لەو پێناوەشدا ژێرخانی دامەزراوەکانی خۆیان بەکارهێنا و لە کینیاش جو (Joe) هەمان هەوڵیداوە.

ئەوەی جێگەی داخە بەهۆی رۆچوون و پەرۆشی زۆرمان هەڵەمان کردوە و ویستومانە ببینە نوێنەر و هەڵسوڕاو لەسەر ئاستی جیهانیدا. هەروەها وا پێویستی دەکرد کە (شەفافیەتی نێودەوڵەتی) لەڕووی سیاسییەوە سەربەخۆ و



بێلایەن بێت، بەڵام من بۆ خۆم زۆر لەگەڵ ئەوەدا بووم کە ئەلبرتۆ داهیك، جێگری سەرۆکی ئیکوادۆر پشتیوانیمان بکات، بۆ ئەوەی لە هیچ وڵاتێك لەلایەن ئەندامانی حکومەتەکانیانەوە رووبەڕوونەبینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ پشتگیری تەواوی داهیك و سکستۆ دوران بالان (Sixto Duran Ballen) دابووم بە شێوەیەك کە زۆر پێداگیریم لەسەر دەکرد. ئەوەبوو لە یەکەم سەردانمان بۆ ئیکوادۆر داهیك بانگهێشتی دادوەرانی وڵات و سەرۆکی کۆمپانیای نەوتی سەر بە حکومەت و نوێنەرانی تری لە جیهانی سیاسەت و ئابووریدا کرد بۆ نووسینگەکەی و لەوێش کۆبونەوەیەکمان سازکرد و دیدو بۆچۆنی خۆمان بۆ باسکردن.

هەروەها بەهۆی دەسەڵاتی سیاسی خۆیەوە (شەفافییەتی جیهانی) لە ئیکوادۆر لە نەبوونەوە هاتەبوون و دامەزرا. پاشان پێکەوە گەشتێکی ئاسمانیمان بۆ گوایاکیل (Guayaquil) کرد و سەرۆکی زانکۆی کاتۆلیکی کە سەرۆکی داهاتووی دەوڵەت بوو کرایە سەرۆکی لقی نیشتمانی (لۆکاڵی). بەداخەوە ئەو کاتە بەبیرمدا نەدەهات کە لقی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) لە ئیکوادۆر خەریکە دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕی ئەویش بەهۆی پێکهاتەکەیەوە کە تەنیا لە نوێنەرانی دەستەبژێری ناوخۆی ئیکوادۆر پێکهاتبوو.

هەروەها درکم بەوەنەکردبوو کە بوونی پەیوەندی ئەم رێکخراوە بە سیاسەتەوە چ مەترسیەکی هەیە تا ئەو کاتەی ئەلبرتۆ داهیك (١٩٩٥) بۆخۆی لە ئابڕوچوونێکی گەندەڵییەوە تێوەگلا و پاشان بە ئاراستەی کۆستاریکا هەڵهات. لە راستیدا هیچم لەدەستنەدەهات لە بەرامبەریدا بیکەم چونکە بۆخۆی سەرۆکی ئەنجوومەنی راوێژکاریمان بوو، هەربۆیە بەو هۆیەشەوە کۆتایی بە هاوڕێیەتیمان هات.

هەرچەندە من لەڕووی مرۆییەوە کاریگەر بووم، بەڵام ئەم رووداوە کاردانەوەی زۆری لەسەر لقی شەفافییەتی ئیکوادۆر هەبوو، هەربۆیە راستکردنەوەی هەڵەکان

ماوەی دوو ساڵی خایاند، ئەویش بە هەوڵی خاتوو ڤالیریا میرینۆ دیرانی، سەرۆکی لقی شەفافییەت لە ئیکوادۆر. بەڵام دواجار مەسەلەکە لەسەر دەستی دەستەبژێری ناوخۆیی بە لەدەستدان و پاشاگەردانی کۆتایی هات.

بەداخەوە ئەو هەڵەیەی کە ئەلبرتۆ داهیك کردی، بەسەرمدا تێپەڕی لەکاتێکدا من دەمویست چالاکیەکانی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) و هزرەکانمان بڵاوبکەمەوە بەخەڵکی بناسێنم.

ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی بوو، کەسێکی وەکو (فرانك فۆگل)، پیاوی پەیوەندی گرتنەکانمان بۆلای خۆمان راکێشا و لە چوارچێوەی ماس میدیادا بەگەڕمانخست، هەرچەندە لە سەرەتاوە ئەو وەسیلانە لە نموونەی گۆڤاری ئیکۆنومیست گاڵتەیان پێدەکردم بە "دۆن کیشوت" ناویان دەبردم. تەنانەت لایەنگرەکانی دیکەش یەك لەدوای یەك پشتیان لە پرسەکەمان دەکرد: بۆ نموونە جورج مودی ستیوارت کە لەساڵی ١٩٩٣ کتێبی (گەندەڵی گەورە/ Grand Corruption) ی بڵاوکردەوە. ئەم پیاوە کارناسێکی بەریتانی بوو کە لە دۆخی خانەنشینیدا بوو، هەروەها لە دەرەوەی دەستەی سەرانی ئابووریشدا بوو، کە باسی لە گەندەڵی و شێوازەکانی دەکرد کە لەلایەن کۆمپانیا و هەناردەکانەوە لەسەر ئاستی جیهانییدا کاری پێدەکەن. بۆ جاری یەکەمیش بە شێوازێکی زۆر کاریگەر و بوێرانە باسی لەوەکرد کە چۆن ئابووری کەرتی تایبەت مومارەسەی نفوزی خۆی لەسەر حکومەتەکان و هەموو هەوڵێکی پەرەپێدان لە جیهانی سێیەمدا دەکات و لەباری دەبات. دیارە ئەم کارەشی بووە هۆی لەدەستدانی چەند کورسیەکی لە ئەنجوومەنی ئیدارە، بەڵام کتێبەکەی توانی ئامانجی خۆی بپێکێت.

هەنووکە دەستمانکردووە بە نەخشەسازی یەکەمی ئامرازە فیکریەکان بۆ بەکارهێنانی لەدژی گەندەڵی، بۆ ئەم مەبەستەش جێرمی پۆپ (Jeremy Pope) ئەرکی کۆکردنەوەی بابەتی پێویستی چاپی یەکەمی (پەرتووکی



سەرچاوەکان/(Source Book ی لە ئەستۆگرت، کە لەمڕۆدا لە لیستی زیاتر لە بیست زمان و میتۆد و نموونە و وەسیلەدا هەیە و مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەیەوە کۆنترۆڵی گەندەڵی بکات.

لەساڵی ١٩٩٤، یەکەمین کۆنگرەی ساڵانەی خۆمان ئەنجامداو ئەو کاتیش بیست ئەندام بووین و لە کویتۆی پایتەختی ئیکوادۆریش پێشوازیمان لە ئەلبێرتۆ داهیك کرد تا ئەوکاتە ئێمەی خانەنشین و یاریدەدەری پەرەسەندن کە بۆ ساڵانێك لە بانکەکان کارمان کردبوو، تەنیا بایەخمان بە گەندەڵی بەربڵاوی ئابووری جیهانی دەدا. بەڵام خاتوو ڤالیریا میرنیۆ دیرانی هەڵسوڕاوی ئیکوادۆری باوەڕی پێهێناین کە پێویستە لەسەرمان گرنگی بەو گەندەڵیە کوشندەیە بدەین کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بە بەردەوامی بوونی هەیە و هەموو ڕۆژێك هاولاتی هەستی پێدەکات لەوانەش: پیاوانی پۆلیسی گەندەڵکار، پیاوانی گومرگ کە بەرتیل وەردەگرن، ئەو سیاسیانەی فێڵدەکەن و ئەوانەش کە هەموو ڕۆژێك ڕووبەڕوویان دەبنەوە، ئێمەش هەستمانکرد کە ئەو لەسەر هەقە و پێشنیازەکەیمان پەسەندکرد. سەرباری ئەوە بڕیارماندا کە لێکۆڵینەوە لە حاڵەتە تاك وتەراکانی گەندەڵی نەکەین و ناونەهێنین، ئێمە نەماندەویست ئەو حاڵەتە گەندەڵیانە بخەینەڕوو کە لەئاستی تاکدایە و نایناسین، بەڵکو دەمانویست کەشێکی گونجاو لەپێناو هاوکاریەکی پڕ لە شەفافیەتدا فەراهەمبکەین و وەسیلەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە پێشکەش بکەین. لەو ڕۆژگارەدا بە خۆمان دەگوت ئاشکراکردنی گەندەڵی و ئابڕووبردنی ئەرکی دەسەلات و ڕۆژنامەنووسانە، بەلام ئێمە حاڵەتەکان شیدەکەینەوە کە پەردەیان لەسەر لابراوە، هەروەها برەو بەسیستمێك دەدەین بۆ ئەوەی بتوانین لە داهاتوودا ڕێگری لە گەندەڵی بکەین. بەم بڕیارە توانیمان خۆمان لە چوارچێوەکەیدا دابنێین کە هەڵوێستێکی بابەتیانەمان هەبێت و بتوانین لەگەڵ هەموو لایەکدا بدوێین: لەگەڵ بەرتیلخۆر، بەرتیلدەر، لەگەڵ دەسەلاتی تایبەتی بەدوداچوونی تاوان. دیارە ئەوەش کە یارمەتیدەرمان بوو لە

پاراستنی گیانی ئەندامەکانمان کە لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی وڵاتانی جیهاندا کاریان دەکرد و ژمارەشیان کەم نەبوو، پشتبەستنبوو بە ستراتیژیەتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، کە لە دەرخستنی حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا سەرکەوتنی بەرچاوی هەبووە.

لە کۆنگرەی ئەندامانی ڕێکخراوەکە لە کویتو (Quito)، چەند خاڵێکی گرنگ دووپاتکرایەوە، هەر لەم سۆنگەیەشەوە بڕیارێکمان ڕەوانەی حکومەتانی ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمەریکا (organization of American states، OAS) کرد و تیایدا ئاماژەمان بە ئاستی گرنگی بنەبڕکردنی گەندەڵی لە ئەمەریکای لاتین دا. بەم هەنگاوەش گەیشتینە سەرکەوتنێکی گەورە: کاتێك لقەکانمان لە ئەمەریکای لاتین مەسەلەی گەندەڵیان خستە خشتەی کارەکانی کۆنگرەی باڵای هەردوو ئەمەریکا کە بڕیاربوو لە کانوونی یەکەم ببەسترێت.

فرانك فوگل دەڵێت: "ئیدارەی بیل کلنتون (Bill Clinton)، بە هەناسە ساردی لە بابەتێکی تری جگە لە بابەتی مادە بێهۆشکەرەکان دەگەڕا، بەڵام نەشیدەویست گەندەڵی وەکو پێویست لە خشتەی کارەکاندا خۆی پێشنیاز بکات، هەربۆیە ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی جۆرێك لە فشاری بۆ سەر سەرانی حکومەتانی ئەمەریکای لاتین، بۆ ئەوەی بابەتی گەندەڵی لە خشتەی کارەکانیاندا ریزبەند بکەن. ئەوەبوو بە ئسلوبێکی هێرشبەرانە باس لە بابەتی گەندەڵی کراو بەوەش بۆ رووکارێکی سیمبولی یەکەم لە رووکارەکانی ڕێگای تێکۆشان لە دژی گەندەڵی، لە دیدگای ڕێکخراوەکەوە گۆڕدرا، ئەمە لەو ساتەوەختەدا روویدا کە لە بارەگای سەرەکی "شەفافییەتی نێودەوڵەتی"دا تەنیا چوار کەس لەوانەی هاوکاریان لەگەڵدا دەکرد بوونیان هەبوو".

ئەم سەرکەوتنە ئەوەی ئاشکرا کرد، کە بوونی لقە هەرێمایەتییەکان و هاوکاریکردنی نێوانیان تا چ ئاستێك گرنگە بۆ بەدەستهێنانی نفوزی سیاسی. دیسان لەژێر کاریگەری کۆنگرەکەدا ڕێکەوتننامەیەك واژۆ کرا و دەوڵەتانی



ئەمەریکیش پابەندبوون بەوەی لە دژایەتیکردنی گەندەڵی دا هاوکاری باشتر بکەن. سەرباری ئەمەش، ژەنەراڵ ئۆباسانجۆ (Obasanjo) و ئۆسکار ئاریاس (Oskar Arias) لە کۆستەریکا، پێشنیازیان بۆ دامەزراوەی فۆرد کرد کە یارمەتی دارایی بۆ (پەرتووکی سەرچاوەکان) دەستەبەربکات و هەر لەو دەمەشەوە ئەو دامەزراوەیە هاوبەشێکی بەرچاو و سەرپەرشتیاری "شەفافییەتی نێودەوڵەتی" یە. هەروەها لەساڵی (١٩٩٤)ەوە رووکارێك لە رووکارەکانی ڕێگای فۆرمەلە کرد، کاتێك ڕێکخراوی (دەسەڵاتی هاوڵاتی / ( Poder ciudadano ی ئەرژەنتینی هاتە تەك "شەفافیەتی نێودەوڵەتی" بەو پێیەی ڕێکخراوێکی ناحکومی و ناسیونالیستی یەکەمە، هەروەها لویس مورینۆ ئۆکامپۆ (Luis Moreno Ocampo) ی سەرکردەی ڕێکخراوەکە بووە ئەندامی ئەنجوومەنی راوێژکاری و ئەندامی ئەنجوومەنی ئیدارەی ڕێکخراوەکەمان و ئەمڕۆش یەکێکە لە گەورە داواکاری دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان (International court of Justics) لەساڵی ١٩٩٥ و بۆ جاری یەکەم، جیهان لە ئاستێکی بەرفراواندا بایەخیان بە شەفافییەتی نێودەوڵەتیدا، هەروەها پێڕستی یەکەم بە کۆنسێپتەکانی گەندەڵی کە بە ڕێکەوت بڵاوبووەوە، بووە مانشێتی ڕۆژنامە جیهانییەکان. ئەو پێڕستە کە ئێمە دروستمانکردبوو، لیستێکی تایبەت بوو بە گەندەڵی وڵاتان و لەلایەن پەیمانگا سەربەخۆکانەوە کە سەرقاڵی توژینەوەی رای گشتی بوون، ماهییەتی ئەو وڵاتانەیان هەڵدەسەنگاند کە دووچاری گەندەڵی ببوونەوە.

لەهەمان ساڵیشدا جیمس فولفێنزن (James Wolfensohn) ، پۆستی سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی گرتە دەست و تاوەکو ئێستاش تا ئەوپەڕی دژایەتی گەندەڵی دەکات و سوکانی سەرکردایەتی لەدەستدایە و تێدەگات کە گەندەڵی لە هەر جێگایەکدا چ بەڵایەکە.

مایکل هرشمن (Michael Hershman) ئاماژە بە ساڵی (١٩٩٥) دەکات، کە بەشداریمان لە کۆنگرەی بنەبڕکردنی نێودەوڵەتی گەندەڵی (IACC) کرد، کە هەر

دووساڵ جارێك سازدەكرێت. ناوبراو ئەوە بە رووداوێكی مەزن بۆ "شەفافییەتی نێودەوڵەتی" لێكدەداتەوە كە تیایدا داوامان لێكرا ئەمینداریێتی گشتی كۆنگرە یەك لەدوای یەكەكان بگرنەئەستۆ. بەڵام لە كۆنگرەی داهاتوو كە لە ساڵی ١٩٩٧ بەرێوەچوو، چانسەكەمان خراپ بوو، چەنكە كۆنگرەكە لە پیرۆ سازكراو چیتر بواری گۆڕینی شوێنەكەی نەبوو، بگرە فۆجیمۆری (Fujimori) سەرۆكی پیرۆ، كە ناوبانگی بەهۆی گەندەڵی و مومارەسەی نادیموكراسیانەوە لە سەرتاسەری جیهاندا بەخراپی بڵاوببووەوە، بە شەخسی كۆنگرەكەی كردەوە، هەربۆیە لە زۆربەی لقەكانمان لە ئەمەریكای لاتین لەو ئاهەنگە بەدوور بوون، لەگەڵ ئەوەشدا كۆنگرەكانی داهاتوو كە لە ساڵانی ١٩٩٩، ٢٠٠١ لە دربن و براگ بەرێوەچوون، سەركەوتنی تەواویان بەدەستهێنا.

لەساڵی (١٩٩٥)، ساڵی ئابڕوچوونی ئەلبیرتو داهیك و بەدواشیدا دەستگیركردنی ئولوسیگون ئەباسانجۆ (Olusegun Obasanjo)ی سەرۆكی ئەنجوومەنی راوێژكاریان بوو، كە بە یەكێك لە سەرسەخترین داكۆكیكارانی دیموكراسی لە نایجیریا دادەنرا و دواتریش لەپاش لەناوچوونی ژەنەراڵ ئاباچا (Abacha) دەسەڵاتی لە وڵاتەكەی گرتەدەست.

ئەوەبوو لە ئۆتێلی كۆشكی (UN) لە نیویورك ئاگادارم كردەوە كە هێرشی ئاشكرا نەكاتە سەر ئاباچا، بەڵام ئەو بە پێكەنینەوە وتی: ئەو خەڵكانە ناتوانن خراپەم لەگەڵدا بكەن، چونكە هەموو هاوڵاتیانی نایجیریایی بەیەك رێز دێنە سەر شەقامەكان". بە داخەوە ئەو بەهەڵەداچووبوو، چونكە كاتێك بۆ نایجیریا گەڕایەوە لەلایەن رژێمەكەی ئاباچاوە دەسگیركرا و بە سزای بیست و پێنج ساڵ زیندانی حوكم درا. لەو رۆژەشەوە "شەفافییەتی نێودەوڵەتی" كاتێك نەبووە كە لە پێناو ئازادییەكەیدا خەبات نەكات. من بۆ خۆشم لە هەر بۆنەیەدا هەڵوێستم لە بەرامبەریدا هەبووە و لە وتار و موحازەرەكانمدا ناوم هێناوە. لە دەستپێكی كۆنگرەیەك لە لیما داوام لە نوێنەرانی فەرمی نایجیریا كرد، كە ئەوانیش



خولەكێك بێدەنگی لەپێناو ئەباسانجۆدا رابوەستن، كە ئەمەش لەگەڵ ئیرادەی ئەواندا كۆك نەبوو. كاتێكیش لەساڵی ١٩٩٨، بە شێوەیەكی لەناكاو ئەو دیكتاتۆرە مرد، ئەباسانجۆ ئازادكرا و پێكەوە لە بەرلین ئاهەنگی ئازادبوونیمان گێڕا. ئەو دەیویست سەرلەنوێ پۆستی سەرۆكی ئەنجوومەنی راوێژكاری بگرێتەوە دەست كە لەلایەن (ئەحمەد ولد عبداللە) ی مۆریتانییەوە بە شێوەیەكی كاتی سەرۆكایەتی دەكرا، بەڵام ئەمڕۆ ئەباسانجۆ سەرۆكی نایجیریایە و لەنێو پێڕستی گەندەڵیشدا ئەم وڵاتە پێگەكەی لە دواوەیە.

بەپێی پرەنسیپەكانمان كە لە دوای حاڵەتی داهیك توندبووەتەوە، پۆستی ناوبراو بە ئامادەبوونی دەستەی راوێژكراوی دراوە بە (كەمال حسێن) ی وەزیری دەرەوە و دادی پێشووی بەنگلادیش.

لە كۆتایی ساڵی ١٩٩٧، واتە پاش تێپەڕبوونی چوارساڵ بەسەر دامەزراندنی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی)، (٣٨) لقی نیشتیمانیمان دامەزراندووە. لەو رۆژگارەشدا جێرمی پۆپ رووی لە لەندەن كرد و وازی لە پۆستەكەی هێنا، كە بەرێوەبەری ئیداری بوو، بۆ ئەوەی لەلای ئێمە ئیدارەی بەشی تازەكردنەوە و توێژینەوەكان بگرێتە دەست و لە پاییزی (٢٠٠٢)شدا ئیلزهورست، بووە سەرۆكی لقی ئەڵمانی رێكخراوەكەمان جێگەی میخائیل فیهنی گرتەوە.

لە سەردەمی "هنزیورگ ئیلزهورستدا" شەفافییەتی نێودەوڵەتی، شەقڵی پیشەیی زیاتری لەخۆگرت و لەمڕۆشدا ناوبراو لە بارەگای سەرەكیمان لە بەرلین كارەكانی لەگەڵ پەنجا لقمان بەرێوەدەبات. لەساڵی ١٩٩٩ دا، پێڕستی بەرتیلدەران (Bribe Payers Index) كە ئەمەش روویەكی تری گەندەڵییە، هێنرا.

پاش تێپەڕبوونی ساڵێكیش پرەنسیپەكانی فولفزبرگ (wolfsberg Prinzipien) مان نۆژەن كردەوە، كە ئەمەش رێكەوتننامەیەكی نێوان گەورە بانكە جیهانییەكانە بۆ رێگرتن لە دەركردنی پارەی ساختە و گەندەڵی، دواتر بۆ جاری

یەکەمیش لەساڵی (٢٠٠١) ڕاپۆرتی جیهانیمان لەمەڕگەندەڵی ( Global Corruption Report، GCR) دەرکەوت، لەمڕۆدا شەفافییەتی نێودەوڵەتی نزیکەی سەد لقی هەیە لە سەرتاسەری جیهاندا و لەماوەی دە ساڵیشدا بووەتە ڕێکخراوێکی دانپێدانراو و لەساڵی (٢٠٠٢)شدا خەڵاتی کارل بێرتیلزمەن ( Carl Bertelsmann) ی بەدەستهێناوە کە بەهاکەی بە (١٥٠٠٠٠) یۆرۆ دادەنرێت. دیارە ڕێگای گەیشتن بەو پنتە، ڕێگایەکی دووروودرێژ و سەختە و کۆتاییەکەشی زۆری ماوە. دیسان تێپەڕبوون بەم ڕێگایەدا مەحاڵ بوو، ئەگەر کۆمەك و دەستبلاوی دۆست و هاوبەشەکانمان نەبوایە، کە بێگومان لێرەدا ناتوانم ناوی هەموویان بەرم، ئەمە جگە لەو کەسانەی کە تاوەکو ئەمڕۆ هاوڕامانن و راوبۆچوونی ئێمە وەردەگرن.

## ٦- ململانێ لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتییدا

بە دیدی بانکی نێودەوڵەتی، گەندەڵی گەورەترین لەمپەربووە لەبەردەم پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتییدا. چونکە گەندەڵی بنەماکانی پەرەسەندن لاوازدەکات و وێنای دەوڵەتی یاسا دەشێوێنێت، هەروەها ئەو پایانەی دامەزراوەکانی بونیادی گەشەی ئابووری لەسەر دادەمەزرێت لاوازدەکات (www١anticorrupt\ publicsector\ world bank\.) هەندێك لە ڕەخنەگران پێیان وابوو کە (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) دروستکراوی بانکی نێودەوڵەتییە، بەڵام ئەو دامەزراوە بۆ خۆی هەرلە سەرەتاوە بە شێوەیەکی دوژمنکارانە ڕووبەڕوومان دەبووەوە. من بۆ خۆم کە لەنێو ڕیزەکانی بانکی نێودەوڵەتییەوە هاتبووم، زۆر مەحاڵ بوو بتوانم لەدژی گەندەڵی شتێك بکەم، بۆیە هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو ئەوێم بەجێهێشت و لەگەڵ هەندێك لە تێکۆشەراندا ئەم ڕێگایەمان گرتەبەر، بەڵام تیمێك لە هاوکارانی پێشوومان دژی ئێمە بوون و لەهەر بۆنەیەکدا بە بێزراوی لە (شەفافییەتی نێودەوڵەتی)یان دەڕوانی، لە هەمووشی



خراپتر لە ساڵانی بەراییدا، نوێنەرانی بانکی نێودەوڵەتی هەموو شتێکیان تاقیکردەوە بۆئەوەی کارەکانمان پەکبخەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا "ڕۆبەرت مکنمارا"ی سەرۆکی پێشووی بانکی نێودەوڵەتی هاتە پاڵ ئێمە و داوای لە بانکی ناوبراو کرد کە یارمەتی پرۆژەکەمان بدەن، تەنانەت بە شەخسی لەگەڵ ئێمە سەردانی حەوت لە سەرانی دەوڵەتانی ئەفەریقی کرد بۆ ئەوەی ڕازییان بکات، کەچی بانکی نێودەوڵەتی لەسەر سەرسەختی خۆی بەردەوام بوو، تەنانەت یارمەتییەکی دارایی سادەش کە پێشنیازمانکردبوو لەپێناو کارەکانماندا ڕەتیکردەوە، دیارە ئەمەش بەر لە هەر شتێك دەگەڕایەوە بۆ بەشی یاسایی کە ئەودەم سەرۆکەکەی ئیبراهیم شەحاتەی میسری بوو. ئیبراهیم شەحاتە کە لەو سەروبەندەدا مرد، لەنێو بانکی نێودەوڵەتیدا خاوەنی دەسەڵات بوو. ئامانجی ئاشکرای ئەو زۆر شەریفانە بوو: کە دەیویست پارێزگاری لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بکات و نەبێتە قوربانی مەرج و لیستە لە ئەندازە بەدەرەکانی بانکی نێودەوڵەتی، ئەوکات بانکی ناوبراو ئارەزووی ئەوەی دەکرد کە خواستەکانی خۆی بسەپێنێ و قەرزەکانی لە ڕێگەی مەرجگەراییەوە وەربگرێتەوە، بەڵام تێگەیشتنی ناوبراو لە ئێمە تێگەیشتنێکی هەڵەبوو، چونکە پێی وابوو ئەو مەرج و لیستانە هەرگیز ئێمە ناگرێتەوە، ئەمە لە کاتێکدابوو کە ئێمە بەخواستی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو کارمان دەکرد و لە زۆر شوێنی تری باشووریش داوامان لێدەکرا کە کۆمەڵگەکانیان لە گەندەڵی بپارێزن.

لەسەرەتادا بیروبۆچوونی خۆم خستە بەردەم ئیبراهیم شەحاتە لەپێناو"شەفافییەتی نێودەوڵەتی" و ئەویش لەلایەن خۆیەوە هاوکاریکردنی شەخسی خۆی بۆ نیشاندام، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیویست، بانکی نێودەوڵەتی لەو مەسەلانە بەدوور بگرێت، بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو بە خەباتی دژ بە گەندەڵی نەبەستنەوە. دوای ساڵانێکیش لە مشتومڕ، شەحاتە کراوە و ڕاشکاوانەتر بوو، بگرە بەر لە مردنیشی لە کۆنگرەکاندا، بە تایبەتیش لە وڵاتانی عەرەبیدا، هەوڵەکانی لەپێناو (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) بەگەڕخستبوو.

بەلاّم ئەوە بوو سەرەتا کریستیان فالرز (Christian walser)ی پسپۆڕی مافناسی ڕاسپارد کە هەوڵی ئێمە بۆ گەیشتن بە نیازەکانمان لەوەی پەیوەستە بە پرۆسەکانی بانکی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی خشتەی کارەکانمانەوە پەکبخات. فالزر، بە هەموو وزەی خۆی ئەوە کارەی کرد، بەلاّم وادیارە سەرنجی شەحاتە لە بەرامبەر ئێمە بە هەڵەیدا برد، لەگەڵ ئەوەشدا پاکی ئەم پیاوە سەرسەختە لیخن نەبوو. شەحاتە پێی وابوو کە دەبێت بانکی نێودەوڵەتی لە سیاسەتەوە دوور بێت، هەر بۆیە بوونی هەڵوێستێکی ئاشکرا و ڕوون لە بەرامبەری گەندەڵی، بە بێگومان دەستتێوەردانە لە کاری سیاسی.

بە گوێرەی ڕێکەوتننامەی ڕاستبوونەوەی ئێمە، هەر وڵاتێکی ئەندام لە بانکی نێودەوڵەتی دەبێت خستنەڕوو (عرض)ی خۆی پێشکەش بکات لە ڕێگەی جارنامەی کەمکردنەوە (مناقصة)وەو هەرکاتێکیش ئەو وڵاتانە پابەند نەبن بە پێنەدانی بەرتیل ئەوا لە داهاتوودا دامەزراوەکانیان کە لە جارنامەی کەمکردنەوەدا دووچاری گەندەڵی بوونەتەوە دووربخرێنەوە.

من ئەوکاتەی کە بۆ خۆم ئەندامی بەشی یاسایی بووم لە بانکی نێودەوڵەتی بەشداریم کردووە لە داڕشتنی ڕێکخستنی بەڵگەکانی گەندەڵیدا ( procurement Guidelines)کە ئەمەش بۆ ڕێگرتنە لە گەندەڵی، من دەمزانی کە هێز و لاوازی هاوڵاتی لە کوێیدایە، هەروەها دەشمزانی کە چۆن کارمەندانی گەندەڵکار و ئەو دامەزراوانەی کە بەرتیلیان دەدا، چۆك دادەدەن و دەکەون. ئەو ڕۆژگارە لە بانکی نێودەوڵەتی لێوان لێو بوو بەشەڕ و ململانێ هەر بۆیە ژمارەیەك لە هاوڕێکانم لەدەستدا، هەروەها تاوەکو ئەمڕۆش بەشێك لەوانەی هەوڵی یارمەتیدانی ئێمەیان دەدا لە دژی گەندەڵی، هەست بەو زامە دەکەن کە بەو هۆیەوە تووشیان ببوو.

تاوەکو ساڵی ١٩٩٥، کاتێك کە جیمس فولفنزن (James wolfensohn)بووە سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی ڕەوشەکە وەکو خۆی مابووەوە، ئەوەبوو جڵەوی ئەم



شوێنەی گرتە دەست و گۆڕانکارییەکی بەرفراوانی ئەنجامدا و تەواوی کارمەندەکانی لە سەرەوەی ئەم ڕێکخراوە بەلەسەو یاخی بووە هێنایە خوارەوە و درکی بە گرنگی بابەتی گەندەڵی دەکرد.

لەم بارەیەوە فرانك فوگل دەڵێت: فولفنزن کە لە هۆڵ ستریتەوە هاتبوو، گۆڕانکاری بەرچاوی ئەنجامدا، ئەم کەسە کە پێشتر بانکناسی بواری وەبەرهێنان (Investment Banker)بوو، بەلایەوە گرنگ بوو کە خەڵکی بزانێت، پارەی بانکی نێودەوڵەتی ڕاستەوخۆ ناچێتە گیرفانی ستەمکارانەوە، کە ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ دەرکەوتنی چەند وتارێك لە بارەی ئەو ملیارانەی کە لە ئەفریقیا دیار نەماون، دیارە ئەمە بۆ ئێمە دەرفەتێکی کەم وێنە بوو کە دەبوو بیقۆزینەوە، چونکە زۆر چاك دەمانزانی کە بوونی بانکی نێودەوڵەتی بەتەك ئێمەوە بە هەموو ئەو نفوزەی لە جیهانی سێیەمدا هەیبوو تا چەند پڕ بایەخە". لەگەڵ ئەوەشدا گاردە کۆنەکانی ناو بانکی نێودەوڵەتی بە ڕەهایی دژمان ڕادەوەستانەوە، ئەمانەش ئەوانەبوون کە لە نێوان ساڵانی (١٩٩٣-١٩٩٤)مافی قسەکردنیان هەبوو، سەرباری ئەوەی ئەوان لەلایەك لە ململانێ سیاسییە قوڵەکانەوە تێوەگلابوون و لەیەکی دیکەشەوە گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە بانکی نێو دەوڵەتی کارێکی چاك بە ئەنجام دەگەیەنێت بۆیە ڕێگایان بەڕووی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی)دا دادەخست، بەلاّم ئەوەبوو فولفنزن ئەمەی لە بناغەوە گۆڕی.

سەرۆکی تازەی بانکی نێودەوڵەتی لەگەڵ یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی چاوی بەزۆرترین ڕێکخراوی ناحکومی کەوت و گوێی بۆ خواست و پاساوەکانیان گرت. هەروەها سەردانی بۆنی کرد و لە سپێدەی دووشەممەی کانوونی یەکەمی ١٩٩٥، دەستبەجێ لەگەڵ کۆمەڵێك لە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی نیشتەجێی ئەڵمانیا کۆبووەوە کە لە نێویشیاندا منی نوێنەری (شەفافییەتی نێودەوڵەتی)تێدابوو.

پێشتر بیستبووم کە زۆر پەرۆشی مۆزیکە و چەللۆ دەژەنێت، بۆیە بەر لە هەر پرسیارێك لێم پرسی کە ئایا حەزدەکات لەمیانەی سەردانەکەی بۆ بۆن مۆزکمان لەگەڵ بژەنێت.

هاوڕێیەکم هەبوو بە شێوەیەکی چاك پیانۆی دەژەنی و ئارەزووی ئەوەشی دەکرد، کە لەگەڵماندا پێکەوە سێ قۆڵی بۆ ژەنینی مۆزیك لە ماڵەوە بەشداریمان بکات.

ئەوەبوو ئامێرێکی چەللۆم بۆ فولفنزن پەیداکرد و چەند نۆتەیەکی بیتهۆڤن و برامزم بۆ تیمە سێ کەسییەکە ئامادەکرد. بەڵام ئەفسووس نووسینگەی فولفنزن هیچ وەڵام و تەنانەت وشەیەکیشیان وەڵام نەدامەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەلانی کەمەوە ئەو ڕێکەوتننامەیەم بە کراوەیی لە مێشکی خۆمدا بە جێهێشت.

لە کاتژمێر(١٠) لەگەڵەری وەزارەتی هاوکاری ئابووری فیدراڵی ئامادەبووم، کە وا بڕیاربوو چاوم بە فولفنزن بکەوێت، بەڵام ئەو کەمێك درەنگ هات و لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو شەقڵێکی تەقلیدی بە دووربوو، هەروەها هاتنی ئەفسووناوی بوو کاتێك لەگەڵ ئامادەبووانی سەر بەڕێکخراوە ناحکومییەکان دیدو پێشنیازەکانیان ئاڵوگۆڕکرد.

ئامادەبووان هەموویان گلەییان لە بانکی نێودەوڵەتی هەبوو، نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی پاراستنی ژینگە، بانکی نێودەوڵەتیان بە وێرانکردنی ژینگە تۆمەتبار دەکرد. فیدراسیۆنەکانی ئافرەتان گلەییان لە ڕەوشی خراپی ژنان دەکرد، ڕێکخراوە کۆمەکبەخشەکانی پەرەسەندن باسیان لەو کێشانە دەکرد کە بە هۆی یارمەتی دارایی بانکی ناوبراو بۆ بەنداو و قوتابخانەکان دەکەوێتەوە. لەم کاتەدا فولفنزن بە هێمنی گوێی بۆ هەموو ئەمانە دەگرت و بێ توڕەبوونیش پێی دەگوتن کە هەموو شتێك باش دەبێت بێ ئەوەی بەڵێنی هیچیان پێبدات. پاشان ڕۆڵی من هات، لە سەرەتادا هیچ گلەییەکم نەکرد، بەڵکو وتم من بۆ ماوەی ٢٥



ساڵ بۆ بەرژەوەندی بانکی نێودەوڵەتی کارم کردووە، هەروەها هەردەم ئەوەی ڕاست بووە ئەوەمان کردووە و ناشکرێت لە بەردەم نوێنەرانی ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا پشت لە سەرکەوتنەکانی ئەم بانکە بکەین وەکو ئەوەی لە ساڵانی ڕابردوودا کاری خراپی کردبێت، هەر بۆیە کاری لەو جۆرەم پەسەندنییە، چونکە ئێمە لە چوارچێوەیدا چەند کارێکمان بۆ بەرژەوەندی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو کردووە و ناشکرێت ئەوە بخرێتە خانەی گەندەڵییەوە.

ئاماژەشم بەوە کرد کە هاتنە دەرەوەی من لە بانکی نێودەوڵەتی بە هۆی جاڕس بوون و بێزاریم بوو لە گەندەڵی. هەروەها پێیم گوت کە خۆشحاڵبووم کاتێك کەسێکی وەکو تۆ ئەم پۆستەی وەرگرتووە و باسیشی لە ئەنجامدانی شتێك دەکەیت لە دژی گەندەڵی.

دیارە ئەم قسانە بە لایەوە جێگەی خۆشحاڵی بوو، هەر بۆیە جەختی لەسەر ئەنجامدانی بنەبڕکردنی گەندەڵی کردەوە، دواتریش داوای لێکردم کە پێکەوە بە ئۆتۆمبێلەکەی بچین بۆ مەوعیدی خۆمان، ئەوەبوو پێکەوە گفتوگۆیەکی چڕوپڕمان تا درەنگانێکی ئێوارە ئەنجامدا و پێشی وتم، کە ئەو بەباشی چەللۆ ناژەنێت و خۆشەویستیشی بۆ چەللۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئارەزووی هەریەك لە خاتوو جاکلین دوبریەو داینیل بارنبوانی هاوڕێی بۆ ژەنینی چەللۆ، هەروەها زۆر کەمیش لەبەر چاوی خەڵکی ئەم ئامێرەی ژەنیوە، چونکە متمانەی ئەوە بەخۆی ناکات کە بەئاسانی ئەم ئامێرە بژەنێت، بەتایبەتیش لەسەر نۆتە. من ئەو دەم وام هەستدەکرد بەسەر هەوردا دەفڕم، لەبەرئەوەی زۆر پەرۆش بووم بۆ ناسینی ئەم پیاوە ئەویش لە پێناو پرسەکەماندا. لە کاتی ماڵئاوایی لێکردنیش داوای لێکردم کە لە واشنتۆن سەردانی بکەم. ئەوە بوو پاش چەند هەفتەیەك لە نووسینگەکەی لە واشنتۆن دیدارێکم لە گەڵیدا هەبوو، کە بۆ چەند کاتژمێرێك لەگەڵیدا مامەوە، لەو ماوەیدا بۆم دەرکەوت کە هێشتا وەکو پێویست شێوازی

کارکردن لە بانکی نێودەوڵەتی فێرنەبووە و لەبارەی بوونیادیشییەوە شتێکی ئەو تۆ نازانێت، بەڵام دیاربوو ئەویّ پێیان ڕاگەیاندبوو کە وشەی گەندەڵی لە نێو بانکی نێودەوڵەتیدا تابۆیە. پاشان من لە لایەن خۆمەوە چەند تێبینی و سەرنجێکم پێ گوت و ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی کە هاوکاری لە نێوان بانگ و شەفافییەتی نێودەوڵەتیدا هەبێت. دیارە ئەمە بە لای ئێمەوە وەکو خاڵی دزەکردن وابوو لە پەیوەندی بە بانکی ناوبراوەوە کە دوای دوو ساڵ لە دامەزراندنی شەفافییەتی نێودەوڵەتی ڕوویدا، هەرچەندە ئێمە ئەم هەنگاوە ماوەی دە ساڵمان بۆ هەژمار کردبوو.

هەروەها فرانك فۆگل دەڵێت: ئێمە ماوەی (١٤-٩)کاتژمێرمان لەبەردەستدا بوو بۆ ئەوەی لە(١٥) پیاو لە پیاوەکانی فولفنزن بگەیەنین کە پێویستە بانکی نێودەوڵەتی چی بکات بە دیدی شەفافییەتی نێودەوڵەتی.

هەرچەندە فولفنزن لەگەڵ ئێمەدا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێی گوتین: کە پێویستە ئیدارەکەی ڕازی بکات. ئێمە هەر بە تەنیا لەو ڕۆژەدا کۆمەڵێك بەهانەمان بە دەستەوە نەبوو کە پێویستە ڕەچاوبکرێت، بەڵکو لە تواناشماندا هەبوو بەزمانی شارەزایانی بانکی نێودەوڵەتی دایبڕێژین چونکە بۆ خۆمان دەمانزانی کە دەبێت چی بکەین. ئەم دەرفەتەمان قۆستەوە بۆ ئەوەی بۆچوونی خۆمان لە بارەی گەندەڵی و ئاستی کاریگەریی لە پرۆژە تایبەتەکانی پەرەپێداندا بخەینە ڕوو یاخود بەتەواوەتی بنەبڕبکرێت. ئەوەبوو لە دەقیقەی یەکەمەوە تا دواسات فولفنزن ئامادەبوو: کە بۆ خۆی سەرنجەکانی دەنووسی و ئەرکەکانی داهاتووی خۆی ئامادە دەکرد. لەم کۆبوونەوەیەدا تەنیا ئیبراهیم شەحاتەی کەم بوو، بەڵام ئەویش فالزری دوژمنی سەرسەختی ئێمەی ناردبوو کە ورتەی نەدەکرد.



ماوەیەکی زۆری پێچوو: تاوەکو بانکی نێودەوڵەتی بۆ دواجار ئاراستەی ئێمەی گرتەبەر و لەگەڵماندا بووە جەنگاوەرێکی ئەمەکدار لە خەباتی دژ بە گەندەڵی، هەروەها فولفنزن بە چەشنی کابتەنێك هەوڵی سوڕاندنەوەی سووکانەکەی دەدا، بەڵام هێشتا کەشتییەکە بە هەمان ڕێڕەوی نێو ئاوەکە دەجولاً بێ ئەوەی لابدات. ئەمڕۆش ئەو سەرنجە لە ئارادایە کە بانکی نێودەوڵەتی بە تەواوەتی جێ پێی ئێمەی هەڵگرتووە و فولفنزیش بە لێهاتوویەکی زۆر توانی بەرپرسیارێتی جێبەجێکارانی سیاسی کە نوێنەرایەتی دەوڵەتانی ئەندام دەکەن و ژمارەیان نزیکەی (١٨٠) ئەندام باوەڕپێبهێنێت. هاوکات لە لایەکی ترەوە لێژنەیەکی ستراتیژی دامەزراند، کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك کۆدەبنەوە و ئامانجیش لەمە گرتنەبەری سیاسەتێکی دژ بە گەندەڵییە. لەو ڕۆژگارەدا کە جێرمی پۆپ بەرپرسیارێتی شەفافییەتی نێودەوڵەتی بوو پێکەوە ڕاوێژکاری نیزامی و بەشداربووی دانیشتنەکانی ئەم لێژنەیە بووین.

لەم سەروبەندەدا فولفنزن لە وتارە بە جۆشەکانی کە لە کۆنگرە گرنگەکاندا دەیخوێندەوە مژدەی سیاسەتێکی تازەی بانکی نێودەوڵەتی دەبەخشیّ، هەر وەکو ئەوەی لە کۆبوونەوەی ساڵانەی بانك و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF ،International Monetary Fund) لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٦ ڕوویدا، کە ئەمەش پێویستییە بوێرییەکی زۆر و لێهاتوویی سیاسی و ڕوون بینی هەبوو. لە مڕۆشدا لە توانای کەسدانییە کە مەزەندەی گرنگی ئەم دەسکەوتە بکات، چونکە گۆڕانکاری هاتووەتە ئاراوە و بانکی نێودەوڵەتیش لەم بوارەدا ڕۆڵی پێشەنگی بینیوە، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش لە دامەزراوەکان هاتوونەتە پاڵ ئەم هێڵە بەتایبەتیش ڕێکخراوەکانی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمپانییە جیهانییەکان و فیدراسیۆنە نێودەوڵەتییەکان کە هەموویان لە خەباتی دژ بە گەندەڵی دەست بەکاربوون.

## ٧- ڕێکەوتننامەی ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری و پەرەپێدان

هەر لایەنێك لە لایەنەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە، بە پێی یاسای خۆی هەرەشەی سزادان لە هەر کەسێك دەکات، کە ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی نێوەند کارەکانەوە بەرتیل بداتە کارمەندێکی بیانی بۆ ئەوەی لە بواری جولەی کار و سەودانامە نێودەوڵەتییەکان ڕاسپاردەیەك یاخود لە چوارچێوەی ئەرکی پەیوەست بە خزمەتی خۆی ئیمتیازێکی بێ بەهانە بە دەستبهێنێت و بۆ ئەم پێناوەش کاری بۆ بکات (ڕێکەوتننامەی ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری و پەرەپێدان بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی لە دەرەوە، بڕگەی ١، بەندی ١).

لە ڕاستیدا تاوەکو ساڵی(١٩٩٩) کەسێك نەبوو باوەڕ بکات، بە پێی یاسای ئەڵمانی، سیاسی و کارمەندانی وڵاتانی تر بەرتیلیان پێبدرێت. لەوەش خراپتر ئەوەبوو کە دمەزراوەکان دەیانتوانی ئەم بڕە بەرتیلانە لە باجدان دابشکێنن بەوپێیەی"خەرجی بەسوودە". ئەمەش بە واتای کە گشت پیاوانی کارناسی ئەڵمانی دەتوانن کارمەند و سەرانی سیاسی و وڵاتانی جیهانی سێیەم بە پارە بکڕن. دیارە ئەمەش هەر زیانی بە دانیشتوانی ئەو وڵاتانە نەدەگەیاند، بەڵکو لە ئەڵمانیا و بە دوو ڕێگا زیانی بەپێدانی باجیش دەگەیاند. چونکە لە لایەك لەسەر حسابی بودجەی دەوڵەت، باجی سەرشانی خۆی کەم دەکردەوە و لە لایەکی تریشەوە سوور بوو لەسەر ئەوەی هانی ئەڵمانیا بدات لە ئەنجامدانی پرۆژە گەلێکی بێسود، کە ئەم پرۆژانە سەرباری ئەوەی بڕی تێچوونیان زۆر بوو، پێویستیش نەبوون. لەم بارەشدا هەژارترین خەڵکی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لە جێگای خۆیاندا بەبێ گۆڕان دەمانەوە لەگەڵ مانەوەیان لەوپەڕی کلۆڵیدا: کە ئەمەش دەرەئەنجامێکی تراژیدیای بوو.



خۆ ئەگەر بۆ جارێك لە شوێنی ڕووداوێکدا زەمینە بۆ لێکۆڵینەوە لە کارناسێکی گەندەڵ کار بسازێت، ئەوا بۆ وڵاتەکەی پاشەکشە پێدەکرێت و ئەوکاتەش لە لایەن کۆمپانیاکەیەوە لە وڵاتێکی تر دادەنرێت.

لە سەردەمی هلمەت کۆلدا، هەریەك لە گونتەر ڕێکسرۆدتی وەزیری ئابووری و پەرلەمانتارێکی ئەنجوومەنی فیدراڵی (Bundestag) کە لەو ڕۆژگارەدا دەنگیان بەرزبوو دەیانگوت: نەهێشتنی گەندەڵی جیهانی لە ڕێگەی کەسە هەناردە ئەڵمانییەکان، زیانی ڕاستەوخۆی بۆ دەرفەتەکانی کار لە ئەڵمانیا لێدەکەوێتەوە. هەرچی ویلایەتە یەکگرتووەکانیشە لە ساڵی(١٩٧٩) وە یاسای مومارەسەی گەندەڵی لەدەرەوە ڕا قەدەغەکردووە. هاوکات هەریەك لە کۆمپانیا ئەڵمانی و ئەوروپییەکانی تر وا لە یاسای ناوبراویان دەڕوانی کە گوایە ئەوە جیاکەرەوەیەکی کێبڕکێ کردنە. هێشتا لە بیرمە کە لە کۆنگرەی (ئیئتلافی جیهانی لە پێناو ئەفەریقیا) کە لە ناوەڕاستی نەوەدەکان لە لاهای بەڕێوە چوو، سەرۆکی دەوڵەتی ئەسیوبیا تکای لە((برایانی هاتووی باکوور)) کرد کە ڕیگا بە کارناسان (رجال الأعمال)ی وڵاتەکانیان نەدەن بەرتیل بدەنە دەستە بژێرەکان لە دەوڵەتانی ئەفەریقیا. ئەو کاتە سەرنجم لە(هیدریش-Hedrich) ی بریکاری وەزارەتی هاریکاری گۆڕینەوەی سەر بە وەزارەتی فیدراڵی دەدا کە بە پەرۆشەوە تێبینییەکانی دەنووسییەوە، تەنانەت برنهاردی شازادەی هۆڵەندە لە ئەنجامی ئەو دانیشتنە قسەی لەگەڵ کردم.

ئەوەش لە لایەن (ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری و پەرەپێدان)ەوە پەسەندکرا. ئەم ڕێکخراوە لەو ماوەیەدا لە سی نەتەوەی پیشەسازی پێکهاتبوو، لەوانەش ئەڵمانیا، دیارە لەمڕۆشدا تەواوی وڵاتانی ئەندامی ئەم ڕێکخراوە گەندەڵییان لە دەرەوەدا قەدەغەکردووە. لە ساڵی (١٩٩٥) وەزیری ئابووری لە ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری و پەرەپێدان، ڕێنماییەکی داڕشت و بەو پێیەش پێویست بوو

ولاّتانی ئەندام ڕێگەی لە هاولاّتیانی خۆیان بکەن کە گەندەڵی ئەنجام نەدەن، دیارە ئەم ڕێنماییە ولاّتانی ئەندامی ناچار نەدەکرد بەڵکو تەنیا ڕێنمایی بوو، هەروەها هەر لە سەرەتاشەوە ڕێکخراوی جیهانی هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەری ئەو ڕێنماییە نیشاندا، ئەوەبوو تیمەکەی ئێمە بەشداری زۆرێك لە دانیشتنەکانی دەستەی پسپۆڕانی گەندەڵی لە ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری و پەرەپێدان لە پاریس کرد، بەر لە هەرشتێکیش لقە نیشتمانییەکانی شەفافییەتی نێودەوڵەتی، وتووێژەکانی خۆی چڕکردەوە لەگەڵ شاندی حکومەتەکان، لەوانە حکومەتانی کەنەدا و بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوانیش بە پیریانەوە چوون. هەرچی ئەڵمانیاشە ئەو بەدەنگەوە هاتنەیان نەبوو، بە هەمان شێوەش لە فەڕەنسا هەمان شت لەگەڵ هاوکارەکانماندا ڕوویدا.

ئەوەی سەیر و مایەی سەرسامی بوو، سەرباری ئەو بەرەنگاری بوونەوەیە کە هەبوو، هەر سی ولاّتی ئەندامی ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری و پەرەپێدان لەگەڵ پێنج ولاّتی تری هانارده لە ١٩٩٧/١١/٢١، ڕێکەوتننامەی بنەبڕکردنی گەندەڵییان لە دەرەوە ڕا واژو کرد(ڕێکەوتننامەی بنەبڕی پێشکەشکردنی بەرتیل بە کارمەندان لە چوارچێوەی جوڵەی کار و سەودانامە نێودەوڵەتییەکان).

پاشان دوو ساڵیش لە پەسەندکردنی ڕێکەوتننامەکە ، جگە لە ئێرلەندا، لە لای گشت ئەندامانی نێو ڕێکەوتننامەکە بۆ یاسایەکی کارپێکراو گۆڕدرا. ئەو هۆکارانەش کە وایان کرد مەسەلەکە بەم شێوەیە بکەوێتەوە زۆرن، لەوانەش فشاری توندی بەرژەوەندی گروپە سیاسی و ئابوورییەکان. هەروەها ئەمەریکییەکانیش سەرلەنوێ بایەخی زۆریان بە فەراهەمکردنی یەکسانی لە مەرجەکانی کێبڕکێکردندا دەدا، هەرچی ئێمەشە لە(شەفافییەتی نێودەوڵەتی) بەشدارییەکی گرنگمان لە سەرخستنی ڕێکەوتننامەکە کرد. تیمێکی ڕێکخراوەکەمان کە پێکهاتبوو لە سێ مافناس کە ئەمانە بوون: فریتس هایمن، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، پیتەر ڕۆك، لە ئوستراليا، میخائیل فیهن لە



ئەڵمانیا، دەبوو لە پاریس و لە بارەگای ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری و پەرەپێدان لە پێناو ماندا بۆ بەرژەوەندی ڕێکەوتننامەکە خەبات بکەن و مومارەسەی کاری لۆبی بکەن.

فریتس هایمن ئەوە بە بیری دێتەوە و دەڵێت : کاتێك یەکەم گفتوگۆ لەمەڕ گەندەڵی جیهانی دەستی پێکرد لە نێو ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری و پەرەپێدان ڕووم لە پاریس کرد، چونکە خوازیار بووم بە شەخسی چاوم بە بەشداربووەکان بکەوێت و هاوکاری لەگەڵ شاندی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکەم. ئەوەبوو هەندێك لە دۆستەکانم پێیان وابوو، کە من کاتی خۆم لەگەڵ ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری و پەرەپێدان بە فیڕۆ دەدەم. هەروەها دەیانگوت کەوا پێویست دەکات بچم بۆ لای یەکێتی ئەورووپا لە برۆکسل، بەلاّم یەکێتی ئەورووپا لە دەرەوەی سنووری خۆی گرنگییەکی زۆری بە بابەتی گەندەڵی نەدەدا. دیسان زانیم کە ڕەنگە کەسانێك بەتایبەتیش لە وەزارەتەکانی دارایی خۆشحاڵ نەبن سەبارەت بە داشکاندنی پارەی بەرتیل و هەروەها کارمەندەکانیش لەوە دەترسان کە پارەیەکی ئێجگار زۆر لەدەستبدەن. ئەوەبوو ڕێکخراوی ئابووری و پەرەپێدان بە خێراییەکی ڕێژەیی، بە کردەیی چالاك بوو. لە ساڵی ١٩٩٦ یەکەم بڕیاری بۆ بە دوورگرتنی گەندەڵی داڕشت و بەردەوامیش بوو بۆ ئەوەی ڕێکەوتننامەیەك بهێنێتە ئاراوە و لە ڕووی مەبدەئییەوە ڕێگری بکات لە پێدانی بەرتیل بە کەسایەتی سەرکردایەتییە بیانییەکان. لە بەهاری ١٩٩٧، بۆ جاری یەکەم وەزیرانی پەیوەندیدار لە ولاّتانی ئەندام بەیەکگەیشتن، هەروەکو ئەوەی هەریەك لە ئەڵمانیا و فەرەنسا و ژاپۆن و بەریتانیا ئامادەبن بۆ ئەوەی شتێك بکەن و هەروەها بۆ واژۆکردنی ئەو ڕێکەوتننامەیەش کە لەو ماوەیەدا قسەی لەسەر دەکرا. بێگومان من زۆر دڕدۆنگ بووم، چونکە هەموو شتەکان بە نهێنی بەڕێوە دەچوو، دیسان نیگەرانیش بووم بەوەی کە کاتێکی زۆر بخایەنێت. لە زۆر کاتیشدا ڕێکەوتننامەکان بەنێو پەیمانی ولاّتاندا تێدەپەڕێنرێت و پاشان کاری پێدەکرێت.

هەرچی ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری و پەرەپێدانە بواری خۆدزینەوەی وڵاتە ئەندامەکانی نەدا و کۆتایی ساڵی (١٩٩٧)ی وەکو دوا وادە دەستنیشانکرد بۆ ئەوەی ڕێکەوتننامەکە واژۆ بکرێت.

لەو فاکتەرە یەکلاکەرەوانەی کە ئاستی ڕازیبوونی حکومەتانی ئەوروپی لەسەر ئەم هەنگاوە مێژووییە بەرزکردەوە، ڕەزامەندی هەندێك لە گەورە پێشەوایانی ئابووری ئەوروپی بوو کە زیاتر بۆیان ئاشکرابوو، لەگەڵ بوونی گەندەڵی جیهانیدا کارەکان بەو شێوەیە بەڕێوە ناچێت بەتایبەتیش کە لە چەند دەیەی دواییدا گەندەڵی زۆر بڵاوببووەوە.

لە بەراییدا تەنیا بە شێوەی تاك و تەراو بە جیا لەگەڵ سەرانی ئابووری ئەوروپیدا کۆدەبوومەوە، بەڵام دواتر کە بۆم ڕوون بووەوە لەگەڵ ئایدیای ئێمەدا هاوسۆزن، بۆ دانیشتنەکان بانگهێشتمانکردن بۆ پەیمانگای ئاسپن لە دوورگەی شفاننفردر (schwanenwerder) لە ناوچەی فزیە((wannsee لە نزیك بەرلین. هەروەها ریچاردڤون فایتستسکر کە لەو ماوەیەدا ببووە ئەندامی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری شەفافییەتی نێودەوڵەتی گەرەنتی ئەقڵانییەت و متمانەی گرتبووە دەست. لە پاش سێ کۆبوونەوە، سەرانی کۆمپانیاکان درکیان بە مەترسییەکە کرد و نامەی کراوەیان بۆ رکسرودت و ئەوانی دیکە لە وەزیرانی ئابووری ئەوروپی ناردو، تیایدا داوایان لە حکومەتەکانیان کرد: کە لەگەڵ ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری و پەرەپێدان لە دژی گەندەڵی جیهانی بگەنە ڕێکەوتننامەیەك. ڕێکەوتننامەکە گەیشتە پەرلەمانی ئەڵمانی و لە ١٩٩٨/٩/١٠ لە ڕۆژنامەی فەرمی ( ٢٣٢٧/١١Bundesetzblatt) بڵاوکرایەوە و لە ١٩٩٩/٢/١٥ کاری پێکرا.

کاتێکیش میدالیای هیوس درایە شەفافییەتی نێودەوڵەتی و لەلایەن ئێمەشەوە سوپاس و پێزانینی خۆمان لە پەیڤێکدا نیشاندا و باس لەو هەنگاوەی پەرلەمانی ئەڵمانیا کرا، ئاپۆڕەی جەماوەر لە نێو هۆڵی شتورتگارتی سوارچاکی کە تیایدا هەریەك لە (هیلدیگارد هەم برچەر)ی سەرۆکی دامەزراوەی هیوس و سەرۆکی فیدراسیۆنی هرنسوگ ئامادەی بوون، ئەوپەڕی خۆشحاڵی خۆیان نیشاندا. لە ڕاستیدا ئەڵمانیا لە پێشەنگی ئەو وڵاتانە بوو کە ڕێکەوتننامەی دامەزراندنی ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری و پەرەپێدانی واژۆکردووە. بەڵام کەڵکی ئەوە چییە کە یاسا نەچێتە بواری پراکتیکییەوە و کاری بۆ نەکرێت، لەم سەروبەندەدا پرۆفیسۆر مارك پیت، سەرۆکی دەستەیەك لە پسپۆڕانی ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری و پەرەپێدان، کە لە زانکۆی بازل بوو، سیستمێکی چاودێریکردنی چالاکی دانا، هەروەها وڵاتانی نێو ڕێکەوتننامەکە بڕیاریاندا کە لە یەکتری بە ئاگابن بۆ ئەوەی ڕێکەوتننامەکە تەنیا نووسراوێکی سەر پەڕە نەبێت، بەڵکو بۆ یاسایەکی نەتەوەیی بگۆڕێت و یەکسانی لە نێوان ئەو سزایەی کە لە دەرەوەدا بەسەر گەندەڵی و تاوانەکانی پەیوەست بە گەندەڵی لە ناوەوە ڕای وڵات دەسەپێنرێت، فەراهەم بکات.

لەم چوارچێوەیەدا ئەم دەستەیە گوێ لە بۆچوونی نوێنەرانی حکومەت و فیدراسیۆنە ئابووری و ڕێکخراوەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنی دەگرن و هەروەها بە هەمان شێوەش گوێ بیستی بۆچوونی شەفافییەتی نێودەوڵەتیش دەبن.

ئێمەش بە هۆی سروشتی کارکردنمان بە ئەرکی خۆمانی دەزانین لە جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە بە ئاگابین و ڕەخنە و دیدی خۆشمان بخەینە بەردەم لیژنەکانی ئەو وڵاتانە.

هەرچی پەیوەستە بە ئەڵمانیاش، ئەوا لقی شەفافییەتی نێودەوڵەتی و هەندێك لە هاوکارەکانی لەو وڵاتە بە سەرۆکایەتی میخائیل فیهن بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن، بەڵام ئەوەی جێگای داخە حکومەتی فیدراڵی ڕێگە نادات بە

شەفافییەتی نێودەوڵەتی کە لە میانەی دیدارەکانی نێوان لێژنەکان و نوێنەرە چاودێرە حکومییەکان ئامادەبن، میخائیل فیهن: ئێمە لە دوور و نزیکەوە لە ئەڵمانیا و زۆرێکی تری وڵاتانی پەیوەندیدار پێویستمان بەوپەڕی ئاگاداربوونە بە ڕێکەوتننامەکە.

لە کاتێکدا کە دەوڵەت هەندێك کاری لە دژی گەندەڵی لە ناوەوەی ئەڵمانیا لە ڕێگەی دادوەری گشتییەوە بە ئەنجام گەیاندووە، ئەوا هێشتا ئێمە لەو بڕوایەداین کە لە دەرەوە ڕا کاری پێویست لە دژی گەندەڵی بە ئەنجام نەگەیەنراوە و لە لایەن حکومەتیشەوە کارێکی پێویست ناکرێت بۆ زیاتر پێدانی زانیاری لە بارەی بوونی ڕێکەوتننامەکە، تەنیا چالاکیش کە ئێمە لێی بە ئاگاین دەستپێشخەری وەزارەتی ئابوورییە بە دروستکردنی کۆمەڵەی کار لە پیشەسازی و حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، کە وا پێویست دەکات لە لایەن ئەم کۆمەڵەیەوە هێڵە بنچینەییەکانی ڕێکەوتننامەکە تاوتوێ بکرێت و پنتێکی پەیوەندی گرتنی نەتەوەیی بە پێی ڕێکەوتننامەکە دەبەزرێنرێت، بەڵام لەگەڵ بوونی چەند دیدارێکی نێو چوارچێوەی ئەم کۆمەڵەیە تاوەکو ئێستا هەندێك شتی کەم نەبێت، کارێکی ئەو تۆ نەکراوە.

لە لایەکی ترەوە، هەندێك لە هۆبە بازرگانی و فیدراسیۆنە ئابوورییەکان بە کردەوە چالاکن و چەندین دیداریان بۆ قسەکردن لەسەر کاریگەرییەکانی ڕێکەوتننامەکە لە ئەڵمانیا سازکردووە و گفتوگۆیان لەگەڵ نوێنەرانی شەفافییەتی نێودەوڵەتی ئەنجامداوە. لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی ڕێساکانی ڕێکەوتننامەی ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری و پەرەپێدان لە ئەڵمانیا بۆ واقیعی تیادا ژیاو بگۆڕدرێت. هەروەها وا پێویست دەکات کە زانیاری زیاتر بڵاوبکرێتەوە و دامەزراوەکانیش لە دەرەوە وریا بکرێنەوە. هاوکات لە لایەن وەزارەتی داراییشەوە دەسەڵاتە تایبەتەکان لە پێهەڵگرتنیان بە دوای



تاوانەکاندا ئاگاداربکاتەوە کاتێك کە لە تۆماری کۆمپانیایەکدا ئاماژە بە پێدانی بەرتیل بە دروستکەرانی بڕیار لە وڵاتانی بیانییدا دەدرێت. بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئێمە لەوە بە ئاگانین کە داخۆ هەنگاوی لەو جۆرە دەنرێت یان نا، تەنیا لە چەند حاڵەتێکی کەمدا نەبێت کە دەسەڵاتەکان بەکردەوە چالاکن، بۆ نموونە کاتێك کۆمپانیایەك لە میونخ هەوڵیدا لە باشووری ئەفەریقیا لە ڕێگەی بەرتیلەوە (ڕاسپاردە-تكليف)ی دەست بکەوێت یاخود کاتێك دامەزراوەی شلیزفیگ هۆلشتاین (schleswig-holstein) بەرتیلی دایە خاوەن ڕاسپاردەکانی لیتوانیا. دیارە ئەمەش لە لایەك دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە فەرمانگەی فیدراڵی تاوانەکان (Bundeskriminalamt) ئاماری ناوەندی لە دەستدانییە و لە لایەکی تریشەوە بە سادەیی دەگەڕێتەوە بۆ ئاشکرا نەکردن جگە لە چەند حاڵەتێکی کەم و ڕێژەیی نەبێت.

ئەوەی جێگەی داخیشە ئێمە نازانین کە ئایا وەزارەتی دارایی زانیارییەکانی وەکو پێویست دەدات، بەڵام ئێمە پێمان وایە ئەو زانیاریانەی کە لەهەر وڵاتێکی بیانییەوە یان لە هاوکارەکانەوە دەگات لە زۆرکاتدا ناگاتە دەست ئەو دەسەڵاتانەی کە دوای تاوانەکان دەکەون.

بە پێداگرتنی ئێمە هێڵە بنچینەییەکانی سیستمی هیرمس بۆ دڵنیایی لە پرۆسەکانی هەناردە (Hermes-Exportburgschaften) گۆڕدران ئەمەش بۆ ئێمە سەرکەوتن بوو. لە ئێستاشدا ئەو قەرزانەی لە چوارچێوەی هێڵە بنچینەییەکان لە لایەن فیدراسیۆنەکانەوە لە پێناو هەناردەدا دەدرێن بە پێی ڕاسپاردەی وەزارەتی ئابووری دەبێت و (دڵنیایی-التأمين)ش ئەو گرێبەستانە ناگرێتەوە کە لە ڕێگەی گەندەڵییەوە کارئاسانی بۆ کراوە و دەستبەجێش هەر جۆرە گەرەنتییەك لە بەرامبەر ئەو گرێبەستەدا پوچەڵدەکرێتەوە و ئەو (میرانە دراو-الرسوم المرفوعة)ەش ناگەڕێنرێتەوە. هەر بۆیە لایەنی هاناردەکە دەیەوێت

لە ڕێکخراوی هیرمس کەفالەتی بۆ بکرێت ئەوا دەبێت لە ئێستادا بە نووسراوێك دژایەتی خۆی لە بەرامبەر گەندەڵی نیشان بدات.

دیارە لە سایەی دیتەر فریچ (Dieter Firsch)، بەڕێوەبەری گشتی پێشووی هاریکاری پەرەپێدان لە بروکسل کە بەیەکێك لە گرنگترین هاوکارانمان دادەنرێن و خاوەنی ناوبانگێکی ئێجگار بەرزە، دەرفەتی ئەمەمان پێدرا کە ئەم دیسپلینە تایبەتانە بخەینە کاری هەناردەکان لە چوارچێوەی کارە ڕێکخراوەییەکانی ئەوروپا.

بە گشتی ئەمانە هەنگاوی بچووکن لەسەر ڕێگای ڕاست و دروست و هێشتا هەنگاوی زۆر ماون کە بنرێن. دیارە ئێمەش بە دیدێکی وردبینانەو ڕەخنەگرانە لەو هەنگاوانە دەڕوانین و شیدەکەینەوە و پەنجەش لەسەر زامە کراوەکان بەبێ دوودڵی دەنێین.

## ٨- کارنامەی ڕاستبوونەوە

کارنامەی ڕاستبونەوە (Ip،Integrity Pact)، ئامرازێکە کە لە نەوەدەکاندا لە لایەن شەفافییەتی نێودەوڵەتییەوە برەوپێدرا بۆ یارمەتیدانی حکومەتان و ئابووری و کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەوانەی ئامادەن بەرەنگاری گەندەڵی ببنەوە، لە بواری پێدانی بەخشینە گشتییەکان تایبەت بە ڕاسپاردەکان، هەروەها کارنامەی ڕاستبوونەوە لە پشتیوانیکردنی متمانەی خەڵکی لە ڕەفتاری تایبەت بە پێدانی بەخشینەکان لە لای دەسەڵاتەکان سوودی دەبێت و لە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕاستگۆیی تایبەت بە هەڵس وکەوتی حکومەت و کارگێڕییە گشتییەکاندا بەشداری دەکات.



بیرۆکەکە سادەیە و سادەیشی، شۆڕشگێڕی بوونی خۆی دەسەپێنێ، لە بازاڕی بچووك و بەرتەسکدا و لە هەڵوێستی کێبڕکێکردنی تەنیادا، هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر یەك مێز دادەنیشن، ئەوانیش دەسەڵات یاخود ئەو ئیدارەیەیە کە پێشنیازی کەمکردنەوە دەکات. هەموو ئەوانەش کە دەبێت ڕاسپاردە بە دەستبهێنن یاخود لەسەر کێکەکە ململانێیانە، بۆ گەیشتن بە داهاتوو بە هەمان هەڵسوکەوتی بازاڕەکانی تر دەجوڵێنەوە: ئاخۆ ئەمانە بە درێژایی ساڵان لە مومارەسەی بەرتیلدا بەردەوامبوون یاخود لەسەر واژۆکردنی ڕێکەوتنی چوونە دەرەوەی بەشداربووان لە هەڵوێستی کیبڕکێکردن، بەرتیلیان وەرگرتووە و ڕێگە گەندەڵەکانیان گرتووەتەبەر؟ لەم بارەدا لایەنێکی سەربەخۆ دەبێت ئامادەبێت، خۆ ئەگەر بکرێت باشتر وایە ڕێکخراوێك بێت لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، نموونەی ئەمەش لقە نیشتمانییەکانی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) یە کە ئێشکگر دەبێت، هەر لایەنێکیش ڕێنماییەکانی دژ بە گەندەڵی پێشێل بکات سزای توند بدرێت.

ئەمە بە کورتی کارنامەی ڕاستبوونەوەیە، کە بە یەکێك لە کاریگەرترین وەسیلەکانی بەرەنگاریبوونەوەی گەندەڵی دادەنرێت.

بیرۆکەی ئەم کارنامەیە بۆ ساڵی ١٩٩٢ دەگەڕێتەوە، کە لە لایەن (ڕۆبەرت مکنمارا) وە هاتە ئاراوە، کە من ئەودەم بە (دوورگەی ڕاستبوونەوە) ناوم دەبرد. مکنمارا کە باوەڕێکی تۆکمەی بەم میکانیزمە هەبوو، ئەوەبوو مەرجی بە شداریکردنی لە ئاهەنگی دامەزراندنی شەفافییەتی نێودەوڵەتی، بەستبووەوە بە بەرباسخستنی (دوورگەی ڕاستبوونە) وەکو بابەتێکی سەرەکی لەو ئاهەنگەی کە لە بەرلین بەڕێوە دەچوو. ئەو وایدەبینی کە تەنیا بەوە دەتوانرێت لە جەنگی دژ بە گەندەڵی سەرکەوتن بە دەستبێت.

دیسان بە پێی ڕێکەوتنێك لەگەڵ ئەلبرتۆدا داهیك لە ئیکوادۆر و فرتیس هایمن و مندا، بەر لە کۆنگرەکە کەوتە دانوستانەوە، بۆ ئەوەی پرسی (دوورگەی ڕاستبوونە)، پرۆژەیەك بێت لە ئیکوادۆر.

ئەوەبوو لە لایەن شەفافییەتی نێودەوڵەتییەوە بەڵێندرا بڕی دەهەزار دۆلار بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکرێت و پاشانیش کە لەسەر هەموو ئەمانە ڕێککەوتین، مکنمارا ڕەزامەندی خۆی نیشاندا و دەرفەتی بە ئێمەدا، کە ناوی لە ئاهەنگی دامەزراندندا بهێنرێت لەگەڵ ئەوەی خۆی بەشداری کۆبوونەوەکانی نەدەکرد، بەڵام بە بەردەوامی تەلەفۆنی لەگەڵ دەکردم بۆ ئەوەی لە دورگەی ڕاستبوونەوەم بە ئاگابێت. دواجار پێکەوە سەردانی لای سەرانی دەوڵەتانی ئەفەریقیامان کرد، کە لەگەڵیدا پەیوەندی دۆستایەتیان هەبوو، بۆ ئەوەی بەم بیرۆکەیە باوەڕیان پێبهێنین.

ئەم بیرۆکەیە تەنانەت لە لایەن دامەزراوە گەورەکانیشەوە مایەی ڕازی بوون بوو، واتە: قووتاربوون لە تۆڕی گەندەڵی بێ ئەوەی ڕاسپاردە گرنگەکان لە کیس بدات بۆ بکەوێتە دەستی ئەو ڕکابەرانەی کە بەردەوامن لە پێشکەشکردنی بەرتیل.

میخائیل فیهن، پاش ئەوەی لە بانکی نێودەوڵەتی هاتەدەرەوە (کارنامەی ڕاستبوونەوە)ی تەواوکرد بۆ ئەوەی بۆ ئامرازێکی ورد و تیژ و دیسان جیڕ وەکو ئەوەی لە مرۆدا هەیە بگۆڕێت. لەم بارەیەوە دەڵێت: (کارنامەی ڕاستبوونەوە) بە چەشنی بەڵێن گۆڕینەوەیە، لەبەر ئەوە بەسەر هەردوو لادا جێبەجێدەبێت، بۆ نموونە وەزارەتەکان لە لایەك و دامەزراوەکانی بینا و ڕاوێژکارەکان لە لایەکی ترەوە.

هەروەها لەم حاڵەتەدا، پێویستە کە خاوەن ڕاسپاردەکان لە کاتی خستنەڕووی کەمکردنەوەدا دەربیبخەن کە ئەوان خوازیاری جێبەجێکردنی کارنامەی ڕاستبوونەوەن و پابەندی هەموو ئەرکەکانیانن لە بەرامبەر هەموو ئەوانەی خستنە ڕوویان پێشەکەشکردووە.

ئەوەی گرنگە لەم بارەدا ئەوەیە کە خاوەن ڕاسپاردە و ئەوەش کە ڕاسپاردە پەسەند دەکات لە جۆری مەترسییەکان بە ئاگابن. هەروەها خاوەن ڕاسپاردە



دەرووست بێت بە ڕێ وشوێنی ڕێکخستن و دیسپلینەکانی دژ بە وانەی کە تیایاندا گەندەڵی بڵاوەو هاوکاریانن. بێگومان ئەوەی کە ڕاسپاردە پەسەند دەکات، زەرەرمەند دەبێت ئەگەر لەسەر شێوازەکانی گەندەڵی بەردەوام بێت. هەروەها بە پێی کارنامەی ڕاستبوونەوە، پێویستە پێش وەخت لە لایەن ئەوانەی خستنەڕوویان پێشکەشکردووە و قەبارەی ڕاسپاردەکەیان دەگاتە پەنجا ملیۆن یۆرۆ، بڕی (٣-٥) ملیۆن یۆرۆ وەکو کەفالەت دابنێن، هاوکات ئەوەی مومارەسەی گەندەڵی دەکات، پابەندە بەوەی قەرەبووی پەککەوتن و زیانەکان بکاتەوە و پاشانیش ناوی دەچێتە لیستی ڕەشەوە، واتە لە داهاتوودا لە ڕاسپاردەکان دوور دەخرێتەوە.

دیارە چاودێریکردنیش لە ڕێگەی شەفافییەتی نێودەوڵەتی یاخود بە هۆی ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دەبێت، دیسان ئەو لایەنەی بەڕاسپاردن هەڵدەستێت دەتوانێت داوا لە دامەزراوەیەکی دەرەکی بکات بۆ چاودێریکردن. گرنگ ئەوەیە کە ڕێگە بە چاودێران بدرێت بگەنە کۆی لاپەڕە هاوپێچەکان. هەروەکو ئاماژەمان پێکرد، کێبڕکێکارانی نێو دامەزراوەکانی کە دووچاری گەندەڵی بوونەتەوە زیاتر لە هەر لایەنێکی دیکە کاریگەرییان هەیە لە ئاشکراکردنی گەندەڵی. ئەوانە بەر لە هەر کەسێکی تر لە زۆر کاتدا دەزانن کە پێویستە بەرتیل بدرێت. بەم شێوەیە ئێمەش پشت بەو فشارە دەبەستین کە لە ڕێگەی ڕکابەرە زیان لێکەوتووەکانەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت.

ئێمە لە لایەن خۆمانەوە زۆر بەپەلە خاڵە جەوهەرییەکانی کارنامەی ڕاستبوونەوەمان کورت کردووەتەوە و هەرچی دەسەڵاتیشە، کە پرۆژەکان بۆ کەمکردنەوە پێشنیاز دەکات، ئەوا کارنامە بڕیاری لەسەر ئەم مەسەلانەی خوارەوە داوە کە پێویستە جێبەجێ بکرێن و دەشکرێت دیسان لە لاپەڕە بنەڕەتییەکانی تایبەت بەمەدا چاوی پێدابخشێنرێت:

★ بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نادرێت بە نوێنەری فەرمی حکومەت، کە ڕاستەوخۆ یاخود لە ڕێگەی نێوەند کارەوە کە هیچ جۆرێکی بەرتیل بە پارە و دیاری و هەر ئیمتیازێکی تر بۆ خۆی و هەر ئەندامێکی تری ڕێکخراوەیان لایەنی سێیەم کە پەیوەندیان بە پرۆسەی پێشکەشکردنی خستنەڕووەکانەوە هەیە، وەربگرێت.

★ لایەنێکی تایبەتمەند، ئەرکی ئاشکراکردنی گشت زانیارییە تەکنیکی و یاسایی و ئیدارییە پێویست و گونجاوەکان لە بارەی ئەو پرۆژەیەی کە جێبەجێدەکرێت یاخود ئەو پرۆژەیەی کە بۆ کەمکردنەوە پێشنیاز دەکرێت، بۆ سەرجەم خەڵکی دەخاتە ڕوو.

★ ڕێگە نادرێت کە هیچ لایەنێکی فەرمی، زانیاری نهێنی بگەیەنێتە دەستی ئەوانەی کە خستنەڕوو(عرض) یان پێشکەشکردووە یان لایەنەکانی گرێبەست. واتە ئەو زانیاریانەی کە لە چوارچێوەی پرۆسەی پێشنیازی کەمکردنەوەیان جێبەجێکردنی سەودانامەکاندا ڕێگە بۆ پێشکەشکار و یەکێك لە لایەنەکانی خستنەڕوو خۆشبکات ئیمتیازێکی دەستبکەوێت.

★ سەرجەم نوێنەرانی لایەنە فەرمییەکان، کە پەیوەندیان بە پرۆسەی پێشەکەشکردنی خستنەڕوویان وردبینییەوە هەیە، ئەوا کۆی ئەو ململانێیانە ئاشکرادەکەن کە لە نێوان بەرژەوەندییەکانی نێو چوارچێوەی دابەشکردنی ڕاسپاردندایە. دیسان ئەوەی کە پێویستە ئاشکرابێت بەهای سامانەکانیانە، هەروەکو چۆن بەهای سامانی تاکەکانی خێزانەکانیان بە ئاشکرایی دەمێنێتەوە.

★ هەر نوێنەری لایەنێکی فەرمی، بەدەستپێشخەری لایەنە تایبەتمەندەکانی حکومی لە هەر هەوڵێکی پێشێلکردنی ڕێکەوتننامەکانی کە لە سەری



پێکهاتوون ئاگادار دەکەنەوە، هەرچی پەیوەستیشە بەوانەی کە ڕەنگە ڕاسپاردەکان فەراهەمبکەم ئەوا ڕێساکان هاوشێوەیە:

★ هیچ جۆرە بەرتیلێکی لە شێوەی پارە و دیاری و ئیمتیازێکی تر پێشکەش بە نوێنەری لایەنی فەرمی کە لە پێشنیازی کەمکردنەوەکەدا دەستپێشخەری کردووە، یاخود کەس و کار و هاوڕێکانیان نەڕاستەوخۆ و نە لەڕێگەی نێوەند کارەوە ناکرێت، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ئەو پرۆسەیەی کە پێشکەشکاری خستنەڕوو پێیهەڵدەستێ ئیمتیازی دەست نەکەوێت.

★ لە نێو پێشنیازی کەمکردنەوەکەدا، لەگەڵ هیچ لایەنێکی تردا ڕێکناکەون، بۆ ئەوەی شەفافییەت و دادوەری لە پرۆسەی پێشکەشکارانی خستنەڕوو لەگەڵ واژۆکردنی گرێ بەستەکەدا بە دەست بێت.

★ ڕێگە بە بەدەستهێنانی ئیمتیاز نادرێت کە پێچەوانەی بنەماکانی پیشەیی بێت.

★ دیسان هەموو ئەو پارەیەی کە دەیدەنە بەکرێگیراو یاخود نێوەندکارەکانی تر دەبێت ئاشکرا بکرێت، هەروەها ناشکرێت کە بە هیچ شێوەیەك بەهایەکی زیاتر لەو خزمەتگوزارییەی پێشکەشیان کردووە پێیان بدرێت.

بێگومان پێویستە سەرجەم بەشداربووانی پرۆسەی کەمکردنەوە، بێنە نێو کارنامەی ڕاستبوونەوەوە و ئەگەر تەنیا تاکێکیش ئەوەی ڕەتکردەوە ئەوا کارەکان ڕابگیرێت. (کارنامەی ڕاستبوونەوە)، یاسایەکی هەڵکەندراوی سەربەردینە، بەڵکو دەکرێت لەگەڵ زۆرێك لە پێداویستییەکان بسازێنرێت لەم ڕۆژگارەشدا کارنامەی ڕاستبوونەوە لەسەر ئاستی جیهانی بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە لە کۆلۆمبیا لە شەست بۆ حەفتا پرۆژە بەکاردەهێنرێت. هەروەها لە

هەریەك لە پاکستان و ئیتاڵیا و کۆریا و پەنەما و نیپاڵ و باراگوای و مەکسیك لە دوو بۆ سێ پرۆژەدا بەکاردەهێنرێت.

لە کۆلۆمبیا و لە لایەن حکومەتی پاستراناوە، لە ئایاری ١٩٩٩، کارنامەی ڕاستبوونەوە خرایە نێو لیستی کارە لە پێشینەکانی ((پلانی پەرەپێدانی نیشتمانی)). لە ماددەی(٤) ی برگەی دووەمدا هاتووە، بۆ ئەوەی بەشداری بە کۆمەڵگەی مەدەنی بکەین لە خەباتی دژ بە گەندەڵی، ئەوا داوای جێبەجێکردنی پرۆگرامی (دورگەی ڕاستبوونەوە) دەکەین کە لە لایەن (شەفافییەتی نێودەوڵەتی)یەوە دەرچووە، ئەویش بۆ ئەوەی گشت ئەوانەی حستنەڕوویان پێشکەشکردووە لە کەمکردنەوە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکاندا باوەڕیان بە لێپرساوێتی شەخسی و ئابووری خۆیان هەبێت، ئەویش لە میانەی ڕێکەوتننامەکانی دژ بە گەندەڵیدا.

شەفافییەتی نێودەوڵەتی لە کۆلۆمبیا، لە ماوەی یەك ساڵدا لە جێبەجێکردنی پێکهاتەی چل پرۆژەدا سەرکەوتوو بوو ئەویش بە هۆی (کارنامەی ڕاستبوونەوە)وە، هەروەها لە هەندێك لەو پرۆژانەدا دامەزراوە نێدەوڵەتییەکانی وەکو بانکی نێودەوڵەتی و بانکی پەرەپێدانی نێوان هەردوو ئەمەریکا(Inter-American Development Bank،IADB) و پرۆگرامی پەرەپێدانی نەتەوەیەکگرتووەکان، یاخود کۆمەڵەی هاریکاری تەکنیکی ئەڵمانیا، بەشدارییان کرد. با باس لە نموونەیەکی تر بکەین، لە شاری مۆرۆنی ئەرژەنتینی، کارنامەی ڕاستبوونەوە لە نێوان شارەوانی شارەکە و چوار لە پێشکەشکارانی خستنەڕووەکان هاتە واژۆکردن، کە دەبوو لە ماوەی چوار ساڵدا خۆڵ و خاشاکی شارەکە نەهێڵن، دیارە قەبارەی پرۆژەکە بە نزیکەیی گەیشتە (٣٢) ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی. لە ئیتاڵیاش، لقی شەفافییەت شارەوانییەکانی میلانۆ، فاریزی، برگامۆی قایلکرد بەوەی کارنامەکەمان جێبەجێبکەن. ئەوە بوو لە



ساڵی (٢٠٠٠) شارەوانی شاری میلانۆ لە کەمکردنەوە گشتییەکاندا کارنامەکەی جێبەجێکرد و هەروەها شەش شاری دیکەشی گرتەوە. هەروەها لە میلانۆ چەند دامەزراوەیەك کە پابەندنەبوون بە کارنامەکە، ئامێزی خۆیان بۆ کردەوە و بەشداربوون.

لە سیئۆلی پایتەختی کۆریای باشووریش لە ساڵی (٢٠٠٠)، لە (٦٢) پرۆژەدا کارنامەکە بە سەرکەوتوویی جێبەجێکرا کە بڕی گشتیان (١٠٥) ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بوو. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە:

WWW.metro.seoul.kr

میخائیل فیهن لە بارەی یەکێك لە پرۆژەکانمانەوە دەدوێت کە لە ئێستادا بە گەرمی قسەی لەسەر دەکرێت و دەڵێت، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵیمانە ئەوەیە کە کارنامەی ڕاستبوونە لە پاکستان جێبەجێدەکرێت ئەویش لە پرۆژەی ڕاکێشانی بۆری ئاودا کە درێژیەکەی نزیکەی(١٥٠)کم، چوار ساڵ بەر لە ئێستاش پرۆژەیەکی هاوشێوە بە بڕی(٢٠٠) ملیۆن دۆلار بەڕێوە چوو، بەڵام بڕی تێچوونی ئەمجارە(٥٠) ملیۆن دۆلارە، بەم شێوەیە لە سەر ئاستی جیهانی چالاکین و کارنامەکەمان بە خەڵکی دەناسێنین و دەرەنجامەکانیش زۆر هاندەرن، ئەوەتا کارگەرانی گەندەڵ لە دەوڵەت و هەروەها دامەزراوە گەندەڵەکانیش نەماون و ئەوانەش کە خستنەڕووەکان پێشکەشدەکەن، بە شێوەیەکی ڕوون بۆ خەڵکی دادەڕێژرێن. هاوکات میخائیل فیهن دەڵێت، بەر لە شەش ساڵ لە ئەڵمانیا دەستی یارمەتیمان درێژکرد لە دامەزراندنی فڕۆکەخانەی شونفلد-بەرلین (Berlin-Schonefeld)، لەو ڕۆژگارەدا ڕەزامەندی لە بەرامبەر سەرجەم پێشکەشکارانی خستنەڕووەکان نیشاندرا، بەڵام کۆمپانیای جێبەجێکار بەتوندی کارنامەکەی ڕەتکردەوە و بەوەش بەشکستی کۆتایی بە خۆی هێنا. ئەوەبوو لە پاش سێ مانگ یەکەم حاڵەتی گەندەڵی لێدەرکەوت. ئێمە زانیاری زۆرمان

لەبەردەستدابوو کە هەموویان بەڵگەی ئەوەبوون (ئێمەی ئەڵمان) پاڵەوانی جیهانین لە مەسەلەی بەرتیلدا هەروەها بە تەنیا لە فوبرتال (٧٥٠) دۆسیەی پەیوەست بەگەندەڵی ڕووبەڕووی دادگا کرانەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاوەکو ئەمڕۆ کەس ئامادەنییە کە ئەڵمانیا کارنامەی ڕاستبوونە جێبەجێ بکات. بەهەرحاڵ دیارە هێشتا مەسەلەکە پێویستی بە کارکردنی زیاتر هەیە.

## ٩- پێویستە دامەزراوەکان چۆن هەڵسوکەوت بکەن

ڕەنگە لە نێوان هەزار دامەزراوەی ئابووریدا، سەد دامەزراوە تۆماری تایبەت بە ڕێسای ڕەفتار و هەڵسوکەوتی هەبێت، تەنانەت بیستیش لەوانە خاوەنی سیاسەتی دامەزراوە و تاڵە دەزوویەك نین کە بەدوایدا ڕێبکەن، هەروەها لە نێوان دامەزراوە و پێدانی بەرتیلدا دەمێننەوە (جیرمین بروکس، لە شەفافییەتی نێودەوڵەتی).

لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٨، ڕێکخراوێکی ئەمەریکی بە ناوی (کار لە پێناو بەرپرسیارێتی ئابووری Business For social Responsibility) دا، بانگهێشتیان کردم بۆ وتنەوەی موحازەرەیەك لە بۆستن. لە هۆڵێکی سەمادا کە لە کۆشکێکی دێرینی جواندا بوو، نزیکەی هەشت سەد کەس لە بەڕێوەبەرانی گشتی دامەزراوە گەورە پیشەسازییەکان، بەتایبەتیش ئەوانەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپاوە ئامادەبوون، کۆببوونەوە بۆ بەرباسخستنی چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لە ئابوورییەکی بە جیهانی کراودا، ئەمەش بە شێوەیەك کە دادوەری کۆمەڵایەتی تیادا فەراهەم بێت.

مەسەلەکەش پەیوەست بوو بەو ڕۆڵەی کە دەکرێت ئابووری کەرتی تایبەت لەم بارەیەوە بیگێڕێت. بەر لە منیش شیمۆن پێرێزی سەرەك وەزیرانی پێشووی



ئیسرائیل قسەی کرد و تیایدا پێشنیازەکەی ئەوەبوو کە لەبەرئەوەی توانای حکومەتان لە ڕێبەرایەتیکردنی چارەنووسی کۆمەڵگەی جیهانی سست بووە، کاتی ئەوە هاتووە کەرتی تایبەت دەستوبرد بکات لە بەرپرسیارێتیدا. هەروەها وتی کە دامەزراوە ئابوورییە فرە ڕەگەزەکان دەمێکە ڕاهاتوون لەسەر ئەوەی کە لە چوارچێوەیەکی جیهانیدا کاربکەن و بەزمانی گوتەزا جیهانییەکان بیربکەنەوە، هەروەها وەسیلەگەلێکی جیهانیش دەکەوێتە ژێر ڕکێفییەوە بۆ ئەوەی ستراتیژییەتی جیهانی خۆی بسەپێنێت. لەبەر ئەوەی بەر لەهەر شتێ هەنووکە مەسەلەکە پەیوەستە بەوەی کە دامەزراوە ئابوورییەکان دەبێت فێربن کە چۆن بە گیانێکی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی هەڵسوکەوت دەکەن و ڕێگە بە خۆیان نەدەن کە بە ئامانجی قازانج و بەهای تایبەت بە هەڵمەتی پشکەکان (الأسهم) ئاراستەبن، بەڵکو دەبێت ئامانجیان تێگەیشتنی بەرژەوەندی درێژ خایانی مرۆڤایەتی و پەرەسەندنی بێت.

کاتێك ئەم پێشنیازە ئەفسووناویەی ڕایچڵەکانم، منیش ئەو کارنامەیەی خۆم خستە لاوە کە پێشتر بەوردی ئامادەم کردبوو، ئەویش بۆ مشتومڕکردن لەسەر پێشنیازەکەی ئەو بە شێوەیەکی ڕەخنەییانە. تەنانەت بەر لە سی ساڵیش ئەوکاتەی یاریدەدەری هانیریچ کرونشتاین (Heinrich Kronstein)ی مامۆستا بووم، هێشتا لە هەوڵی ئەوەدابووم ڕۆبچم بە وەزیفە و باگراوندە تایبەتەکانی بە یاسای کێبڕکێی نێودەوڵەتی، کە بۆم دەرکەوت وا پێویست دەکات کارنامەکان ئامادەی دەروەستبوون بن بە پرانسیپە مۆراڵییەکان و تێکەڵاو بە پرۆژەکانیان بکەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپانیایەکی کێبڕکێکار نییە کە پرۆژەکانی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بەڕێوەبچێت، لەگەڵ ئەوەشدا کار لەسەر بەرژەوەندی گشتی دەکات بێ ڕەچاوکردنی مەرجە یاسایی و سیادییەکان. هێشتا هەمان شت لە مرۆدا بەسەر ڕۆڵی دامەزراوە تایبەتەکان لە ئابووری جیهاندا پیادە دەبێت، بۆیە پێویستی بە مەرجە چوارچێوەییەکان هەیە بۆ ئەوەی تواناکانی خۆی کە زۆر

گرنگن بهێنێته ناوەوە، هەروەها لەگەڵ وەسیلە گەلی تەکنەلۆژی و دارایی و لێهاتوویی لە ڕێکخستنەکانیدا، بە واتای گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی درێژخایان و کاریگەر.

من لەگەڵ قسەکەرەکەی بەر لە خۆم کۆکم کە ڕای وابوو حکومەتانی گشت دەوڵەتەکان بە شێوەیەکی بەرچاو و لەڕادەبەدەر تواناییان بەسەر بە دەستهێنانی ئەم مەرجانەدا ناشکێتەوە، چونکە ئەو هەلومەرجەی کە پێویست دەکات دیسپلین بکرێت، سنووری سەروەری نەتەوەیی هەر دەوڵەتێك لەو دەوڵەتانە تێدەپەڕێنێ و نائۆقرەیی زیاد دەکات.

پێم وایە کە حکومەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی، زۆر جار لەگەڵ بوونی بە جیهانیبوون کە لەم دەیەی ڕابردوودا ڕووی لە هەڵکشان کردووە شکستیان هێناوە، بەتایبەتیش لە بنەبڕکردنی گەندەڵی جیهاندا. هەروەها وتوومە: زۆربەی حکومەتانی وڵاتە هەناردەکان، واتە وڵاتانی دەوڵەمەند بەر لە هەر شتێك زەمینەی پێشکەشکردنی ئەو بەرتیلە خۆش دەکەن کە سنوورەکان تێدەپەڕێنن، بگرە هانیشی دەدەن.

هەروەها خاوەن ئابوورییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی، کە ئابووری دامەزراوە تایبەتەکان بە هەمان شێوەی ئابووری حکومەتەکانی پەکیان کەوتووە بەبێ جیاوازیکردن. هیچ دامەزراوەیەکی ئابووری نییە، بە پێوەرە مۆراڵییەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەروەست بێت. بەرئەنجامی ئەوەش کە لە هۆڵی سەمای بۆستن پێگەیشتین ئەوەبوو: کە ئێمە پێویستمان بە هەڵسوکەت و کارێکی نوێ هەیە دەوڵەت و ئابووری هەڵبگرێت بەو پێیەی هێزی سێیەمە.

ئەم هێزە مەرجە چوارچێوەیەکان دابنێت و دامەزراوەکان ناچار بکات بەوەی بەگیانی هەستکردن بە لێپرسراوێتی مۆراڵی هەڵسوکەوت بکات.



بۆچوونەکانی من لە لای ئامادەبووانەوە مایەی خۆشحاڵی و پەسەندکردن بوو، هەروەها سەرانی ئابووری کە ئامادەی ئەو جێگایە بوون لە پای پێشنیازەکانم جۆرێك لە ستایش و سوپاسیان کردم. دیار بوو بە بیرۆکەکانی شیمۆن پێریز ڕازی نەبوون، بەڵکو لەگەڵ ئەوەدابوون کە بەرپرسیارێتی گەورەی کۆمەڵایەتی لە ئەستۆ بگرن و لە نەبوونی سەرکردایەتی حکومەتی دەوڵەتدا ئەوان لە گۆڕەپانی جیهاندا پێش بکەون.

ئەم داواکارییە لە لایەن کەرتی تایبەت: بۆ ڕێسای دیسپلین و پابەندکراو لە پێناو ڕەفتارێك کە هەست بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە خۆبگرێت، مایەی سەرنجڕاکێشانمان بوو، بەتایبەتیش لە کاتی چوونە نێو گفتوگۆکان لەگەڵ هاوبەشەکانمان کە سەر بە دامەزراوە تایبەتەکان بوون سەبارەت بە ستراتیژییەتی دژایەتیکردنی گەندەڵی، خۆ ئەگەر ئەمە خواستێکیش بێت، ئەوا پێویستە دامەزراوەکان لە خۆیانەوە بە کارێك لە دژی گەندەڵی هەڵبستن و ئەو ناچارکردنەش کە ڕێکەوتننامەی (ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری و پەرەپێدان) مومارەسەی دەکات، زەرورییە. کاتێکیش کە بنەما یاساییەکانی بەرتیل لە شوباتی ١٩٩٩ تا ئاستێك لە ئەڵمانیا گۆڕدران، ئەوکات خاوەن دامەزراوەکان زانییان کە دامەزراوەکان پێویستیان بە پەیڕەوی ناوخۆی ڕاستبوونەوە هەیە. ئەوەی کە ئێستاش لە نێودامەزراوەکاندا پارێزگاری لێدەکرێت هەر بە تەنیا ڕێنمایی ئەخلاقی نییە، بەڵکو ڕێنمایی یاساییشە کە دیسان لە ئاستی جیهانیشدا پارێزگاری لێدەکرێت. هەروەها لەو پێناوەدا بۆ خۆی ڕێسای ڕەفتاری دانا: کە بە(ڕێساکانی ڕەفتار/Codes Of conduct) ناودەبرێت، کە پێویستە کارگەرانی ناوی، ڕەفتاریان لەسەر ئەوە بپێون.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ژمارەیەکی زۆرکەم لە دامەزراوەکان ئامادەیی ئەوەیان تێدایە کە تۆمارکەری ڕەفتار دابنێن یاخود گفتوگۆی لەسەر بکەن بۆ تاقیکردنەوەی.

جیرمین بروکس(Jermyn Brooks)، سەرۆکی دارایی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) کە لەسەر ئاستی جیهانی خۆی بۆ (ڕێساکانی ڕەفتار) تەرخانکردووە و ساڵانێکە لە برەودانی بەشداری دەکات: دەڵێت: ئەنجامێکی ئەو تۆمان هەیە، کە هەر دامەزراوەیەك دەتوانێت دەست بەجێ بەپێی هەلومەرجی چۆنایەتی خۆی بیگونجێنێت و پراکتیزەی بکات. ئەرکی ئێمەش هاندانی دامەزراوەکانە بۆ گرنگی دان بەم بیرۆکەیە. لەم پێناوەشدا کۆنگرە و مێزگرد بۆ لێکۆڵینەوە بە ئەنجام گەیەنراون و گەلێك دامەزراوەی گەورەی جیهانی بە بایەخەوە لەمە دەڕوانن.

لەم ڕۆژانەشدا بە تایبەتیش لە ویلایەتەیە کگرتووەکان کە سیستەمە ئلوفەکان بەکاری خۆیان هەڵناسن، ئامادەییەکی زۆر هەیە و گەورەترین ئەرکیش قایلکردنی دامەزراوە قەبارە مام ناوەند و بچووکەکانە، نەك ئەو کۆمپانیایانەی کە لە خستنەڕووی نرخی بۆرسەکاندا ئاماژەیان پێدەکرێت.

هەر لەم چوارچێوەیەدا و لەو ئەنجامە سوودمەندانەی دەستکەوتوون، بنەمای پیشەیی تایبەتمانە بە بەرەنگاری بوونەوەی بەرتیل، واتە ئەو بنەما پیشەییەی کە ئامانجی بە دوورگرتنی گەندەڵییە کە بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوێکی ناحکومی نیویۆرکی برەومان پێداوە، کە ئەویش ڕێکخراوی (ژمێریاری کۆمەڵایەتی جیهانی/Social Accountability In terational، SAI) و لێژنەیەکی ئاراستەکەر کە پێکهاتووە لە دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی توێژینەوە و تیۆرەسازی، سەندیکا و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی تر. لە بنەڕەتیشدا پلانێکی گەورەترمان لە بەردەستدابوو، هەروەها ڕێکخراوی (ژمێریاری کۆمەڵایەتی جیهانی) بە شێلگیرانە کاریکردووە بۆ سەرخستنی ئەم سیستەمە تاوەکو لە دامەزراوە تایبەتەکاندا ڕەفتاری ڕاست بپێوێت، کە دەکرێت بە سستەمی ڕێکخراوی جیهانی بۆ پێوانەکردن (ISO٩٠٠٠) بچوێنرێت و ئەوەی پەیوەستیشە



بە دارایی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) لێ بەئاگا بهێنرێت، تاوەکو بیێتە هاوبەشی. لە کاری ئەم پرۆژەیەدا گەشبینانە هەنگاومان ناوە، بەڵام بۆمان ڕوونبووەوە کە ئەمە مەودای خواستی و دووری لە واقیعیەتەوە چەندە، هەروەها لە پاش گفتوگۆیەکی زۆریش لە نێو لێژنەی ئاراستەکەردا کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك کۆبوونەوەکانی خۆی لە لەندەن سازدەکرد، گەیشتینە چەند بنەمایەکی سادەی کارکردن، کە ئەمەش لە ڕاستیدا جگە لە تاڵە دەزوویەکی تری ئاراستەکەر بۆ دامەزراوەکان چیتر نییە، بۆ ئەوەی هەوڵەکان لە دژی گەندەڵی بەردەوام بێت. هەروەها دەکرێت لە دوو وتەی پوخت و جەوهەریدا کورتبکرێنەوە:

★ دامەزراوەکان پابەندبن بەوەی کە ڕێگە بە هیچ شێوەیەکی گەندەڵی نەدەن جا ئەوە ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ بێت.

★ دامەزراوەکان پابەندبن بە دانانی پرۆگرامی دژ بە گەندەڵی و هەروەها جێبەجێکردنیشی.

دەشتوانرێت بەڵگەنامەکانمان کە لە(١٣) لاپەڕە پێکهاتووە لە ماڵپەڕی WWW.transparency.org بە دەستی بهێنن، کە ئەوەش بۆ خۆی لەو بارەیەوە بڕیاردەدات و دەرفەتی گومانکردن ناهێڵێتەوە کە دەکرێت دامەزراوەکان چی بکەن لە دژی گەندەڵی لە بوارەکانی کار و بازرگانی و ڕێکخستندا.

لەم میانەشدا بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە بنەماکانی کار و بازرگانی هەڵبژێردران، نموونەی ئەمەش ئەوەیە کە لە کۆمەڵە دامەزراوەکانی تاتا (TaTa) لە هیندستان ئەنجامدراوە، هەروەها دامەزراوەی بی پی(BP) لە ئاسیای ناوەڕاست و ئێستاش لە هەرێمە جیاجیاکانی جیهان دەخرێتەڕوو.

لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو بایەخ بە پرانسیپەکانمان لە کارو بازرگانیدا دەدەن بۆ ئەوەی خۆیان لە تێوەگلانی گەندەڵی بە دووربگرن، بەڵام هێشتا ئەم

پرۆسەیە زۆر سستە و پێویستی بە کارکردنی زیاتر هەیە لە بواری قەناعەت پێکردندا. هەروەکو جیرمین بروکس دەڵێت. هێشتا مایە(رصید)ی حسابەکە تاوەکو ئێستا کەمە: لە نێوان گەورەترین هەزار دامەزراوەی ئابووریدا ڕەنگە ژمارەی ئەو دامەزراوانە نەگاتە سەد دامەزراوە کە خاوەنی تۆمارکەرن لە ڕێساکانی ڕەفتاردا، هەروەها لە نێوان ئەوانەشدا بێت دامەزراوە نین کە خاوەنی سیاسەتێکی دامەزراوەیی تایبەت بن هەروەها ئەمانیش تەنیا چەند هەنگاوێك لە بەرتیل دانەوە دوورن.

پێویستە سەرانی دامەزراوەکان لە چییەتی مەترسی گەندەڵی بە ئاگا بهێنرێن، هەروەکو چۆن لە بابەتی پاراستنی ژینگە و مافەکانی مرۆڤدا ئاگایی هەیە.

دیسان جیرمین بروکس دەڵێت، دامەزراوەیەك ناتوانێت پرۆژەیەکی پێشوەخت ئامادە بکات، هەوەکو چۆن مرۆڤ شەبقەیەکی نوێ دەخاتە سەر سەری، بەڵکو پێویستە کە نەخشەسازی بنەماکانی کارکردن لە ژێرەوە بۆ سەرەوە دابڕێژێت، واتە لە دەستەی بەکارهاتوو و کرێکارەکان بۆ ئەوەی ئەم بنەمایانە ببنە بەشێك لە بونیادی دامەزراوەکە.

هاوکات لە پێناو ئەم پرۆسەیەشدا، واتە پرۆسەی بە دەستهێنانی سیستمی ڕاستبوونە لە دامەزراوەیەك لە دامەزراوەکانی، ئەزموونی فرە لایەن هەیە، کە لە لایەن ڕاوێژکارانی دامەزراوەکانەوە بە شێوەیەکی سستماتیك و بەربڵاو دەگوازرێتەوە،(شەفافییەتی نێودەوڵەتی)ش لە لایەن خۆیەوە ڕۆڵێکی هاندەر دەگێڕێت، مادامەکی ئێمە بۆ خۆیان هەرگیز ناتوانین سەروکاری ئەم جۆرە گۆڕانکارییە لە بونیادی دامەزراوە دابکەین.

هاوکات تەنانەت یەکێتی ئابووری و پیشەییەکان خۆیان خزاندووەتە ئەم کارەوە. هەروەها لقی ئەڵمانیا بۆ (هۆبەی بازرگانی نێودەوڵەتی/ International



ICC،Chamber Of Commerce) ڕێساکانی ڕەفتاریان لە پێناو ئەندامەکانی لەمەڕ بابەتی گەندەڵی دامەزراندووە. شیاوی ئاماژە بۆ کردنە کە هۆبەی بازرگانی نێودەوڵەتیش، هەر لە ساڵی ١٩٧٨ەوە پێوەرێکیان بۆ ڕەفتار لە دژی بەرتیل و سەرانە دانا، بەڵام ئەم کارە ئامانجی خۆی نەپێکا ئەویش بە هۆی جێبەجێنەکردنی. ئەوەبوو دواتر لە ساڵی ١٩٩٩ تۆمارکەرێکی ئازا و کارا بۆ ڕەفتار بە کۆمەکی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) دانرا، ئەویش ئەو کاتەی ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری پەرەپێدان ڕێکەوتننامەکەیان چووە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەم تۆمارکەرە لە ئێستادا بە پیرەوەهاتن و مایەی ڕازیبوونی لە نێوان ئەندامانی هۆبەی بازرگانی نێودەوڵەتی لێکەوتووەتەوە.

هەروەها دەکرێت لە ئینتەرنێتدا لەبنەماکانی ڕێسای ڕەفتاری تایبەت بە هۆبەی بازرگانی نێودەوڵەتی لە پێناو نەهێشتنی گەندەڵی لە مامەڵەکردن لە بواری دارایی و کارکردندا بە ئاگابین ئەویش لە ڕێگەی ئەم سایتەوە(WWW.icc-deutschland.de/icc/frame/١,٣.htm١) لە ئێستادا هۆبەی بازرگانی نێودەوڵەتی درکی بە شەقڵەکانی سەردەم کردووە و ئەندامانی خۆی کە لە هەزاران دامەزراوەدا بوونیان هەیە، بە ناردنی ڕێنمایی و وێنەی هێڵکارییە ئاراستەکەرەکان بە جۆرێکی ئەوتۆ کە لەگەڵ بارودۆخێکی تایبەتیان بگونجێت دەوڵەمەند دەکات، ئەویش لە پێناو جێبەجێکردنیان لە دژی بەرتیل و سەرانەدان. کاتێکیش بەم شێوە بەرتیل بنەبڕ دەکرێت لە لایەن بەشداربووە پەیوەندیدارەکانی بازاڕە زیندووەکان، ئەمە بە واتای دەربازبوون لەو ئاریشەیەی کە لە دەرەنجامەکانی دەترسن.

بەمەش دامەزراوەکان دەتوانن دڵنیابن و بەبێ بەرتیل سواری کەشتی کێبڕکێ بن، بێ ئەوەی بۆندەکان بە ناچاری بچنە گیرفانی رکابەرە گەندەڵکارەکانەوە.

کەوابوو تۆمارکارەکانی ڕەفتار بایەخی خۆیان هەیە و دەکرێت دیسان بەسەر دامەزراوە گشتی و فەرمانگە حکومی و ڕێکخراوەکاندا جێبەجێ بکرێت. نموونەی ڕێکخراوی تەنترۆپۆل هەیە، کە ئەویش لە گەندەڵی پارێزراوە و ئەرکی لە

پێشینەی خۆشی پاراستنی ئەوانی ترە لە گەندەڵی بەر لە هەر شتێك. هەروەها ئێمەش لەگەڵ هەندێ لە پسپۆڕانەی پێکەوە کاردەکەین بۆ دامەزراندنی تۆمارکەرێك بۆ ڕەفتاری پۆلیس، لەم بارەیەوە ئەمینداری گشتی ئەنترۆپۆل(رونالدنۆبل) دەڵێت: پێویستە کۆمەڵگە پشت بە هەڵسوکەوتی پۆلیس ببەستێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەر کارێکدا کەسانی باش و خراپ هەیە، بەهەمان شێوە لە بانك و سیستمی قەزای و ژمێریاری و دیسان لە پۆلیسیشدا. من پێم وایە کە کەسانی باش لە ڕیزی پۆلیس دان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە مرۆڤ لە ناوەوەڕا بە شێوازێکی هێرشبەرانە باس لە بابەتی گەندەڵی بکات. دیسان وا پێویست دەکات کە مەسەلەکە لەڕووی یاسای تاوانیشەوە بەدواداچوونی بۆ بکرێت.

کاتێکیش بایەخ بە حاڵەتە بچووکەکان نادەین ئەوا هەردوو، حاڵەتی گەورە دەکەوێتەوە. ئێمە لەم ڕێگایەدا دەست لە ناو دەست لەگەڵ (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) کاردەکەین: هەروەها لە سەروبەندی ئەوەشداین کە وەسیلەگەلێك ئامادە بکەین یاخود بەکاریانبهێنین. بۆ نموونە دەمانەوێت لە ڕێگەی بەکرێگیراوە نهێنییەکانەوە لە ڕاستبوونەوەی پیاوانی پۆلیسمان دڵنیابین، واتە بەهۆی (ڕێساکانی ڕەفتار)ەوە. هەروەها بتوانین خۆمان لە تەنگ و چەڵەمە و ناخۆشییەکان دەربازبکەین، هاوکات پیاوانی پۆلیس ناچاربکەین، کە باری داراییان ئاشکرا بکەن.

بەڵێنی یەکەمیش کە بە خۆمان داوە ڕێکخستنەوەی ماڵی تایبەت بە خۆمانە و ئەوەندەش نابێت کە بەم کارە هەڵساوین، لەمەشدا کۆمەڵێك لە پسپۆڕانی قەزایی و بەرپرسانی UN و نوێنەرانی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) و بانکی نێودەوڵەتی هاوکاریمان دەکەن.

نۆبلی هاوکارمان دەبێژێت: شەفافییەتی نێودەوڵەتی بە بایەخەوە وەکو بابەتێك لە گەندەڵی دەڕوانێت، لە کاتێکدا خەڵکی بە لە چەند ساڵێك لە ئێستا باسیان لە گەندەڵی نەدەکرد، بەڵام هەنووکە وایلێهاتووە کە پۆلیسیش دەبێت لە خۆی دڵنیابێت ئەوەی متمانە و ڕاستگۆیی لە دەست نەدات.



داڤید ندی (David Ndii) لە لقی شەفافییەتی نێودەوڵەتی کینیا دەڵێت: زۆرجار موچەی پیاوانی پۆلیس خراپە و لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك بە چەکەوە بە شەقامەکاندا هاتوچۆ دەکەن: دەسەڵاتی ڕاستەوخۆیان هەیە.

ئەگەر لە پاڵ هێڵکاریە ئاراستەکردنە ڕوونەکان، تۆمارکەرەکانی ڕەفتار هۆیەکی ئەکتیڤە لە ڕێگرتن لە گەندەڵی، ئەوا لە هەمانکاتدا ئەم تۆمارکەرانە پێویستیان بە پرۆگرامی گۆڕینی دینامیکی هەیە، ئەمەش لە باری سروشتیدا مەشقی گشت کارمەندان پێکەوە لە خۆدەگرێت لە نێو هەڤاڵبەندییەکی پتەودا، واتە لە پرۆگرامی گۆڕین لە ئاستی دامەزراوە و چاودێری ئەکتیڤدا، یاخود چاکتر وایە بەهۆی لایەنێکی دەرەکییەوە بێت، بەڕاسپاردنی بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی و بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی تەلەفۆنیش لەگەڵ شاردنەوەی ناوی کەسی سکاڵاکار، هەروەها پاراستنی ئابڕوبەرانی گەندەڵی و بوونی ئامرازگەلێکی دیکە لە زۆرێك لە شوێنەکان.

لەو شتانەی کە دەلالەتی خۆی هەیە، کۆبوونەوەی ساڵانەی ٢٠٠٣ ی یانەی ئابووری جیهانی(World Economic Forum) یە لە دافۆس، کە لە ژێر ناونیشانی (گەڕانەوە بۆ بەدەستهێنانی متمانە) سازکرا.

من بۆ خۆم ساڵانێکە داوای خڕبوونەوەی لەم جۆرە دەکەم کە لە لایەن دەستەبژێری سەرتاسەری جیهانەوە سازدەکرێت بۆ ئەوەی خەڵکی گوێبیستی دەنگێکی میانڕەو و هاوسەنگی کۆمەڵگەی مەدەنی بن لە بازنەکانی لێکۆڵینەوە و کۆمەڵەکانی کار و موحازەرەکان.

هەروەها ڕێکخراوگەلێکی تری ناحکومی هەیە، لە نموونەی: ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی (Amnesty International)، ئاشتی سەوز( Green Peace)، سندوقی جیهانی بۆ ژیانی پێدەشتەکان (Wprld Wildlife Fund)،

رێکخراوی ئۆکسفام (Oxfam)، رێکخراوی منداڵان ڕزگار بکەن( Save the children) هەر هەموویان بە شێوەیەکی رێکوپێك لە کۆبوونەوەکانی داڤۆس بە شداردەبن. بەڵام خۆ ئامادەبوونیان لە ململانێکان بەدوورناگرێت، چونکە زۆرێك لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوەیەکی سەرسەختانە دژایەتی کاریگەرییانەی ئابووری جیهانی دەکەن، چونکە پێیان وایە لەم یانەیەدا بە هێزەکانی جیهان کۆبوونەتەوە و هەموو ئەوانە دوور دەخەنەوە کە نەیاریانن، هەروەها بڕیار لە چارەنووسی جیهان دەدەن لە پشتەوەی دەرگا کلۆمکراوەکان بەبێ پاساوێکی شەرعی.

بەڵام ئەو کەش و هەوایەی لە ساڵی ٢٠٠٣ لە داڤۆس باوبوو، تایبەتمەندێتی خاکەڕایی و کرانەوە بوو بە ڕووی بیرە تازەکاندا، ئەوەی کە زیاتریش هێزی پێدا، ڕەخنە لە خۆگرتنەکانی بوو کە لە لایەن بەشداربووە ئەمەریکییەکانەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەری جەنگی دژ بە عێراق، پێشکەشکران. پاشان هێڵی سەرەکی لە ڕاپۆرتی ئەمساڵەمان لە بارەی گەندەڵی لە جیهاندا بەم ناونیشانە بوو: (دەروازەیەك بۆ زانیارییەکان) کە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا و لە چوارچێوەی یانەکەدا پێشکەشمان کرد. هەروەها ئەو موحازەرە جۆربەجۆرانەی سەبارەت بە دوورخستنەوەی گەندەڵی لە لای گەورە بەرێوەبەرانی کەرتە جیاجیاکانی ئابووری پێشکەشکران و بەوپەڕی بە گیانێکی ئەرێنییشەوە وەرگیران.

لە کانوونی دووەمی ١٩٩٩، لە دارڤۆس گوێبیستی موحازەرەیەکی کوفی ئەنان بووم، کە تیایدا داوای لە ئابووری کەرتی تایبەت کرد هاوکاربن لە پێناو گەیشتن بە جیهانێکی زیاتر دادوەرانە تر، هەروەها پێی وابوو: کە واپێویستە زۆرینەی مرۆڤەکان کە ژیانێکی کولەمەرگی دەژین لە خەسڵەتەکانی بە جیهانیبوون سوودمەندبن. هاوکات داوای پەرەپێدانی پرەنسیپە جیهانییەکانی وەکو



مافەکانی مرۆڤ و مەرجەکانی کارکردنی بە ئینساف و پارێزگاریکردنی ژینگە لە پێناو دامەزراوەکان کرد. لە ئاکامی ئەم دەستپێشخەریەش رێکەوتننامەی جیهانی UN (Clobal Compact) هاتە ئاراوە کە نۆ بنەمای لە خۆگرتووە و بەسەر هەر سێ توێژی ناوبراودا دابەشبووە.

هەر لەسەرەتاشەوە(شەفافییەتی نێودەوڵەتی) بە چالاکانە لەسەر ئەم بنەمایانە کاردەکات و لە مڕۆشدا (٦١٠) دامەزراوەی سەر بە (٤٣) وڵات پابەندی ئەم رێکەوتننامەیەن. دیسان لە بەشداربووانمان هۆشیارکردووەتەوە لەوەی کە گەندەڵی لەمپەری بنەڕەتییە بۆ رێگرتن لە پارێزگاریکردنی بنەما تازەکان.

لە وتەکانی کوفی ئەنان چ جای لەبەردەم نوێنەرانی پیشەسازی ئەڵمانیا لە بەرلین یاخود لە بۆنە فەرمییەکانی تردا بووبێت، بایەخی لە پێشینەی داوەتە بنەبڕکردنی گەندەڵی بەو پێیەی یەکێکە لەو دە ئامۆژگاریانەی خوداوەند، هەر بۆیە لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٣ لە وتەیەکیدا لەسەر خوانی بەردەم لێژنەی ڕاوێژکاری داوایکرد، کە"بەشدابووان ئامۆژگاری دەیەمی بوترس پەسەند بکەن، بەو پێیەی هەمووان ناچار دەکات".

لە یانەی فێرکاری کۆمەڵەی ئەڵمانی بۆ هاوکاری تەکنیکی لە بەرلین، نوێنەرانی دامەزراوەکانی سەرتاسەری جیهان بە بەشداری نوێنەرانی رێکخراوە ناحکومی و سەندیکا و زانایانی پسپۆری ناسراو، لە مەسەلەی شێوازەی گواستنەوەی مۆڕاڵییەکان کە لە لایەن (UN)ەوە دانراوە بۆ خاوەن دامەزراوەکان بە دواداچوونیان ئەنجامدا، بۆ ئەوەی سیفەتی رێساکانی گەمە بێت لە پێناو جیهانگیری بۆ واقیع و توانای چاودێریکردنیشی، هەروەها سزادانیشی لە کاتی پشتگوێخستنی. بگرە دامەزراوە بەشداربووەکان بە نووسراو بەڵێنیان بەکوفی ئەناندا کە لەسەرجەم وڵاتەکاندا بە پێی بنەما تازەکان کار بکەن.

بەم هەنگاوەش ڕێگە بە لێوردبوونەوەی باری دامەزراوەکان لە لایەن جەماوەرەوە دەدرێت و هەریەك لە کۆمەڵگەی مەدەنی و بەشداربووەکانی تر و بگرە ڕکابەر و کارمەندە هاوکارەکان بۆیان دەبێت سکاڵا لە دژی هەر دامەزراوەیەك بەرز بکەنەوە، ئەگەر ئەو دامەزراوانە ڕەچاوی بنەماکان نەکەن. دیسان لە ئێستاشەوە لە لاپەڕەیەکی ماڵپەری کۆڕی جیهانی تایبەت بە ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی دا دامەزراوە نموونەییەکان دەخرێنەڕوو.

ئەوەی جێگەی بێزاری بوو، ئەوەبوو کە دامەزراوە ئەمەریکییەکان لە بەشداریکدنیان لە ڕێکەوتننامەی جیهانیدا پاشەکشەیان کرد، چونکە لە بواری مومارەسەکردندا لە ڕووی هەندێك لە بنەماکانی یانەی نێودەوڵەتی ڕووبەڕووی دژواری بوونەوە، تەنانەت هەندێك لە دامەزراوەکانیش گلەییان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ڕکابەریان بوو، هەروەها لە ئەوروپای خۆرئاواش جگە لە ژمارەیەکی کەم نەبێت لە دامەزراوەکان، کاری پێویستیان بە بنەما مۆراڵییەکانی ڕێکەوتننامەی جیهانی نەکردووە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە سەرانی ئابووریناس کە ئامادەی کۆبوونەوەکەبوون، بڕیاریاندا دەست بەجێ (ڕێساکانی ڕەفتار) بخەنە نێو دامەزراوەکانیان: بۆ نموونە (بیرون ئیدلەند Bjorn Edlund)ی بەڕێوەبەری پەیوەندیگرتنی نێوان دامەزراوەکانی کۆمپانیای وزەی (ABB)، سیستمێکی ئەخلاقی گونجاوی دانا، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هەڵە ئیدارییەکان بە دووربگیرێت. هەر لەم سەربەندەدا دەڵێن ((کۆمپانیای(ABB) وا لە سەرجەم کارمەندەکانی چاوەڕوان دەکات، کە پێکەوە پارێزگاری لە بەرزترین ئاستی ڕەفتاری ئەخلاقی و ڕاستبوونەوە بکەن، لە کاتێکدا ئەم دامەزراوەیە لە سەد وڵاتی جیهان کاردەکات و خاوەن ١٤٦,٠٠٠ کارمەندە، هەروەها ئیدلەند کە



ئامادەی کۆنگرەکە بوو، بۆ ئەوە بوو کە باس لە شەفافییەت و گەندەڵی بە تایبەتی بکات، لە ماڵەکردن لە جیهانی کار و پارەدا. ئەو دەیگوت ئەو دامەزراوانەی کە لە چوارچێوەی ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی دا پابەندن ئەوا پێویستە بە ئامۆژگاری دەیەمیش پابەند بن، کە ئەمەش ئەو بنەمایەیە کە ئێمە داوای دەکەین، واتە: پرانسیپی شەفافییەت و بەرەنگاری بوونەوەی گەندەڵییە.

ئەو بیانووەکەی بە بەرامبەر سەرانی ئابووری کە لەو کۆنگرەیە کۆببوونەوە هێندەی سادەبوو ئەوەندەش باوەڕ پێهێنەر بوو، چونکە پێی وابوو بە وازهێنان لە گەندەڵی سەودانامەکان بڕی تێچوونیان کەمتر دەبێت و لە کۆتاییشدا خەڵکی ناچار نابن بڕێکی زۆر لە پارە بخەنە سەر دوا نرخ. هاوکات دەیگوت ئەو گرێبەستانەی لەسەر گەندەڵی بەڕێوە دەچن درێژە ناکێشێ، بگرە لە سێ ساڵ زیاتر بڕ ناکەن و بە تەقینەوەش کۆتاییان دێت و ئەمەش زیانێکی ئابووری گەورە بە دامەزراوەکە دەگەیەنێت.

وەکو ئاشکراشە ئەو کەسەی دامەزراوەیەك تەنیا بە ئامانجی گەیشتنی بەو پەڕی قازانج بەڕێوە بەرێت، ئەوەندە ناخایەنێت و قازانجیش بەردەوام نابێت ئەگەر بە بنەما ئەخلاقییە سەرەکییەکان پابەند نەبێت.

ئەم ڕاستییەش کە لە ژێر چەمکی بالاتر لە خۆی کە چەمکی پەرەپێدانی درێژخایانە(Sustainable Development) لە مێشکی بەڕێوەبەران و سیاسی و هاولاتیاندا نەخشێنراوە.

## ١٠- چۆن کەلوپەلی بەرەنگاربووانی گەندەڵی، بەرەنگاری گەندەڵی پێدەکرێتەوە

هەر لە بەراییەوە ئاشکرا بوو، کە هێشتا پێویستە لەسەرمان خەڵکانێکی زۆرتر بۆ ئایدیامان هانبدەین تا بەشداری بکەن، هەروەها ئێمە پێویستمان بە بەرهەم گەلێك هەیە کە بتوانین پێیان"بفرۆشین" هەر بۆیە"پەرتووکی چاووگ" بووەتە یەکێك لەو بەرهەمە گرنگانە (میخائیل هرشمن، لە دامەزرێنەرانی شەفافییەتی نێودەوڵەتی).

هەر لە بەراییەوە هەژماری ئەوەمان کردبوو، کە ئێمە خوازیارین هۆشیاری لە بەرامبەر زیانەکانی گەندەڵیدا ڕەوانە بکەین، بەڵام توانای ئەوەمان نەبوو کە متمانەیەکی دیاریکراو بڵاوبکەینەوە بۆ ئەوەی خەڵکی بە ئەنجامدانی کارێك لە دژی هەڵبستێت. لەبەر ئەوە لە قۆناغێکی زوودا هەوڵماندا ئامرازگەلێك بۆ ئەو مەبەستە دابمەزرێنین. ئەوە بوو"شەفافییەتی نێودەوڵەتی" بە درێژایی ساڵانێك زنجیرە ڕێوشوێنێکی گرتەبەر، لەوانەش ڕێکەوتننامەی تایبەتمان بە ڕاستبوونەوە و هەروەها بنەماکانی کار و بازرگانی لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی بەرتیلدا، کە ئەمانەش ئەو بنەمایانەن کە لە فەسڵەکانی پێشووتردا باسکراون. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دیسان وەسیلەگەلێکی بچووکتر هەیە، کە تاوەکو ئێستا لە ئاستی لۆکاڵیدا بەکاردەبرێن. لقی ئەڵمانیامان پەرتووکی (ئەلف بای قەدەغەکردنی گەندەڵی- داووی ئاراستەکردنی دامەزراوەکان/-Korruptionsprarention (Abcder،LeifadenFur Unternehmen)ی نووسی لە ئینتەرنێتدا بەم ئەدرێسە دانا: WWW.trasparency.de بۆ ئەوەی بۆ ئەو کەسانە ڕوون بێتەوە کە بایەخ بە بنەبڕکردنی گەندەڵی دەدەن لەوانەش خاوەن دامەزراوە و بەڕێوەبەرانی بواری زمانی ئەڵمانی. بە هەمان شێوە زۆرێك لە لقەکانی دیکەش شێواز و مومارەسە و چارەسەری تایبەتیان بۆ دژایەتیکردنی ئەو شەڕەی لە هەموو جێگایەکدا بڵاوە، دامەزراند.



ئێمەش وەکو ئەمینداریێتی گشتی و سەنتەری (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) ئەم نموونانە کۆدەکەینەوە و پێشکەش بە لقەکانمان و هەموو ئەوانە دەکەین کە بایەخ بە بنەبڕکردنی گەندەڵی دەدەن. سەرباری ئەمەش کونسێپتە جیهانییەکانی دەستپێشخەرییەکان بۆ چارەسەرکردن دادەهێنین و لە ماڵپەڕەکەماندا پێشکەشی دەکەین (WWW.transparency.org) دەمەوێت دوو ئامراز لەم بوارەدا پێشکەش بکەم، کە بەم ساڵانەی دوایی کارابوونی خۆیان نیشانداوە، کە ئەوانیش بریتین لە: (پەڕتووکی سەرچاوە/Tisource Book)، پەڕتووکی (کەلووپەلی بەرەنگاربووانی گەندەڵی/Corruption Fighter`s Toolkit) کە هەردووکیان بە سنووقی تەقەمەنی بەرەنگاربووی گەندەڵی دادەنرێن، ئەم دوو ئامرازە دوو کۆمەڵە ماددەن کە بە شێوەیەکی میتۆدگەرایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کۆکراونەتەوە، هەروەها دوو وەسیلەی شیکارکارین و یارمەتیدەرن لە پێناو چاکسازی مسۆگەردا. بێگومانیش هەردووکیان ئەژماری جیاوازی خۆیان هەیە و لەسەرتاسەری جیهانیشدا بە سەرکەوتووانە لە خەباتی دژ بە زۆنگاوی گەندەڵی بەکاردەهێنرێت.

لە سەرەتای کارکردنمانەوە"پەرتوکی سەرچاوە"- لە کارکردنماندا هاوڕێیەتی کردووین و تاوەکو ئیمڕۆش بۆ نزیکەی بیست زمان وەرگێڕدراون.

پێمان وایە کە پێویستە کۆمەڵگەی خۆی لە گەندەڵی بە کۆمەڵێك ئامرازی جۆربەجۆر بپارێزێت، لەوانە، یاسا و دامەزراوە و بەڵگە و ئەو بەهایانەی کە هەموویان پێکەوە هەروەکو ئەوەی لە پارچە مۆزاییکێدا هەیە، گرێدراون. بێگومان ئێمەش ئەوەندە ساویلکە نین کە پێمان وابێت (سیستمی ڕاستبوونەوە) کۆمەڵگەیەکی ئایدیایی دوور لە گەندەڵی بخولقێنێ یان بەم نزیکانە شتێکی وا بێنێتە ئاراوە یاخود بێ کەم و کوڕی نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە گوندێك یاخود نەخۆشخانەیەك یاخود لە فەرمانگەیەکی بچووکی فەرمیدا ئەم سیستمە سەرکەوتوو دەبێت کاتێك لە سیستمی گشتی دەڕوانێت و تاوتوێی دەکات.

لە ڕاستیدا ئەم ئامرازە گرنگە لە سەرەتاد لاواز بوو، ئەوەدەم کە سەرەتای یەکەمی(شەفافییەتی نێودەوڵەتی) بوو، من لەگەڵ جێرمی بوب، بەڕێوەبەری کارەکانمان لە نیوزیلاندا و لەسەر چەند لاپەڕەیەکی کەم هێڵە پانەکانی ئەم سیستمەمان بۆ بە دوورگرتنی گەندەڵی نەخشاند. لە ڕاستیدا ئەوە کۆکردنەوەی تیرۆژەکان بوو کە لەگەڵ خۆمدا بۆ ئیکوادۆرم برد و یەکەم ئامادەیی مەیدانیشمان بوو. ئەلبرتۆ راهیك، کە لە ڕۆژانی بانکی نێودەوڵەتییەوە هاوڕێم بوو، جێگری سەرۆك بوو، کە بە یەکێك لە پشتیوانیکارەکانی بزووتنەوەکەمان دادەنرێت و هەروەها ئەو سەرنجەشمان لەلا دروست ببوو کە حکومێکی توندی لە دژی گەندەڵی لە ئەمەریکای لاتین پەیڕەو دەکرد، بە تایبەتیش لە ئیکوادۆر. ئێمە پێمان وابوو کە لەگەڵ ئەم هاوپەیمانە سەختەدا سەرکەوتنێکی بەردەوام بەدەست دەهێنین و ڕیفۆرمێکی گشتگیر لە سیستمی دەوڵەتی ئیکوادۆردا کە لە هەموو لایەکییەوە بە گەندەڵی تەنراوە بە ئەنجامدەگەیەنرێت و شێوە دەوڵەتێکی نموونەیی لە ئەمەریکای لاتینی دادەمەزرێنین. بێگومان هەرچەندە گەشتەکەمان سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا، بەڵام ئەم پرۆژە نموونەییە هیچی لێنەکەوتەوە، من و فریتزهایمن(Fritz Heimann) و میخائیل هرشمن پێکەوە لە کەشێکی دۆستانەی نێو بینای هازیوندا(Hazionda) دا بووین، کە ئەو بینایە لەسەر شێوازێکی کلاسیکی سەردەمی بارۆك بوو لە شاخە دڵفڕینەکانی نزیك بە ئاگردانە گڕکانییەکانی دەرەوەی کویتۆ و هەروەها سندوقی ئەو کاتە تایبەتانەی سیستمی ڕاستبوونەوەی ئیکوادۆر و کە لەوێدابوون.

لەم سەروبەندەدا ژنە هەڵسوڕاوی پڕ لەوزەی سەر بە کۆمەڵگەی مەدەنی ڤالیریا میرنیۆ دیرانی، لەگەڵ دەستە ناحکومییەکەی (بۆ گەشەپێدانی ئەمەریکای لاتینی/ Para el Desarrollo Latianamericano) بوونە هاوکارمان، ئەوە بوو پێکیشەوە بە گەشتێکی ئاسمانی بەرەو(گویاکویل)ی سەر کەناری گەرمی ئیکوادۆری هەڵم لێبەرزبووەوە چووین، بۆ ئەوەی لەوێ لە نێو هۆڵی کۆنگرەکانی



زانکۆی کاسۆلۆکی لە بەردەم ئاپۆڕەیەکی ڕۆژنامەنووساندا یەکەم لقی نیشتمانی خۆمان دابمەزرێنین.

(ڤالیریا میرنیۆ دیرانی/Valeria Meriani Dirani) دووچاری دژواری زۆر بووەوە، کاتێك تووڕەبوونی هەندێ لە سەرەك ئیدارە ڕەسمییەکان و ڕێکخراوەکانی تر ناچاریانکرد بە شێوەی هەڵهاتن وڵاتەکەی بەجێبهێڵێت. لەگەڵ ئەوەشد هێڵکارییەکانمان کە لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەت و دەوڵەتی ئیکوادۆری پێکەوە لە دژی گەندەڵی دامانڕشتبوو ماونەتەوە و بەلانی کەمیشەوە توانیویەتی کەشێکی ئەوتۆ ئامادە بکات، کە ڕێگە لە شەقڵی گەندەڵی بگرێت.

هەروەها لەگەڵ بوێری ڤالیریاشدا، لە ئیکوادۆر هەوڵەکانمانیان بۆ سالآنێك دواى خستین. سەرباری ئەمەش درێژەمان دا، بە هێڵە پانەکانی کارکردنمان و هەروەها کۆکردنەوەی کارتەکان کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە زیادبوون، بوون و دوا جاریش چاوگێکی پۆلێنکراو لە دژی گەندەڵی لە لامان چێبوو، کە ئەویش (پەڕتووکی سەرچاوە) یە.

جێرمی بۆب، کە ئەمڕۆ لە پێوستی بەڕێوەبەری ڕاپەڕینەری نووسینگەکەمانە لە لەندەن، وەکو نووسەرێکی لێکۆڵیار بە شێوەیەکی سیستماتیك و بە پێی واقیعی ڕووداوەکانی ڕۆژانە(کتێبی سەرچاوە) دادەڕێژێتەوە و بە چاپی دەگەیەنێتەوە، هەروەها خەرجی ئەمەش لە دامەزراوەی فۆردەوە بەدەست دەگات.

مەبەست لە کتێبی (سەرچاوە)، لە لایەك بۆ ئاخاوتنە لە بارەی بیرۆکەی شاردراوەی پشت سیستمی نیشتمانی بۆ ڕاستبوونەو لە لایەکی تریشەوە خوێنەری لەو چوارچێوەیەکدا دابنێت، تا بتوانێت کە ئەم جۆرە سیستمە لە دەوڵەتەکەیدا بۆ هەلومەرجی ڕاستبوونەوە بگۆڕێت. دیارە ئەمەش پێویستی بە تاکەکان و کۆمەڵگەش هەیە و لەم پێناوەشدا خواستەکەی لە گشتگیری و

تەواویدا خۆی دەبینێتەوە. کەوابوو پێویستە ڕەگەزی چالاکە جیاجیاکانی کۆمەڵگە، جا ئەوە تاك یا خود لە هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و قەزایی دا، یاخود لە میدیاکانی ڕاگەیاندن دا بێت، دیموکراس خواز بێت و لە نێوان یەکتریدا بە گیانی شەفافییەت هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی پشتگیری لە سیستمی ڕاستبوونە بکەن، کە بۆی دەبێتە چەشنی ستوون و کۆڵەکە.

شەقڵی یەکلاکەرەوە و چارەنووس ساز لەوەدایە کە کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵسوڕاو و کارابێت، هەروەها مرۆڤەکان لە دەرەوەی چوارچێوەی دەستە بژێری حکومی و جیهانی پارە و کار دەرەوەست بن و ئامادەییان تێدابێت بۆ بەشداریکردن لە دانانی سیستمی ڕاستبوونەوە لە ئاستی نیشتمانیدا، جا ئەوە بەشداربووە هاوڵاتییەکی سادە یاخود بەڕێوەبەری دامەزراوەیەك بێت، چونکە دامەزراندنی سیستمی لەم جۆرە پێویستی بە کۆمەکی دانیشتوان و پشتوانی کردنی بەرفراوانیانە.

بۆ ئەوەی (پەڕتووکی سەرچاوە) هاوڕێی ڕێگای سەرجەم بەشداربووان بێت بە شێوەیەکی پرکتیکی ئەوا بۆ زۆرێك لە زمانەکانی وەکو ئیسپانی، چینی، عەرەبی، ڕوسی، فەرەنسی و هەروەها بۆ ئەلبانی و بەهاساو بەنگالی وەرمان گێڕاوە. بێگومان وەرگێڕانی ئەم کتێبە تەنیا وەکو بەرهەمێك دەمێنێتەوە و ئەوەی بەلای ئێمەشەوە گرنگە بڵاوکردنەوەی ئەم کارە نییە بە فۆرمی ڕەنگاوڕەنگی بیرکردنەوەی یاسایی ئەنگلو_ ئەمەریکی، بەڵکو گونجاندنێتی لەگەڵ دامەزراوە و نۆرمەکانی لە چوارچێوەی هەر زمانێك لە زمانەکانی ناوەندە یاسای و ڕۆشنبیرییە جیاوازەکان. هەر لە ساڵی(١٩٩٥) یشەوە، بۆ هەفتەیەك دەستمانکرد بە دانیشتنی گونجاو و لەبار لەگەڵ نزیکەی سی ئەندام لە(شەفافییەتی نێودەوڵەتی) سەر بە ئەمەریکای لاتین، لە ناوچەکەیەی بچووکی ئاندین لە(لیما) بۆ داڕشتنی دەقە ئەمەریکی- لاتینییەکە، کە ئەمەش دیسان



بە شێوەیەکە کە لەگەڵ هەر وڵات و هەرێمێکیش گونجاوە. لەو ڕۆژگارەشدا سندوقی کونرارد ئەدیناور(Konrad Adenauer Stiftung) یارمەتی دارایی پێشکەش بەو کۆنگرە گرنگە دەرکرد.

لە (پەرتووکی سەرچاوە)دا، باس لە شەش بنەمای پێویست دەکرێت بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی لە نێو هەر دەوڵەتێکدا یاخود بەلانی کەمەوە بۆ بەرتەسککردنەوەی گەندەڵی. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە سەرانی سیاسی هەڵوێستێکی دژ بە گەندەڵی بە ئاشکرا وەربگرن، بۆ ئەوەی مەسەلەکە تەنیا قسەی سەرزارەکی نەبێت. بنەمای دووەم پێویستە لەبەرنامەی حکومیدا ستراتیژێکی دژ بە گەندەڵی دابنرێت و جێگەی جیبەجێکردن بێت و ئەمەش بۆ خۆی پەیوەست بێت بە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ئیدارە و فەرمانگە فەرمییەکان وەکو خاڵی سێیەم.

دیسان لە هەمانکاتدا یاسای هاوڕەوت بەمە دابنرێت و جێبەجێ بکرێت. خاڵی پێنجەم پێویستە دانیشتوان بە ئاگا بهێنرێنەوە و دەرفەتیان پێبدرێت بۆ ئەوەی بگەنە زانیارییە پێویستییەکان. ستوونی شەشەم لەوەدایە کە دامەزراوەکان، ئەرکیان لە بنەبڕکردنی گەندەڵیدا خۆی ببینێتەوە.

(پەڕتووکی سەرچاوە) چەندین نموونە سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە دەخاتە ڕوو، واتە هەر بەتەنیا قسەکردن نییە و دیسان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراویشدا ڕابەرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە لەبەرامبەر گەندەڵی دا، کە دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت.

هەروەها ئێمە تیایدا وەسفی مەودای پەیوەندی دروستکردنی ئیرادەی سیاسی بە بنەبڕکردنی گەندەڵییەوە دەکەین، لەگەڵ ئەوەی کە چۆن گەلان بە وەسیلەکانی دیموکراسییەت بتوانن خەبات بکەن لە پێناو شەفافییەت و ڕاستبوونەوەدا،

چونکە هەر بەتەنیا ئیرادەی سیاسی بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی بەس نییە، بەڵکو کاتێك حکومەت لەژێر فشاری دەرەکی و ناوخۆدا بڕیار دەدات لە دژی گەندەڵی شتێك بکات، ئەوا هەموو تاکەکانیش ئەوەی لێداوا دەکرێت، ئەگینا حکومەت لە چوارچێوەی بەرژەوەندی تایبەتیمدا کارێکی ئەوتۆی پێناکرێت. لە(پەرتووکی سەرچاوە) دا هاتووە، پێویستە هاولاتیان، بەو پێیەی لەهەر چاکسازییەك سوودمەند دبن، ئەوا دەبێت لە شوێنکاری چاکسازیدا ڕۆڵی سلبیان نەبێت، بگرە پارێزەری هەڵسوڕاوی بن و پاسەوانی پرۆسەی جێبەجێکردنیشی بن.

گومانی تێدانییە داواکارکردنی ئەنجامدانی چاکسازی لە لایەن هاولاتیانی سیاسی چالاکەوەیە، واتە ئەوانەی مافی خۆیان و بەرپرسیارێتی نوێنەرایەتی کردنی گەلیش دەزانن. دیسانەوە ئەم کارە پێویستی بە وریاکردنەوەی وشیاری گشتی خەڵکی و پارێزگاری لێکردنی هەیە.

بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆر کاتدا، بەتایبەتیش لەو ولاتانەی کە بە پلەی یەکەم ئێمە ڕوویان تێدەکەین، سادەترین مەرجە سەرەتاییەکانی پێویست بە سیستمی نیشتمانی یان بۆ ڕاستبوونەوە نییە، کە حکومەتە هەڵبژێردراوە دیموکراسییەکانیش لەگەڵ دابەشکردنی تەقلیدی دەسەلاتەکان بۆ یاسادان، ڕاپەڕاندن، قەزایی سەربەخۆ نموونەی ئەمەن. لەبەر ئەم بەشە سەرەکیانەی پێکهاتەی دیموکراسی دەتوانن بە بەشداری هەڵبژاردن و ڕۆژنامەگەری ئازاد و ئیدارەی سەربەخۆ و ڕەگەزەکانی دیکە لە نموونەی دەسەلاتەکانی بنەبڕکردنی گەندەڵی کاری خۆیان بکەن. هەروەها ئێمە ئەوەش ئاشکرا دەکەین، کە تا چەند هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و دەکرێ هاوکاری یەکتری بکەن، بەلام ئامادەیی ئەم هاوکاریکردنە هەر بە تەنیا لە بنەبڕکردنی گەندەڵیدا سوودمەند نییە، بەڵکو لە پێناو پاراستنی دیموکراسیەتیشدا ئێجگار پێویستە.



دیسان (پەرتووکی سەرچاوە) ئاماژەش بە نموونەی بەرچاو و هەست پێکراوەکان دەکات، لەوانە داڕشتنی یاسای تایبەت بە دژایەتیکردنی ئەو گەندەڵییەی کە لە زۆرێك لە ولاتان مومارەسە دەکرێت، دواجار ئێمە لە لایەن خۆمانەوە بە بەردەوامی ئەمە لە ماڵپەڕی (WWW.transparency.org\Sourcebook) هاوپێچ دەکەین. لە ساڵی (١٩٩٣) وە و ڕۆژانە هەواڵی سەرکەوتنی نوێ زیاد دەکات و هەندێ لە ولاتانی خۆرئاواش جێبەجێکردنی بەشێك لە بڕگەکانی(پەرتووکی سەرچاوە) یان لە ئەستۆ گرتووە و ئابڕووچوونەکانی ئەم دواییەی ئەڵمانیا و فەڕەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکانیش ئەوە دەسەلمێنن.

هەروەها (کەلوپەلی بنەبڕکردنی گەندەڵی) نیاز چاکی خۆیان سەلماندووە و هاوکاتیش(پەرتووکی سەرچاوە) بە دوای داواکارییەکی گشتگیر و تەواودا دەچێت لە پێناو دامەزراندنی سیستمێکی نیشتمانی بۆ ڕاستبوونەوە.

(کەلوپەلی بنەبڕکردنی گەندەڵی) لە ساڵی ٢٠٠١، بۆ جاری یەکەم بەشێوەی(CD-ROM) و هاوکاتیش لە ئینتەرنێتدا دەرکەوت بۆ خەباتی ڕۆژانە لە دژی گەندەڵی لەسەر ئاستی لۆکاڵیدا.

ئەم کەلوپەلانە، پۆختەی ئەزموونی زانستی ئەو ئەندامە جیاوازانەی کۆمەڵگەی مەدەنی (لقەکانی نیشتمانی شەفافییەتی نێودەوڵەتی) یە، کە دەستیان کەوتووە، هەروەها لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تری بواری بنەبڕکردنی گەندەڵی.

هەریەك لەم ئامرازانە، گوزارشتکردنە لە ئەفراندێکی سەیر و خۆبەختکردن بۆ بەرەنگاریبوونەوەی گەندەڵی. هەروەها ئەو نیشان دەدات، کە تا چ ئاستێك هەڤاڵبەندی و پێشخستنی ئەو ڕێگایانەی کە ئامانجێکی هاوبەش بە ئسلوبێکی هاوبەش خزمەت دەکات گرنگە.

بەمەش وزەی شاردراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و توانستەکانی لە دەروەستبوونی کارا و پیشەیی و ئەفراندی میکانیزمەکانی پشتوانیکردن لە دەزگاکانی دەوڵەت و زیاتر بە شەفافییەت کردنیان ڕزگاری دەبێت و ئەمەش وایلێدەکات هەست بە بەرپرسیارێتی گەورە بکات.

لە بەڕازیل، لقی شەفافییەتی ئەو وڵاتە لەگەڵ دانیشتوان بەردەوامە و لە ڕێگەی ڕادیۆوە هۆشیاریان دەکاتەوە. هاوڕێیانی بەڕازیلیمان لە ماوە ناوبڕییەکانی بەرنامە ڕادیۆیەکاندا هەوڵدەدات هۆشیاریان لە بەرامبەر بابەتی گەندەڵی زیاد بکەن و بۆیان ڕوونبکەنەوە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا گەندەڵی بەرەو کوێیان دەبات.

لە لوبنان کەرتی بیناسازی، وەکو تەواوی جیهان بە گەندەڵترین لقی ئابووری دادەنرێت. هەر بۆیە لقەکەمان لەو وڵاتە یارمەتی هەنگاو بە هەنگاوی هاوڵاتیان دەدات لە وەرگرتنی مۆڵەتی بیناسازی و بەدەستهێنانی، بۆ ئەوەی لە گەندەڵی بە دووربێت.

لە کازاخستان هاوکارانمان هەوڵدەدەن لە دادگادا چاکسازی ئەنجام بدات، هەروەها لە بەنگلادیش لقی(شەفافیەتی نێودەوڵەتی) ئەرکی وردبینی کاری ئەنجومەنی نوێنەرایەتی لە دەککا بە شێوەیەکی ڕێکوپێك لە ئەستۆ گرتووە.

لە کینیا، لقی لۆکاتیمان پێڕستێکی بۆ ئاماژەپێکردنی گەندەڵی داناوە کە هاوشێوەی وێناکردنە تایبەتەکانە بە گەندەڵی ( Perceptions Index Corruption) کە پێوانەی ئاستی بەرفراوانی گەندەڵی پێدەکرێت لە گرنگترین سەنتەرەکانی کۆبوونەوەی مرۆیی و پیشەسازی لە دەوڵەتدا.

هەروەها لە کەلوپەلەکانماندا بیرۆکەیەکی لقی ئەڵمانیامان وەرگرتووە. ئەوەبوو بەر لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی فیدراڵی لە پاییزی ٢٠٠٢ لە(میحەکی هەڵبژاردن) دا کە سەرجەم پارتە سیاسییەکان دایانمەزراندبوو، پرسیاری ئەوەم لێکرا کە دەبێت لە دوای هەڵبژاردنەکان لە دژی گەندەڵی و شێوازی کۆمەککردنی دارایی شەڕی هەڵبژاردن چی بکرێت؟ بەرسڤەکانی لە



لایەن لقی ئەڵمانیای (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) یەوە بڵاوکرایەوە و خەڵکیش دەتوانن لە ئینتەرنێتدا بیبینن.

ئێمە بەبەردەوامی لە ئەمینداریێتی گشتی لە بەرلین سەرقاڵی خۆنوێکردنەوەی لقی نیشتمانیمانین، تەنانەت دەشزانین کە هەر وڵاتێك هەلومەرج و ڕەوشی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام بڕواشمان بەوە هەیە کە ئەزموون و تاقیکردنەوەکان کە لە سندوقی کەلوپەلی بەرەنگاربووی گەندەڵیدا کۆکراوەتەوە، دەکرێت لە سەرتاسەری جیهاندا سوودمەند بێت، ئیتر بۆچی لە ڕوسیا و ئەندۆنیسیا، هەر وەکو لە کینیا هەیە، ئاماژەپێکردنی لۆکاڵی بۆ گەندەڵی نەبێت؟

یاخود بۆچی هاوکارانی فەرەنسی و ئیتاڵیمان پرسیار لە شێوەی میحەکی هەڵبژاردنەکانی ئەڵمانیا دانەڕێژن؟

دیسان یەکێك لە وەزیفەی سەرەکی ئەمینداریێتی گشتی لە کۆکردنەوەی بەشداربووان و بیریاندایە لەو تۆڕەی بە شێوەیەکی بەرفراوان درێژبووەتەوە، تاوەکو هانبدرێن و لەم بوارەشدا بە هۆی(کەلوپەلی بەرەنگاربوونی گەندەڵی) سەرکەوتوو بووین..

## ١١- ئینتەرنێت، ئامرازێکی یەکلاکەرەوەیە

وەکو ئاشکرایە، دیموکراسییەت لەسەر بەشداریکردن بونیاد دەنرێت، واتە لەسەر بەشداریکردن بە زانیاری، گۆڕینەوەی ڕاوبۆچوونەکان. دواجار لەسەر بەشداریکردن لە پرۆسەیەکی خۆیەکلایی کەرەوە کە لە هەڵبژاردنەکاندا خۆی دەبینێتەوە و لە دیموکراسییەت نوێنەرایەتیشدا دەگاتە چڵە پۆپەی.

لەم پێناوەشدا ئینتەرنێت دەرفەت و توانایەکی لە ڕادەبەدەر دەسازێنێت، چونکە دیموکراسییەت دیسان پشت بە ئاڵوگۆڕێکی گشتگیر دەبەستێ و دەیکاتە ئامانجێکی بەردەم خۆی. (بەشێك لە وتەکەی وەزیری فیدراڵی ئۆتتۆچیلی لە کۆنگرەی"ئینتەرنێت- دەرفەتی دیموکراسییەت؟" ئایاری ٢٠٠١ بەرلین).

تێکۆشانم لە دژی گەندەڵی بە تەلەفۆنێك و دەزگایەکی فاکس دەستپێکرد و بۆ ساڵانێکیش من و هاوکارەکانم کارمان لەسەر دەکرد. هەروەها دەرفەتی ئەوەشم بۆ ڕەخسا، کاتێك کە لە بانکی نێودەوڵەتی بووم، هەندێك جار تاقیکردنەوەم بە پۆستی ئەلەکترۆنی دەکرد. دیارە تەکنەلۆژیای نوێ کە زۆر بە لامەوە قورس و گران بوو، لە چاوەڕێی ئەوەدا نەبووم کە لە داهاتوویەکی چاوەڕوانکراودا گۆڕانکاری بەسەردا بێت، لەوانەش فاکس و تەلەفۆن بۆ ئەوە دروستکرابن کە دواتر بە مۆبایل و ئامێری چاپکردنیش بە کۆمپیوتەر بگۆڕدرێت. ئەوەبوو لە سەرەتای نەوەدەکاندا شۆڕشێکی تەکنەلۆژی ڕوویدا کە تاوەکو ئەمڕۆ کاریگەری لەسەر خەباتمان هەیە، کە ڕەنگە بە تەنیا هەر ئەمەش بووبێتە هۆی ئەو گەشەکردنە فراوانە.

تیم بێرنێرز- لی(Time Berners-Lee) لە کارگەی (CERN) ی سویسری، چنراوەی تۆڕی جیهانی (World Wide Web) ی داهێنا و بە یارمەتی پرۆگرامی وەك (Nets Cape) کە تۆڕێکی ئەبستراکتە لە پێدراوەکان و جیهانێکی تەواو لە وێنە کە هەتا ئەمڕۆش لە ئینتەرنێتدا لە ئارادایە. بەمەش وەسیلەیەك لە میدیاکانی ڕاگەیاندن لە دایك بوو. هاوکات لە پڕێکدا پۆستی ئەلەکترۆنی و چوونە نێو جیهانێك لە زانیاری کەوتە دەست هەموو مرۆڤێك، کە تاوەکو ئەو مێژووەش لە لای هەندێك لە زاناو ئارەزوومەندانی بواری کۆمپیوتەر قۆرخکرابوو. بەڵام لەگەڵ ئەو بەرفراوانبوونی تۆڕی ئینتەرنێت ئەو دەستکەوتە کە لە بەرژەوەندی ئێمەدایە، بۆ بەشێکی سەرەکی و جیانەکراوە لە خەباتمان لە دژی گەندەڵی گۆڕدراوە.

لە سەرەتاشدا ڕووداوێکی گەورە لە ڕووداوەکانی چانس بووەوە، ڕووبەڕووم ئەوەبوو توبیاس(Tobias)ی کوڕم هەر لە منداڵییەوە سەرگەرمی بەردەوامی بوو لەگەڵ کۆمپیوتەردا. هێشتا لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا بوو، کە لەگەڵ هاوڕێیەکی



گەمەی ئەلێکس وول (Alex Wall) دەستەیەکیان لە پێناو پەخشنامەیەکی ئەلەکترۆنیدا پێکهێناو ژمارەیەکی زۆریش لە بەکارهێنەرانی سەرسام کردبوو، بگرە لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستیشدا گفتوگۆی لەسەر دەکرا.

توبیاس، لە ساڵی **١٩٩٣**، کە تازە خوێندنی لە زانکۆی جۆرجتاون لە واشنتۆن تەواو کردبوو، لە بەرلین لە نزیکمانەوە نیشتەجێ بوو، کە هەر ئەوکات دستم دابووە (شەفافییەتی نێودەوڵەتی). زۆر بە حەماسەتەوە خۆی بۆ کارەکەمان تەرخانکردبوو، هەروەها هێڵکاری تایبەت بە کۆمپیوتەر و پۆستی ئەلەکترۆنی بۆ ئامادە دەکەین و لە لایەن کۆمپانیای ئای بی ئێم ( International Bureau IBM،Machines) یشەوە هەندێك ئامێری بەکارهاتوومان پێدرا. توبیاس پێی سەیر بوو، کە ئێمەی پیر لەگەڵ تەکنەلۆژیای تازەدا بەو شێوەیە ڕاهاتین و ئەمەش وەسیلەیەکی نوێ بوو بۆ کارئاسانی پەیوەندییەکانی نێوان تیمە بچووکەکەمان لە بەرلین و ئەوانی تر لە دامەزرێنەرانی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) و تەواوی جیهان بە پلەیەکی بەرز، هەمدیسان گواستنەوەی بڕێکی گەورە لە پۆستی ئەلەکترۆنی، لە نێوان سەرجەم کیشوەرەکان بە خێرایی دەستپێکرد کە گفتوگۆ و کاتەکانی یەکتربینین و پلانەکانی لە خۆگرتبوو کە تاوەکو ئەمڕۆش ئەوە لە سەرتاسەری زەویدا بەردەوامە. هەروەها توبیاس ماڵپەڕێکی بەم ئەدرێسە دروستکرد(WWW.transparency.org) کە تایبەتە بە زانیاری لە پێناو خەبات لە دژی گەندەڵیدا.

هێدی هێدی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی سیستماتیك بووە شتێك لە وەڵامدانەوە بۆ جیهانگیری، چونکە هەر بە تەنیا سەرانی ئابووری و سیاسی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك دیدارەکانیان ڕێکناخەن ، بەڵکو ئەمە نەیارانی جیهانگیری و هەڵسوڕاوەکانیش بە ئینتەرنێت دەگرێتەوە. دیارە ئەم مەسەلەیەش لە دوور و نزیکەوە پێویستی بە کۆمەڵگەیەکی دەروەست هەیە، کە ئامادەبێت بۆ ئەوەی بۆ

رەگەزێکی کارا لە پێناو کاری بالاّتردا کە پەیوەستە بە بەرژەوەندی کۆی خەڵکەکان بگۆڕێت.

گۆڕینەوەی زانیاری نێوان ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکان و پەیوەندیگرتن بە مرۆڤەوە بە یارمەتی ماڵپەڕی جیهانی (World Wide Web) خێراتر و باشترە، هەروەها خاوەنی بونیادێکی پتر میتۆدگەراییە بە بەراورد لەگەڵ کاتێکی پێشووتر لە مێژوو، دیسان لە کاتی تایپکردنی زانیارییەکان تێچوونەکانی نووسینگە و گەشتەکان نامێنن و ئەمەش بە هایەکی زیاتری بەخشیوەتە ئینتەرنێت.

تەنانەت لە لای ئێمەی هەڵسوڕاو لە دژی گەندەڵی، ئەم ماڵپەڕە بووەتە ئامرازێکی سەنترالیزم کە هیچ شتێك جێگەی ناگرێتەوە، بە شێوەیەك کە لقێك لە لقەکانی(شەفافییەتی نێودەوڵەتی) نییە کە پشت بە ماڵپەڕی تایبەت بە خۆی (Web Site) نەبەستێ و ئەمەش وایلێهاتوو کۆی گفتوگۆکان لە ناوەوە و دەرەوەی ڕێکخراوەکەدا، سەنتەری زانیاری لە ئینتەرنێتدا بۆ دابینکراوە.

کرۆکی هەڵمەتەکانمان لە پێناو زانیارییەکاندا بە(لاپەڕەی تایبەت/Home Page) ناوەبرێت و کۆمپیوتەریش لە ئەمینداریتییەکەمانە لە بەرلین (WWW.transparency.org). لێرەش لەتەك زانیارییە بنچینەیەکانی لەمەڕ بیناوە، بیرۆکەی دارشتنە ئەلەکترۆنییەکانی(شەفافییەتی نێودەوڵەتی) و ستراکچەر و هەموو ئەوەی پەیوەستە بە لاپەڕە و ڕاپۆرت و بڵاوکراوەکانی ترمانەوە هەیە.

کارکردن لە کۆمپیوتەرێکی دوورەوەیە بۆ کۆمپیوتەرێکی نزیك یاخود لە کۆمپیوتەرێکی گەورەوە بۆ کۆمپیوتەرێکی بچووك یان (down load) وەکو ئەوەی لە زمانی کۆمپیوتەردا هەیە. بۆ نموونە لە پێناو (پێڕستی بەرتیلدەرەکان) و(کەلوپەلەکانی بەرەنگاریبوونەوەی گەندەڵی) و(کتێبی سەرچاوە) و (ڕاپۆرت لە



بارەی گەندەڵی جیهانییەوە/Glabal Corruption Report) کە بۆ ئەمەشیان ماڵپەڕێکمان بەم ئەدرێسە ئامادەکردووە:

(WWW.globalcorruptionreport.org)

هەروەها سەرباری ئەوەش توانای گەڕان بەدوای زانیاریدا هەیە لە نێو بانکی زانیارییەکانمان کە تایبەتن بە گەندەڵی- (CORIS،Corruption Databank)، لەگەڵ بوونی هەواڵنامەیەکی ئەلەکترۆنی. بەم جۆرە لە زانیارییەکان لە بارەی (کارنامەی ڕاستبوونەوە) بەتاڵ بکاتەوە، لە کاتێکدا ئەلبانییەکی سەر بە حکومەت دەتوانێت بە زمانی وڵاتەکەی لە(کتێبی سەرچاوە) ی ئێمە بڕوانێت. دیسان لە ڕێگەی پۆستی ئەلەکترۆنییەوە، ئەو کەسانەی کە ناوی خۆیان تۆمارکردووە لە هەواڵنامەی ڕۆژانەی گەندەڵی (Dily Corruption News) لە سەرتاسەری جیهاندا سوودمەند دەبن، ئەمەش تەرزێکە لە ڕاژەی پراکتیکی کە ڕۆژانە ڕاپۆرتەکان لە بارەی بابەتی گەندەڵی لە هەموو شوێنێکی ئەم سەرزەمینە دەخرێتە بەردەم ڕۆژنامەوانی .

هەموو ئەمانە یارمەتیمان دەدەن بۆ پارێزگاریکردن لە بەڵێنداریمان بە شەفافییەت، هەر کەسێکیش بخوازێت دەتوانێت ڕوو لە ماڵپەڕەکەمان بکات بۆ ئەوەی زانیاری لە بارەی بونیادی ئەندامان و سەرکردایەتیمان یاخود ئەو لایەنانەی کە لە ڕێگەیەوە پارەمان بۆ دێت و چۆنیش خەرجی دەکەین، بزانن.

بێگومان ئێمە پەیوەندیمان بە ماڵپەڕە هەڵسوڕاوەکانی وەکو گلۆباڵ گێتوای (Global Gateway) یان بانکی نێودەوڵەتی یان پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنتەرپۆل و... هەیە. دیسان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەتوانین ڕێکخراوی پراکتیکی تەواو دابمەزرێنین.

بۆ نموونە پرۆسەکانی دامەزراندنی (هاوبەشی لە پێناو سندوقی شەفافییەت/ Partanership for Transparency fund,PTF)، (تۆڕی فۆرست بۆ ڕاستبوونەوە/ Forest Integrity Network,FIN) کە لە فەسڵی بیستەمدا پێشکەش دەکرێت.

پیێرلاندل- ملز (Pierre Landell- Mills) کە بەرپرسیارێتی گەشت بەشداربووانی کیشوەرە جیاجیاکانی هەردوو ڕێکخراوەکە لە ئەستۆ دەگرێت، تەنیا بەهۆی ئینتەرنێتەوەیە ئەویش لە ماڵەکەیەوە کە دەکەوێتە سەر کەناری ویلز. ئەوانەی لە تۆڕەکاندا پێکەوە کاردەکەن و زۆربەشیان لە بەرێوەبەرانی پێشوو یاخود پلەدارەکانن لە نموونەی (پیێرلاندل- ملز) هەر هەموویان لە ماڵەکانی خۆیاندا و لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەکانیانەوە کاردەکەن و دەریشدەکەون، لەگەڵ ئەوشدا ئامادەییەکی پراکتیکی یان لەسەر ئاستی جیهانیدا هەیە، هەروەها ئەمەش تێچوونەکانی گەشت و خەرجییە ئیدارییەکانی بە بەراورد لەگەڵ ئەو توانایەی کە هەردوو ڕێکخراوەکە پێیگەیشتوون زۆر کەمە.

هەموو ئەم ڕاستیانەش وا دەکات ئینتەرنێت وەسیلەیەکی گرنگ بێت، هەرچی پەیوەستییشە بە مەسەلەی بەدیهێنانی شەفافییەت، ئەوا خەسڵەتێکی یەکلاکەرەوەی هەیە، چونکە دەتوانێت لە لایەکەوە گەشت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە ئاسانی بگاتە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی و لە هەلومەرجی خراپیان بە ئاگابێت، لە لایەکی تریشەوە لە هەڵسوکەوتی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان وردبینەوە، ئەویش بە پەنابردن بۆ ئەو زانیاریانەی کە ئاشکراکردن دەستە بەردەکەن.

بەم جۆرە فەرمانگەی حکومییەکان لەسەر ئاستی جیهاندا توانیان نموونەی زۆر نەخوێنراو بۆ چوونە ژوورەوەی ناو زانیارییەکانی دابمەزرێنن، کە ئەوەش بۆ ڕێگرتنە لە گەندەڵی. لەم سەروبەندەشدا لە هەریەك لە مەکسیك و ئەرژەنتین،



شێوازی ئەوتۆ لە لایەن حکومەتەوە دەستەبەرکراوە کە هاوڵاتی دەتوانێت لە بوینس ئایریس ئامادەن، لە ئینتەرنێتدا چاودێری ئامادەکارییە وەبەرهێنانە گشتیانە بکەن بەر لە دەستپێکردنی کەمکردنەوەکان بە وادەیەکی پێش وەخت. هەروەها بۆ بەشداریکردنیش لە مشتومڕەکان لەمەڕ جۆر و قەبارەی پرۆژەکان.

سیستمی (OPEN) کە سەرەك شارەوانی شاری سیئۆل و بەرێوەبەری لقی شەفافییەتی نێودەوڵەتی لە کۆریا و بەرپرسی کارەکانی (گوە کون-Goh Kun) ی سەرەك وەزیران دیمەزراند، لەگەڵ ئەوەدایە دەوڵەتێکی ئەوتۆ دابمەزرێت کە بە شەفافییەت بناسرێتەوە ئەویش لە ئایندەیەکی دووردا، کەتیایدا هاوڵاتیان دەتوانن ئاگاداری ئاراستەی ڕووداوە ئیدارییەکان بن لەسەرتاسەری وڵاتدا.

ئەوەی جێگەی داخە، هێشتا لایەنە ڕەسمییەکانی ئەڵمانیا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە یان لە چەند ساتی ڕابردوودا گۆڕانکارییەکی ئیجابی ئەوتۆی بەخۆوە نەدیوە، هەروەها زۆرێکی دیکەش لە وڵاتان کە بێبەشن لە شەفافییەتی تەواو.

لە ئەڵمانیا ئەوەی کە زیاتر جێگەی داخمانە ئەوەیە کە لە وڵاتانی ئەسکەندنافییە ناچێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ بەڵگەنامە فەرمییەکان، بەڵکو بە نهێنی دەمێننەوە، یاخود: بۆ بڵاوکردنەوە ناشێن. بەلانی کەمەوە، وا پێویست دەکات بە دەستەواژەیەکی ڕاشکاوانە بڕیاری بڵاوکردنەوەیان بدرێت.

ئەوەتا لە ئێستادا هاوڵاتیان و ڕێکخراوە ناحکومییەکانیش لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پێش وەخت زانیاری بڵاودەکەنەوە و بەوپێیەش چارەسەریان بۆ دەبینرێتەوە، لەبەرامبەریشدا بەڵگەنامە گرنگەکان کە زانیاری لە بارەی ڕفتاری وەزارەت و لایەنە ڕەسمییەکان پێشکەش دەکەن یاخود کە دەکرێت ئاماژە بە ڕەفتارێکی هەڵە بدەن ، دەشاردرێنەوە.

ماوەیەکی زۆرە (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) داوای چارەسەرێکی یاسایی دەکات بۆ ئازادی زانیارییەکان، خۆ ئەگەر ئەوە ڕوویبدایەو بە ئینتەرنێتەوە گرێبدرایە،

ئەوا بازدانێکی گەورە لە پلەی شەفافییەتدا ڕوویداو بە تەنیا ئاگر لە دژی گەندەڵی خۆش نەدەکرا. ئەگەر یاسایەکی ئاوەها هەبوایە، ئەوا فەرمانگەکانی دەوڵەتی ئەڵمانی پابەند دەبوون بەوەی کە زانیاری ناوخۆی بخەنە ئینتەرنێتەوە و لەبەردەستی هەر تاکێکدا بێت، بۆ نموونە ئەوە لە پێناو کەمکردنەوە (مناقصە) ی گشتیدا، لەپێناو ڕێگەی پێشنیازکردن و دابەشکردندا تاوەکو ئێستا نموونەی ئەم یاسایە لەسەر ئاستی کۆماری فیدراڵی بەشکستخواردن کۆتایی دێت، بەڵام چوار هەرێمی فیدراڵی کە ئەمانەن بەرلین، براندبورگ، شلزفیگ- هولشتاین، نوردراین و ستڤاليا، بەهۆی یاسای نوێ و تایبەتەکانی بە ئازادی زانیارییەکان ئەزموونی تازەی چنگ دەکەوێت.

سالانێکیشە وڵاتانی ئەسکەندنافییە وەکو تەقلیدێك ڕێگەدراوە بە ئازادانە بگەیتە زانیارییەکان. لە کێبەکەماندا (پێڕستی درکپێکردنی گەندەڵی) هەمیشە شوێنی لوتکە هەیە، واتە ئەو جێگایانەی کە کەمتر تووشی نەخۆشی گەندەڵی دەبن.

لە جیهانێکی ئایدیالیدا، نوێنەران دەروەستن بەوەی کە سامانەکانیان بۆ خەڵکی ئاشکرا بکەن، هەروەها زۆرێکیش لە ئەندامانی نوێنەرایەتی ئەڵمانی لە مڕۆدا لاپەڕەی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە دەکرێت سەیر بکرێن بەڵام هەر هەموویان لێدوانی سیاسی و قسەن و شتێکی ئێجگار کەمیش ئەگەر هەبێت تایبەتە بە بەڵگەنامە و مەسەلەی دارایی کە ئەوەش بە ویستی نوێنەرەکان خۆیانە. لە نموونەی ئەو کەسانەش ئەلیریچ کیلبەر (Ulrich Kelber) کە نوێنەری پارتی کۆمەڵایەتی دیموکراتی ئەڵمانیە (SPD)، هەروەها سیاسەتمەداری پارتی سەوز، کریستیان زمرت(Christian Simmert) کە لە پایزی ساڵی ٢٠٠٢ لە پەرلەمان کشایەوە، دیسان ئەنگیلا ڤولکرتس (Angeilka Volquartz) لە یەکێتی دیموکراسی مەسیحی(CDU).



لە پاش ئابڕوو چوونەکانی ئەم دواییەش واپێویست دەکات، کە پارتەکان درك بە پێویستی شەفافییەت بکەن و ڕەفتاری ڕاست بگرنەبەر. هەروەها ئەگەر لە ئینتەرنێت سوودمەند بوون ئەوا سامان و ڕەوشتی خۆیان بخەنەڕوو.

دیارە لەوەش سادەتر نییە کە ڕاپۆرتی حیسابی ئەندامێکی ئەنجومەنی ئیدارە و دەرەنجامەکانی وردبوونەوە لە گەنجینە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوبکرێتەوە.

ئەم هەنگاوە وا دەکات کە هاوڵاتییەکی ئاسایی و ڕۆژنامەنووس و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش بە زووی و بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە لایەن خۆیانەوە وێنایەکی لەبارەی هەر پارتییەك لە پارتەکانی یاخود هەر ڕێکخراوێك لە ڕێکخراوەکان هەبێت.

دیسان ئەوەی بۆ دامەزراوە سیاسییەکان دەشێت، دەتوانرێت بۆ کەرتی ئابووری تایبەتیش بگوازرێتەوە. بۆ نموونە ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتیانەی ئەندامی ((دەستپێشخەری ڕاگەیاندنی جیهانی/ Global Reporting Nitiaive) ین، ناچارە بەوەی کە لە ماڵپەری خۆیدا شەفافییەت و ڕوونێتی لە شێوازی هەڵسوکەوتیدا نیشان بدات.

ئینتەرنێت وەکو ئەوەیە کە لە پێناو کۆمەڵگەی مەدەنی نوێ و لە سەردەمی مەعلوماتیزمدا ئەفرێنراوبێت. هاوکات ئینتەرنێت لە لایەن تاوانی سیستماتیك و ستەمکار و ڕژێمە دکتاتۆرەکانیشەوە بەکاردەهێنرێت و بەم هۆیەوە بۆ مومارەسەکردنی کردەوە قێزنەوەکانیان سوودمەند دەبن.

## ١٢- پێڕستی درکپێکردنی گەندەڵی

پێڕیستی درکپێکردنی گەندەڵی جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەم دەردە هەر بە تەنیا تووشی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو نابێتەوە، بەڵکو دەوڵەتانی پیشەسازیش دەگرێتەوە. گەندەڵی بێ لایەنەو هەموو نەتەوەکانیش جا چ بچووك یاخود گەورە، دەوڵەمەند یاخود هەژار بن خاوەنی گەندەڵین (تنكو عبدالعزیز: سەرۆکی لقی مالیزیای شەفافییەتی نێودەوڵەتی).

ئەوەی سەیرە لە ساڵێکدا بۆ جارێك ئەڵمانییەکان بە ئاگادێن و دەڵێن ، کە وڵاتەکەیان پتر لە چیللی یان هونگ کۆنگ یان سەنگافورە گەندەڵترە. لە هەمانکاتدا نووسەرانی سەروتارەکان لە جیهاندا هەر لە نیویورك تایمزەوە تاوەکو زیمبابۆی ستاندارد، دەیلی ستاندارد بەنگلادیش، ئیلپایزی ئیسپانی بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارە دەچن: چۆن وڵاتەکانمان جوداواز دەکرێنەوە و لە گۆڕەپانی گەندەڵیدا کە هەموو جیهانی پان و بەرینی گرتووەتەوە لێك جیادەکرێنەوە؟ هەروەها بۆچی بارەکە ئەم فۆڕمەی وەرگرتووە؟.. دیارە سەرکەوتووترین وەسیلە بۆ سەرنج ڕاکێشان بۆ گەندەڵی، بریتییە لە(پێڕستی دەرکپێکردنی گەندەڵی) (Corruption perception Index,CPI) ئەم پێڕستە تێبینی گەندەڵی زیاتر لە (١٠٠) دەوڵەت دەپێوێت. {بڕوانە پێڕستی تەواوی ساڵی ٢٠٠٢ لە پاشکۆکاندا} . هەروەها کاردانەوەکان تەنیا لە میدیاکانی ڕاگەیاندنەوە نابێت، بەڵکو سیاسەتیش بۆ خۆی کاردانەوەی دەبێت. لە نیجیریا، ئەندامانی لقی(شەفافییەتی نێودەوڵەتی) لەو وڵاتە ژیانیان کەوتە مەترسییەوە، کاتێك لە ماوەی دەسەڵاتی سانی ئەباشی دیکتاتۆردا وڵات گەیشتە خراپترین ڕەوش، بگرە کارلوس مونعمی سەرۆکی ئەرژەنتینی، جوێنی پێدەداین و بە ڕیکخراوێکی تاوانبار ناوی دەبردین.



لە بەرامبەریشدا حکومەتەکانی مالیزیا و نیوزلەندا و سەنگافۆرە بە ڕاشکاوانە ئامانجی خۆیان دەستنیشان کرد، بەوەی کە لە ساڵانی داهاتوودا لە نێو پێڕستی درکپێکردنی گەندەڵیدا دەگەنە جێگەیەکی باشتر.

بەڵام لەم وڵاتە، ئەڵمانیا جێگای داخە کە هێشتا دەرەنجامە سیاسییەکان لەو پەڕی لاوازیدایە و هۆشیاری لە بەرامبەر ئەوەدانییە، کە دیسان ئەڵمانیاش گرفتی جۆری گەندەڵی هەیە. هەروەها لەم بارەیەشەوە ئاماژەکان بە ئاشکرا دەرکەوتوون. بەڵام وڵاتانی ئەسکەندنافییە لە نموونەی فنلەندە و دانیمارك سیستمی فەرمانڕەواییان خاوەنی شافافییەتن، هەرچی وڵاتانی جیهانی سێیەمیشن لە نموونەی نەیجیریا و بەنگلادیش و ئەنگولا، دەکەونە بەرەی وڵاتە خراپەکان لە گەندەڵیدا. لەم چوارچێوەیەدا ئەڵمانیاش پێگەی دەکەوێتە نێوەندێکی خراپی گەندەڵی و لە چەند ساڵی ڕابردووشدا بە شێوەیەکی بەرچاو هەلومەرجی ڕوونی لە خراپبوون کردووە.

ئەوەی من دڵخۆش و بەختەوەر دەکات، ئەوەیە کە/ پێڕستی درکپێکردنی گەندەڵی/ دەرەنجامی ستراتیژییەتییەکی ئاشکراو هەژمار بۆ کراوە، هەروەها دروستکردنی ئەم پێڕستەش لە هۆشمەندی و مەبەستی ئێمەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازێك لە ڕوونکردنەوەی مەودای بەربڵاوی گەندەڵی لە ئاستی جیهانیدا، لەگەڵ چوونە نێو ئەقڵ و دڵی مرۆڤەکانەوە. لەگەڵ ئەوەی پێڕستی ناوبراو بە ئامرازێکی گرنگ دادەنرێت لە دیدی ئەندامانی (شەفافییەتی نێودەوڵەتییدا)، بەڵام ڕوودانی ئەمەش بە ڕێکەوتەوە کە دەرەنجامی دوورنمای خۆی هەیە، سەرباری ئەوەی خەڵکێکی زۆریش لێیکۆنەبوونەتەوە.

لەبەرایی ساڵی ١٩٩٥، لێکۆڵیارێکی لاو کە ناوی (یوهان گراف لامبزدۆرف) بوو، لە لای ئێمە مەشقی پێکرا. ناوبراو پسپۆڕی بواری ئابووری سیاسی بوو کە تازە بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێنابوو.

هەروەها خاوەنی چالاکییەکی زۆر و کەسێکی ئێجگار دەروەستیش بوو، بەڵام کاتێك بیرۆکەکەی بۆ خەڵکی ئاشکرا کرد، سەبارەت بەوەی کە پێویستە لە ئاستی جیهانیدا، گەندەڵی بە شێوازی زانستی بپێورێت، ئەو دەم ئێمەی خاوەن ئەزموون، ئەو بیرۆکەیەمان بە جددی وەرنەگرت و تا ئاستێکیش گاڵتەمان پێ دەهات. هەر بۆیە لەسەر ئەو هەڵسوکەوتەی خۆی کە گوڕوتینێکی گەنجانە بەرەو لێکۆڵینەوە پاڵی پێوەدەنا بە جێمانهێشت. لەو ڕۆژگارەدا هێشتا نەمان زانیبوو کە کام ئامراز ئەکتیڤ و تیژڕەوە لە بەرەوپێشبردنمان. ئەو لە دروستکردنی پێڕستەکەیدا تێدەکۆشا، تا ئەو کاتەی(پێڕستی دەرکپێکردنی گەندەڵی) لە دایکبوو. بەڵام ئیتر چۆن گەیشت بەوە، ئەوا بەم جۆرە یۆهان گراف لامبزدورف گە دەیگێڕێتەوە:

هێشتا زۆر بە وردی لە یادمە کە چۆن بۆ جاری یەکەم بیرۆکەی دروستکردنی پێڕستی گەندەڵی بەبیرم داهات، کە ئەوەش لە ٢٧ی ئازاری ١٩٩٥، هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی لە دایك بوونم، کاتێك لەسەر پێخەفەکەم لە ڕۆژێکی ئوتێلێك لە میلانۆ بە تەنیا ڕاکشابووم، کە لە ڕاستیدا سەرگەرم بووم. ئەوەبوو هەر لەو بوارەشدا لە ئامێزی ئیتاڵیادا کۆبوونەوەی ساڵانی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) بەڕێوە دەچوو. لەو ڕۆژەدا لە میانەی گفتوگۆ و مشتومڕ و لێکچەرەکانی ئەو ڕۆژە نەگەیشتمە هیچ ڕێنماییەك، بۆیە لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا لە ژووری ئوتێلەکەم گەیشتمە ئەو بیرۆکەیە، کە ئەوەش وەکو دیارییەکی ئاسمانی وابوو. دیارە ئەم بیرۆکەیەش وای کرد کە پێڕستی گەندەڵی (Corruption Index) لە لای مرۆڤ دروستبکات، ئەویش بە هاوکاری (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) تاوەکو دید و بۆچوونی سەر بە پسپۆڕانی جیهان لەمەڕ بابەتی گەندەڵی کۆبکاتەوە. هەروەها جگە لە دۆزینەی بۆتەیەکیش بۆ لە خۆگرتنی ئەم مەعریفەیە و پاشانیش کردنە دەرەوەی و لە قاڵبدانی وەك بنەمایەکی هاوبەش، ڕێگەیەکی تری لە بەردەمدا نەبوو.



ئەوەبوو لە دووەم ڕۆژی کۆبوونەوەکەدا ئەم بیرۆکەیە لە لایەن لامبزدورفەوە خرایەڕوو. هەر بۆیە پێشنیازەکەی بووە مایەی سەرسام بوون و پەسەندکردن، هەرچەندە لەو بڕوایەدا نەبووین کە ئامانجی خۆی بپێکێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشنیازەکەیان ڕەتنەکردەوە بە شێوەیەکی بڕاو بڕ، بگرە دەستمان گوشی بۆ ئەوەی لەسەر بیرۆکەکەی بەردەوام بێت و دواتر پێشکەش بە دەستەی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) بکات.

دیسان لامبزدورف لە یادەوەرییەکاندا دەڵێت: پەسەندکردنی پێشنیازەکەم هاندەر بوو بۆ ئەوەی بیرۆکەم لەلا گەڵاڵە بێت و ئەم پرسیارە بکەم: چۆن مرۆڤ دیدو بۆچوونی پسپۆڕان کۆدەکاتەوە؟ کاتێکیش لەسەر بە دواداچوونی وەڵامی ئەم پرسیارە بەردەوام بووم، چەندین سەرچاوەی جۆربەجۆر کەوتنە بەردەستم، بۆ نموونە ئەو ڕاپرسیانەی کە ئاراستەی کارناسەکان کرابوو، هەروەها خەمڵاندنی ئاژانسە تایبەتمەندەکان بە مەترسی و سەرچڵییەکان کە بە شێوەیەکی بەشەکی لە بواری گەندەڵیدا کاریان دەکرد. لە هەموو ئەم سەرچاوانە سوودمەند بووم و یەکەم پرۆژەم لە پێناو پێڕستەکەدا بە نهێنی لە حوزەیرانی ١٩٩٥ ڕەوانەی هەندێك لە ڕابەرانی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی کرد).

ئەو ساتە وەختە بریتی بوو لەوکاتەی کە بەرپرسیار بوو لە بەناوبانگ بوونی پێڕستی درکپێکردنی گەندەڵی، بە شێوەیەکی کتوپڕ. ئەوەبوو لە کاتی دەستاودەستپێکردنی بە نهێنی کەوتە بەردەستی ڕۆژنامەنووسێکی فزوڵی کە لە گۆڤاری دێرشبیگل (Derspiegel) کاری دەکرد و سەرنجی ڕاکێشا. "پاش چەند ڕۆژێکی کەم لە ڕەوانەکردنی کارنامەکەم بۆ ئەندامانی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) نووسەرێکی گۆڤاری دێرشبیگل ڕاستەوخۆ لە بارەی پێڕستەکەوە پرسیاری لێکردم. من دەمزانی کە هێشتا زووە قسەی لەسەر بکرێت چونکە هیچ کام لە بەرپرسانی (شەفافییەتی جیهانی) دەست خۆشیان لێنەکردبووم. بەڵام

لەبەر خۆمەوە وتم ڕەنگە ئەمە زانیارییەکی باش بێت بۆ کاری ڕۆژنامەگەری هەر بۆیە کارنامەکەم بۆ ڕەوانەکرد، بەڵام هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات بڵاویبکاتەوە" ئەوەبوو لە ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکەدا بەڵگەنامەیەکی ناتەواوی لامبزدورف بەرچاومان کەوت، کە ئەوەش یەکەم وانەی بوو لەگەڵ ڕۆژنامەگەریدا.

لە سەرەتادا ئێمە نیگەران بووین بەوەی کە ئەو ڕۆژنامەنووسە ئەوەی لە یادکردبوو کە ئەو کارنامەیە پەیوەستە بە داڕشتنەوەی یەکەم و بەڵگەنامەیەکی ناتەواوە. کەچی لەبری ئەوە وایراگەیاندبوو کە ئەوە لێکۆڵینەوەیەکی فەرمی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) و زانکۆی گتنگنە کە لامبزدورف لەو ڕۆژگارەدا کاری تێدادەکرد.

لە بەرلین چاوم بە جێرمی بۆب و هاوکارانی تری ڕابەرانی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) کەوت و بیرمان لەوەکردەوە کە دەبێت چی بکەین، ئایا دەکرێت هەروا بە سانایی ئەوە ڕەتبکەینەوە؟ یاخود داوا لە گۆڤاری دیرشبیگل بکەین پۆزش بهێنێتەوە؟ یان سوودی لێوەربگرن و ئەم ناوبانگە بە دەستهاتووە بۆ خۆمان بەکاربهێنین؟ کە ئەمەش هەڵهاتنێکە بۆ پێشەوە؟ ئێمە دەستە وەستان بووین لە بڕیارداندا، چونکە ڕۆژنامەنووسانی دیکەش گۆڤارەکەیان خوێندبووەوە و چیرۆکەکەیان بە دڵ بوو.

هەروەها لامبزدورف دەڵێت: ((من بۆ خۆم بە شێوەی لێزمە باران، پەیوەندی تەلەفۆنی بەسەرمدا دایکرد و لەسەرتاسەری جیهانەوە ڕۆژنامەنووسان قسەیان لەگەڵ دەکردم. بەڵام هەرچی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی)یە نەیاندەزانی کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیە بکەن.

دیسان(پێڕستی درکپێکردنی گەندەڵی) لە ئاستی ناوخۆی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) تاوتوێ نەکرابوو، ئەمە جگە لەوەی کە برەویشی پێنەدرابوو.



چونکە بەتەنیا خۆم سەرم لێدەرکرد و ئەوانیش نەیاندەویست پرسیاری زۆرم لێبکەن. ئەوەبوو پاش چەند ڕۆژێك هەواڵێکی ڕاڤەکراوی ڕۆژنامەگەری بڵاوکرایەوە و بەوەش مەسەلەکە یەکلایی بووەوە. ئەوکات ئیتر من زانیم ئاستەنگەکانم تێپەڕاندووە و بۆ جارێکی تر لە پاش نزیکەی مانگێك پەیامنێری نیویورك تایمز لە هیندستانەوە پەیوەندی پێوەکردم، کە ئەویش لە کاتی پشویدا لە بارەی پێڕستەکەوە شتی خوێندبووەوە. ئەوەبوو ئەم بابەتەی کردبووە مانشێتێکی سەرەکی لە بەشی ئابووری ڕۆژنامەکە.

دیسان ئەمەش پاش هەفتەیەك بووە مایەی ئاراستەکردنی ستایش و دەستخۆشی لێکردنمان سەرباری تەواوبوونی ئەم پرۆژەیە، هەر بۆیە دووچاری دۆش دامان ببوون.

دیارە هەڵمەتی ڕۆژنامەکان دەرفەتی ئەوەی پێنەداین کە شتێك بکەین، بۆیە بڕیارماندا پیرۆزبایی پرۆژەی پێڕستەکە بکەین و ئەمەش بڕیارێکی دروست بوو.

دواتریش لامبزدورف ڕوونیکردەوە کە کاری زۆری لە پرۆژەکەیدا کردووە و ئەمەش وایکرد سەرباری هەموو جۆرە ڕەخنەیەك هەڵوێستی خۆمان ڕابگەیەنین. هەر زووش بڕیاردرا کە پێڕستەکە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و هەموو ساڵێك بڵاوبکەینەوە و پرۆژەکە بگەیەنینە باری تەواوبوون. هەروەها ئەم چەکەی کە تازە داهێنراوە لە تێکۆشانمان لە دژی گەندەڵی و دەقەکانیشی لە کاتی پەلاماری ڕەخنەگراندا بەکاری بهێنین.

لامبزدورف ئەوە بەبیردەهێنێتەوە کە "پاش تێپەڕبوونی شەپۆلی هەڵچوونی ستایشکردن، هەولمدا شێوازی دیکە بگرمەبەر بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەی تردا، چونکە تاوەکو ئێستا سەرچاوەیەکی ئەوتۆ نەبوو جگە لە ژمارەیەکی ئێجگار کەم نەبێت کە دەگەڕایەوە بۆ ساڵانی نێوان (١٩٨٤- ١٩٩٤) ، بەڵام ئەم توێژینەوانە لەبەر ئەوەی بەزووی دەستمانپێکردبوون زۆر سادەبوون..

کەچی لە پڕێکدا بووینە حەوزی کۆکردنەوەی زانیاری بە هەموو جۆرەکانییەوە و لە لایەن ئاژانسەکانی سەرقاڵ بە مەترسی و سەرچڵییەکان، ڕێکخراو و ئەو زانایانەی کە ناوی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) یان نەبیستبوو ناسراین و ئامادەبوون هاوکاریمان بکەن.

لە ساڵی (١٩٩٦) دا توانیمان پێڕستێکی بەرفراوان لەسەر بناغەیەکی تۆکمە بڵاوبکەینەوە. هەروەها لە ساڵی (١٩٩٥) کە تەنیا بە چل و دوو دەوڵەت دەستمانپێکرد، لە ساڵی (٢٠٠٢)دا گەیشتینە چڵەپۆپەو ژمارەکە بووە سەد و بیست وڵات کە ناویان لە لیستەکەدا هاتووە".

لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە خێرایەی کە دەستی خۆمانی تێدابوو، ئەوا لە ئێستادا، شێوازێکی پیشەیی دەخەینە سەر سیستمی کارکردنمان و هەموو ئەوەش کە کردوومانە دەیکەینە دۆکۆمێنتی و بۆ زانیاری ورد و خێراش ئەم ماڵپەڕەمان داناوە(www.GWDG.DE/~UWVW) و هەتاوەکو ساڵی(١٩٩٦) یش سەرکەوتوو بووین. لە ساڵی(١٩٩٧) بۆ جاری یەکەم بەڵگەنامەیەکی چوارچێوەییمان ڕێکخست، کە بەو پێیەش پێدراوەکان بەرز دەکەینەوە لێورد دەبینەوە. دیسان ڕەخنە گرتنیش لە هەڵسوکەوتمان لە ئارادا بوو، هەروەکو چۆن شەقڵی زانستی بەهەمانشێوەی هەقیقەت گومان ڕووی تێدەکات، بەو جۆرەش گەندەڵی شیاوی پێوانەیە.

هەربۆیە لە ساڵی (١٩٩٧)ەوە، لە نێو (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) دا لیژنەیەکی ئاراستەکار دامەزرێنرا. کە ئەندامەکانی زانایانی خاوەن ئەزموون و بە شێوەیەکی توند ڕەخنە لە کارەکانمان دەگرن.

ئەم لیژنەیە چاودێری کارەکانمان دەکەن و زۆریش دووچاری مشتومڕی توندیان کردووینەتەوە، کە هەرئەمەشە وایکردووە پرۆژەی پێڕستی درکپێکردنی گەندەڵی بەرەو پێشکەوتنی بەردەوام بەرێت.



هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە لایەن ئاژانسەکانی سەرچڵی کە ئاماژەمان پێکردوون یاخود لە ڕاپرسییەکانی نێوان ڕیزەکانی کارناسەکان یان لە ڕێکخراوەکانی نموونەی یانەی ئابووری جیهانییەوە دێن، بۆ بەهێزکردنی هەوڵەکانمان پشتی پێدەبەستین و ڕووشیان لە زیادبوون کردووە. بەڵام هەرگیز ئەوە ڕووینەداوە لقە نشتمانییەکانمان پێدراوی تایبەت بە خۆیانمان بۆ بەرز بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوکاتەی وڵاتیان دووچاری چارەنووسی ڕەش بووەتەوە، ئەوا ئەوانیش لە بەرامبەر تووڕەبوونی حکومەتەکانیاندا هیچیان پێنەکراوە.

ڕەنگە لە گرنگترین مەزەندەکان، ئەوانە بێت کە بۆ ئاژانسی سەرچڵییەکان دەگەڕێنەوە، چونکە لە زۆرکاتدا پسپۆڕانی وڵاتانیان لە گۆڕەپانەکەدا هەیە و ئەوان دەتوانن مەزەندەی مەودای ئەو گەندەڵییەی کە هەیە بە وردی دەستنیشان بکەن، هەرچی ئەوەی گرفتیشە لە لای ئێمە لەوەدایە کە ئاژانس و پەیمانگا جیاجیاکان پێوەر و ڕێگای جوداواز بەکاردەهێنن و لە زۆرکاتیشدا ئەمە جگە لە هەندێ وڵاتی دیاریکراو، هەموو لایەک ناگرێتەوە. هەر لەو پێناوەشدا بە بەردەوامی بەهای ناوەندگیری دیاری دەکەین، هەروەکو چۆن دیسان فۆرمەکانی لادان و ژمارەی سەرچاوەکانی بەکارهاتوو هەڵدەسەنگێنین. هەرچی بەهای گەندەڵیشە لە سیستمی دەیاندا دیاری دەکەین.

بوونی دە خاڵ واتای گەندەڵی نییە، لە کاتێکدا سفر ئەوپەڕی گەندەڵییە. بەم جۆرە فنلندە لە ساڵی٢٠٠١ دا پلەی یەکەمی بۆ خۆی بەدەستهێنا، کە ئەویش بەهای (٧,٩) یە. لە کاتێکدا هەریەک لە ئەڵمانیا و ئیسرائیل گەیشتنە بەهای (٣,٧) پێکەوە، واتە پلەی هەژدەیەم. لە سەرەتادا وا دەردەکەوێت کە ئەڵمانیا بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوودا بەبڕی دوو پلە باشتر بووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە واقیعدا خراپتر بووە، چونکە لە ساڵی٢٠٠١ دا گەیشتە بەهایەکی کە بڕەکەی (٤,٧) بوو.

لەگەڵ ڕوو لە زیادبوونی ئەو وڵاتانەی کە تیایدا لێکۆڵینەوەکان ئەنجامدراون، ئەوا سروشتی ئەو جێگایانەی هەریەك لەو وڵاتانە کە هەیەتی، گرنگی کەمترە، چونکە ئەو بەهایانەی کە بەڕەهایی پێگەیشتوون، واقیع ئاشکرا دەکەن. سەبارەت بە ئەڵمانیا و دۆزی کۆڵ، بە دیاریکراوی ڕەوشێکی ئێجگار خراپە، چونکە هەموو ئەوانەی پرسیارمان لێکردوون، پێیان وایە لە ئێستادا گەندەڵی زۆرە و ئەو ئاستەی کە جاران ئەڵمانیا هەیبوو لە دەستی داوە و هۆشیاری و پەیبردنیش بە ڕەوشەکە بووەتە هۆی هەستکردنی زیاتر بە گەندەڵی.

بێگومان هەر جارێك بە تەنیا پێدراوە خودگەراییەکانمان بەکارهێنا بێت ئەوا لایەنی زانستیش بۆمان دووپاتدەکاتەوە کە پێڕستەکەمان بە شێوەیەکی سیستماتیك و زۆر ورد واقیعمان بۆ وێنا دەکات.

لەم میانەدا(ئەم پێڕست)ە لە لایەن لێکۆڵیارانی ترەوە بەکاردەهێنرێت وەکو بناغەیەك، چونکە پێدراوەکانی تەواو بابەتی و دەگمەنن لە بارەی گەندەڵییەوە.

دیسان پێدراوە خودگەراییەکان، زانیاری گرنگمان پێشکەش دەکەن، چونکە بۆ پیاوانی کارناس دەگەڕێنەوە کە بە هەزارانیان پرسیاریان لێکراوە. هەروەها ئەوان زۆرچاك دەزانن کە باس لە چی دەکەن، لەبەر ئەوەی بۆ خۆیان بەرتیل پێشکەش دەکەن و هەر ئەوانیشن بڕیاری چارەنووس ساز لەبارەی وەبەرهێنان و سەودانامەکانی ترەوە لەسەر تێگەیشتنی تایبەتیان دەدەن. هەر لەم بارەیەوە کاتێك ئێمە جەماوەر بەسەرچاوەکانی خۆی دەپێوین، ئەوا ئەم پێدراوانە پتر بابەتیانە دەبن، گرنگیش ئەوەیە کە ئێمە هەرگیز لە قسەکانیانەوە دەرنەچین.

گوێم لە یەکێك بوو کە دەیگوت، پشت بەو سەرنج و تێبینییە خودگەراییانە دەبەستین، کە لەواقیعی ژیانی کەسەکانەوە، کە پرسیارەکانیان ئاراستەکراوە سەرچاوەیان گرتووە. هەروەها بە تەنیا پشت بەسەرچاوەیەك نابەستین، خۆ ئەگەر



بەلانی کەمەوە لە سێ سەرچاوەی جوداواز لە بارەی وڵاتێك لە وڵاتەکان لەبەردەستدا نەبێت، ئەوا نایخەینە پێڕستی درکپێکردنی گەندەڵییەکان.

لە ساڵی٢٠٠٢ دا، یوهان گراف لامبزدورف، پانزە لێکۆڵینەوەی لە نۆ دامەزراوە ئەنجامدا، لەوانە: زانکۆی کۆڵۆمبیا، برایس و ترهاوس کوبرز، یانەی ئابووری جیهانی، کە دەرەنجامەکان لە دوور و نزیك ترسناك بوون. ئەوەبوو (٧٠٪) ی وڵاتەکان لە ژێر بەهای (٥)ەوە بوون. هەروەها هەریەك لە ئەندۆنیسیا و کینیا و ئەنگۆلا و مەدغشقر و باراگوای و نیجیریا و بەنگلادیش گەیشتنە بەهای کەمتر لە (٢).

لە ئەمەریکای باشووریش متمانەی خەڵکی بە دەستەبژێری سیاسی و پرانسیپەکانی دیموکراسییەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەئاشکرا نەمابوو. هاوکات تێبینی هەڵکشانی گەندەڵی دەکرا.

لەئەرژەنتینیش بەهۆی تەنگەژەی ئابوورییەوە سەروەت و سامانێکی زۆر چوون و خەڵکیش هەستیان بەهەڵکشانی گەورەی گەندەڵی دەکرد، لە کاتێکدا لە هەندێ لە وڵاتانی ئەورووپای ناوەڕاستدا، نموونەی سلۆڤینیا، گەندەڵی ڕوو لە کەمبوونەوە دەکات، بەڵام هێشتا لە بەردەم وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران ڕێگایەکی دووروو درێژ هەیە.

هەروەها ژمارەیەك دەوڵەتی تر هەیە، کە بێگومان زۆر گەندەڵن و بە داخیشەوە زانیارییان لەبارەوە دەست نەکەوتووە، بۆ ئەوەی بگەینە بەهایەکی ئەوتۆ لەبارەیانەوە تا ئەوەی مەبەستە بیخاتەڕوو. هەر بۆیە کاری زۆرمان ماوە بۆ ئەوەی سەبارەت بە دووسەد دەوڵەتی خاوەن سەروەری ئەنجامی بدەین.

دیارە (پێڕستی درکپێکردنی گەندڵی) بە ئاشکرا دەریدەخات، کە دەستەبژێری سیاسی و کارمەندان و ئەندامانی قەزایی ئەوتۆ هەن، پارەی بەرتیل پەسەند دەکەن و دەستیان لەگەڵ ئەو کارناسانەدا تێکەڵ دەکەن، کە هیچ بەربەستێك ڕێیان لێناکات.

له پاش بلاوکردنەوەی پێڕستەکەش، سیاسەتمەدارەکان بەڵێنی زۆر دەدەن بە ئەنجامدانی شتێك لە دژی گەندەڵی، بەڵام ئەمە لە زۆرکاتدا جگە لە چەنەبازی چیتر نییە، هەروەها لە چەند ساڵی ڕابردووشدا لەبری ئەوەی ڕەوشەکە باشتر بێت کەچی پێچەوانەی بووە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەڵەیە، ئەگەر مرۆڤ دەستی بۆ دەوڵەتانێکی دیاریکراو درێژبکات و پێی وابێت کە گەندەڵی کێشەیەکی نەتەوەییە، چونکە ئەو کەسانەی کە بەرتیل دەدەنە دەستەبژێر لەهەر دەوڵەتێ لەم دەوڵەتانە، لە زۆرکاتدا خەڵکی دوڵەتانی ترن کە هەر ئەمەشە پێڕستی دووەم (پێڕستی بەرتیل دەران/ Bribe Payer`s Index،BPI) ئاشکرای دەکات و لە فەسڵی دواتردا دەیناسێنم، کە لە ڕێگەیەوە پێوانە و هەڵسەنگاندن بۆچییەتی ئەو وڵاتانە دەکرێت، کە تیایدا ناوبەناو بەرتیل دەدرێت.

هاوکات پێ بە پێی گەندەڵی گەورە، ڕێوشوێنی بیناکردنی گشتی پیادە دەکرێت، کە ناتوانرێت بە شێوەیەکی ڕاست بخەملێنرێت. ئەو سەودانامانەی چەك کە میدیاکانی ڕاگەیاندن سەرقاڵ دەکات ئاگری ناڕەزایی دژ بەرانی جیهانگیری خۆش دەکات.

کارئاسانییەکانی گەندەڵی لە لای کارناسەکان، وەبەرهێن و هاوڵاتیانی مامناوەند لە ئەرزی مامەڵەکردنیان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بێزار دەکات.

خۆ ئەگەر مۆڵەتێکی (هاوردە- الاستيراد) بە بەرتیل دان بە فەرمانبەر نەبێت، بە دەست نەیەت و وەبەرهێنەرە بیانییەکانیش ناچار بکرێن بۆ"دانوستان" لەسەر"مەرجەکانی هاوردە"، ئەوا دەرفەتی پەرەپێدان نامێنێت. کۆی ئەو لێکۆڵینەوانە دەریانخستووە، کە گەندەڵی کاریگەری دامرکێنەرەوانەی زۆری لە بواری بازرگانیدا هەیە، کە هیچ کەمتر نییە لە کاریگەری ئەو ئاستەنگانەی لە ئەنجامی دەرچوون لە چوارچێوەی تاریفەی گومرگی(tariff) یەوە دەکەونەوە، هەروەها لە ماوەیەکی درێژخایانیشدا دەبێتە هۆی پەکخستنی بەرچاوی سانایی



بزاوتی بازرگانی. هاوکات دەشێت ڕاستەوخۆ کاریگەری نیگەتیڤی لەسەر وەبەرهێنانی بیانی هەبێت، لەم بارەیەشەوە نموونەی پرۆفیسۆر شانگ یین فای (Shang-Jin we) لە پەیمانگای بروکینگز (Brookings Institution) لەبەردەستدایە، کە لە ساڵانی نێوان(١٩٩٠-١٩٩١) لە پرۆسەکانی بەردەوامی بازرگانی نێوان(١٤) وڵاتی هەناردە و(٤٥) وڵاتی هاوردەدا لێکۆڵینەوەی کردووە ناوبراو پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی کە گەندەڵی کاریگەری نێگەتیڤی زۆر و ڕاستەوخۆی لەسەر وەبەرهێنانە بیانییەکان دەبێت.

بە پێی دەرەنجامەکانی گەندەڵی، هەڵکشان بەخۆ دەبینێ، بەو پێیە لە ئاستی گەندەڵی سەنگافۆرەوە بۆ ئاستی گەندەڵی مەکسیك، کە ڕێژەی توێژی باجدەران دەگاتە زیاتر لە(٢٠٪).

بە گوێرەی تازەترین لێکۆڵینەوەی یانەی ئابووری جیهانیش، کاریگەری گەندەڵی لەسەر وەبەرهێنانە بیانییەکان ڕاستەوخۆ و نێگەتیڤە لە وڵاتانی ئەفەریقیادا.

دەرەنجامەکان بە ئاشکرا نیشانی دەدات، کە وەبەرهێنەرەکان لەو وڵاتانەوە نزیکترن کە ئاستی گەندەڵییان بەرزە. دیسان ڕوونبۆتەوە، ئەو وڵاتانەی زیاتر پشت بە وەبەرهێنانی بیانی دەبەستن پتر گیرۆدەی گەندەڵین.

## ١٣- پێڕستی بەرتیلدەرەکان

دامەزراوەکانی ئەڵمانیا، لە ئاستی باڵادا هەژماری ئەوە دەکات کە سامانەکانی گەندەڵی گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، بۆ ئەوەی لە کار و سەودانامەکانیان لە ئاستی جیهانیدا وەکو خۆیان بمێننەوە.

لەو لیستە پۆلێنکراو ڕیزبەندەی کە (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) دژ بە گەندەڵی پێشکەشی کردووە، ئەڵمانیا جێگایەکی ناوەندی گرتووە (فاننشیال تایمزی ئەڵمانی ١٤/٥/٢٠٠٢). هەتاوەکو ئەم چەند ساڵەی دوایی، ئابووریناسان کۆك

بوون لەسەر ئەوەی کە جیاوازی لە توانای بەرتیل وەرگرتن لە لای تاکەکانی کەرتی ئابووری تایبەت شیاوی پێوانەکردن نییە، بەڵام پێڕستی بەرتیلدەرەکان (یاخود ئەوانەی بەرتیل دەدەن/ BPI) کە لە لایەن (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) بۆ جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٩٩ بڵاومانکردەوە و تەواوکەری پێڕستی تایبەت بە درکپێکردنی گەندەڵییە پێچەوانەی ئەم گریمانەیەیە (بڕوانە پێڕستی تەواوی ٢٠٠٢ لە پاشکۆکاندا)، چونکە نیشانی دەدات کە دامەزراوەکان لە هەندێ وڵاتدا بە شێوەیەکی ئیجگار بەرچاو بەرتیل دەدەن و ئەو دامەزراوانەش سەر بە وڵاتانی دیکەن. لە پێناو کتێبی دووەمان، واتا(پێڕسی بەرتیل دەران) کە لە ساڵی ٢٠٠٢ دەرکەوت، یەکێتی نێودەوڵەتی پەیمانگای گالۆپ ( Gallup International Association) لەسەر ڕاسپاردەی ئێمە، ڕاپرسی لە(١٥) وڵات کە خەریکە دەگەنە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتوو ئەنجامدا، کە ئەمەش (٨٣٥) کەسی گرتەوە لە ماوەی کانوونی یەکەمی ٢٠٠١و ئازاری٢٠٠٢، لێکۆڵیاران پرسیاریان لە (٢٦١) لە هێزە ڕابەرییەکانی دامەزراوە لۆکاڵی و(٨٤) فەرمانبەری خاوەن پۆستی باڵای دامەزراوەی وردبینییە حیسابییەکان کردووە، لەگەڵ (٧١) فەرمانبەری نوێنەرانی ئەو ژوورانەی کە سیفەتی پاشبەندێتی دوالیزمییان هەیە، هەروەها (٨٠) کەس لە هێزە ڕابەرییەکانی بانکی دارایی وکارە نیشتمانی و بیانییەکان. هاوکات پرسیار لە (١٨) پارێزەری پرسەکانی ئابووری لە ئەرژەنتین و بەڕازیل و هیندستان و ئیندۆنیسیا و کۆڵۆمبیا و مەراکیش و مەکسیك و نیجریا و فلپین و پۆڵەندە و ڕوسیا و باشووری ئەفەریقیا و کۆریای باشوور و تایلاند و هەنگاریا کراوە. لە کۆی ئەم (١٥) وڵاتە هەوڵەکان لە زیاتر لە (٦٠٪) ی وەبەرهێنانە ڕاستەوخۆکانی وڵاتانی ئاماژەپێکراو چڕکراوەتەوە.

لەو ڕاپرسیەماندا کە لە برەوەپێدان و تۆکمەکردنیدا شارەزایان و پسپۆڕانی گەندەڵی و ئابووری ئاماریی و ئامار لە تەکماندا بوون، هەستاین بە پێوانەکردنی



ئامادەیی بەرچاوی ئەو دامەزراوانەی کە سەر بە(٢١) گەورە وڵاتی هەناردەن لە جیهاندا، بۆ ئەوەی لە بازاڕەکانی ئەو(١٥) وڵاتەدا بگەینە مەسەلەی ئەو بەرتیلەی کە دراونەتە پۆستە باڵاکان. ئەو(٢١) وڵاتەش کە ناویان لە پێڕستی بەرتیل دەرەکاندا هاتووە و مەسەلەکە دەیانگرێتەوە ئەمانەن: ئوسترالیا، بەلژیکا، چین، ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا، هەونگ کۆنگ، ئیتاڵیا، ژاپۆن، کەنەدا، مالیزیا، هۆڵەندە، نەمسا، ڕوسیا، سوید، سویسرا، سەنگافۆر، ئسپانیا، کۆریای باشوور، تایوان، usa.

هەروەها زۆربەی ئەم دەوڵەتە هەناردانە کە لە پێڕستی تایبەت بە بەرتیلدەرەکان لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاریان دەکرێت، واژۆی ڕێکەوتننامە دژ بە گەندەڵی( Anti Corruption Convention) یان کردووە، کە لە لایەن (ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری و پەرەپێدان) ەوە ڕێکخراوەوە و پەسەندکراوە. ئەوەبوو تاوەکو ئایاری ٢٠٠٢، لە کۆی (٣٥) وڵات، کە واژۆی ڕێکەوتننامەکەیان کردبوو، (٣٤) یان لە شوباتی ١٩٩٩دا چووبوونە بواری جێبەجێکردنییەوە. هەروەها پێڕستی بەرتیلدەرەکان ئەوەش دەردەخات کە ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری و پەرەپێدان تەنیا لای ژمارەیەکی کەمی دامەزراوەکان نە بێت ناسراو نییە. دیسان لە(٧٪) ی ئەوانەی کە ڕاپرسییەکەی(٢٠٠٢) گرتبوونییەوە، شارەزایی تەواویان لە بارەی ناوەڕۆکەکەیەوە هەبوو. بەهەر حاڵ لە (١٢٪) ی ئەو کەسانەش بۆ جارێك ناوی ڕێکخراوەکەیان بیستبوو. ئەمەش بە دیدی ئێمە دەرەنجامێکی دراماتیکییە، چونکە بە بەراورد لەگەڵ پێڕستی یەکەمی درکپێکردنی گەندەڵی ساڵی ١٩٩٩، ڕووی لە چاکبوون نەکردووە. هەروەها دەرەنجامەکە ڕوونە: ئەوەتا تا سێ ساڵی یەکەمی دوای پراکتیزەکردنی ڕێکەوتننامەکە، کارێکی ئەوتۆی نەکردووە بۆ ئەوەی لە نێو خەڵکیدا ناسراو بێت. هەتاوەکو ئەمڕۆش زۆرێك لە خاوەن دامەزراوەکان درك بەوە ناکەن، کە لە کاتی پێدانی بەرتیل بە بەرپرسێکی بیانی، لە بەرامبەر یاسای نیشتمانی وڵاتەکەیاندا چ سەرپێچییەك دەکەن.

بێگومان پرۆگرامەکانی ڕاپەڕانـدن یـاخود ڕاهێنانـەکانی لـە پێنـاو دامـەزراوە هەڵسوڕاوەکان ئاستی نێودەوڵەتی گەلێك پێویـستی و زەروورن، دیـسان لـە لای هاوبەشانی کار و بازرگانی نێو گۆڕەپانەکەش. شتێکی تری ئاشکراش ئەوەیە کە: بە تەنیا داڕشتنی یاسا و واژۆکردنی ڕێکەوتننامـەکان لـە دژی گەنـدەڵی بـەس نییە، بەڵکو پێویستە لەسەر ئەوانەی کە واژۆی (کارنامەی ڕێکخراوی هاوکـاری ئابووری و پەرەپێـدان/OECD Convention، دەکـەن هـەر بـە تـەنیا کـار بـۆ گۆڕینی بە یاسایەکی نیشتمانی نەکـەن، بـەڵکو پێویستیـشە چـاودێری بکـەن و پێشێلکارانیشی سزا بدەن.

ئەوەی کە بە لای دۆستانی ئەمەریکیمانەوە مایەی سەرسووڕمان بـوو، ئـەوەبوو هیچیان پێنەکرا لە بەرامبەر دەرچوونی پێڕستی یەکەممان لـە مـەڕ درکپێکردنـی بەرتیلدان و ئەو ئاسـتە خراپـەی کـە دامـەزراوەکانی ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێیگەیشتوون.

شیاوی ئاماژەشە، سەرۆك جیمی کارتەر هـاتنی لـە سـاڵی ١٩٧٧، بـە یاسـای دژایەتیکردنی مومارەسەکانی گەندەڵی بیانی ( Foreign Corrupt Prractices Act) بوو، ئێستا نزیکەی (٢٥) ساڵ دەبێت، کە بەتوونـدترین شـێواز گەنـدەڵی تەنانـەت لـە دەرەوەی ویلایەتـە یـەکگرتووەکانیش بـۆ هاوڵاتیـانی ئەمـەریکی قەدەغەیە.

دەبوو ئێستا ئەمەریکییەکان ناویان لە لیـستی خراپـەدا لـە بەرامبـەر ڕکابـەرە ئەورووپییەکان بسڕدرایەتەوە، چونکە ئەو هەنگاوانەی کە جیمی کارتـەر نـابووی، حکومەتە ئەورووپییەکان نەیاننابوو، هەر بۆیە دیسان لەو وڵاتەش پێویستە کـاری زۆر بکرێـت بـە تایبـەتیش لـە نێـو دامـەزراوەکانی بینـاکردن و نەوتییـەکانی ئەمەریکادا.



ئەوەی کە لە ئەنجامی پێڕستی درکپێکردنی گەندەڵییەوە بەردەسـتکەوت و هـەر چاوەڕوانی ئەوەش دەکرا کە ئامادەیی بەرتیلیان تێـدا هـەبێت، ئـابووری بینـای کەرتی گشتی و پیشەسازی چەك بوو، لە بەرامبەردا بوارێکی وەکـو کـشتوکاڵ و ئەو بوارانەی تر کە داهاتەکەیان دیاریکراوە، بە شێوەیەکی کەمتر بوو.

لێکۆڵینەوەکانی تر لە چوارچێوەی پێڕستی بەرتیلدەراندا جەخت لەوە دەکەنـەوە، ئەو وڵات و بوارانەی کە بە ئامادەییەکی باڵا بـۆ پێـدانی بـەرتیل دەناسـرێتەوە، دەکرێت لە بازاڕەکانی هاوردەدا کە گەندەڵی تیایدا بڵاوبووەتـەوە بگەنـە ئاسـتی کێبڕکێکردن، ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێت کە چاکی شت و نرخ، ڕۆڵـی خۆیـان نییە لە خستنەڕووی باشتریندا، بەڵام دیسان لە مەسەلەی هاوردەدا بـڕی پـارەی بەرتیل دوا بڕیاری خۆی دەدات، نەك گونجاوی بەرهەم بۆ کڕیار و بەکاربەر یـاخو جەماوەر. ئەوەی تەنیا براوەیە لە بازنەی کێبڕکێی شەیتانی پەیوەست بە بەرتیل، ئەگەر لە نموونەی ئەو کەسە براوانە بوونیان هەبێت، ئەوا گەندەڵکارەکانن.

هەروەها ئەو تێچوون- تکالیف- انەی جۆرەکانی شێواندنی بازاڕ، کە دەرەنجامی گەندەڵییە، هەرگیز پێوانە ناکرێن، دیـسان بـەرزی بڕەکـانی بـەتیل لـە وڵاتـانی هەژاردا ئەگەر بەو سەرچـاوانەی گەنـدەڵکاران بپێـورێن کـە گەنـدەڵی گـەورەی لێدەکەوێتەوە، ئەوا بە پەراوێزێکی گرنگ دادەنرێت.

هەرچی جۆرەکانی شێواندیشە لە بواری خەرجی و وەبەرهێنانە گـشتییەکان هـەر لە پرۆژەکانی ژێرخان و خەرجییەکانی تایبەت بە دەزگای پەروەردە و تـا دەگاتـە دەسـتەبەرکردنی کەلوپـەلی پزیـشکی و ئـەو ڕێوشـوێنانەی کـە خزمـەت بـە پێداویستی بنەڕەتی دەکات، لەگـەڵ پرۆژەکـانی بینـاکردنی حکـومی و کڕینـی چـەکی ناپێویـست، هـەر هـەموویان بـە قورسـترین تـاوانی دژ بـە مرۆڤایـەتی دادەنرێن. هەروەها لە ماوەیەکی کورت خایانیش جگە لـە گەنـدەڵکارانی بـراوە لایەنێکی تر نییە کە ئـەوانیش: ئـەو کۆمپانیایەیـە کـە بـۆ خـۆی ڕاسـپاردەیی

دەقۆزێتەوە، لەگەڵ ئەو خاوەن پۆستە بەرتیلخۆرەی دەستکەوتی شەخسی هەیە. کاتێکیش کە بەدەگمەن ئەم ڕاسپاردانە خزمەت بە بەرژەوەندی گەل دەکەن، ئەوا بە شێوەیەکی کرگێڕی خراپ سەرچاوە داراییە زەوەندەکان بەکاردەهێنرێن و هەروەها لە دەستی زۆرینەی خەڵکی وڵاتی پەیوەندیدا- دەکێشرێنەوە بەمەش پێشکەوتن مەحاڵ دەبێت.

ئەم جۆرە تاوانانەی گەندەڵی، ناکرێت لە سنوورێکی دیاریکراودا قەتیس یاخود ڕیشەکێش بکرێن، ئەگەر بێتوو بکەرەکان لە نموونەی کارناسە نێودەوڵەتییەکان و کارگێڕی پیاوە دەستەبژێرەکانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو لاتەریك نەکرێت. دیارە ئەوەش پێویستی بە هەڤاڵبەندییەکی چڕی دامەزراوە و ئەو مرۆڤانە هەیە، کە لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا بەجددی کاردەکەن، بۆ ئەوەی ستراتیژییەتی پێویست بۆ سیستمەکان دابنێن، تا بەرەنگاری ئەو تەحەددییە ببنەوە.

بەمەش پێڕستی بەرتیلدەرەکان بە چەشنی داواکارییەکی ئاشکرا دەبێت بۆ وڵاتانی دەوڵەمەند کە لە هەڵسوکەوت و بازرگانیکردنیاندا کار بە بەرتیل دەکەن.

(تنکۆ عبدالعزیز) سەرۆکی لقی مالیزیای (شەفافییەتی نێودەوڵەت) سەبارەت بە مەسەلەکە و پێڕستی بەرتیلدان وێنایەکی تایبەتی هەیە کە بەم جۆرەیە: دەوڵەتی پیشەسازی بەرپرسیارییەکی مرۆیی تایبەتی لە ئەستۆدایە، چونکە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە کاری دامەزراوەکان و چوون بە دوای حاڵەتەکانی بەرتیل بە پێی یاسای سزادان، پشت بە دەرامەتەکان دەبەستێ. بۆیە بوونی پارەی بەرتیل و هاندەرەکانی دەرماڵە (الحوافز المخصصة) بۆ فەرمانبەران و سیاسییە گەندەڵکارەکان، ستراکچەری گەشەی بەردەوام لەلای نەتەوە هەژارەکان لاواز دەکات، کە لە ئێستادا گیرۆدەی بازنەیەکی شەیتانییە لە هەژاری و برسێتی و نەخۆشی، کە ئەمانەش هۆکاری پەککەوتنن.



## ١٤- خەڵاتی ڕاستبوونەوە

**پارێزگاریکردنە لە هەواڵگەیەنەکان**

کاتی ئەوە هاتووە کە بوێری ئافرەتان و پیاوانی ئاسایی زۆر لەبەرچاو بگرین، کە هەموو شتێك ڕادەگرن بۆ ئەوەی حکومەتەکانیان بە گیانی هەستکردن بە لێپرسراوێتی هەڵسوکەوت بکەن.

هەندێك لەو کەسانە ژیانی خۆیان لەو پێناوەدا بەخشیوە، کاتێك بەو کارە هەڵساون. دیارە ئەوەش ئەرکێکی ساکار نییە کە مرۆڤ کەسانێك کاندید بکات، چونکە ئێمە سەرنجێکی قوڵمان لە بارەی ئەوەی پەیوەستە بە قوربانی و لەناوچوون و دەروەستبوون لە لای هەموو ئەو کەسانە هەڵگرتبوو.(ڤرجینیا تسودیروس/ Virginia Tsouderos)، سەرۆکی لقی یۆنانی شەفافییەتی نێودەوڵەتی لە میانەی یەکەم دابەشکردنی خەڵاتەکانی ڕاستبوونەوە- الاستقامة).

گەندەڵی خراپەکارییەکی پەرش و بڵاوە و لە ژێر پەردەوە گەشە دەکات، هەروەها دیاردەکانی ئێجگار زۆرن، تەنانەت داواکارە گشتییە کاراکان و پیاوانی پۆلیسیش دووچاری سەرئێشەی زۆر دەبنەوە لە دزەکردنیان بۆ گەیشتن بەو نادیارییە و ئاشکراکردنی ڕووداوەکانی گەندەڵی. خۆ ئەگەر ڕژێمێکی گەندەڵکار کاری خۆی بکات ئەوا دەرفەتی لایەنە فەرمییەکان و جەماوەریش زۆرکەم دەبێت بۆ ئەوەی لە شتێکی گەندەڵی بەئاگابێت. لەبەر ئەوە لەو پێناوەدا پێویستمان بە کەسانێك هەیە، خاوەنی بوێری و بەهای ئەخلاقی بن و ئامادەیی ئەوەشیان هەبێت کە قبوڵی ئەو گەندەڵییە نەکەن کە هەموو دەوروبەریانی لە دوورەوە گرتووەتەوە. هەروەها پێویستمان بە کەسانێك هەیە، کە بچنە نێو ڕژێمەکەوە و خراپی ڕەوشەکە بناسن و بێدەنگ نەبن، ئەگەر ئەو ڕەوشەی تێشیدەکەون هەر

چۆنێك بێت لە بەرامبەر ڕووداوەكانی گەندەڵیدا. بەڵكو پێویستە بەكارێك هەڵبستن و ئێمەش بە (گەیەنەری هەواڵ) ناویان دەبەین، چونكە دەست دەكەن بە لێدانی ئاژێر، ئەمەش لە زۆر جاردا ڕوودەدات بێ ئەوی ڕەچاوی سەلامەتییان بكەین، چونكە ئەو كەسانە لەو وڵاتانەی كە بە حوكمێكی دیسپۆتیزمی حوكم دەكرێن، خۆیان دووچاری مەترسی دەكەنەوە.

نموونەی مستەفا ئەدیبی نەقیبی سوپای مەراكیشی وەدەگرین، كە ڕووداوی ساختە و گەندەڵییەكی بەربڵاو ئاشكرا دەكات و دەرەنجامیش لە بەرامبەردا دەخرێتە زیندانەوە. ناوبراو دەبێژێت: گەندەڵی لە سوپای مەڕاكیشیدا بەربڵاوبوو، بەڵام ڕاگەیاندنی ئەوە بە ئێستاشەوە مەحاڵە. ئەمەش بۆ بونیادی سوپا و نەبوونی سیستمێكی دادی خاوێن لە مەڕاكیشدا دەگەڕێتەوە. بەڵام من بەوپێیەی ئەفسەر بووم، چاودێری ئەوەم دەكرد و پێشم وابوو، ئەوە ئەركی منە هەموو ئەوەی پێم دەكرێت بیكەم، بۆ ڕاگرتنی كۆی پرۆسەكانی دزیكردن كە زیان بە موڵكداریتی گشتی دەگەیەنێت.

لە تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩٩٨، لە یەكەی پاسەوانی بواری ئاسمانی سەر بە سوپای مەراكیشی، كۆمەڵە سەربازێكم ئاشكرا كرد، كە ماددەی ڕۆنی كەلوپەلیان دەخستەلاوە و لەم كاتەشدا بەرتیلیان دەدایە هاوڕێكانی تریان. ئەوەبوو نامەم بۆ خاوەن شكۆ پادشای وڵات و سەرۆكی ئەركان و فەرماندەی باڵای هێزە چەكدارەكانی مەڕاكیشی نووسی، بەڵام ئەمە بێ كەڵك بوو، لەمەدا خۆم بوومە ئامانجی تۆڵە سەندنەوەی ئەو بەرپرسانەم كە لە دوور و نزیكەوە بە كەلوپەلە سەربازییەكان دەوڵەمەند دەبوون.

لە ماوەی یەك ساڵدا، بۆ پتر لە سەد ڕۆژ لە چەند زیندانێكی سەربازیدا مامەوە، لەو ماوەیەشدا لە بنكە سەربازییەكاندا جێگۆڕكێم پێدەكرا بەبێ هیچ هۆیەك، هەروەها تاوەكو تشرینی دووەمی ١٩٩٩ بە بەردەوامی دووچاری تەنگ



پێهەڵچنین و جۆرەكانی ئازار و پەلامار دەبوومەوە كە لە لایەن ئەفسەرانی پلەبەرزی سوپاوە پێیهەڵدەستان.

بەڵام خۆشبەختانە بەهۆی نەبوونی هیچ بەڵگەیەك لە دژم، دووچاری سزای دادگای سەربازیی نەبوومەوە. هاوكات بە یارمەتی هاوڕێ و هاوپەیمانەكانم لە نێو سوپادا لە هەوڵی لێدانی زەنگی مەترسیدا بووم و ڕەفتاری بەرپرسەكانم ئاشكرا دەكرد، هەروەها بانگەوازم ئاراستەی دادگای قەزایی ئیداری و ئەنجوومەنی ڕاوێژكاری پادشا كرد، بەڵام هەموو شتەكان بە فیڕۆچوون. هەر بۆیە بڕیارمدا كە چیرۆكەكەم ئاراستەی ڕۆژنامەوانی بكەم، بۆ ئەوەی ڕەوش و بەدحاڵیبوونەكان لە لای ئەوانەی خاوەن بڕیارن ڕوون بێتەوە و ئەو هەڵسوكەوتە ناشرینەی دەرهەق بە كەسێتیم دەكرێت ڕابگیرێت. بەڵام لە بری ئەوەی دادوەری ڕێڕەوی خۆی وەربگرێت كەچی سەرلەنوێ ڕاپێچی دادگای سەربازی كرامەوە و تۆمەتی پێشێلكردنی ڕێساكانی دیسپلینم ئاراستەكرا، لەگەڵ ئارەزوو كردنم بە لكاندنی ڕیسوایی بە سوپاوە. بەڵام ئەم تۆمەتانە هیچ پەیوەندییەكیان بە حاڵەتەكەی منەوە نەبوو، سەرباری ئەوەش من پێشێل (ڕێساكانی دیسپلین- قواعد الانضباط)م نەكردبوو، هەروەها ڕێنمایی ئەوەش نەبوو كە قسەكردن لەگەڵ ڕۆژنامەوانیدا قەدەغە بێت، بەڵام كەس ئاوڕی لەوە نەدەدایەوە، چونكە مەسەلەی تۆمەتباركردنم بە پێشێلكردنی ڕێساكانی دیسپلین بە تەكتیك هەڵبژێردرابوو، ئەمەش دەكەوتە خانەی دەسەڵاتی دادگای سەربازییەوە نەك مەدەنی ئەوەبوو بەسزای زیندانیكردنی دوو ساڵ و نیو دادگایی كرام و پلەكەم لێسەندرایەوە و بۆ جارێكی تر سەركردایەتیمان توانی زیان بە وێنەی سستمی مافناسیمان لە جیهاندا بگەیەنێت. بگرە كۆمەڵەی كاری سەربە نەتەوە یەكگرتووەكان، كە پسپۆڕن بە سزاكانی زیندان جەختیان لەوە كردەوە كە ئەو حوكمەی منی پێدراوە پێچەوانەی یاسایە، بۆیە كۆمەڵەی كار داوایان لە دەسەڵاتدارانی مەڕاكیشی كرد، ئازادم بكەن بەڵام ئەوە ڕووینەدا.

بابەتی حوکمدانی مستەفا ئەدیب ببووە ناونیشانی گەورەی ڕۆژنامەکان لە ئاستی جیهانیدا، تەنانەت ئێمەش حاڵەتەکەیمان بەهەند وەرگرت و لە پێناو ئازادکردنی و گەڕانەوەی مافەکانی تێدەکۆشاین. ئەو بۆ ئێمە نموونەیەکی زیندوو دەنوێنێت لە ئاشکرا کردنی ئەو زانیاریانەی کە زەنگی مەترسی لێدەدەن کە لەگەڵ هەموو ڕێوشوێنەکانی تۆڵەسەندنەوەشدا وێڕای زەنگەکە لێبدات و لە بەرامبەریشدا باجی ئەوەیدا، کە ئازادییەکەی بوو.

لە ساڵی ٢٠٠٠ دا خەڵاتی تایبەت بە ڕاستبوونەوە (Integrity Aworld) مان پێبەخشی. ئەم خەڵاتە کە دەدرێت پەیوەندی بە بەخشینی داراییەوە نییە، بەڵام ئەوە نیشان دەدات کە ئێمە دەستکەوتی تاکێتی کە لە خەباتی مرۆڤەوە لە دژی گەندەڵی دەردەچێت لەبەرچاودەگرین و دیسان ئەو جەماوەرەش دروست دەکات کە جێگەی بایەخی زۆرە، چونکە ئێمە رستێك خەڵات لە ئاستی جیهانیدا دەبەخشینە جەماوەری خەڵك و بوێرییان لەبەر چاو دەگرین. دەرکەوتنی کەسێکی دیاریکراو و گرنگیدانیش بە جەماوەر لە جیهاندا تەنیا دوو وەسیلەن لەو وڵاتانەی کە بە حوکمێکی دیسپۆتیزمی حوکم دەکرێت، بۆ ئەوەی چارەسەری ئەوە بکرێت، کە زەنگی مەترسی لە ژێر پەردەوە بۆ لێدراوە.

مستەفا ئەدیب لە ساڵی ٢٠٠٢ دا لە دوای ئازاد کردنی توانی خەڵاتەکەی وەربگرێت.

لەو ڕۆژەشدا کە ئازاد و سەرفەراز بوو، کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆمان لە مەراکیش سازکرد. ئەو هێشتا لەو بڕوایەدا بوو کە بە ئاقارێکی دروستدا هەنگاوی ناوە و گەیشتووەتە شتێك: ((بەڵێ، من لێرەدا بە یەقینم لە کارەکەی خۆم، هەروەها لەو ماوەیەشدا زۆرێك لە خەڵکی بەرەو دژایەتیکردنی گەندەڵی لە سوپا و دامەزراوە حکومییەکاندا هەنگاویان نا. بێگومان لەم شەپۆلەشدا یارمەتی وڵاتەکەم دەدرێت بۆ هەنگاونان بەرەوپێش. بەڵام ئەو بێدەنگییەی کە سوپا و لایەنە فەرمییەکانی تێکەوتووە، هیچ سوودێکی نییە تەنیا بۆ ئەو ڕەفتارە نەبێت



کە پێچەوانەی یاسایە و ئەوەش کەلێنی لە بودجەدا دروستکردووە و وڵاتی دووچاری قەرزی زۆری دەوڵەتانی بیانی کردووەتەوە و بووەتە لەمپەر لە بەردەم پێشکەوتنی وڵاتدا. هاوکات (خەڵاتی ڕاستبوونەوە) دڵنیای کردمەوە، کە من لەسەر ڕێگایەکی هەڵە نەبووم و بۆ ئەوانی تر لە هاوڵاتیانی شەرەفمەند کە بیرکردنەوەیەکی ئەقڵانی بیردەکەنەوە، لەگەڵ ئەوانەش کە زۆرینە پێکدەهێنن، ڕوون بووەوە کە هەردەبێ هەقیقەت ئاشکرا بێت و ڕاستبوونەوەش بەرەو سەرکەوتن بەسەر چاوچنۆکیدا بچێت. خۆ ئەگەر بۆ جارێکی تر ڕێکەوتی هەمان شت بکەمەوە، ئەوا بە هەمان شێوە هەڵسوکەوت دەکەم و یەکەم جاریش زەنگی مەترسی بەگوێی بەرپرسەکانم پاشان بە گوێی نووسینگەی ڕاوێژکارانی پادشا و، دواتر بە گوێی یەکەی دابەشکردنی کەلوپەل لە سوپادا و بە دواشیدا بە گوێی پۆلیسی پادشایەتی و دادگای قەزایی کارگێڕی و دواجاریش، ئەگەر کەسێك لەوانە نەکەوتە خۆ بە گوێی ڕۆژنامەوانی مەراکیشی و بیانیدا لێدەدەم)).

ئەم حاڵەتەی مستەفا ئەدیب، مەودای گرنگی پارێزگاری لێکردنی ئەو کەسانە ئاشکرا دەکات، کە زەنگی مەترسی لێدەدەن، هەروەها ئەوانی تریش کە ئاماژە دەدەن و لە توانایاندا هەیە گەندەڵی و حاڵەتەکانی تر لە ڕەفتاری چەوت ڕابگەیەنن، تاوەکو ڕووبەڕووی ترس و تێکدانی تەواوی بنەماکانی ژیانیان نەبنەوە چونکە هەر ئەمە بوو، ئەو ئەفسەرە مەراکیشییە دووچاری بووەوە "بوون لە زینداندا ئەزموونێکی تاڵەو، کاتێکیش بە ناهەق دەخزێنرێتە ئەو شوێنەوە تاڵترە، هاوکات مەترسی لە دەستدانی کارو هەموو پشتیوانییەکی دارایی و دابڕانی لە خێزان و هاوڕێکانی، ناچاری دەکات کە سەرلەنوێ ژیانی دەست پێبکاتەوە و لە سفرەوە دەربچێت. هەموو ئەم فاکتەرانەشی وا لە هەر مرۆڤێك دەکەن کە بەرلەوەی حاڵەتی گەندەڵی لە وڵاتێك لە وڵاتەکانی جیهانی سێیەم ڕابگەیەنێت بۆ دووجار بیربکاتەوە. بەڵام خۆ بوونیشم لە زینداندا واتای چاك و مەغزای پەیوەست بە دادوەری هەبووە، هەر بۆیە هەموو ئەم گرفتانە بەهای ڕەهای خۆیان هەیە".

لەم سۆنگەیەشەوە پێویستییەکی زۆر بە دامەزراندنی ڕێکخراوی ئەوتۆ هەیە کە نەك هەر هانی ڕەوشتبەرزی مرۆڤەکان بدات لە ڕاگەیاندنی گەندەڵی، بەڵکو دەرفەتی پارێزگاریکردنێکی دیاریکراویشیان بۆ دەستەبەر بکات، ئەمەش هەر بەسەر وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا جێبەجێ نابێت، بەڵکو دیسان دەوڵەتانی دەوڵەمەندی وەکو ئەڵمانیاش دەگرێتەوە. بۆ پارێزگاری لێکردن لەو کەسانەی زەنگی مەترسی لێدەدەن، زنجیرەیەك میکانیزمی تاقیکراوە هەیە. لە وانەش ئەو کەسانەی سەربەخۆن و پارێزگاری لە مافی هاوڵاتی دەکەن لە بەرامبەر دەوڵەتدا، ئەویش بەو پێیەی هاوبەشن لە پێشکەوتندا یاخود ژمارە تەلەفۆنی بێ ناونیشان، ئەمانە بە تاقیکردنەوە ئامانجی خۆیان پێکاوە. هەروەها ژمارەیەکیش لە دامەزراوە و لایەنە فەرمییەکان لەم وڵاتەدا ڕوویان لە زیادبوون کردووە بۆ ئەوەی لەو جۆرە کاتانەدا بە کارێك هەڵبستن.

بۆ نموونە کۆمپانیای ئاسنینی ئەڵمانی (Deutsche Bahn) کە تێچوونی دەگاتە ملیاران و دووچاری شێوازەکانی گەندەڵی دەبێتەوە، یەکێکە لەو دامەزراوە کەمانەی کە لە ئەڵمانیا(هێڵێکی سووری تەلەفۆن)ی ناوەندی دروستکردووە و کرێکارەکانیش لە هەر حاڵەتێکی گەندەڵی بەئاگابن دەتوانن ڕایبگەیەنن بێ ئەوەی ناویان بهێنرێت.

بەگشتی کۆ مەسەلەیەك هەیە کە پێویستە، لە هەمووشیان پێویستر، هێڵێکی گەرم یاخود کەسێك مافەکانی هاوڵاتی لە بەرامبەر دەوڵەت لەبەرچاو بگرێت. هەروەها گۆڕینی ڕۆشنبیری و سیستمی بەهاکان لە کۆمەڵگەدا لەگەڵ پشت بەستن بە بوێری تاکەکان و پێویستیشە وێنەی گەندەڵی لە دیدی کۆمەڵگەدا بگۆڕدرێت، چونکە خەڵکی ئامادەنین سەرچڵی بگرنە ئەستۆی خۆیان بە شێوەیەکی ئەکتیڤ و چالاك تەنیا ئەو کاتانە نەبێت کە دەزانرێت شتێك نارەوایە. چالاك تەنیا ئەو کاتانە نەبێت کە دەزانرێت شتێك نارەوایە. بەڵام تاوەکو چەند ئەمە بە شەقڵێکی ئیشکالییەت لە کۆمەڵگەی خۆرئاواییدا



دادەنرێت، ئەوە نموونەکەی (ئیکاجولی) کە هەڵگری خەڵاتەکەی ئێمەیە لە ساڵی(٢٠٠١) دا ئاشکرای دەکات، ئەم ئافرەتە پەرلەمانتارە گشتییەی فەرەنسا، کە بەرەچەڵەك نەرویژییە، نموونەیەکی خەڵکانی ترن کە زەنگی مەترسی لێدەدەن، دواجاریش بە سروشتی کارەکەی بەدوای نارەوایی دادەچێت و ئاشکرای دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا (ئیڤاجولی) ناچار دەبێت کە لێکۆڵینەوە لەو جۆرانەی بەرگریکردنی لایەنی دەوڵەت و لایەنی کۆمەڵگە بکات. هەروەها لەم کاتەشدا ئابڕووچوونێکی کۆمپانیای (ئێلف ئەکیتین-Elf Aguitaine) ئاشکرا دەکات کە برەکەی دەگاتە ملیاران. ئەم گەندڵییە فەرەنسا و ئەڵمانیا و تەنانەت ناوەندە باڵاکانی ئابووری و سیاسیشی گرتووەتەوە. ئەمەش ئەو کاتەیە کە پاڵاوتگەی"لوینا" ی ئەڵمانیای خۆرهەڵات بە تەنیا، بە یەکێتی دامەزراوەکانی دەوڵەتی فەرەنسی دەفرۆشێت، لەم سەروبەندەدا بڕی(٢٥٦) ملیۆن فرانك بۆ ئەم سەودانامە زەبەلاحە بە شێوەی بەرتیل تەرخاندەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا بە بوێرانە تاوەکو ئەمڕۆ وردەکارییەکانی ئاشکرا نەکراوە. هەروەها (جولی)ش چاری نەبوو کە بەپەلە بڕیار بدات. ئاشکراکردنی تەواوی ئەم مەسەلەیەش دیسان هەرگیز خوازراو نییە و سیاسەت و ئابووریش دەیانەوێت ئەم ئابڕووچوونە لە ژێر پەردەدا بمێنێتەوە. جولی ژیانی هەڕەشەی لێدەکرا و بە شەو و ڕۆژ لە ژێر چاودێری پۆلیسدا بوو. خۆی وادەبینییەوە کە دووچاری تاوانی کوشتن دەبێتەوە، ئەویش لە هەڵمەتێکدا بۆ بەرگریکردن لە ناو و ناوبانگ.

ئیڤا جولی دەڵێت: "زۆرێکی خەڵکی پێیان وابوو کە ئێمە کرۆکی ڕاستەقینەی کێشەکەین، هەروەها هەوڵێکی زۆردرا بۆ ڕاگرتنمان، نەك بۆ ڕاگرتنی گەندەڵی. من یەقینی ڕەهام هەیە کە لێرەدا مەسەلەکە پەیوەندی بە حاڵەتی تاکو تەراوە نییە، بەڵکو ئەم حاڵەتانە بەشێکن لە گرفتێکی مەنهەجی، کە دەکرێت لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا ڕووبدات. ئەوانەش کە پێیان وایە گەندەڵی تەنیا گرفتی وڵاتانی تازەپێگەیشتووە بەهەڵەداچوون.

ئەوەی کە لەمەش خراپترە ئەوەیە کە ئیتر کەس ناتوانێت لە دوای(١١) ی ئەیلول و ئابڕووچوونەکانی (ئیـزون و ۆرد کـۆم)ەوە بڵێت ئەمـە کێشە نییـە. چـونکە گەندەڵی بابەتێکی گەورەیە و هێشتاش هەندێ ئابڕووچوونی تر لەبەردەمماندایە".

پشکنینە سەرسەختەکانی جولی وایکرد کە"رۆلان دۆماس-Roland Dumas) وەزیری دەرەوەی پێشوو تری فەرەنسا ڕاپێچی بەردەم دادگا بکرێت، لەگەڵ کریستین دیڤیید جونکود(Christine Deviers Joncour) ی دۆستی پێشووی و کارمەندی کۆمپانیای ئێلف.

هەروەها لەو تۆمەتبارکردنەدا ئاشکرا بوو کە دۆستەکەی وەزیری دەرەوە، لە لایەن یەکێتی دامەزراوەکانی (کارتیل) کە بە(ئێلف ئکیتێن) دەناسرێت، لە ساڵی (١٩٨٩) بەکارهێنراوە و لە چوار ساڵی دواتریشدا نزیکەی(١٠) ملیۆن یۆرۆی پێدراوە و لە پاریسیش خانووییەکی بۆ دابینکراوە. هەر لەم چوارچێوەیەدا دادگا بە سزای دوو ساڵ و نیو زیندانی کردن، دادگای دۆستی پێشووی وەزیری ناوبراویکرد، لەگەڵ غەرامەی (١٥٠) هەزار یۆرۆ و هەروەها ڕاگرتنی جێبەجێکردنی ساڵێکی ئەو سزایەش.

هەرچی رۆلان دوماس (Roland Dumas) یشە، قەدەری وابوو کە بۆ ماوەی شەش مانگ لە زینداندا بێت و دواتریش بۆ ماوەی (٢٤) مانگ بە زیندانی کردن سزا بدرێت لەگەڵ ڕاگرتنی جێبەجێکردندا. لەگەڵ ئەوەشدا دادگای ئیستئناف سەرفەرازی کرد و کێشەکە ڕووبەڕووی بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای ئێلف (لوفلوخ- پریجان) و ئەلفرید سیرڤان بووەوە و هەردووکیان بە دوو ساڵ و نیو حوکمدران، پاشان بە سێ ساڵ زیندانی کردن. لە ئێستاش ڕا ئەو کێشە لەبەردەم دادگادا بەردەوامی هەیە.

هەرچەندە ئەم پرسە مایەی سەرنجدان بێت، بەڵام ڕووناکی نەخرایەسەر دەزگای گەندەڵکار کە گەمارۆی دامەزراوەی (ئێلف ئکیتێن) ی داوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە بە مەزندەی سەرەتایی دادەنرێت.



دەگوترێت کە فەرەنسا بەدرێژەی چەردەیەك، کۆمەڵە دامەزراوەکانی دەوڵەت بەکاردەهێنێ و لەسەری بەردەوامە، ئەویش بۆ ئەوەی سیاسەتمەدار و کەسایەتییەکانی سەرکردایەتی لە جیهانی ئابووریدا دەستیان بگاتە هەموو جێگایەکی ئەم جیهانە و بەویستی ئەوان بێت. هەروەکو ئەوەی لە حاڵەتی فرۆشتنی کۆمپانیای لوینا ڕوویدا، کە هێشتا تاوەکو ئەمڕۆ وردەکارییەکانی لە تاریکیدا خەوتووە.

ئیڤا جولی، دوای ئەوەی لە فەرەنسا وازی لە کارکردن هێنا، بەرەو نەرویج گەڕایەوە و ئەمڕۆش ڕیکخراوێکی ناحوکمی بۆ دژایەتی کردنی گەندەڵی پێکهێناوە.

لە ساڵی(٢٠٠٢) شدا خەڵاتەکەمان، ڕاستبوونەوە ڕووی لە کۆماری سلۆڤاکیا و بەرازیل و ئەڵمانیا کرد. لە کۆماری سلۆڤاکیا ژنە دادوەر یانا دوبوڤوکوڤا ( Jana Dubovocova)، لە نێو فەرمانگەکەی بە مەبەستی زانینی ئاستی ئەو گەندەڵییەی کە لە نێو دادگادا بڵاوبووەتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامدا، تاوەکو ئەو دەستە باڵایانەش ئاشکرا بن کە لە پشت ئەمەوەن.

دوبوڤوکوڤا، لە کاتی لێپرسینەوەکانی لەگەڵ دوو بۆسێی هاوڵاتیانی کە پەیوەندیان بە دادگاوە هەبووە بۆی ڕوونبووەوە کە نەك هەر بە تەنیا بۆ جارێك ڕووبەڕووی گەندەڵی بوونەتەوە، بەڵکو بە بەڵگەشەوە ئاشکرایان کرد، کە پۆستە باڵاکانی نێو دادگاش لەو گەندەڵکارانەن کە ئەوانیش خودی دادوەرەکانن. یانا دوبوڤوکوڤا دەڵێت: " ئەو خەڵکە پێیان وتم، بەڵێ دادوەرەکان بەشەخسی داوای پارە و بەرتیلیان بە ڕاستەوخۆیی کردووە، کە ئەمەش شتێکە چاوەڕێم نەدەکرد.

ئەوەبوو ئەم ژنە دادوەرە ڕاپرسییەکەی لەسەر گەندەڵی دادگا بڵاوکردەوە ئەنجامەکەشی بەزەیی بەکەسدا نەهاتەوە، بەڵام لە بەرامبەردا لە بری چارەسەر، توڕەبوون و هەوڵدان بۆ بێدەنگکردنی ڕوویدا و لەکارەکەی دوورخرایەوە.

لەم کاتەدا قەزای سلۆڤاکی لە حاڵەتی هەڵچووندا بوو، هەروەها یەکێتی دادوەران پێداگریان لەسەر وەزیری داد دەکرد، کە ئەو ژنە دادوەرە لە کارەکەی دووربخاتەوە، چونکە تۆڕی دادوەری پیسکردووە. بەڵام ئەمە وای نەکرد، کە خەڵکی ئەم ژنە گۆشەگیر بکەن، بەڵکو سوور بوون لەسەر ئەوەی دەستبەرداری دوبوڤوکوڤا نەبن.

ئەم حاڵەتە بوێرانەیەی ناوبراو تەمێکی چڕی ڕەواندەوە و لە نێو خەڵکیشدا دەنگی دایەوە و دەوڵەتی ناچارکرد بە کارێك هەڵبستێت.

لەم سەروبەندەدا سیستمی ئەلەکترۆنی هێنرایە وڵاتەوە و بەمەش کار بۆ ڕێگری لە گەندەڵی لە نێو دادگاکاندا کرا، هەروها ئەمە وای کرد دادگایی کردنەکان بە خێرایی بەڕێوەبچن و سستی تیادا نە نوێنرێت و نەشتوانرێت کار بە بەرتیل بکرێت.

ئەمەش وایکرد دیموکراسییەت گورج بێتەوە. یا نا دوبوڤوکوڤا لە کاتی پێدانی خەڵاتی ڕاستبوونە دەڵێت: " ئەو هاوڵاتیانەی کە متمانەیان بە سیستمی دادگا نییە، متمانەشیان بە دەوڵەت نییە، ئەمەش زۆر ترسناکە چونکە ئەو بناغەیەی کە هەر دەوڵەتێکی لەسەر دادەمەزرێت خۆی لە متمانەی هاوڵاتیانیدا دەبینێتەوە.

ئەم جارەیان دەچینە ئەڵمانیا و ڕوو لە گۆڕەپانێکی تر دەکەین، بەڵام ئەمە بەشتێکی تەقلیدی دەژمێردرێت و زیاتریش کە هەر بوارێکی تر دووچاری تەنینەوەی گەندەڵی لەم وڵاتەدا دەبێتەوە.

دکتۆر پیتەر شونهوفەر، کە مامۆستای دەرمانخانەیە و نووسەری گۆڤاری ئەرتسنای تیلیگرافی سەربەخۆیە لە فەرمانگەی پرسگەکانی دەرمانسازی، ماوەی چەندین ساڵە دژی گەندەڵی لە پیشەسازی دەرمانخانەدا تێدەکۆشێت.



گۆڕەپانێکی تری ئابووری نییە، هێندەی کەرتی تەندروستی کاری ساختە و بەرتیلی بە شێوەیەکی نهێنی تیادا ئەنجامبدرێت. پزیشکان و مامۆستایانی زانکۆ پەیوەندیان بەو دامەزراو و ڕێکەوتننامە ڕاوێژکاریانەوە هەیە، کە قازانج و دیار و گەشتی وتنەوەی موحازەرەی تێدایەو هەروەها لەگەڵ کات بەسەربردن لە هاوای و خۆشگوزەرانی فەراهەمکردن بۆیان.

بەڵام مومارەسەیەك هەیە کە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەیە شونهوفەر ڕەخنەی لێدەگرێت ((نموونەی ئەوەش تێچوونی چارەسەری کیمیاوی نەخۆشەکانی شێرپەنجەیە کە لە(٣٠) ساڵی ڕابردوودا بە بڕی(١٥٠٪) بەرزبۆتەوە بێ ئەوەی نەخۆش ئەگەر بۆ ماوەی هەفتەیەکیش بێت چارەسەری زیاتری بۆ کرابێت، بۆیە پێویستە کە مومارەسە و ستراتیژە گەندەڵەکان ئاشکرا بکەین لە پێناو پاراستنی ژیانی سیستمی تەندروستیمان)).

لە بەرامبەر ئەم جۆرە ڕەخنانە ناچار بوو ژیانێکی پڕ لە مەترسی بژی، کاتێکیش خەڵاتی ئێمەی پێدرا وتی: "بێگومان ئەوەی من کردوومە سەرچڵی ترسناکە. هەروەها ئەو کۆمپانیای کە ڕەخنەیان لێدەگرێت گلەیی لەو قەرەبووکردنەوە زۆرە دەکەین کە بارگرانیان بۆ دروستدەکات، خۆ ئەگەر بێتوو کەسێك بدۆڕێنم ئەوا واتای دارمانی دەستبەجێ" بەڵام خۆشبەختانە دکتۆر شونهوفر لە هەموو ئەو پرسانەدا کە لە دژی بەرزکراونەتەوە براوە بووە.

هەرچی هەڵگری خەڵاتی سێیەمیشە لە ساڵی (٢٠٠٢) دا، خەڵکی بەڕازیلە ئەو کارناس، لویس روبرتۆ مسکینا(Luis Roberto Mesquita) یە، کە دەستپێشخەرییەکی بچووکی لە پێناو ژیانی هاوڵاتییەکانیدا بە ئەنجام گەیاند، بۆ ئەوەی لە دژی گەندەڵی لە شاری گبوار و لهوس(Guarulhos) خەبات بکات. ئەوەبوو کاتێك بۆی ئاشکرا بوو کە خێزانی سەرەك شارەوانی نوێ زەوییەکی بە

نرخێکی نەگونجاو و زۆر هەرزان کڕیوەتەوە کەوتە خۆ و گرفتەکانی دەستییپێکرد. ناوبراو دەڵێت: "لە سەرەتا ویستیان گێچەڵم پێبکەن، پاشان زیاتر لە پۆستێکی جیاوازیان خستە بەردەمم، بەڵام من ڕازی نەبووم هەرگیز کە ئەم جۆرە عەرزانە پەسەند بکەم. دواتر هێرشی شەخسی دەستی پێکرد و ڕووبەڕووی هەڕەشەی کوشتن و فڕێدانی بۆمبی دەستی بوومەوە، هەروەها خۆم و بزووتنەوەکەم دوچاری فشارێکی شەخسی زۆر بووینەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مسکیتا پەشیمان نەبووەو ملی نەدا، هەر بۆیە هەڵمەتەکەی بووە هۆی دوورخستنەوەی سەرۆك شارەوانی لە وەزیفەکەی و دەرکردنی و ناچارکردنی کە بۆ ماوەی(٥٠) ڕۆژ بخرێتە زیندانەوە.

چالاکییەکانی مسکیتا بەردەوامە لە دژی مومارەسەکانی گەندەڵی و بووەتە کەسێکی شیاو بۆ وەرگرتنی (خەڵاتی ڕاستبوونەوە)، چونکە نموونەی ئەم پیاوە نیشانی دەدات، کە چۆن کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانێت لە بەرامبەر بونیادی ئیداری گەندەڵدا خۆی بسەپێنێت و خۆ ڕاگر بێت.

ئەوەی جێگای داخە نەمانتوانیوە خەڵاتی ڕاستبوونەوە بدەینە ئەو کەسانەی کە مردوون، ئەو کەسانەی کە ڕاستبوون و هیچیان پێنەکراوە جگە لەوەی ژیانی خۆیان بکەنە قوربانی دەروەست بوونەکانیان، هەر بۆیە ئەمانە دواتر کارەکانیان لەبەر چاودەگرین و بە هیواین لە زیندوو ڕاگرتنیاندا پشکمان هەبێت و لە یادیان نەکەین. لەوانەش کارلوس ئەلبیرتۆ کاردۆسۆ، کە ڕۆژنامەنووسێکی لێکۆڵیار بوو، لە تشرینی دووەمی (٢٠٠٠) لە مۆزانبیق لە کاتی بەدواداچوونی گەورەترین پرۆسەی ساختە و فێڵی بانکەکان لە مێژووی ئەو وڵاتەدا کوژرا.

هەرچی گۆرجی گۆنگادز (Georgy Gongadze) یشدا، کە ڕۆژنامەنووسێکی ئۆکرانی بوو، لە ڕۆژنامەیەکی ئینتەرنێتیدا لەبارەی گەندەڵی حکومەتەوە دەدوا،



ئەوەبوو لە پایزی ساڵی (٢٠٠٢) دا بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە سەریان لە لاشەی کردەوە بە تێزاب لەناوبرا.

دیسان نوربەرت زۆنگو(Norbert Zongo)، کە لە بۆرکینافاسۆ وەکو ڕۆژنامەنووسێکی لێکۆڵیار کاری دەکرد، ڕۆژنامەی هەفتانەی لندیپێندنت (L`Independent) ی دەردەکرد، لە ساڵی (١٩٩٨) کوژرا و تاوەکو ئەمڕۆش پرسەکەی بە پەنهانی ماوەتەوە.

لە کۆلۆمبیا کاندیدی سەرۆکایەتی دکتۆر لویس کارۆس گالان سارمینتاَ( Luis Carlose Galan Sarmietaa) بە فەرمانی(کارتل) ی مادەبێهۆشکەرەکان لە ١٨ ئابی (١٩٨٩) کوژرا. ناوبراو کە کەسێکی سیاسی بوو، لە هەموو ئاستەکاندا دژایەتی تاوانی سیستەماتیك و گرفتەکانی مادە بێهۆشکەرانی دەکرد، هەروەها هەموو جۆرەکانی تێوەگلانی مافیا لەگەڵ حکومەتدا. دیسان ئەویش یەکێك بوو، لەوانەی کە شایستەی خەڵاتی ڕاستبوونەوە بوون.

لە ٤ ی حوزەیرانی ١٩٩٧، لە ئەرژەنتین دکتۆر ئەلفریدۆ ماریا پوچات (Alfredo Maria Pochat) بە چەند خولەکێك بەر لەوەی کە جێگری گشتی و بەڕێوەبەری یەکەی لێکۆڵینەوە پەردە لەسەر جۆرێك لە نادەروەستبوون بە سستمی کار و دیارنەمانی بڕێکی زۆری پارەکە بە ملیۆنان مەزەندە دەکرا لە نێو سستمی بیمەی کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە لاببات، کوژرا.

هەموو ئەو مرۆڤانە و زۆرێکی دیکەش، درکیان بەو هەڕەشانە دەکرد کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، کاتێك بە بەرچاوەوە دژایەتی سیستمێك لە سیستمەکانیان دەکرد، کە بۆ ساڵانێك ژێر بە ژێر دەکرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەفتاری خۆیان نواندو لە سایەی هەڕەشەی بەردەوامیشدا گیانیان لەو پێناوە باڵایەدا بەخشی.

ئێمە هەمیشە بەدوای ئەو نموونەدا وێڵین کە نیشانی دەدات چۆن خەڵکی، کەسەکانیان لە پێناو کۆمەڵگەیەکی باشتردا ڕادەگرن و هەموو شتێك دەکەن، بۆ ئەوەی کردەوەی ئەو کەسانە لە ئاستی جیهانیدا ناسراو بێت.

بەم شێوەیەش نیشانی دەدەین کە پابەندبوونی مرۆڤ بەکاری لە پێناو کۆمەڵگەی مەدەنیدا چی دەگەیەنێت، هەروەها هەر تاکێکیش دەتوانێت شتێك بگۆڕێت.

هەرچی پێشنیازەکانیشە لە پێناو ناونانی کاندیدەکان، ئەوا دەکرێت لە هەموو جێگایەکەوە بێت. لە بارێکیشدا ئەو کەسانەی ئەگەری ئەوەیان هەیە ببنە وەرگری خەڵاتەکان، ئەوا مەرج نییە کە مەسەلەکە هەر پەیوەست بێت بە تاك، چونکە دیسان دەشێت کە ئەو کەسانە لایەنی فەرمی یاخود دامەزروەکان بن، ئەمانەش دوورناخرێنەوە جگە لەو کەسانە نەبێت کە پێشتر ئەندامی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) بوون.

هەروەها دەستە سوێند خۆرانیش لە نوێنەرانی شوێنە جیاجیاکانی جیهان و ئەندامانی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) و کەسانی تر لە وەرگرانی خەڵاتەکەی پێکهاتوون، لەگەڵ پسپۆڕانی سەربەخۆ، کە دەتوانن بڕیار لە بەخشینی خەڵاتەکان بدەن. هەرچی مەرجەکانی ناو لێنانی کاندیدەکانیشە ئەمانەی خوارەوەیە:

١- پێویستە کاندیدەکان، بە کارێکی ئەوتۆ هەستابن، کە کاریگەری ئاشکرای لە ئاستی گەندەڵی لە وڵاتەکانیاندا یاخود لە هەرێمی جیهانیدا هەبێت یاخود کاریگەرییەکی لەم جۆرەیان هەبێت.

٢- پێویستە کارەکە لەو جۆرە بێت، کە بەشەکانی تری جیهان گرنگی پێبدەن و شیاوی بە دواداچوونی بێت.



٣- وا پێویست دەکات، کە کارەکە شوێنکار یاخود سەرنجێکی تایبەت بە جێبهێڵێت، هەروەها تازەکردنەوە و بوێرانەش بێت و مایەی سەرنجڕاکێشانی جیهانی بێت.

هەر لەم سەروبەندەدا پارێزگاریکردنی ئێمەش بۆ ئەو کەسانی کە زەنگی مەترسیدار لێدەدەن بە گرنگترین چەکی نێو جبەخانەکەمان دەبێت لە دژی گەندەڵی. هەروەها لێدانی زەنگی مەترسیداریش بە هەموو جۆرە فرە ڕووەکانییەوە، جێگایەکی چەسپیوی دەبێت چ جای ئەوە لەو کتێبە هەناردانەدا بێت کە دەری دەکەین یاخود لە سندوقی کەلوپەلەکان (Toolkit) دا بێت.

هەرچی بایەخی ئەمەشە لەوەدا ئاشکرا بوو کە لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٢) گۆڤاری (تایم)ی ئەمەریکی بۆ هەواڵ، لەژێر ناونیشانی (ئەوانی زەنگی مەترسیدار لێدەدەن/ The Whistlepowers) هەواڵێکی بڵاوکردەوە و سێ ئافرەتی بە بوێر ناودێر کردوو کردنی بە کەسایەتی گشتی، سنتیاکوپەر (Cynthia Cooper) کارمەندی دامەزراوەی وۆرد کۆم (World Com)، کۆلین رولی (Coleen Rowley) لە پۆلینی فیدراڵی ئەمەریکی: واتە نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی (FBI،Federal Bureau Of Lnvestigation)، شیرۆن وۆتکینز (Sherron Watkins)ی کارمەندی دامەزراوەی ئنرۆن. سنتیا بەو پێیەی وردبینی دامەزراوەی وۆرد کۆم بوو، ئاشکرایکرد کە ئەم دامەزراوە زەبەلاحە لە حسابی خۆیدا بە بڕی ملیۆنان ساختەی کردووە و زیانەکانی بۆ دەستکەوتوو قازانج دەگۆڕێت و، دامەزراوەکەش دەبووە ئەستێرەیەك لە ئەستێرەکانی بۆرسەو یاریزانی جیهانن. ئەم وردبینە لە حسابەکانیدا هەموو ئەو ڕێوشوێنەی پەیڕەو کرد کە کێشە لەناو دامەزراوەکەدا بە دوور بگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دووچاری تەنگ پێهەڵچنین و گاڵتەی خەڵکی دەبووەوە.

کەچی دواجار مەسەلەکەی یەکلایی کردەوە و سوور بوو لەسەر ئەوەی زەنگی مەترسیدار لێبدات و چیش دەبێت با ببێت. سەبارەت بە کولین رولی، ڕێگەی

نەدا کە هیچ کەسێك پێش ئەو هەڵەکانی (نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی) لەسەروبەندی یانزەی ئەیلوول ئاشکرا بکات، جگە لە خۆی نەبێت، چونکە ئەم نووسینگە پەلوپۆی زۆری هاوێشتبوو، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی بەر لە پەلامارەکەی نەبوو.

هەرچی شیرۆن و تکینزیشە، کە جێگری سەرۆکی بەرەو پێدانی دامەزراوەکانی کۆمەڵەی کۆمپانیای ئیزون بوو، چەندین کاری ساختەکردنی نێو حیسابی باجدان و یاریکردن بە نرخەکان لە ئاستێکی بەربڵاودا ئاشکرا کرد، کە لە ئەمڕۆدا بە(هەوکردنی ئینرونی/Enronitis) دەناسرێت.

ئەم سێ ئافرەتە کە خاوەنی پایەیەکی کۆمەڵایەتی و ناو و ناوبانگێکی باشن، پەردەی بێدەنگیان دڕاند و بڕیاریاندا ڕێگەیەکی دژوار بگرنەبەر و ویژدانی خۆیان ئاسوودە بکەن.

## ١٥- گەندەڵی لە ئەڵمانیا

کارمەندان و سیاسییەکان لە هەموو جێگایەکدا سەرمایە کۆدەکەنەوە و ڕێگە بەخۆیان دەدەن، کە پارە و پلە و پایە یاخود بە ڕاسپاردنەکان بکڕدرێن، ئەوان بەگوێرەی ئەو زمانە پیشەییەی لەلای تاوانباران هەیە، لە ژووری کارگێڕی دامەزراوەکان، دادەمەزرێن یاخود دەمیان چەوردەکرێت یان لە ڕێگەی شێوەکانی پارە خەرجکردنی سوودمەندانەوە کاریان تێدەکرێت.

هەروەها هاوڵاتیان ناچاردەبن بۆ نموونە لەپێناو کاری ژیانی ڕۆژانەدا کە لەسەر بناغەی بەرتیل دامەزراوە، باجی خۆیان یان باجی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاکی کەڵەکەبوو بدەن.

بەڵام گەندەڵی بەر لە هەر شتێك کۆڵەکەکانی دەوڵەتی یاسا لاواز دەکات و متمانە بوون بە بڕیارەکانی دەوڵەت ناهێڵێت، کە هەر ئەمەشە جاڕسبوون لە



سیاسەتمەداران زیاد دەکات (دیر شبیگل ٢٠٠٢/٣/١٨) فلفلگنگ فورنیس، لە یەکێتی دیموکراسی مەسیحی و وەزیری ئابووری لە هەرێمی براندینبورگ، لەپێناو یەکێك لە شێخەکان، قەرزێکی بە بەهای یەك ملیۆن دۆلار وەرگرت و لە ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە، دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام تۆمەتی بەرتیل خۆری ڕەتکردەوە (شتوتگارتر تسایتونگ ٢٠٠٢/١٢/١١).

بەهۆی تاڵانی و پرۆسەی گزی و تەڵەکەبازی، کۆمپانیای هاوبەشی هێڵەکانی ئاسنینی ئەڵمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٩ ڕووبەڕووی زیان بووەوە کە بەملیۆنان دەژمێردرا.

دواتر هەریەك لە بەڕێوەبەری کارەکە و بەڵێندەری دامەزراندنی هێڵی ئاسنینی کۆمپانیاکە لەلایەن هۆبەی دژایەتیکردنی گەندەڵی لە دادگای پلە دووی فرانکفۆرت تۆمەتبارکران، یەکەمیان بەزیندانیکردنی سێ ساڵ و یانزە مانگ و دووەمیشیان بەزیندانیکردنی سێ ساڵ و شەش مانگ سزادران (فرانکفۆرتەر رونداشو ٢٠٠٢/١١/١٧).

ئایا دەڵێن ئەڵمانیا: خاکی پیاوە پاکەکانە؟... ئەو خاکەی کە تیایدا دەرفەتێك بۆ گەندەڵی نییە؟... نەخێر، ئەمە بە هیچ شێوەیەك ڕاست نییە، چونکە کۆمەڵێك کاری ئابڕووبەرانە هەیە، هەر لە (چێشتخانەکانی کارتل/ لەمیونیخ، تا دەگاتە چەتەگەرییەکانی کۆلۆنیا و کەیسەکەی کۆڵ.

لەم وڵاتەدا کە گەندەڵییەکی کەڵەکە بوو هەیە، جگە لەژمارەیەکی کەم نەبێت، کەس چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد، کە لەسایەی نەتەوەیەك لە گەورە نەتەوەکانی پیشەسازی لەسەر ڕووی زەوی و هەروەها لە سایەی دیموکراسییەکی چەسپیوو ڕەگداکوتاودا ئەوە هەبێت، بەڵام ئێمەی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) ئەوە زۆر بەلامانەوە سەیر نەبوو، چونکە ساڵانێك بوو هەمووانمان لەکاریگەری ئەو گورزە

ئاگادار کردبووەوە کە ڕووبەڕووی خاوەنەکەی دبوەوە، واتە لە کاریگەری ئەو وەهمەی کە پێیوابوو، ئەو دامەزراوانەی لە دەرەوەڕا بە شێوەیەکی تەواو سیستماتیك مومارەسەی گەندەڵی دەکەن، ئەوا لە نیشتیماندا بە مۆڕاڵییەت جیاوازتر کارەکانیان بەڕێوە دەبەن.

گۆڕەپانێك لە گۆڕەپانەکانی ئابووری یان پارتێك لەپارتەکان نەماوە، کە لە دژی زیانی گەندەڵی ڕانەوەستێتەوە، چونکە زیانەکەی گەلێك گەورەیە، هەروەها ئەوەی جێگەی سەرنجدانە، هەر سەرمایەی بەرتیل نییە، بەڵکو دەستکەوتە خراپەکان و هەندێك جاریش وەبەرهێنانە ناپێویستەکانە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ئاستەمە بتوانرێت زیانەکان بە ژمارە بخەمڵێنرێت، بەتایبەتیش لە کاتی دابەشکردنی ڕاسپاردنە گشتییەکانی بیناکردن. لە کۆتایشدا پیشەسازی بیناکردن بەپێی ئەو ڕیفراندۆمەی کە (شەفافییەتی نێودەوڵەتی ) لەسەر ئاستی جیهانیدا بە ئەنجامی گەیاندووە، خاوەنی بازاڕە لە جیهانی گەندەڵیدا، بەتەنیا لە ئەڵمانیا زیانی ساڵانە دەگاتە بڕی پێنج ملیار یۆرۆ.

کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٣ ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆمان لە بارەی گەندەڵی لە جیهاندا بەرزکردەوە، هنزیورگ ئلزهورستی سەرۆکی لقی ئەڵمانیامان لە بارەی بارودۆخی کۆماری فیدراڵییەوە وتی: تەنانەت لە ئەڵمانیاش وەکو ئەو ئابڕووچوونانەی کە لە کۆلۆنیا و شارەکانی تر ڕوویاندا یان پیتاکە نامەشروعەکانی هەڵبژاردن، بەجێگەی سەرنجدانی خەڵکی بۆ گەندەڵی دەمێنێتەوە. ئەم دەستەواژەیەش (کۆماری مۆزی ئەڵمانیا Bananarpublik Deutschland، BRD) لەسەر وێردی زمان بەردەوامە. ئەوەی گومانیشی تێدا نییە، ئەوەیە کە ئابڕووچوونەکانی گەندەڵی، دیسان پشکداری دەکەن، لەو نا ئارامییەی بە شێوەیەکی هەڵکشاو و دراماتیکی لە بواری سیاسیدا هەیە.

هەر بۆیە پێویستە سیاسەت و ئابووری ئەوە بۆ هاوڵاتی نیشان بدەن، کە کار بۆ دۆزینەوەی ڕێسای ڕەفتاری نوێ و ئاکاری ئابووری تازە و دژایەتی گەندەڵی



دەکەن. هەرچی ئاستی خراپی ڕەوشی کۆماری فیدراڵیشە ئەوا پێرستە تایبەتییەکەمان بەدرکپێکردنی گەندەڵی (CPI) ئاشکرای دەکات. ئەوەتا لەم ساڵانەی دواییدا، ئەڵمانیا بەردەوام لەدابەزین و خراپبوون دایە. لە ساڵی ١٩٩٩ دا لە کۆی (٩٩) خاڵ لە پلەی (١٤)دایە، لە ساڵی ٢٠٠٠ لەکۆی (٩٠) خاڵ داکشاوە بۆ ئاستی (١٧)، لە ساڵی ٢٠٠١ بۆ پلەی (٢٠) لە (٩١)، لەساڵی ٢٠٠٢، ژمارە (١٨)ی بەدەستهێناوە، بەڵام بەهای خاڵەکان دابەزیوون.

بەگوێرەی ڕاپرسییەکی پەیمانگای فورزا، کە گۆڤاری ئابووری ئیمپولزە لە نێوان بەڕێوەبەرانی دامەزراوە بچووکەکان و دامەزراوەکانی سەر بەچینی مامناوەند، لە ساڵی (٢٠٠٢) بە ئەنجامی گەیاندووە، گەیشتووەتە ئەو دەرەنجامە ترسناکەی کە لە (١٤٪)ی ئەوانەی ڕاپرسییەکە گرتوونیەتەوە، لەبەرامبەر سەودانامەیەکدا و بۆجارێکیش بێت بەرتیلیان داوە. هەروەها لە (٥٤٪) ئەو کەسانەی کە ڕاپرسییەکە گرتبوونییەتییەوە، لەبەر ئەوەی بەرتیلیان نەداوە، بۆ جارێکیش بێت ڕاسپاردنیان لەکیس چووە. هاوکات لە (٥٥٪) لەگەڵ ئەوەدا بوون کە ڕاسپاردنە گشتییەکان ئاراستەی دامەزراوە گەندەڵکارەکان نەکرێت و لە (٨٤٪)یش جەخت لەسەر توندکردنەوەی یاساکانی دژ بە گەندەڵی دەکاتەوە.

هەرچی میخائیل فیهنە، کە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٢، سەرۆکی لقی ئەڵمانیای شەفافییەتی نێودەوڵەتی بوو، بەم جۆرە مەسەلەکە دەبینێت: "هێشتا ئامادەیی بۆ گەندەڵی لە ئەڵمانیا، چ جای لە ئاستی چینی مام ناوەند و لە ئاستی گشتی گەلدا بێت، زۆر گەورەیە. هیچ شتێك بەبێ دیاری جێبەجێ نابێت، ئەمەش لە زۆربەی کۆمەڵگە ناوازەکاندا مەئلووفە و خەڵکیش بەچاوی گەندەڵی لێی ناڕوانن، چونکە هەمیشە ئەم مەسەلەیە هەروابووە".

کاتێك پەیمانگای فورزا، ڕاپرسییەکەی بەئەنجامگەیاند، بەتایبەتیش لەنێو ئەو دامەزراوانەی کە بەرتیلیان دابوو، لە (٢٩٪) دانیان بەوەدا نا، کە بەرتیلیانداوە بە پسپۆڕانی ڕاسپاردنە گشتییەکان، هەروەها لە (٥٩٪) ناچاربوون کە پارە

بدەنە خاوەن ڕاسپاردنەکان لەکەرتی تایبەت، دیسان لە (١٢٪)یان پارەیان داوەتە خاوەن ڕاسپاردنەکانی کەرتی گشتی یاخود هاوشێوەکانی لە کەرتی تایبەت.

لە ساڵی (١٩٩٤)ەوە، ئیدارەی فیدراڵی تاوانەکانی (Bundeskriminalmt, BKA )، وێنای گەندەڵی لە بارودۆخی فیدراڵیدا ڕێکدەخات، بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەی حاڵەتەکان لە ساڵی یەکەمدا (٢٥٨) حاڵەت بوو، ئەوا لە ساڵی (٢٠٠١) بۆ (١٢٧٨) کەیس هەڵکشا، لەگەڵ بوونی (٧٩٦٢) تاوانکاری و (٢٢٦٢) کەسی گومانلێکراو کە بەو کارە هەستاون. دیسان ئەمەش بەزەرووەرەت واتای ئەوەنییە، کە لەم حەوت ساڵەدا گەندەڵی بۆ پێنج ئەوەندە زیادی کردووە، بەڵکو تەنیا سەرنجدان لەم حاڵەتانە چڕتربووەتەوە، چونکە گەندەڵی بەزمانی پۆلیسی ئەڵمانی تاوانێکە و لەلایەن فەرمانگەکانی ڕاوەدوونانی تاوانکارییەوە بەدووی ناکەوێت، تەنیا ئەو کاتانە بێت کە مومارەسەی گەڕان و پشکنین دەکات، واتە سەپاندنی چاودێری بەسەر شتێکدا.

لەگەڵ ئەوەی لە ئەڵمانیا گەندەڵی وایلێهات ببێتە شتێکی بەرچاو و زیاد بکات، بەتایبەتیش لە ساڵانی نەوەدەکاندا و لەسەنتەرە قەرەباڵغەکاندا، ئیتر (سەنتەری نوێنەرایەتی گشتی خاوەن فشار) دامەزران، نموونەی ئەمەش وەکو ئەوەی کە فلفنگنگ چاوبنشتایز لە فرانکفۆرت دایمەزراند، هەڵبەتە ساڵانێك بوو لە فرانکفۆرت گەندەڵی ڕووی لە هەڵکشان دەکرد، بۆ نموونە لە فەرمانگەکانی دامەزراندنی ڕێگاوبانەکان. لێرە تەنیا دامەزراوە ناوازەکان ڕاسپاردنی لەخەشتەبردن (المغرية)یان فەراهەمدەکرد.

لێرە دامەزراوەکان دەرفەتی جۆربەجۆریان دەقۆستەوە بۆ ئەوەی کارمەندانی فەرمانگەکان لەخشتەبردن، بۆ نموونەی ئەگەر کارمەندێك جەژنی لە دایکبوونی لەبەردەمدا بوویێت یاخود بەنیازبوویێت مۆڵەت وەربگرێت، هەروەها شتێکی



سروشتیش بوو کە لە ڕۆژانی چەژندا، بۆ نموونە جەژنەکانی لە دایکبوون و جەژنی فەسح دا بەرتیلیان پێبدرێت، سەرباری ئەمەش دامەزراوەکانی بیناکردن، خانووبەرەی بۆ ئەو کارمەندانە دروستدەکرد، کە بڕیاری یەکلاکەرەوە لەدەستیاندا بوو. هەروەها ڕۆنی سۆپایان پێدەدراو باخچەکانیان چاودێری دەکراو گەشتیان بۆ ڕێکدەخرا. دیسان بەهەمانشێوە لە بواری تەکنەلۆژیای پەیوەندیگرتندا لە فرۆکەخانەی فرانکفۆرت کارئاسانی دەکرا. زیاتر لە سی دامەزراوە هەبوون کە ڕێککەوتننامەیان لەگەڵ کارمەندانی فرۆکە ئیمزاکردبوو، کە بەو پێیەش زامنی ئەوەکرابوو، دامەزراوەکان لە دابەشکردنی گرێبەستەکانی ڕاسپاردندا مامەڵەیەکی جیاواز بکەن لەگەڵیاندا. ئەوەبوو ئەو کارمەندانە دامەزراوەی تایبەت بەخۆیان دامەزراند و لەڕێگەیەوە هەژماری دەستکەوتە خەیاڵی و وەهمییەکان بۆ کۆمپانیا گەندەڵکارەکان دەکرا. کاتێکیش گرێبەستی فیدراسیۆنی پیشەسازی (کارتل) لەکیس چوو و پووکایەوە، تەواوی ئاستی گەندەڵییەکان ئاشکرابوون، دواتریش نوێنەرایەتی گشتی لە فرانکفۆرت لێکۆڵینەوەی لەگەڵ (١٧٠) تۆمەتباردا ئەنجامدا.

تەنانەت (کۆمەڵەی هاریکاری تەکنیکی) کە لەسەرتاسەری جیهاندا، مومارەسەی چالاکییەکانی خۆی دەکات و ژمارەی کارمەندەکانی دەگاتە دەهەزار کەس و دامەزراوەیەکی پەرەپێدانە، لە لێپرسینەوە بەدوور نەبوو. ئەوەتا لەسەنتەرێکی نزیك بە فرانکفۆرت سێ کەس لەبەشی گواستنەوە بە بڕی ملیۆنان دەمیان لەلایەن دامەزراوەکانی گواستنەوەوە چەورکرا. بێگومان دەکرێت ئەم حاڵەتە لەسەرجەم لقەکانی دووبارە بکرێتەوە. بەهەمان شێوە لەشارە گەورەکانی دیکەی ئەڵمانیاش هەمان حاڵەت بوونی هەیە، لە شاری میونخ تیمێکی تایبەتمەند لە نێوان ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠١) لەکۆی (١٦٢٠) حاڵەت لێکۆڵینەوەی لەگەڵ (١١٩) حاڵەتیاندا کردوو بەسزادانی دارایی کۆتاییان هات، گەورەترین کاری ئابڕووبەرانەش لە ئامێزی هەرێمی باڤاریا (واتە: میونخ)

ڕوویداو بە (چێشتخانەی کارتل) ناودەبرێت. لەم چێشتخانەیەوە خواردن ڕەوانەی چێشتخانەکانی دامەزراوە مەدەنییەکانی وەکو خوێندنگە و باخچەی منداڵان و نەخۆشخانەکان دەکرا.

ئەو کەسەی کە بەرپرسی یەکەمی ئەم گەندەڵییە بوو، تەمەنی ٤٣ ساڵ بوو، کە بڕی ٢,٥ )ملیۆن مارکی خڕکردبووەوە. ئەوەبوو دواتر بەزیندانیکردنی هەشت ساڵ و سێ مانگ سزادراو کەسێکی تریش کە تۆمەتبارکرابوو لە هۆبەی بیناسازی خۆی کوشت. هەڵبەتە ئەم حاڵەتە جگە لە لوتکەی چیایەکی سەهۆڵی چتیر نییە. دیارە ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە نووسینگەی ڕاوێژکاری لە فرانکفۆرت (KDM) ئامادەی کردووە، دەریدەخات بەشێکی زۆری حاڵەتەکانی گەندەڵی ئاشکرا ناکرێت بەتایبەتیش لەلایەن دامەزراوە گەورەکانەوە، بۆ ئەوەی زیان بەناوبانگیان نەگات، بگرە لەناوخۆدا کاردەکرێت بۆچارەسەرکردنی ئەم حاڵەتانە، جا یاخود ئەوەتا ئەو کارمەندانەی گومانیان لێدەکرێت ڕەوانەی بەردەم دادگا دەکرێن یان لەکارەکانیان دوور دەخرێنەوە بێئەوەی لایەنە فەرمییەکان ئاگاداربکرێنەوە. بەتەنیا لە ئەڵمانیا و لە ڕێگەی نووسینگەی ڕاوێژکاری (KDM)یەوە، لە ماوەی یەك ساڵدا (١٠٠،٠٠٠) حاڵەتی گەندەڵی دەخرێتەڕوو.

گەندەڵی بەرفراوان، لە ڕێگەی پیلانگێڕی و دەستی درێژەوە کاری بۆ دەکرێت و زۆر بەوردی لە ڕێگەی توێژێك لە کارمەندان و دامەزراوە و سیاسییە بێ بەزەییەکانەوە جێبەجێ دەکرێت. لە پشکداریکردنێکدا کە بۆ گۆڤاری پۆلیسی تازە (Die neue Polizei) ئامادەکراوە، فلفگنك چاوبنشتاینر دەڵێت: "هیچ شتێك بۆ ڕێکەوت بەجێناهێنرێت و بەدرێژایی کاتیش بەوردی پەیوەندییەکی تۆکمە لەگەڵ ئیدارە و کارمەند و پارتە سیاسییەکان لە پێناو سوود و تێوەگلانیان لە کاتێکی دیاریکراودا پێکدەهێنرێت".

دیسان تاوەکو ئەمڕۆ لە ئەڵمانیا تۆماری ناوەندی ئەو دامەزراوانە نییە، کە هەوڵیانداوە بەرتیل پێشکەش بەلایە گشتییەکانی ئەڵمانیا بکەن، هەروەها



یاسایەك نییە کە تیایدا ئەوە نووسرابێت ئەو دامەزراوانەی ناویان تۆمارکراوە بە بەردەوامی مافی ئەوەیان نەبێت ڕاسپاردن (تکلیف)ە گشتییەکان بەدەستبهێنن. دیارە لقی ئەڵمانیای (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) هەوڵەکانی خۆی لە پێناو داڕشتنی یاسایەکی لەم شێوەیە چڕکردووەتەوە، بەتایبەتیش لەدوای ئابڕووچوونەکەی کۆلۆنیا، پێدەچێت دەرفەتێك هەبێت، تەنانەت وەزیری ئابووری ئەڵمانیاش هەموو قورساییەکی خۆی لەبەرژەوەندی ئەم مەسەلەیەدا داناوە. لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٢ حکومەتی هەڤاڵبەندی سوور و سەوزی فیدراڵی (پارتی کۆمەڵایەتی دیموکراسی و پارتی سەوز) پرۆژەی یاسایەکی گونجاویان دانا، بەڵام بۆ دووجار لە پەرلەمان ڕاگیرا، چونکە پرۆژەکە جۆرێك لە کەموکوڕی پێوە دیاربوو، وەك ئەوەی بەگەڕخستنی ئەو کرێکارانەی کەناویان تۆمارنەکرابوو، هەروەها پرۆژە کە چەند هۆکارێکی پەیوەست بە دەوڵەتی یاسای لە خۆی گرتبوو کە دەبوونە مایەی نیگەرانی هەرێمە فیدراڵییەکان.

بەڵام سازاندنی پرۆژە یاساکە، دەرفەتی ئەو دەدات لەپەرلەماندا گوزەر بکات، چونکە لە چەند هەرێمێکی فیدراڵی و کۆمۆنەکاندا ئەم جۆرە تۆمارە دانراوە، لەوانەش هیسن، زاکس ئەنهالت، نۆردراین، ستفالیا. بێگومان خەوشی گەورەی ئەم تۆمارە لەوەدایە کە تەنیا لەلای لایەنە فەرمییەکانی خاوەنی ڕاستگۆیی- المصداقیە-یە. دیسان بوونی ئەم تۆمارە لەلای حکومەتە هەرێمیەتییەکان ڕێگری لەوە ناکات کە لەلایەن شار و دەڤەرەکانییەوە کە ڕاسپاردن وەربگرێت، جگە لەمەش کۆمۆنەکان پابەند نین بەوەی کە لەسەرمایەی ئەو کەسانە وردببنەوە، کە بەشداری لە کەمکردنەوەدا دەکەن، ئەویش لە ڕێگەی ئەو لیستانەی کەهەن.

بوونی گەندەڵی لەسەر ئاستی نەتەوەیی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بڵاوە و کار لەکارترازاوە، پاشان هەریەك لە وەزارەتەکانی ناوخۆ، داد، هاریکاری ئابووری،

ئابووری، پێیانوایە کە ئەوان تەنیا بەرپرسیارن لە چەند لایەنێکی جیاوازی کێشەکە نەك هەموو بابەتی گەندەڵی. هەڵبەتە ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کە گەندەڵی ڕێکەوتننامەی هەڤاڵبەندی لاتەریك دەکات و ئەوەی دەمێنێتەوە جەماوەرە کە لەهەر کاتێك زیاتر گرنگی پێدەدات.

ڕەنگە گونجاوتر بێت کە گرنگی سیاسی پێبدرێت، هەروەها لەلایەن پەرلەمانیشەوە. دیارە لەتەك تۆماری دامەزراوە گەندەڵکارەکان، ئەرکە گرنگەکانی یاسادانان هەیە، بەتایبەتیش یاسای تایبەت بە ئازادی دەستاودەستپێکردنی زانیارییەکان (Informations Freiheitsgesetz) لەسەر ئاستی فیدراڵی. ئەم یاسایە بەڵێنێکی هەڤاڵبەندی سوور و سەوزە لەساڵی (١٩٩٨)ەوە، بەڵام لە جەنگەڵی بەرژەوەندی بیرۆکراسیەتدا بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، تەنانەت یەکێتی پیشەوەرانی ئەڵمان ( Bunde der Deutsche BDI Industrie,) دژی ئەم یاسایە ڕاوەستایەوە، ئەویش وەکو دەگوترێت مەسەلەکە پەیوەستە بە پارە و کار و هەڕەشەکردن لەسەودانامەکان. هەڵبەتە ئەمە کێشەیەك نەبووە لەهەر چوار هەرێمە فیدراڵییەکەی کە ئەم یاسایە و یاسا هاوشێوەکانی تری نموونەی (پاراستنی ژینگە)ی تێدایە. هەروەها بەهەمان شێوەش لە وڵاتانی تری پیشەسازی کە تیایدا هاوڵاتیان دەگەنە زانیارییە گشتییەکان لە ڕێگەی گەرەنتی یاسایی و تەنانەت بە یاسای دەستووریش، کە ئەمە بۆ خۆی لەدێر زەمانەوە شتێکی بەڵگە نەویست بووە. دەستاودەستپێکردنی زانیارییەکان زۆر لە قەدەغەکردنی گەندەڵی بەرفراوانترە، چونکە ڕۆحی دیموکراسییەت لەوێدا جێگۆڕکێ دەکات و بەشێکی گەورەی بەرژەوەندییە گشتییەکان سەقامگیر دەبێت: واتە لە ئیدارەی گشتی، پاشان ئەزموونی وڵاتانی ئەسکەندەنافی ئەوەیان ئاشکراکردووە، کە کۆمەڵگەی کراوە و ناسراو بەشەفافییەت تەنیا وەسیلەی نموونەیە لە دژی گەندەڵی بڵاو لە ئاستێکی بەرفراواندا.



لەگەڵ هەموو ئەو چاکسازیانەی کە لە ئیدارەدا دەکرێت، کەچی ئەڵمانیا بەدەولەتی چینی باڵا دەمێنێتەوە و دۆسیەی نهێنییە و جەماوەر پێناگات، ئەمەش هاندەرە بۆ دروستکردنی کەشێکی مشەخۆری لەسەر نهێنی و دامەزراندنی چەند ناوچەیەکی پەنهان ئامێز لە نێوان مەشروعییەت نامەشروعییەتدا، کە بانگەشەی گەندەڵی تایبەت دەکات.

بە پێچەوانەی زۆرێکیش لە وڵاتانی تر و ڕەوتە باوەکانی یەکێتی ئەورووپا، دەمەزراوەکانی ئەڵمانیا توانای سەپاندنی سزادانی نییە، کە ئەمەش پێویستی بە بایەخپێدانی سیاسی هەیە، مادامەکی گۆڕانکاری دەچێتە قوڵایی لە میتۆدگەرایی یاسای ئەڵمانیدا.

تاوەکو ئێستا لە ئەڵمانیا کاتی ئەوە نەهاتووە جیاوازی لەنێوان ڕەوا و ناڕەوادا بکرێت و سزای ئەو دامەزراوانە بدرێت کە گەندەڵکارن، بەڵکو تەنیا سزای کارمەندان دەدرێت، لەم بوارەدا میخائیل فیهن دەبێژێت: "دامەزراوەکان هەر بە تەنیا لەبەرامبەر خاوەنەکانیان و بەکرێگیراو و ئەوانەی کاری تێدەکەن بەرپرسیار نین، بەڵکو لە بەرامبەر ئەو کۆمەڵگەیەش کە کاری تیادا دەکات بەرپرسیارن، کاتێکیش بە ئاشکرا و بە ئاگاداری پێشێلی حورمەتی ئەو بەرپرسیارێتییە دەکەن، بۆ نموونە بە گەندەڵی ئەوا پێویستە لێپرسراوێتی تاوانیان بخرێتە ئەستۆ و سزای دارایی بدرێن. دیارە ئەم یاسایە کە پێی تاوانبار دەکرێن لە زۆرێکی وڵاتان و ئەورووپاشدا هەیە و لەئەوروپا برەوی پێدەدەن و داوای دەکەن".

بەڵام تاوەکو ئەمڕۆ لە ئەڵمانیا ئەوە کەسانی ئاسایین نەك مافناسەکان کە دەستی تاوان درێژدەکەن و هەرچی بەرپرسیارێتی دامەزراوەکانیشە (یاسای کارتل) و یاسای لەباربردنی نیزام ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

لەساڵی (١٩٩٧) دا حکومەتی هەرێمی هیسن لەسەردەمی حکومەتی سوور و سەوزی ئەو کاتەدا، پێشنیازی یاسایەکی گونجاویان لە پەرلەمانی فیدراڵیدا کرد، بەڵام کە دواتر حکومەتێکی تری فیدراڵی هات پێشنیازەکەی ڕاکێشایەوە. بەر

له تازەترین هەڵبژاردنی فیدراڵیش لقی ئەڵمانیای (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) بۆچوونی پارتەکانی زانی و خۆشبەختانەش پێیان باش بوو، کە ئەو یاسایە کاری پێ بکرێت و وایدەبینین لەڕووی سیاسیشەوە پێویستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کار ماوە کە پێویستە بکرێت و (شەفافییەتی نێودەوڵەتی)ش لەلایەن خۆیەوە پشکی گەورەی هەبووە، لەو گۆڕانکارییە یاساییانەی کە لە ئابووری و سیاسەتی وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیا پێیگەیشتوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا زۆرێك لە وڵاتان و بازاڕەکان مرۆڤ تیایدا ناچارە بەرتیل پێشکەش بکات، بۆ ئەوەی لەنێوکار و سەودانامەکاندا بمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە یاساگەلێکی تازە لە وڵاتانی بیانیدا گەندەڵی دەخاتە ژێر باری سزادانەوە.

سەرباری ئەو سەرچڵیە زۆرەی کە دامەزراوەکان ئەنجامی دەدەن، ئەوا تێڕوانینێکی تازە بۆ شتەکان لە ئارادایە بۆ خۆدەربازکردن لەبازنەی گەندەڵی شەیتانی یاخود وازهێنان لەبازاڕە هەڕەشە ئامێزەکان.

دیارە ئەمەش هەر بەهۆی پاڵنەری سڵەمینەوە لەڕاوەدوونانی تاوانبارێتی نییە، بەڵکو لەژێر کاریگەری درککردنە بەوەی کە گەندەڵی باجەکەی زۆر گەورەیە و پڕیشە لە مەترسی و سەرچڵی و کاردانەوەی خراپیشی لەداهاتووی دووردا بۆ سەر ئابووری ئازاد دەبێت.

هەڵبەتە پاش ئابڕووچوونەکانی ساڵانی ڕابردوو جەماوەری ئەڵمانی بوونەتە خاوەنی هەستیارییەکی بەرز لەبەرامبەر گەندەڵی سیاسیشدا، هەروەها هاوڵاتیان پابەندبوون و وردبینترین و هاوسۆزیان لەگەڵ ئەندامانی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی)دا هەیە، پاشان شتێکی گرنگتر سووربوونی ڕۆژنامەنووسانە لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکانیان و ڕێگەنادەن بەهۆی مەرج و ئاستەنگەکانەوە هەوڵەکانیان بەهەدەر بچێت و بەردەوامیش دەبن لەسەر مومارەسەکردنی توێژینەوەکانیان و ناردنی ڕاپۆرتەکان.
ڕەنگە ئەم گۆڕانکارییە لەڕای گشتیدا گرنگترین سەرکەوتن بێت لەخەباتی دژ بە گەندەڵیدا.



## ١٦- کۆڵ و دەستەیەک لەخاوەن بەرژەوەندی و پاشبەندەکان

پڕوپاگەندەی ئەوەی کە گوایە توانای کڕینی سیاسەتی ئێمە هەیە و، شیاوی بەرتیلە لەچوارچێوەی ئەو پیتاکەی کە لە ڕێگەی منەوە گەیشتووەتە یەکێتی کرستیانی دیموکراسی (CDU)، مایەی بێزاریمە و دیسان جێگەی ناماقوڵیەتە. من هەرگیز لەژیانی سیاسیمدا ناکڕدرێم (ڕاوێژکاری پێشووی فیدراڵی، لە ٢٩ حوزەیرانی ٢٠٠٠ لەبەردەم لیژنەی لێکۆڵینەوە لەو پیتاکەی کە لە پەرلەمانی فیدراڵییەوە هەڵقوڵاوە).

لیژنەی ناوبراو بڕیاریدا کە یەکێتی کریستیانی دیموکراسی، لەسایەی دکتۆر کۆڵی ڕاوێژکاردا لە هەشتا و نەوەدەکاندا،دەستیکردووە بە پەیڕەوکردنی نامەشروعیانەی سیستمی دارایی و ڕۆیشتن لەسەر ئەو هێڵەی کە پێشتر نەخشەی بۆ داڕشتووە، بێ ئەوەی دەستبەرداری ببێت، هەروەها لیژنەکە جەختی کردەوە کە پارتی ناوبراو ئەم جۆرە کارکردنەی بەنهێنی و شاردراوەیی هێشتوەتەوە و حسابەکانی بەناوی لایەنێکی ترەوە لە ئەڵمانیا و سویسرا و لۆکسمبۆرگ تۆماردەکرد و دەشاردەوە، کە ئەو پارەیەش لە ناوەوە و دەرەوە دەگەیشتە ملیۆنان (هەڵسەنگاندنی لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە پیتاکی پارتەکان بۆ خولی چواردەیەمینی هەڵبژاردنەکان).

بینەرانی تەلەفزیۆن دەزانن کە لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩، هێلمەت کۆڵی ڕاوێژکاری پێشوو، لەمیانەی وەرگرتنی پۆستەکەیدا نزیکەی یەك ملیۆن مارکی لە شێوەی پیتاك وەرگرت و ئەوەش بە شێوەیەکی نامەشروع و بەپشتگوێخستنی گشت دەستەی پارتەکەی ڕوویدا.

دیارە ئەوە پێشێلکردنی یاسای پارتەکان بوو، هەروەها کۆڵ لە کاتی چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ کەناڵی دووی تەلەفزیۆنی ئەڵمانی

بەڕاشکاوانە و بەبێ دوو دڵی دانی بەوەدا نا، بەڵام ئاماژەی بەناوی ئەو کەسانە نەکرد کە پیتاکەکانیان پێدابوو، چونکە بەڵێنی شەرەفی پێدابوون.

دیارە ئەو کەسانەش لە دۆستانی و هاولاتیانی فیدراڵی بوون، بێگومان هیلمەت کۆڵ ناخوازێت بەوە بلێت بەرتیلخواردن، بەڵام ئەم ئابڕووچوونە تەواوی کۆماری ئەلمانیای فیدراڵی هەژاند و لە ئێستاشدا ئەوە ناسراوە.

لە ٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠ دادگای گشتی لە بۆن دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ڕاوێژکاری پێشوودا، ئەویش بەهۆی گومانکردن و دەستپیسی کۆڵ، هەر لەبەر ئەمەش بوو کە ناوبراو بەو پێیەی سەرۆکی شەرەفی یەکێتی کریستیانی دیموکراسی بوو، وازی لە پۆستەکەی هێنا.

هاوکات لقی پارتی ناوبراو لە هیسن ئابڕووچوونێکی تری لێدەرکەوت و ئاشکرابوو کە لەم ویلایەتە بەدرێژایی سالانی پێشوو بە شێوەیەکی نایاسایی پیتاکی کۆکردووەتەوە و لەبانکەکانی لیشتنشتاین و سویسرا وەکو ئامانەتی جووەکان حسابی بۆ کردووەتەوە و لە شەڕەکانی هەڵبژاردندا بەکاریهێناوە، هەڵبەتە ئاشکرابوونی ئەم ئابڕووچوونانە لە تشرینی دووەمی ١٩٩٩ ڕوویدا، کاتێ هەواڵ و دەنگۆی لێکۆڵینەوەکانی دادگای گشتی لە ئۆگزبورگ لەدژی ڤالتەر لایزلرکیپ بەرپرسی گەنجینەی پارتی کریستیانی دیموکراسی بڵاوبووەوە.

ئەوەبوو دادوەرانی گشتی لە باڤاریا گومانی، خۆیان لەبەرامبەر ئەو بەرپرسە نیشاندا و رایانگەیاند، کە ناوبراو لە سالی ١٩٩٩ لەبەرامبەر ئیمزاکردنی سەودانامەی ژمارەیەك زرێپۆش لەگەڵ شانشینی عەرەبستانی سعودی، بڕی یەك ملیۆن مارکی لە یەکێتی کۆمپانیاکانی توسین (Thyssen - Konzern) وەرگرتووە.



لە ڕۆژانی جەنگی کەنداو لە سالی ١٩٩١، شانشینی عەرەبستانی سعودی ترسی ئەوەی لێنیشتبوو، کە بکەوێتە بەر هێرشی کیمیاوی، هەربۆیە ویستی زرێپۆشی جۆری فۆکس (Fuchs) کە ئاشکراکەری ماددەی کیمیاوییە بکڕێت، بەڵام ئەم داوایەی ڕەتدەکرایەوە، ئەویش بەپاساوی ئەوەی گوایە کۆماری فیدراڵی ئەلمانیا ناخوازێت چەك ڕەوانەی دەڤەرە شلۆقەکان بکات، بەڵام سەودانامەکە بە ئەنجام گەیشت، ئەویش بەهۆی نیشاندانی ڕەزامەندییەکی هەلاوێرد (استثنائي)ی لەڕێگەی حکومەتی فیدراڵییەوە و شانشینی عەرەبستانی سعودیەش (٣٦) زرێپۆشی ئاشکراکەری چەکی کیمیاوی بەدەستهێنا. دیارە ئەو زرێپۆشانە هەندێکیان لە سوپای فیدراڵی ئەلمانیا و ئەوانی دیکەش ڕاستەوخۆ لە کۆمپانیای توسین هینشلەوە گەیشتە سعودیە و لەبەرامبەریشدا ئەو ولاتە لەهەمبەر ئەو هاوردەیەدا بڕێکی خەیالی لەپارە پێشکەشکرد، کە گەیشتە (٤٤٦,٤) ملیۆن مارك. هەروەها دواتر و لەئەنجامی بەدواداچوونی دادوەرانی گشتی و ژۆرنالیستەکان ئاشکرابوو کە لەم کەین و بەینەدا (٢٢٠) ملیۆن مارك وەکو بەرتیل دراوە. دیارە بەشێکی زۆری ئەو پارەیە دزەی کردووەتە لای گەورە قاچاخچی چەك (کارلهاینتس شرایبەر) یاخود لای سیاسییەکانی ئێستا و جاران و کارمەندانی تر.

هەروەها دەگوترێت کە وەزیری دەوڵەت لە وەزارەتی بەرگری فیدراڵی هۆلگربفالز (Holger Pfahls) بڕی نزیکەی ١٧ ملیۆنی کۆکردوەتەوە و سالانێکیشە هەڵهاتووە و لە ئاسیادا خۆی شاردووەتەوە.

هەرچی (کارلهاینتس شرایبەر)یشە لە دەست عەدالەتی ئەلمانیا هەڵهاتووە و ئێستا لە کەنەدایە پارەکەشی ڕەوانەی کیپ و پسپۆڕی دارایی لە یەکێتی کرستیانی دیموکراسی (هورست فایراوخ) لە سویسرا کردووە.

لیژنەی لیکۆڵینەوە لە پیتاکەکانی ئەم پارتە سەبارەت بە پرۆسەی گواستنەوەی پارەکان دەڵێن: لە ٢٦ی ئابی ١٩٩١ کارلهاینتس شرایبەر لە سانت مرگرتن لە

سویسرا یەك ملیۆن كاشی ڕادەستی دكتۆر كیپ بەرپرسی گەنجینەی فیدراڵی لە یەكێتی كریستیانی دیموكراسی و هورست فایراوخ كردووە. لە ٢ی كانوونی یەكەمی ١٩٩٩ پەرلەمانی فیدراڵی كە لەلایەن سوور و سەوزەوە كۆنترۆڵكرابوو بڕیاریدا كە لیژنەی لێكۆڵینەوە لەكارە گوماناویەكانی پارتی دەسەڵاتداری پێشوو پێك بهێنێت.

لەو كارە گوماندارانەش فرۆشتنی (٣٦) زرێپۆشی ئاشكراكەری چەكی كیمیاوی بە سعودیە و هەروەها ڕووداوەكانی پەیوەست بە فرۆشتنی پاڵێوگەی لوینا (Leuna)ی ئەڵمانیای خۆرهەڵات و تۆڕی گەنجینەكانی بە یەكێتی كۆمپانیا فەرەنسییە حكومییەكان (ئیلیف ئكیتێن)، هەروەها دەبوو لیژنەكە گرنگی بدات بە فرۆشتنی فڕۆكە نەفەر هەڵگرەكان بە كۆمپانیای هێڵی ئاسمانی كەنەدا و ئایلاند، ئەویش لە ڕێگەی كۆمپانیای ئێرپاسی (خاوەن بەرپرسیارێتی سنووردار) لە كۆتایی هەشتاكان و ناردنی فڕۆكەی (MBB) ستوونی پاسەوانە كەنارییەكانی كەنەدا لەنیوەی دووەمی هەشتاكاندا.

شیاوی باسە تاوەكو ئەمڕۆش هەردوو كەیسی پەیوەست بە زرێپۆشەكان و پاڵێوگەی لوینان، مانشێتی سەرەكی ڕۆژنامەكانن، دیسان ناوی ئۆگنس هورلاند — بونینگ، كە وەزیری پێشووی دەوڵەتە بۆ كاروباری پەرلەمان، هاتووەتە ناو ناوانەوە و دەگوترێت كە ئەمیش لەپاش بەجێهێشتنی پۆستەكەی بەوپێیەی ڕاوێژكاری یەكێتی كۆمپانیاكانی توسینە لەگەڵ دیتر هولتسەری پسپۆڕی پیشەسازیدا ملیۆنانیان چنگ كەوتووە. هەروەها ئەركی ئەم دوو كەسە ڕێكخستنی وتوێژەكانی نێوان ئیلف ئكیتێن و توسین و لەبەرچاوگرتنی كەشی سیاسی گونجاو بووە.

لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٩سنووری ئابڕووچوونەكانی تەشەنەی سەند و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەواڵ و زانیاری تازە سەریانهەڵدەدا.



دواتر هیلمەت كۆڵ هات و بەئاشكرا دانی بەو پیتاكانەدا نا، كە بە شێوەیەكی نامەشروع وەریگرتبوون. هاوكات یەكێكی تر كە لەم ئابڕووچوونانەوە تێوەگلابوو فلفگنگ شویبلەی سەرۆكی یەكێتی كریستیانی دیموكراسی و كەسی دووەم بوو، كە ئەمیش پیتاكێكی كاشی بە بڕی سەد هەزار مارك لە شرایبەر وەرگرتبوو، دیسان ئەمەیش پاش ئەوەی لەگەڵ بریجیت باومایستەری بەرپرسی پێشووی گەنجینەی یەكێتی كریستیانی دیموكراسی ناویان كەوتە ناوناوانەوە، پۆستەكەی بەجێهێشت.

دواتر ئیشەكانی لیژنەی لێكۆڵینەوە ئاڵۆزبوو، كاتێك بەڵگەنامەكان لە نووسینگەی ڕاوێژكاری فیدراڵی هیلمەت، كۆڵ بزربوون، هەر بۆیە لە ڕاپۆرتی كۆتایی لیژنەكەدا هاتووە: لیژنە لە ئەنجامی لێكۆڵینەوە بەراییەكانی پەیوەست بە یاسای دیسپلین كە لەلایەن دكتۆر هیرش (Hirsch) جێگری سەرۆكی فیدراڵییەوە لە ئۆفیسی دكتۆر كۆڵ ڕاوێژكاری فیدراڵی ئەنجامدراوە، گەیشتووەتە ئەو دەرەنجامەی كە سنوورێكی بەرفراواندا گەمە لەدۆسییەكاندا كراوە یاخود بەتەواوەتی دۆسییەكان لەبەرچاو بزركراون، هەرچی ئەگەری لێكۆڵینەوەشە لە پرۆسەكانی بڕیاردانی حكومەتەكەی كۆڵ بە پشتبەستن بە دۆسیە و هاوپێچەكانی، بەتایبەتیش سەبارەت بە بڕیارە سیاسییەكان و هەروەها دزەكردنی پارە بۆ یەكێتی كریستیانی دیموكراسی لەو سیاقەدا، ئەوا كارێكی ئاستەم و مەحاڵە. تەنانەت بەجێهێشتنی دۆسییەكان بۆ لیژنەكانی لێكۆڵینەوەی پەرلەمان، بۆ نموونە لێكۆڵینەوە لە بەتایبەتمەندكردن (خصخصة)ی كۆمپانیای لوینان/ مینول كارێكی گرانە، چونكە دەكرێت دەستكاری دۆسییە بنەڕەتییەكان كرابێت.

لیژنەكە گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی كە بەدەستی ئەنقەست دەستكاری دۆسییەكان كراوە و ئەمەش بە ئامانجی سەرلێشێواندنی لیژنەكەیە. لە ئەڵمانیا هەر بەتەنیا یەكێتی كریستیانی دیموكراسی تێوەگلاو نییە لەگەندەڵییەكان، بەڵكو پارتی

کۆمەڵایەتی دیموکراسی (SPD) کە بۆ ساڵانێك مێژوویەکی پاکوخاوێنی هەبوو، ئێستا لە ڕێگەی دروستکردنی کوورەیەك بۆ سووتاندنی خۆڵ و خاشاك بەبڕی (٨٢٠)ملیۆن مارك لە کۆڵۆنیا، لە گەندەڵییەوە تێوەگلاوە و لەو بڕە پارەیە بڕی هەشت ملیۆن لە ڕێگای ناڕاستەوخۆوە چووەتە گیرفانە تایبەتەکان و هەروەها نزیکەی هەشت سەد هەزار مارکیش لە شێوەی پیتاکدا گەیشتووەتە سندوقی پارتی کۆمەڵایەتی دیموکراسی.

لەم بارەیەوە ئەنکەمارتینی (Anke Martiny) نوێنەری سەرۆکی لقی ئەڵمانیای (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) و پەرلەمانتاری پێشووی سەر بە پارتی کۆمەڵایەتی دیموکراسی دەڵێت: "ئەوەی جێگەی داخە لە کەیسەکەی کۆڵۆنیادا، ئەوەیە کە تێوەگلاوەکان سوور لەوە بەئاگابوون کە ڕەفتاریان نامەشروعیانەبووە".

هەر لەم بارەیەوە گۆڤاری دیرشبیگل بەم شێوەیە باس گەمە تاوانکارییەکان دەکات: سەرەتای پرسەکە بەدیمەنێك دەستپێدەکات، کە دەکرێت بۆ شانۆگەرییەکی پۆلیسیانە بگەڕێنرێتەوە، هەرچی شوێنی شانۆکەشە، بریتییە لە ئۆتێل هلتۆن لەزیوریخ، هەڵبەتە ڕۆژێك لە ڕۆژانی هاوینی ساڵی ١٩٩٤ ژمارەیەك لەو شوێنە بەیەکگەیشتن بۆ دابەشکردنی هەشت ملیۆن مارك لە پارەی ڕەش.

ئەوەبوو یەکێك لە ئامادەبووانی بازنەکە کارل فینانند (Karl Wienand) بوو، کە بەسەری مارەکەی نێو پارتی کۆمەڵایەتی دیموکراسی دادەنراو پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئەندامانی ئەم پارتەدا هەبوو، ئەمە جگە لەوەی لەلایەن دادگاکانەوە بەکەسێکی خاوەن گومان بۆ بەئەنجامگەیاندنی سەودانامەکان دەناسرا.

هاوکات هیلموت ترینکنز (Helmut Trienekens)ی سەرۆکی کۆمپانیاکانی خۆڵ و خاشاك لە ڕاین و ئورلیچ ئایزرمن (Ulrich Eisermann) بەڕێوەبەری



کارەکانی کۆمپانیای کۆڵۆنیا بۆ خۆرزگارکردن لە خۆڵ و پاشماوەکان و لەناوبردنیان (AVG) و دیسان زیگفرید مچلفلدر (Sigfrid Michelfelder) سەرۆکی کۆمپانیای شتاینملر، بۆ دروستکردنی کارگەکان لە گومرزباخ (Gummersbach) ئامادەی بوون، هەروەها ئەو کەسەی کە جانتایەك پارەی هەڵگرتبوو: ئارتۆر هوفمن (Arthur Hofman) بەڕێوەبەری کۆمپانیای ستنای سویسری بۆ تەکنۆلۆژیای هاوبەشی ژینگە (Stenna Umwelttechnilk AG) بەشداربوو.

دواتر تالانکاری دەستپێکرد، ئەوەبوو ئایزر دوو ملیۆنی بۆ خۆی هەڵگرت، هەروەها سەرۆکی پێشووی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دیموکراسی (١،٦)ملیۆن و دواتریش دوو ملیۆنی تری پێدرا، هەروەکو لەدواییدا دانیپێدانا، پاشان هوفمن بووە خاوەنی دووملیۆن و چوارسەد هەزار لە ڕێگەی کۆمپانیاکەیەوە (ستنا) گواستییەوە.

هەڵبەتە هەوڵەکانی سەرکردایەتی پارتی کۆمەڵایەتی دیموکراسی بۆ شاردنەوە و کۆتاییپێهێنان بە ئابڕووچوونەکەی کۆڵۆنیا بە بنبەست گەیشت و شکستیهێنا.

لیژنەی لێکۆڵینەوە لە پیتاکەکانی ئەم حزبە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کارەکانی ئاڵۆزتر دەبوو، کە ئەمەش پرسەکانی فیلك (Flick) لە ساڵی ١٩٨١، ئەمیگۆ (Amigo)ی پەیوەست بە سەرۆك وەزیرانی باڤاری و ماکس سترایبل ( Max Streibl) و حاڵەتەکانی ترمان بەبیردەهێنێتەوە کە ماوەیەکی دوورودرێژە لەیاد چوونەتەوە.

تاوەکو ئەمڕۆش ڕاوێژکاری پێشووی فیدراڵی ئامادە نییە کە ناوی ئەوکەسانە بهێنێت کە لە نێوان ساڵانی (١٩٩٣-١٩٩٨)دا نزیکەی دوو ملیۆن مارکیان بۆ ڕەوانەکردووە و پێشیوایە کە ئەو بەرتیلی وەرنەگرتووە.

شیاوی باسە: تاوەکو ئەمڕۆ لێووردبوونەوە لەو وتەیە نەکراوە، کە لەبەردەم لیژنەی لێکۆڵینەوە لە پیتاکەکانی پارتەکەی خوێندییەوە، کە تیایدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو هەرگیز لە هەموو ژیانی سیاسیدا بەپارە نەکڕدراوە. پێدەچێت لەلای چاودێران کۆڵ کەسێکی شەریف و ئەو پیتاکە زۆرەی کە بە ملیۆنان مەزەندە دەکرێت کاریگەری بۆ سەر هەڵسوکەوتی ژیانی سیاسی نەبووبێت، تەنانەت لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ بەدواداچوونی تاوانکارییەکان هەمان وێنا دەبینن، چونکە وەکو ئاشکرایە زنجیرە ڕێوڕەسمە یاساییەکان لەدژی کۆڵ ڕاگیران.

بەڵام ئاخۆ تاوەکو چ ئاستێك ڕاوێژکاری پێشووی فیدراڵی کەوتووەتە ژێر کاریگەری کۆمەکە داراییەکان لە بڕیارەکانیدا، ئەوا ئێمە ناتوانین ئەوە بەدەربخەین، چونکە تاوەکو ئەمڕۆ ئاماژەی بەناوی کەسە کۆمەکبەخشەکان نەکردووە.

هەرچی ئەو دەنگۆیەش کە گوایە کۆمەکبەخشەکان بوونیان نییە، ئەمەش دیسان جێگەی گومان و هەڵوەستەکردنە، لەم بارەیەوە لیژنەی لێکۆڵینەوە لەدوا ڕاپۆرتیدا دەنووسێت: لیژنە گومانی لەوە هەیە، کە لە بنەڕەتدا کۆمەکبەخشەکانی دکتۆر کۆڵ بوونیان هەبێت، یاخود لە میانی خۆیەوە بەڵێنی شەرەفی دابێتە کۆمەکبەخشەکان تا ناویان نەبات.

بەپێی بڕوای لیژنەکە پێدەچێت دکتۆر کۆڵ لە ئەندێشەی خۆیدا ئەو کەسە کۆمەکبەخشانەی دروستکردبێت بۆ ئەوەی لەڕۆیشتنیدا لەسەر ڕێگەی ئەم ئەفسانەیەدا ڕووبەڕووی پرسیارگەلێکی لیژنەکە و جەماوەر لەبارەی سەرچاوەی پارەکان ببێتەوە.

لەلای ئێمە وەکو (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) سەرچاوەی ئەو پارەیە هەرکوێیەك بێت، ئەوا واقیعی بابەتیانە ئاشکرا و ڕوونە، هەر بۆیە لەم بارەیەوە میخائیل



فیهن دەڵێت: "ئەو حاڵەتەی کۆڵ حاڵەتی گەندەڵییە و ئەوەش جێگەی گومان نییە، هەروەها بەگوێرەی پێناسەکەش گەندەڵی بریتییە لە ئیستغلالکردنی ناوەندی دەسەڵات لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتدا، کاتێکیش کەسێك، گەنجینەی پارتەکەی بە پارە پڕ بکات، بۆ ئەوەی جارێکی تر هەڵبژێردرێتەوە، ئەمەش دیسان لەبەرژەوەندی تایبەتیدایە". دیسان پەیڤەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە پیتاکەکان کە ئاراستەی پارتی ناوبراو کراون ڕاستییەکان پشت ڕاست دەکەنەوە:

لیژنەکە لەو گۆشەنیگایەوە دەڕوانێت، کە سەرۆك لە ڕێگەی پارەوە و بەدەستی ئەنقەست مومارەسەی نفوزی خۆی لەناو پارتی یەکێتی کریستیانی دیموکراسیدا کردووە بۆ بەرژەوەندی دکتۆر کۆڵ و پشتیوانیکردنی.

دیسان یارمەتیدانی دارایی هاوڕێیانی حزب جێگەی پێشوازیکردنی بووە، هەروەها لیژنەکە وایدەبینێت ئەوەی زیاتر مایەی گومانە دوورخستنەوەی دەستە دیموکراسییەکان و دەزگای چاودێریکردنە لە یەکێتی کریستیانی دیموکراسی لەگۆڕەپانەکەدا و پاشان پشتگوێخستنی ڕێسا و بنەما حزبییەکان وەکو پەیڕەوی بنچینەیی لەم پارتەدا.

بێگومان هەریەك لە یەکێتی کریستیانی دیموکراسی و یەکێتی کریستیانی کۆمەڵایەتی (CSU) بەدوو گۆشەنیگای جیاواز لەمەسەلەکە دەڕوانن، هەرچی ئێمەشە کە خاوەنی ڕێکخراوێکی ناحکومیین گوێ بەو ڕێنماییانە نادەین کە لە سیاسەتی حزبییەوە دەردەچێت و پێمانوایە، کە هەریەك لە هێڵمەت کۆڵ و ئەوانی دیکەی خاوەن دەسەڵات لەسەرکردایەتی ناڕەوا پارەیان وەرگرتووە و بەم پێیەش نەك بەپێچەوانەی یاساوە هەڵسوکەوتیان کردووە، بەڵکو بەپێچەوانەی پرەنسیپە ئەخلاقییەکانیش جوڵاونەتەوە.

هەروەها زۆرێك لەم بەشداربووانە، دیسان لە هەشتاکاندا ڕۆڵێکی سەرەکیان گێڕاوە لەکێشەی فلیك (Flick)دا، کە دەبوو لەوەوە وانەیەك فێربین، بەڵام

هەرچی لیژنەی لێکۆڵینەوەشە بەم جۆرە مەسەلەکەی دارِشتووە: لیژنەکە بریاریداوە و گەیشتووەتە ئەو دەرەنجامەی ئەو کەسانەی لە سیاقی کێشەی فلیك بە شێوەیەکی نارِەوا گەندەڵییان کردووە، لەپێش هەمووشیانەوە دکتۆر کۆڵ و دکتۆر کیپ لوتییە و فایراوخ و تیرلندن لە رِێگەی هەڵە یان پاشگەزبوونەتەوە هەموو رِێسا و بنەمایەکی حزبی و دەستووریان پشتگوێخستووە، کە رِاپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەکێشەی فلیك بۆ داهاتوو دەستەبەری کردبوو، هەروەکو چۆن رِاپۆرتی پەرلەمانتار ئوتۆچیلی (otto schily) یان فەرامۆشکرد، بەڵکو بەردەوامبوون لەسەر مومارەسەی پێشێلکردنی دەستوور و هەق بەبێ وازهێنان و رِاوەستان بگرە شێوازەکانی شاردنەوەی سەرچاوە داراییەکانیان زیادیکرد و درێژەیاندا بە سیستمی شاردراوەی بەدەستهێنانی پارە.

دیارە ئەم حاڵەتانە بوونەتە مایەی بێزاربوونی جەماوەری ئەڵمانی و وایان لەسەرۆکی فیدراڵی کرد، کە لەدوای ئابرِووچوونی پیتاکەکانی یەکێتی کریستیانی دیموکراسی لیژنەیەك پێکبهێنێت و بەو پێیەش ئەم لیژنە بە پێشنیازی چاکسازی یاسای پیتاکی پارتەکان بکات.

ئەوەبوو لەسەر ئەم بناغەیەش پەرلەمانی فیدراڵی یاسایەکی گەڵاڵەکرد و لەرِۆژی یەکی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٣ کاری پێکرد و برِگەی (٢٥)ی یاساکەی کردووە دیسپلین بۆ رِێگرتن لەدووبارە نەبوونەوەی جۆری حاڵەتەکەی کۆڵ.

دیتەر بیالاس (Dieter Biallas) کە لەو رِۆژگارەدا سەرۆکی لقی ئەڵمانیای (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) بوو لەبارەی یاسا نوێیەکەوە دەڵێت: ئەوەندە ناخایەنێت کە هاوکات لەگەڵ یاسا تازەکەدا ئابرِووچوونی دیکە ببینین، بەڵام ئەوەی کە یەکلاکەرەوەیە، ئیرادەی حزبە لە پاراستنی رِێکخستن و هێزەکانی سەرکردایەتی لەکاریگەری نفووزی ئابووری.



هەڵبەتە (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) چەندین پێشنیازی خستبووە رِوو، هەر بۆیە بەبۆچوونی ئێمە ئەم یاسایە بۆ ئەوە هاتووەتە ئاراوە کە ئەم خاڵانە رِەچاو بکات:

★ دیاریکردنی پیتاکی کەسایەتییە یاسای و سروشتییەکان بۆ هەر پارتێك لەپارتەکان کە لەساڵێکدا لە (٥٠٠٠٠) یۆرۆ تێنەپەرِێت، (تاوەکو ئێستا دوا برِی نییە).

★ دیاریکردنی پیتاکی کەسایەتییە سروشتییەکان بۆکەسانی دانراو بەوەکالەت یاخود پاڵێوراوەکان بەبرِی (٢٥٠٠٠) یۆرۆ لە ساڵێکدا (تاوەکو ئێستاش دوابرِی نییە).

★ قەدەغەکردنی پیتاکی کەسایەتییە یاساییەکان بۆ کەسانی دانراو بەوەکالەت یاخود پاڵێوراوەکان (تاوەکو ئێستا قەدەغەنەکراوە).

★ رِێگەدان بە پیتاکی کاش تا ئەوپەرِی (١٠٠) یۆرۆ (دیسان دوابرِی دەستنیشان نەکراوە).

★ جیاوازی بکرێت لەحاڵەتی پابەندبوون بە بڵاوکردنەوەی پیتاکەکان لەنێوان ئاستەکانی فیدراڵی و هەرێمایەتی و شارەوانی یدا، ئەوەی دەگاتە (١٠٠٠٠) یۆرۆ بۆ پارتی فیدراڵی، دیسان بۆ ئەنجومەنی شاریشە، هەندێجاریش (٥٠٠) یۆرۆریە.

★ پێویستە لەسەر گشت دەستەکان سندوقی شەرِی هەڵبژادنەکان دابنێت و دوای شەرِی هەڵبژاردنیش رِاپۆرتی سندوقەکە بڵاوبکاتەوە (تاوەکو ئێستا پابەندبوون بە بڵاوکردنەوەی نییە).

★ پێویستە پیتاکە گەورەکان بڵاوبکرێتەوە، بۆ نموونە لەرِاپۆرتی حسابەکان و هەروەها لەئینتەرنێتیشدا.

★ پێویستە مافی ئەوە بدرێت، کە ئازادانە بگەیتە زانیارییەکان بۆ ئەوەی خەڵکی مومارەسەی ئاشکرا بکەن بەسەر مامەڵەی کەمکردنەوە و هێنراوەکان و ئاشکراکردنی پەیوەندییە گەندەڵییەکان بەتایبەتیش لەئاستی شارەوانیدا.

لە ڕاستیدا لقی ئەڵمانیای (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) بەر لەکێشەی کۆلۆنیا و بەر لە لیژنەی ڕاو (Rau) کە دەبوو یاسایەك بۆ پارتەکان بدۆزێتەوە، ئەم پێشنیازانەی خستەبەردەم جەماوەر.

من پێموایە ئابڕووچوونی کۆلۆنیا بەڵگەنامەیەکی پەیوەست نییە بە ئابڕووچوونی پیتاکی پارتەکان هێندەی ئابڕووچوونێکی گەندەڵیانەی تاوانکارییە و ڕەهەندێکی نامەئلوفی لە ئەڵمانیا هەیە و پێیدەناسرێتەوە.

بەڵام ئەوەی کە گرنگ و چارەنووسسازە ئەوەیە کە لەدوای کوورەی خۆڵ و خاشاکەوە زۆر شت بۆ ئەڵمانییەکان ڕوون بووەوە، بۆ نموونە، گەندەڵی هەر بەتەنیا پارەی بەرتیل نییە، بەڵکو دەبێتە هۆی شکستی وەبەرهێنانە گەورەکان و دەستکەوتی خراپ، دیسان ڕۆتینیش بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندی بەگەندەڵییەوە هەیە، دیارە ئەوەی بەلای ئێمەشەوە وەکو لقی ئەڵمانیای (شەفافییەتی نێودەوڵەتی)یەوە گرنگە بابەتی گەندەڵییە کە بووەتە بابەتێکی سەنتەریالیزم و ئەمەش یارمەتیمان دەدات کە ئەم بابەتە لە هۆشیاری گشتی خەڵکیدا بهێڵێتەوە تا ئەوکاتەی شێوازی ئەکتیڤ بۆ ڕێگرتن لە گەندەڵی و بنەبڕکردنی لە هەموو ناوەندە سەرەکییەکان دێتەئاراوە.



## ١٧- بیمەی تەندروستی (ئەڵمانی)

ڕۆژنامەی (Arztezeitung) پزیشکی، لە ژمارەی ٣٠ی تەمووزی ٢٠٠١دا، باس لە کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە دەکات، کە بوونی هەڵەی ژمێریاری لەژمارەیەك لە سندوقەکانی نەخۆشی لە سەکسۆنیای خواروو، لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٠١ ڕووندەکەنەوە و تێکڕای زیانەکان بە پەنجا ملیۆن مارك دەخەملێنێت، خۆ ئەگەر ئەمە لە سنووری هەموو ئەڵمانیا هەژمار بکرێت، ئەوا ئەو ژمارەیە سنووری ملیارێك تێدەپەڕێنێت، هەروەکو کلاوس تامبێرگ (Klaus Tamberg) سەرۆکی دەستەی پشکنیکی سندوقەکانی فیدراڵی (BKK - chef) ئاماژەی پێکرد، چونکە زیانە کردەییەکان بەڕوونی هەڵدەکێشن، لەبەرئەوەی زۆربەی حاڵەتەکان بە نائاشکرایی دەمێننەوە و زۆرێکیش لەمەسەلەکان تەنیا لە ڕێگەی ڕێکەوتەوە ئاشکرا دەبن (دۆسیەی پرسی "گەندەڵی و گزی لە سیستەمی تەندروستی ئەڵمانیادا" لە لقی ئەڵمانیای (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) ئەیلولی ٢٠٠١).

لقی دەرمانسازی بەیاوەری پزیشککاران بە درێژایی ژیانی پیشەییان دەمێنێتەوە، هەروەها فرۆشیارانی داوودەرمان لە هەموو جێگایەکدا ئامادەن و بەخشیش و دیاری بەدەوروبەری خۆیاندا دابەشدەکەن، دیسان پزیشکە شارەزا و سەربەخۆکان لە عیادەکانیان لە ماوەی ساڵێکدا و بە مامناوەندی (١٧٠) ئەوەندەی ئەو کارمەندە پسپۆڕانەی نێو دەرمانخانەکانیان لەنەخۆشەکانیانەوە دەست دەکەوێت، هەڵبەتە ژمارەی کارمەندانی پسپۆڕی دەرمانخانەکان دەگاتە نزیکەی (١٥٠٠٠)، دیرشبیگل ١٤-٢٠٠٣/٣/٣١.

کاتێك بەر لە ٢٥ساڵ لەگەڵ یۆتتای هاوسەرم بۆ چەند هەفتەیەك سەردانی کامیرۆنمان کرد بۆ ئەوەی من وەکو سەرۆکی بەشی تایبەت بە ئەفەریقیای ناوەڕاست، کە ئەودەم تازە کارم لەوەزیفەکەمدا دەکرد شارەزاییەکەم هەبێت

لەپرۆژەکانی پەرەپێدان کە لەلایەن بانکی نێودەوڵەتییەوە دەستگیرۆیی دەکران، داوام لێکرا لێکۆڵینەوەیەکی تیۆرتەسەل لەبارەی کۆمەکە پزیشکییەکان بەئەنجام بگەیەنم، بەتایبەتیش بۆ دانیشتوانی گوندەکان. دیارە هاوسەرەکەم بەوپێیەی پزیشك و دیسان خاوەنی ئەزموون بوو لە بوتسوانا دەیتوانی هاوکاریم بکات، هەڵبەتە منیش بایەخم بە پشتیوانیکردنی ڕۆڵی بانکی نێودەوڵەتی دەدا لە پێشکەشکردنی کۆمەکە بنچینەییەکان لە کامیرۆن.

بەم جۆرە لەگەشتەکەماندا زۆرێك لە عیادەکانمان لەگوندەکان و کامپی پرۆژە بە پەلە و پرۆژەکانی پەرەپێدانی ڕێکخراوە جۆربەجۆرە کۆمەکبەخشەکان و دیسان لەشارەکانیش بەسەر کردەوە، کە لەلایەن حکومەتەوە سەرپەرشتی دەکران، دیارە ئەنجامەکە خراپ و ناتەندروست بوو، لەنەخۆشخانەکاندا بە هیچ شێوەیەك دەرمان و ئامرازەکانی تیمارکردن نەبوو، هەروەکو ئەوەی بڵێیت سەر ڕەفەکان گسکی لێدرابێت، هەروەها دەبوو نەخۆشەکان بۆ خۆیان داوودەرمان و وەسیلەکانی تری چارەسەرکردن لەنەخۆشخانەکان دەستەبەر بکەن، دواتر پاش پرسیارکردن ڕوون بووەوە ئەو فەرمانبەرانەی کە لەلایەنی فەرمی و نەخۆشخانەکانەوە کرێیەکی خراپیان دەدرێتێ، پشت بەسەندنی پارە لەنەخۆشەکان دەبەستن. ئەمە هەندێکجار لە کاتی چوونیان بۆ هۆڵی نەشتەرگەرییەکان ڕوویدەدا. سەرباری ئەمە دیسان زانیمان ئەو دەرمانانەی کە لەلایەن لایەنی فەرمی و نەخۆشخانەکانەوە دەهێندرێت ئێکسپایەر و نەشیاون.

ئۆلویسگۆن ئەبسنجۆی سەرۆکی ئێستای نایجیریا، کە لە دامەزراندنی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی )دا بەشداریکردووە، پێی ڕاگەیاندین کە چۆن زۆربەی دانیشتوانی گوندێکی وڵاتەکەی بەهۆی پەتاوە لەناوچوون، ئەویش لەبەرئەوەی فەرمانبەرە گەندەڵکارەکان دەرمانی ئێکسپایەریان کڕیوە و بەسەر گوندنشینەکاندا دابەشیان کردووە.



هاوکات هەر زووە ئەوەشمان بۆ ڕوون بووەوە کە گەندەڵی چ زیانێکی گەیاندووە بە هەموو ئاستەکان، بەتایبەتیش لەنێو چینی هەژاراندا، لەو ڕۆژگارەدا ئەم بیرۆکەیان لەلا گەڵاڵبوو: بنەبڕکردنی گەندەڵی لەم کەرتەدا دەکرێت کاریگەرییەکی دراماتیکی لەسەر ئاستی بژێوی زۆرێك لەخەڵکی هەبێت، بەڵام من نەمتوانی دەست ڕاوەستاو بم لەکارەکەمدا لە (شەفافییەتی نێودەوڵەتی)، هەر بۆیە ئەم دەرفەتەم قۆستەوە و پەنام بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەکو ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، بانکی نێودەوڵەتی، کارگەکانی دەرمانسازی و زانایان و لایەنە پسپۆڕەکانی تایبەت بە پەرەپێدان برد، بۆئەوەی هەڵمەتێکی دژ بە گەندەڵی ئەنجام بدەن، بەتایبەتیش لەگەرتی تەندروستیدا، ئەوەبوو هەنگاوی بەرەو پێشمان ناو لە کۆبوونەوەیەکیشدا بۆ ڕاگرتنی هیوس (Heuss- Stifung) لەدەریاچەی شتارنبرگر، خاتوو ئەنکەمارتینی (Anke Martiny)م ناسی، ئەم خاتوونە سیاسیەکی هەڵسووڕاوی بە ئەزموونی بوارەکەیە، کە هەرزوو دەستی بەکارکرد و لەماوەیەکی کورتیشدا ڕۆڵی سەرکردایەتی لەبەشی ئەڵمانی گرتەدەست و لەدژی گەندەڵی لەکەرتی تەندروستیدا دەست بەکار بوو.

ئەم خاتوونە لەگەڵ ئەو دەستەیەی کە دایمەزراند بوو زۆر بە خێرایی و بەشێوەیەکی گورج و گۆڵ هەوڵەکانی لەڕەوشی خراپی ئەڵمانیادا چڕکردەوە.

ئەوەبوو ڕۆژانە هەواڵی گزیکردن لەهەژمار و گەندەڵی لە سیستمی تەندروستیدا بەرگوێمان دەکەوت و خەریکبوو دەبوونە بەشێك لە ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانەمان، هەڵبەتە لەم کارانەدا هەریەك لە سندوقی نەخۆش و نەخرشخانەکان، دەرمانخانەکان، پزیشکەکان، پزیشکەکانی ددان و ئەوانش کە لەسیستمی دڵنیایی — التأمین- دا باوەڕ پێکراوبوون تێوەگلابوون، لەبەر ئەم هۆیەش لەساڵی ١٩٩٨ەوە لقی ئەڵمانیامان لەم بابەتەدا سەرقاڵە و کاردەکات.

بەم دواییەش لقی ئەڵمانیامان سەرگەرمی کێشەی ساختەییەکی بەربڵاوبوو، کە تیایدا پزیشکانی ددان و تاقیگە تەکنیکیەکانی ددان تێوەی گلابوون، ئەوەبوو لەکۆتایی ساڵی ۲۰۰۲دا بووە مایەی بایەخی ڕۆژنامەوانی و لەئەنجامدا دامەزراوەی موڵهایم ئان دیررور (Mulliem an der Ruhr) کە لەڕێگەی لقەکانیەوە لەسەر ئاستی ئەڵمانیای فیدراڵی بەرهەمەکانی بۆ تۆڕێك لە پزیشکانی ددان ڕەوانە دەکرد، شکستی هێنا، دواتر پزیشکانی ددان بەپێی یاسا داوای قەرەبووکردنەوەیەکی ئێجگار زۆریان کرد، لەکاتێکدا کەرەستەکانی ددانسازی لەدەرەوەڕا باشتر و گوناجوتریش بوو.

هاوکات دەبوو سندوقی نەخۆشەکان لەلایەن خۆیانەوە بەشێك لەو قەرەبووکردنەوەیە بگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەوەیان نەکرد و بەمەش سندوقی نەخۆشەکان و سوودمەندانی دڵنیایی دووچاری زیانێکی زۆربوونەوە.

هەڵبەتە لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکان کاتێکی زۆرتر دەبات ناکرێت ئاماژە بەقەبارەی زیانەکان بکرێت و دەستی تاوان بۆ کەس درێژ بکرێت، هەروەها ناشزانێت ئاخۆ ئەم تاوانە بە ئیدانەکردن کۆتایی دێت یاخوود هاوشێوەی تەقەکردنە بەناوبانگەکەی خەڵکی هۆرنبرگە؟ (لە ئەفسانەکەدا هاتووە گوایە خەڵکی هۆرنبرگ بۆ ڕێزگرتن لەشازادەکەیان تەقە دەکەن، بەڵام بەگەیشتنی شازادە فیشەکیان تەواو دەبێت –نووسەر–)، لەبەرئەوەی لەڕووی یاسای سزادانەوە تەنیا پێدانی بەرتیلە بەفەرمانبەران و ئەم یاسایە پزیشکانی ددان و ئەو دامەزراوانە ناگرێتەوە کە بازرگانی بە بەرهەمی تاقیگە تایبەتیەکانی پزیشکی ددانەوە دەکەن.

بێگومان بەتەنیا پزیشکی ددان لە سیستەمی تەندروستیدا گەندەڵکارنین، بەڵکو بەم ساڵانەی دوایی لەنێو پزیشکانی تری نەخۆشخانەکاندا بە پشتیوانی یەکێتی کۆمپانیای دەرمانخانەکان، کە لەڕێگەی بەرتیلدان بە پزیشکانی خاوەن عیادە تایبەتەکان بەرهەمەکانیان دەخستە بازاڕەوە، ئابڕووچونێکی زیاتر بڵاوبوونەوە.



نەبوونی شەفافیەت لە سیستەمی تەندروستی و بەستنەوەی ئەمە بەڕەوشی ئابووری پزیشکانەوە خراپەکاری زیاتر دەکات و هەر ئەمەشە بووتە هۆی ئەوەی بیسەلمێنێت لقی ئەڵمانیامان وەکو (کارتلی تەندروستیەکە هاوشێوەی سەندیکایە).

دیسان بۆئەوەی لایەنە ناپسپۆڕەکان لەلایەن خۆیانەوە وێنایەکیان لەبارەی هەموو ئەوەی شیاوە لەلا دروست ببێت، ئەوا لێرەدا ئاماژە بەچەند نموونەیەك دەکەین لەبارەی چۆنیەتی سوود وەرگرتنی بەشداربووە جۆربەجۆرەکان لەگەڵ گەیاندنی زیانیان بە سیستەمی تەندروستیدا.

- **ڕەوشی خراپ لەلای پزیشکان:**

★ هەژمارکردنی دەستکەوتگەلێك کە بەدەست نەهاتووە.

★ هەژمارکردنی دەستکەوتگەلێك کە لەلایەن پزیشك خۆیەوە بەدەست نەهاتووە (پزیشکە سەرەکییەکان بەشێوەیەکی نارێگەپێدراو دەستکەوتی پزیشکە پسپۆڕەکانی وابەستەی خۆیان بەدەستکەوتی خۆیان دادەنێن و لێی بەرپرسیار دەبن).

پاشان ئەو دەستکەوتانەی کە بۆخۆیان بەدەستیان هێناوە، لەگەڵ دەستکەوتی پزیشکانی تری عیادەکان بەدەستکەوتی پزیشکی لایەنی سێیەمی دادەنێن، نموونەی ئەمانەش: خزمەتگوزاریەکانی تاقیگەکان و تیشك و لێکۆڵینەوەی نەخۆشخانەکان.

★ هەژمارکردنی چەوتی ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەست هاتوون.

★ هەژمارکردنی ئەو دەستکەوتانەی کە ووردەکاریەکی تەواویان نییە.

★ هەژمارکردنی دەستکەوتەکان بەپشت بەستن بە زەرورەتی دارایی نەك پزیشکی: نموونەی (Self referral).

★ گواستنەوە بەرامبەر مرج.

- ڕەوشی خراپی دەرمانخانەکان:

★ بەرزکردنەوەی قازانج تا ئەوپەڕی، ئەویش بەهۆی شمەکەوە (بازاڕی نهێنی داوودەرمان).

★ لاوازکردنی چاودێری یاسایی لەڕێگەی کردنەوەی ڕێگەی تازە بۆ فرۆشتن.

★ مەزەندەکردنی بەهای گیراوە بنچینەییەکان، بەڵام لەگەڵ وازهێنان لەسەر لەنوێ هێنانەوەی مادده نێردراوەکان.

★ بەلاداخستنی پارەی قازانج لەڕاچێتە گرانەکان، لەگەڵ وازهێنان لە شمەك گەلێکە تر.

★ ساختەکردنی کاتەلۆکی تایبەتی برەکان بەڕاچێتە.

★ داشکاندنی ڕاچێتە گرانەکان، کە بە تەواوەتی دەکردرێن، بەڵام ناگەڕێنرێتەوە.

★ پۆستە یەدەگیەکان کە لە ڕێگەی دەرمانخانەوە دەگاتە ئەو پزیشکانەی کە دەرمانیان نوسیووە

- ڕەوشی خراپی دەرمانسازی

★ فریودانی کڕیارەکان لەڕێگەی بەڵێنی زیادەڕۆیی بەچاکبوونەوەیان کە لەڕاستیەوە دووره "پڕوپاگەنده، ئینتەرنێت، ...".

★ بارگرانی تێچوونی لێکۆڵینەوەکان دەخرێتە ئەستۆی سوودمەندانی دڵنیایی و سندوفی نەخۆشەکان لەحاڵەتی توێژینەوە پەیوەندیدارەکان بە داوودەرمانەکان.

★ ڕێگرتن لە کێبەرکێ لەبواری نرخەکاندا، ئەویش بەقەرەبووکردنەوەی دارایی ئەو دامەزراوانەی کە لەفەرمانگەی زناکە بازرگانیەکان ناویان تۆمارنەکراوە، ئەمەش بۆئەوەی ئەو ناوە ناودارانەی دامەزراوەکان نەکەونە بازاڕەوە، یاخوود درەنگ بکەونە بازاڕەوە.



- ڕەوشی خراپی سوودمەندانی دڵنیایی:

★ گەڕانەوەی کارتی سوودمەند یاخود فرۆشتنی بەکاش.

★ دەرمانسازە چاوچنۆکەکان (نزیکەی ١٠٪ی تێچوون) لەحاڵەتی ڕاچێتە تایبەتەکان هەڵدەگرن و ئەمەش زیان بە دڵنیایی _التأمین_ دەگەیەنێت.

★ ناچارکردنی ئەو پزیشکانەی کە ئارەزووی ئامۆژگاری وەسیلەکانی چارەسەری بێ سوود و نائابووریانە و نەشیاو دەکەن (شێلان و دانیشتنەکانی چاککردنەوە و مەسەلەکانی تر).

★ فرۆشتنی ڕاچێتە پزیشکیەکان لەدەرمانخانەکان لەبەرامبەر پارەدا، یاخود گۆڕینەوەی بە بەرهەمی تر کە پزیشك نەینووسیوە، ئەمەش لە نموونەی: گیراوەکانی جوانکاری.

★ فرۆشتنی دووبارەی ڕاچێتە گرانەکان لەبەرامبەر پارەی کاش و لەڕێگەی ڕاچێتەی جێگرەوە، لەگەڵ بانگەشەکردن بۆ بزربوونی ڕاچێتەکە، کە ئەمەش لەزۆرکاتدا بەڕێکەوتن لەگەڵ پزیشك یاخود دەرمانسازە دیاریکراوەکان دەبێت.

★ پێداگرتنی دەرمانسازەکان لەسەر داواکردنی ڕاچێتەکان بەبێ ڕادەستکردنی داوودەرمانەکان، بۆئەوەی بەفێڵ تێچوونی کۆمەك یاخود دڵنیایی بەدەست بهێنێت.

★ لەحاڵەتی ئەو نەخۆشیانەی کە تێچوونیان گرانە (ئەوانەی بەنەخۆشیەکانی خوێن یان نەخۆشیەکانی تری تووش بوون)، لەگەڵ نوێنەرانی دامەزراوەکان ڕێکدەکەون لەسەر بەکارهێنانی ڕاچێتەی بەرهەمە تایبەتیەکانی ئەو دامەزراوانە و دواتریش هاوبەشی پێکردنیان لەقازانجدا.

★ لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە هێشتا جیاکاری دەکەین لەنێوان کێشە گەورەکان و هەندێك لەچاکبوونەکانی ناو نەخۆشخانەکان، دیسان دەرمانسازی دەستی

لەهەر نەخۆشخانەیەکی ئەڵمانیدا هەیە، پاشان ئەو پڕۆژانەی کە بەهاکانیان دەگاتە ملیاران، ئەوا ڕەزامەندی پزیشکان و کارمەندانی ئیدارە لەیارمەتی دارایی بۆخۆی مسۆگەر دەکات، هەڵبەتە گەشتێکی بەناوبانگ بۆلاهای، کە ماوەی دوو هەفتە دەخایەنێت لەپێناو ووتنەوەی موحازەرەیەکی پێنج خولەکی جگە لە لوتکەی چیای سەهۆڵێن چیتر نییە، دیسان پیشەسازانی بەرهەمە پزیشکی و دەرمانخانەکان تێچوونی لێکۆڵینەوە گرانەکانی پزیشکان و مامۆستایانی زانکۆکان لەپێناو ڕاکێشانیان بەلای خۆیاندا دەستەبەر دەکەن.

لەم سەروبەندەدا کارەکانمان یەکەمین هەنگاوی سەرکەوتووی خۆی تۆمار دەکات و دکتۆر "میکسلمین گاسنەر"ی پسپۆڕی کار و سیستمی کۆمەڵایەتی و خێزان و ئافرەت لە وەزارەتی دەوڵەتی باڤاری بەهاوکاری دکتۆر "ئەندریاس کلارس" زنجیرەیەك گوتار لەبارەی "گەندەڵی لە سیستمی تەندروستی"دا لەگۆڤاری فارماچت (٩-١١/٢٤ و Pharmarecht) بلاّودەکاتەوە و ئاماچە بەو دەرەنجامانە دەدات کە لقی ئەڵمانیای (شەفافیەتی نێودەوڵەتی) پێیگەیشتووە، دیسان ژنە وەزیری تەندروستی فیدراڵی لەچوارچێوەی پێشنیازەکانی بۆ چاکسازی داوای نەهیچشتنی گەندەڵی و لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکانی دژ بە کارمەندان دەکات لەپێناو بنەبڕکردنی ئەو ڕەوشە خراپەی کە بونیادنراوە.

بەڵام بەداخەوە هیچشتا بواری دەرمانسازی لەگەڵ هەڵاودێرێکی کەمدا نەبێت پابەند نییە بەو هەنگاوانەی کە بەدیدی وەزیری تەندروستی ڕێگاچارەن بۆ بەرنگاریبوونەوەی گەندەڵی لەکەرتی تەندروستیدا.

هەر لەم بارەیەوە لقی ئەڵمانیامان ئەم بۆچوونەی دەخاتە ڕوو: "تاوەکو ئێستا ئاشکرا نییە کە ئاخۆ بواری دەرمانسازی پەندی لە دەرەنجامی ئەو کەیسە تاوانکاریانەی پێشوتر وەرگرتووە بۆئەوەی جڵەوی کارە دەرەکیەکانی خۆی و



شێوازی فرشتنیان بکات و پەنا بۆ ڕێساگەلێکی ڕوون بەرێت، دیارە هەرچی ڕێکەوتننامە ناسراوەکانی ناوخۆشە، بەس نییە و ڕەفتارە بەدەکانیشی دەکەوێتە سەرشانی پزیشکەکان". هەڵبەتە نوێترین کێشەی قەرەبووکردنەوەی زیانەکان لەدژی دامەزراوە پیشەسازییە جۆربەجۆرەکان لەویلایەتە یەکگرتووەکانە کە لەداهاتوو بەرەو چاکبوونەوە دەچێت، دیارە خۆ ناکرێت لەسەرتاسەری جیهاندا بواری تەندروستی ئەو کەرتە بێت کە تیایدا گەندەڵی بەهۆی نەبوونی شەفافیەت و داخرانییەوە گەشە بکات.

بێگومان ئەرکی (شەفافیەتی نێودەوڵەتی) برەودان نییە بە چاکترین سیستمی تەندروستی، چونکە لەو پێناوەدا پسپۆڕی لێهاتوو هەیە و ئامانجی ئاشکراشی بیمەی چاودێری پزیشکییە بۆ دانیشتوان، کە ئەمەش پارەیەکی زۆری دەوێت و ئەوەندەی بۆتەرخان نەکراوە.

خۆ ئەگەر بەگیانێکی ڕونێتی بدوێین ئەوانە نەخۆشەکان پێویستیان بەوە هەیە کە چاویان بە ژمێریاری پزیشکەکانیان بکەوێت و ئەگەر لێشی تێنەگەن لەتوانایاندا هەیە پەنا بۆ ناوەندەکانی وردبینی بەرن، هەروەها پێویستە تەواوی تێچوونەکانی چارەسەرکردنی نەخۆش ئاشکرا و ڕوون بێت و بەزمانێکی پەتی ئەڵمانی نووسرابێت، دەکرێت ئینتەرنێت لەم بوارەدا ڕۆڵی خۆی هەبێت و زانیاری تەواو لەبارەی پشکنینی پزیشکی و ماندووەبوونەکانی و زانیاری لەبارەی داوودەرمانەکانی نموونەی لیستی سوور (ئەو ئاژەڵ و ڕووەکانەی هەڕەشەی لەناوچوونیان لێدەکرێت -نووسەر-) لەخۆ بگرێت و نەخۆشیش دەتوانێت بەبێ هیلاك بوونێکی ئەوتۆ زانیاریەکانی چنگ بکەوێت و لەم ڕێگەیەشەوە گفتوگۆی ئەکتیڤ لەنێوان پزیشك و نەخۆش بێتە ئاراوە. گرنگبوونی زانیاری بابەتیانەیە لەلایەن لایەنێکی بێلایەنەوە، هەروەها خۆ دیسان لایەنی سندوقی نەخۆش و لیژنەکانی داوودەرمانیش دەبێت، پاشان لێکۆڵینەوەکانی ئەمریکا سەلماندوویانە

که بەیەکگەیشتنی ئەلەکترۆنی نێوان پزیشك و نەخۆش هەنگاوی سەرکەوتووی لێکەوتەوە بەرەو چاکبوونەوەی نەخۆش، بێگومان وا پێویست دەکات کە شەفافیەت بخرێتە نێو دەرمان و بەرهەمەکانەوە، هەڵبەتە لەمڕۆدا و لەئاستی ئەوروپادا لەلایەن فەرمانگەی داوودەرمانەکان (EMEA) کە توانای ئەم جۆرە بڕیارانەی هەیە، لەزۆرکاتدا لەدەرمانسازی ووردنابێتەوە، بەڵکو دواتر لێیان وورددەبێتەوە.

دیسان پەیوەندی نێوان پێشنیازکەر (بەرهەم هێنی دەرمان) و لایەنی فەرمی زۆر لە شەفافیەتەوە دوورە، تەنانەت کاتێکیش مامەڵەکە کۆتایی دێت، کەچی چاودێرانی دەرەکی توانایەکی ئێجگار سنووردارییان بۆ دەستەبەر دەبێت بۆئەوەی مرۆڤ لەزهنیدا پرۆسەی یەکلاکەرەوە ئەنجام بدات، بۆیە زۆر گرنگە تەواوی پێدراوەکان (المعطیات) لەیەك کاتدابخرێتە ئینتەرنێتەوە بۆئەوەی توێژەر سەربەخۆکان بتوانن وەسیلە دەرمانیە رێگە پێدراوەکان هەڵبسەنگێنن، دیارە ئەم خواستەش هەر لەلایەن ئێمەوە پێشنیاز ناکرێت، بەڵکو رێکخراوی کاری تەندروستی نێودەوڵەتی (,HAI Health Action International) و لقی ئەورووپی کۆمەڵەی پەخشی داوودەرمانی نێودەوڵەتی ( International Society ,ISDB of Drug Bulletins) لەلایەن خۆیانەوە پێشنیازکراوە.

خاڵێکی تر کە شایەنی ڕاستکردنەوەیە لەسەر ئاستی لۆکاڵیدا بریتییە لە ئاگادارکردنەوەی نەخۆشەکان لەو پزیشکانەی کە لە دەوروبەرییاندا بوونیان هەیە، هەروەها ئێمە پێمانوایە کە سندوقی نەخۆشەکان سیستمێکی ڕاگەیاندن دروست بکات و زانیاری پێویست لەبارەی پزیشك و نەخۆشخانەکانی دەوروبەریان بداتە نەخۆشەکان بۆئەوەی ئاگاری تەواویان هەبێت، دیسان سندوقی ناوبراو بەرەو بە کارتی پلاستیکی زرنگ بدات و بەمەش دەتوانرێت بزانرێت کە نەخۆشێك بۆچەندجار بۆهەمان نەخۆشی سەردانی پزیشك دەکات.



وەکو ئاشکرایە لە ئەڵمانیادا ژمارەی پەیوەندی گرتنەکان بە پزیشکی نەخۆشێکەوە چەندجارەی وڵاتانی تری ئەوروپییە، لە ڕاستیدا ئەمە پەیوەندی بە گەندەڵییەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بەکەموکوڕی لە شەفافیەتدا.

ئەوەی پێویستمانە ئەوەیە کە هەر تاك و دامەزراوەیەك کە لە چوارچێوەی سیستمی تەندروستیدا کاردەکات، بزانێت تۆڕی گەندەڵی چڕ و پڕە و ناکرێت بەم شێوەیە بمێنێتەوە و دەبێت ئیرادەی گۆڕینی هەبێت، هەربەم بۆنەیەوە لەکانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٣ لقی ئەڵمانیای (شەفافیەتی نێودەوڵەتی) پێشنیازی (ئەبجەدیەتی ڕێگرتنی گەندەڵی / ABC der Korruptions pravention) کرد، کە بەر لەهەر شتێك ڕوو لە پرۆژەکانی چینی مام ناوەند دەکات، هەروەها لێرەدا لەبارەی "پەیوەندی" و "حاڵەتەکانی گومان" دەخوێنێتەوە، کە ئەمەش پێویستە لە سیستمی تەندروستی ئەڵمانیادا کارا بکرێت:

دیارە خۆ ئەگەر زانکۆ و نەخۆشخانە و لیژنە تەندروستی و لیژنە و کۆمپانیا تەکنیکیەکان و هەموو هەڵسوکەوت بۆخۆیان دابنێن و درك بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵگە بکەن ئەوا هەموو شتێك بە ئاراستەی چاکەدادەڕوات.

بێگومان گرتنەبەری ڕێ وشوێنەکان لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی کە دووچاری گەندەڵی دەبنەوە لە سیستمی تەندروستیدا لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکیتر دەگۆڕێت بەتایبەتیش لەنێوان دەوڵەتانی دەوڵەمەندی وەکو ئەڵمانیا و وڵاتانی تری خۆرئاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، چونکە هۆکار و دەرکەوتەکانیان جیاوازە.

دیسان مرۆڤ ناچارە کە بیر لەو تاوانکاریانە بکاتەوە کە بەبەرچاویەوە ڕوودەدەن، بۆ نموونە قاچاخچێتی کردن بە تووتن و ئەندامانی جەستەی مرۆڤ و بازاڕی ڕەشی پڕ لەداوودەرمان و ساختەکاری و بازرگانیکردن بەماددە چالاککەرەکان

(Anabolika) و ماددەی هاوشێوەی تر لەبەرامبەر ئەمەدا لایەنە لێکۆڵەرەوە حکومیەکان لەبەردەم دارستانێکدان کە ڕێگەی تیغکردنیان نییە و جگە لەگومان و خەملاندن ڕێگەی تریان لەبەردەمدانییە.

هەروەها بوونی پرۆگرامەکانی کۆمەککردن کە لەسنوورێکی بەرفراوانـدا لـەدژی ئایدز و پەتا جیهانیەکانی تری وەکو مەلاریا وسیل دانراون و وەسیلەگەلێکی زۆریان بۆتەرخانکراوە زەمینە بۆ گەندەڵی دەسازێنێت.

لەبەرئەم هۆیانە (شەفافیەتی نێودەوڵەتی) لەئاستی جیهانیدا هەوڵێکی چڕوپڕی لەکەرتی تەندروستیدا بەگەڕخستووە بۆئەوەی چاودێری پزیشکی بۆ مرۆڤەکان بە ئاستێکی باشتر بگات.

هەربۆیە کۆنگرەی یانزەی نێودەوڵەتی دژ بە گەندەڵی کە لەئایاری ٢٠٠٣ لە سیئۆل سازکرا، لەخشتەی کارەکانیدا چوار وەرشەی کاری بۆ ڕووبەڕوبونەوەی مەسەلەی (تەندروستی و ماددەکانی دەرمانخانە)ی دانا، ڕەنگە بەیارمەتی پسپۆڕانی نێودەوڵەتی توانیبێتمان بگەینە دامەزراندنی یەکەمین هێڵی ڕاستبوونەوە لەکەرتی تەندروستیدا، بەڵام هێشتا ئەمەش ڕێگایەکی دوور و درێژە.

## ١٨- ڕاپۆرتی گەندەڵی جیهانی

یەکەمین هەوڵی ڕێکخراوەکە بۆ خستنەڕووی خەباتی جیهانی دژ بە گەندەڵی لەشێوەی ڕابەرێکی گەشتیاریدا بوو، لەناوەڕاستی دارستانێکی ئاست و مومارەسە جیاوازی هەرێمە ناچوونیەکەکانی جیهاندا "گاردیان، ١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠١، لەمەڕ یەکەم ڕاپۆرت لەبارەی گەندەڵی جیهانی".

گەندەڵی بنەماکانی گەشەسەندنی وڵاتان و پەیوەندیە ئابووریە نێودەوڵەتیەکان لاواز دەکات، لەمرۆشدا گەندەڵی هەڵئاوسانێکی شێرپەنجەیە و ئازارێکی بەسوێ



بە دادوەری و هاوسەنگی دەرفەتەکان دەدات و گەشەکردنی داهاتوو سست و هەژارانیش بەتایبەتی دووچاری دەردێکی کوشندە دەکاتەوە.

دیسان ئەوەی لەوڵاتانی هەژار بەتەك گەشەکردنی ئەرێنیدا ڕادەوەستێت، ئەوا پێویستە خەباتێکی یەکلاکەرەوە لەدژی گەندەڵی ئەنجام بدات (هایدیماری فیتستسوریك – تسویل، وەزیری پەرەپێدانی فیدراڵی لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٣ بەبۆنەی پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی دووەم لەبارەی گەندەڵی لەجیهاندا).

ئاخۆ مرۆڤ دەتوانێت لەساتەوەختێکی گریمانییدا ئەو ڕەوشەی کە گەندەڵی پیادا گوزەر دەکات و بەسەرتاسەری جیهاندا درێژ بووەتەوە بخاتە دووتوێی ڕاپۆرتێك یاخود کتێبێکەوە؟

**ئێمە لەلایەن خۆمانەوە بەلانی کەمەوە ئەم هەوڵە دەدەین:**

ئەوەتا لەڕاپۆرتی ساڵانە لەبارەی گەندەڵی لەجیهاندا (Global Corruption Report) قسەی کرێکاران و ڕۆژنامەنووسان و زانایان لەسەرتاسەری جیهان بڵاودەکرێتەوە و تیایدا باس لەگەندەڵی و بابەتی هەڵبژێردراو دەکەن، هەروەها باس لە هەنگاوەکانی پێشکەوتن و نسکۆ و فۆڕمەکانی بەرگریکردن و گەشەکردنە تازەکان و ڕەوت و ڕێوشوێنە پێویستەکان دەکەن، کە لەدژی گەندەڵی بە پراکتیکی پیادە دەکرێت، بەڵام کتێبێك کە زانیاریەکانی لەکۆمەڵێك سەرچاوەوە بەدەستهاتبێت، بە زەرورەت نابێتە دەنگی فەرمی (شەفافیەتی نێودەوڵەتی)، لەگەڵ ئەوەشدا سەر ژمێرێك لەشوێنە دیاریکراوەکانی جیهان بۆ کارکردن تیایدا پێشکەش دەکات، دیسان ئەرکی سەرەکی ڕاپۆرتی گەندەڵی لەجیهاندا ئەوەیە کە پێویستە وەسیلەکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵگەی مەدەنی بەئاگابن و ئێمەش پشت بە بوێری ڕۆژنامەنووسانی لێکۆڵیار و ئەو کەسانە ببەستن، کە زەنگی مەترسی لێدەدەن بۆئەوەی بەسەر گەندەڵیدا سەربکەون، هەرچەندە گەندەڵی لەهەموو شوێنێکدا ئامادەیی هەیە، بەڵام لەم ساڵانەی

دوایدا توانیمان که وێنایەك بنەخشێنین و بەشێوەیەکی ئەرێنی و هەڵکشا و نیشان بدرێت، کە ئەو گۆشانەی گەندەڵی لێوە بەرەو جیهان دزە دەکات بەرەبەرە کەم بکرێتەوە و بابەتی گەندەڵیش بخرێتە خشتەی کاری سیاسیەکان و ئاراستەکانی ئابووری و کۆمەڵگە مەدەنی. دیارە ئینتەرنێت و میدیاکانی ڕاگەیاندن لەمەدا پشکی خۆیان هەبوو، هەربۆیە بەشێوەیەکی بەرچاو میدیاکانی ڕاگەیاندن وجەماوەر، بەهۆی لێشاوی زانیاریەوە لەسەرتاسەری جیهاندا داوای پێشکەشکردنی هەژماری بەکلاکەرەوەی پرۆژە و سیاسیەکان دەکەن.

ئێمەش وەکو (شەفافیەتی نێودەوڵەتی) لەهەوڵی ئەوەداین پشکمان لەو لێشاوەی زانیاریدا هەبێت و دەستەبەری بکەین، چونکە حکومەتانی وڵاتانیش بەشێوەیەکی بەرفراوان بە ئاراستەی دەوڵەتانی ئەسکەندەنافیە هەنگاو دەنێن لەپێناو شەفافیەتی زیاتردا، دیسان (شەفافیەتی نێودەوڵەتی) و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئێشکگری ئەمەن و هاندەرن بەم ئاراستەیەدا، هەڵبەتە زیاد بەکارهێنانی ئینتەرنێت بەشیوەیەکی بەربڵاو لەگەڵ بەرفراوان بوونی حکومەتە ئەلەکترۆنیەکان سنووری حکومەتانی یەکێتی ئەوروپاش دەدەنێتەوە تادەگاتە چیللی و بەڕازیل و کۆریای باشوور و هیندستان، بەمەش خەڵکی دەستیان دەگاتە زنیارییە چارەنووسسازەکان، لەوانەش نموونەی سوودوەرگرتن لەخستنەڕووی کەمکردنەوە گشتیەکان و پرۆسەکانی بەتایبەتیکردن (الخصخصة).

جێرمی پۆپ گەندەڵی جیهانی دا لە سالی ٢٠٠٣دەڵێت: "هاوڵاتیانی مامناوەند لەهەر دۆخێك لە دۆخەکانی ژیاندا پێویستی بەگەیشتنی زانیاریەکانی پەیوەست بە حکومەتە، بۆئەوەی بتوانێت مومارەسەی مافەکانی بکات، دیارە بەبێ ئەمەش هاوڵاتیان دەبنە نێچیرێکی ئاسان بۆ گەندەڵی و ئیستغلالکردن ".



هەڵبەتە نموونەی ئەرێنی لەبارەی ئەو وڵاتانەی کە بەشێوەیەکی هەڵکشا و ئەم زانیاریانە بەدەست دەهێنێت گرنگی بۆ دەوڵەتانی پێشەسازی دەبێت بە بەراورد بەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، چونکە ئەو دەوڵەتانەی کە تاوەکو ئەمڕۆ گرتنەبەری ڕێ و شوێنی گونجاو ڕەتدەکاتەوە، بێگومان مەسەلەکە بەشێوەیەکی جیاواز دەڕوات.

لەتازەترین ڕاپۆرتی ئێمەش لەبارەی گەندەڵی جیهانی بە سەربووردەی هەرێمەکانی ئەوروپای خۆرئاوا و ئەمریکای باکوور دەست پێدەکات، لەویلایەتە یەکگرتووەکان بابەتی شەفافیەت لەجاران زیاتر بووتە جێگەی گرنگی پێدان، چونکە کێشەی ئینرۆن ئابووری دووچاری شۆکێکی قولکردەوە و زیانی بەمتمانەی خەڵکی گەیاند لەبەرامبەر ڕاستبوونەوەی پرۆژە ئابوریەکان، ئابڕووچونەکەی ئینرۆن و ڕیسوابوونەکانی تر کە بەدواییدا هاتن، ئەو سەرنجەی بەهێزکرد سەبارەت بەبوونی پرسێکی هاوبەش لەنێوان ووردبینانی ژمێریاری و ڕاوێژکارانی باج و پارێزەر و کارمەندانی بانك لەگەڵ مەعمیلانی دامەزراوەکانیان لەبارەی بەدەستهێنانی قازانج لەکەمترین ماوە لەڕێگەی ساختەکردنی ژمێریاریەکان لەلایەن ئیدارەی کارەکانەوە.

دیسان تەواوی سەربوردەی کە لەسەرتاسەری جیهان لەلایەن هاوڕێیانمانەوە هاتوون بەووردی ئەوە ئاشکرا دەکەن، کە کاریگەری ڕێکەوتننامەی ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری و لەپەرەپێدان لەدژی گەندەڵی، هێشتا زۆری لەبەردەمدا ماوە کە کاری لەسەر بکات.

دیارە پێویستە دان بەوەدا بنێین ڕەوشی نوێی یاسایی کە قەدەغەکردنی گەندەڵییە لەدەرەوەی وڵاتانی نێو ڕێککەوتننامەکە زانیاری کەمی لەبارەی پرۆژە ئابووریەکان هەیە و زۆر بەکەمیش بەدواداچوونی قەزایی لەدژی پێشێلکاریەکان بەئەنجام دەگەیەنێت، دیسان پێدەچێت ویستی سیاسی لەزۆرێك لەدەوڵەتانی

ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری و پەرەپێدان بۆسەپاندنی سزا بەسەر حاڵەتەکانی بەرتیلی گەورەدا، کە هاوڵاتیان لەدەرەوەی ئەو دەوڵەتانە ئەنجامی دەدەن، بزربێت.

بێگومان بەتەنیا فۆڕمە یاساییەکان بەس نیە، بۆ پەرەپێدانی شەفافیەت، بەڵکو وا پێویست دەکات ئەنجوومەنی ئیدارەکانیش ڕووبەڕووی تەحەددی بنەبڕکردنی گەندەڵی ببنەوە، بەهەرحاڵ زۆرێك لەخاوەن پرۆژەکان لەوە گەیشتوون، کە بنەبڕکردنی گەندەڵی پرۆسەیەکی شیاو و سوودمەندانەیە لەڕووی ئابوورییەوە.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکیش کە لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠١ لەلایەن (وێستگەکانی کەش و هەوای کۆمەڵایەتی/ Social Wheather Station) بڵاوکراوەتەوە، دەریدەخات کە لە فلیپین خاوەن پرۆژەکان ئامادەن کە لە (٢٪)ی داهاتی دامەزراوەکانیان بۆ کۆمەککردنی پرۆگرامەکانی دژ بەگەندەڵی بەگەڕ بخەن، چونکە خەملاندنەکانی ئەم وێستگانە نیشانی دەدەن، کە ڕێگرتن لەگەندەڵی دەبێتەهۆی بەرزکردنەوەی داهاتیان بەڕێژەی (٥٪) و دەستەبەرکردنی ڕێژەی (١٠٪)ی تێچوونەکانی گرێبەست، دیسان ئەوەی کە هاندەرە ئەوەیە کە ئیدارەی سیاسی و هەوڵەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەو وڵاتانەی کەخەریکە دێنە نێو یەکێتی ئەوروپا لەوڵاتانی ناوەڕاست و خۆرهەڵاتی ئەوروپا لەژێر فشاری دامەزراوە نێودەوڵەتیەکاندا هاندراون بەرەو شەفافیەت و بەشداری پێکردنی هێزە کۆمەڵایەتیەکان.

لەگەڵ هەموو ئەم شتانەدا پێشکەوتن زۆر سستە لەخۆسەپاندنی لەبەرامبەر بەدناوی هەندێ لەبەرپرسان لەسیاسەت و کۆمەڵگە و ئابووریدا، هەروەها جەماوەر لەئاستی جیهانیدا متمانەیان بە سیاسیەکان نەماوە و پارتە سیاسیەکانیش هێندەی دامەزراوەکانی تر خاوەنی متمانە نین.



هاوکات بەگوێرەی تازەترین ڕاپرسی کە دامەزراوەی (پێوەری ئەورووپای تازە / New Europe Baromenter) ئەنجامیداوە، هاوڵاتیان لەناوەڕاستی ئەورووپا و خۆرهەڵاتیدا لەکۆی هەشتیان تەنیا یەکێکیان متمانەیان بەپارتە سیاسیەکان هەیە، هەروەها لەکۆی حەوت هاوڵاتیش تەنیا یەکێکیان متمانەیان بە پەرلەمانتار هەیە، هەر بۆیە هێشتا کاری زۆر ماوە بەئاراستەی چاککردندا بە ئەنجام بگەیەنرێت.

بەپێی (ڕاپۆرتی گەندەڵی جیهانی) کە لە ساڵی ٢٠٠٣ دەرچوو نیشانی دەدات کەهەندێك لەڕەوتە پۆزەتیڤەکانی ڕێکخراوە کۆمەکبەخشەکانی پەرەپێدان ڕێسایان بۆخۆیان داناوە لەدژی گەندەڵی.

هەروەها بەشێوەیەکی زیاد ڕێ و شوێنی پێویست دەگرنەبەر لەدژی گەندەڵی، هاوکات ئەم ڕێکخراوانە لەسەرتاسەری جیهاندا پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە بودجەی ئەو وڵاتانەی کاری تیادا دەکەن ئاشکرا بێت و خەباتیان لەدژی گەندەڵی زیاتر بێت، لەهەمان کاتدا ڕاپۆرتەکە جەخت لەسەر خواستی ئەو ڕێکخراوە کۆمەکبەخشانە دەکات بەوەی کە ڕێگە بە کۆمەڵگەی مەدەنی بدرێت کە چاودێری پرۆسەکانی خەرجکردنی تایبەت بە پرۆژەکانی پەرەپێدان بکەن، بۆئەوەی بۆ نموونە دڵنیابن لەوەی کە پارەکان لەخوێندنگە و نەخۆشەکاندا بەشێوەیەکی دروست خەرج دەکرێت، وەکو ئاشکرایە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن پشکی بەرچاو و کارایان هەبێت لەبنەبڕکردنی گەندەڵی لەپێناو شەفافیەتی زیاتردا، بەتایبەتیش لەوڵاتانی ئەفریقادا، هەڵبەتە لقە نیشتمانییەکانمان لەئەفریقا لەپێشەوەی ئەو هەڵمەتانەن کەوا پێویست دەکات سەروەت و سامانەکان بۆ نیشتمان بگەڕێننەوە، کە پێشتر زۆرداران لەگەلانی خۆیان دزی بوو، تاوەکو لە لەندەن و زیوریخ و نیویورك و فرانکفۆرت و لیشتنشتاین بلۆکی بکەن، لەم بارەیەوە جیرمن بروکس دەڵێت: "بۆ نموونە

نایجیرییەکان دەبێت لەچوارچێوەی گەڕانیان بەدوای پارەی دزراودا هەموو بنەما یاسایی و ڕێ و شوێنەکانی هەموو وڵاتانی پەیوەندیدار، هەر لە نیویۆرکەوە تادەگاتە زیوریخ بزانن، بەڵام لە زۆرکاتدا ڕێ و شوێنەکان ئاڵۆز و ناشەفافن و ئەمەش وادەکات کە کرێ بدرێتە ئەو پارێزەرانەی لەناوەڕاستی دارستانی ئەو وڵاتانەدا ڕێگەی دەکەن".

بەم جۆرە جۆرە نایجیرییەکان لەساڵی ٢٠٠٢ دا تاڵاوێکی زۆریان چەشت، کاتێک لەگەڕانەوەی (١،٢) ملیار دۆلار ئەمریکی شکستیانهێنا، کە لەلایەن سانی ئاباشا (Sani Abacha)ی دیکتاتۆری پێشووەوە دزرابوو.

لەبەرامبەر ئەمەدا لە ئەمریکای باشوور هەنگاوی سەرکەوتوانەنرا سەبارەت بەگەڕان بەدوای سەرمایەی حکومەتدا کە بەشێوەیەکی ناشەرعی لادرابوو، لە پیرۆ حکومەتەکەی ئەلیخاندرۆ تۆلیدۆ (Alejandro Toledo) هەوڵێکی زۆریدا بۆچارەسەری کێشەی ئەو ستەمەی کە لەسەردەمی فوجیمۆری ئەنجامدرابوو، هەر لەم چوارچێوەیەدا توانرا بڕی (٢٢٥) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی دەستی بەسەردا بگرێت کە بەشێوەیەکی ناڕەوا و گەندەڵکاریانە کۆکرابووەوە بۆ کەسانێکی وەکو سەرۆکی دەزگای موخابەرات فلادیمیرۆ مونتسینۆس، کە ئێستا لەزینداندایە دەگەڕایەوە.

بەرەنگاریبوونەوەی گەندەڵی لەبوارە جیاجیاکاندا شاڵاوی خۆی دەبات و ڕۆژنامەنووسانی لێکۆڵیاریش دەستەوەستان نابن لە ئاشکراکردنی ڕەوشە نالەبارەکاندا، ئەوەتا لەساڵی ٢٠٠١ لەکۆی چوار ڕۆژنامەنوس کە لێکۆڵینەوە لە گەندەڵی دەکەن یەکێکیان دەکوژرێت، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٢ ئەو ژمارەیە کەمیکردووە بێئەوەی مەترسییەکە کەمی کردبێت، دیارە لەهەموو جێگایەکدا دەسەڵاتداران بەردەوامن لەسەر هەڕەشەکردن لەوانەی کە بەدوای بابەتی گەندەڵیدا وێڵن و هەر بەمەشەوە نەوەستاوەتەوە، بەڵکو لەبەنگلادیش و ڕوسیا و



قلیپین ئەو ڕۆژنامەنووسانە کوژران کە لەبارەی گەندەڵییەوە نووسیویانە، بەڵام لەلایەکی ترەوە لەزۆر حاڵەتدا میدیاکانی ڕاگەیاندن ئەرکی خۆی لە ئێشکگرتن و چاودێریکردن جێبەجێ ناکات، بەڵکو لەبری ئەوە پەیوەندییەکی تۆکمە و نەشیاو لەگەڵ گەورە سیاسیەکان دەسازێنێت، بێگومان لەم بارانەشدا میدیاکانی ڕاگەیاندن بەشداری ناکات لە ڕۆشنگەری، سەبارەت بە حاڵەتەکانی گەندەڵی.

بەم شێوەیە لێکۆڵینەوەیەکی بانکی نێودەوڵەتی سەلماندوویەتی، کە میدیاکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەت بەشداریکردن لەدەرخستنی گەندەڵیدا کەمترە لەمیدیاکانی ڕاگەیاندنی دامەزراوە تایبەتیەکان، لەوڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆرجار دەزگاکانی پەخشی تەلەفزیۆنی سەر بە وەزیرانی حکومەتانی ئەو وڵاتانەن و بەرژەوەندییە حکومیەکانیش لەبەرامبەر شتە یاساغەکان لەسەر میدیاکانی ڕاگەیاندن ململانێ دەکەن.

دیسان پێویستە ڕۆژنامەنووسانیش هەژماری ئەوەبکەن، کە کاتێک ڕەخنە لەسەرکردەیەکی سیاسی دەگرن دووچاری سزای زیندانیکردن دەبنەوە، چونکە مافی ئازادانەی گەیشتن بەزانیارییەکان شتێکە و لەناوچەی عەرەبیدا ڕێکەوتنی بوونی ناکرێت.

دیسان لە ئیتاڵیا سلڤیۆ برلسکۆنی سەرەك وەزیران جڵەوی زۆربەی ناوەندەکانی پەخشی تەلەفزیۆنی لەدەستدایە و بەر لە هەڵبژاردنەوەشی بەڵێنیدا، کە چارەسەری ناچوونیەکی نێوان وەزیفەی سیاسی و بەرژەوەندی میدیاکانی ڕاگەیاندنی خۆی لەماوەی سەد ڕۆژی یەکەمی دەستبەکاربوونیدا یەکلایی بکاتەوە، بەڵام ئەو مەسەلەیە تاوەکو ئەمڕۆ هێشتا لەسنووری بەڵێندا ماوەتەوە، بەم شێوەیە ئیتاڵیا بەو پێیەی ئەندامی یەکێتی ئەوروپایە ئاماژەیەکی باش نییە بۆ ئەو پاڵێوراوانەی کە دەبنە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا و تازەش خەریکە لەچنگی سانسۆری ستالینیزم قووتاریان دەبێت.

لەدووتوێی ئەو شانزە ڕاپۆرتەی کە لەسەرتاسەری جیهانەوە هاتوون و هەندێکیان لەڕاپۆرتی گەندەڵی جیهانی لەساڵی ٢٠٠٣ دا بڵاوکراونەتەوە، حاڵەتی گەندەڵی و سەربووردەی ڕیفۆرمی ئەرێنی بەدیدەکرێت، هەروەکو چۆن هەواڵی پەرەسەندنی نەرێنی بوونی هەیە، سەرباری ئەمە ڕاپۆرتی ناوبراو بەشداریکردنی ڕۆناڵد نۆبلی ئەمینداری گشتی ئەنترپۆل و ژنە دادوەری فەرەنسایی ئیڤاجولی کەلەپای بوێری و داداوەری لێکۆڵیاریدا لە کێشەی ئیلف ئەکیتیندا خەڵاتی ڕاستبوونەوەی بەدستهێنا، پاشان پاشکۆیەکی بەناونیشانی (پێدراو و توێژینەوەکان) هەیە، لەگەڵ ژمارە و سکێچدا کە تەواوکەری ڕاپۆرتەکەن، بەو پێیەی ئەمەش چاوگێکی بەسوودە، هەرچی ئەو بابەتەشە کە تەوەرەیەکی گرنگی ڕاپۆرتەکەیە لەبارەی گەندەڵی جیهانییەوە و کۆمەڵێك وتاری چڕوپڕی لەبارەوە نووسراوە دەرفەتی گەیشتنە بەزانیارییەکان، چونکە ئەمە کارێکی سەنتەرالیزمە لەپێناو خۆپاراستن لەگەندەڵی.

تۆبی میندڵ سەرۆکی پرۆگرامی مافناسی لە ڕێکخراوی پارێزگاریکردن لە ڕۆژنامەنووسانی ئازاد، کە کەسێکی ناودار و شیاوە (ماددەی ARTICLE١٩/١٩ ) لە ڕاپۆرتی گەندەڵی جیهانی لەساڵی ٢٠٠٢ دەڵێت: ئەزموونەکان دەریانخستووە کە لیستی دەستوورەکان بەس نین بۆئەوەی مافی ئەوە بدەن کە بگەیتە زانیارییەکان لەبواری مومارەسەدا، بەڵکو دیسان پێویستیشە یاسا بۆ ئەو مەبەستە دابڕێژێت، هەروەها وڵاتانی سەرتاسەری جیهانیش سووربن لەسەر بوونی ئەم یاساگەلە، هەروەکو چۆن لەدوای ساڵی ٢٠٠٢ ەوە بۆسنە و هەرسك و بەریتانیا و پۆڵۆنیا و باشووری ئەفەریقیا پێداگریان کرد و لە گواتیمالا و هیندستان و ئەندونیسیا و نایجیریاش، پرۆژە یاساییەکان بوونیان هەیە.

لە ساڵی ٢٠٠٠ لقە نیشتمانییەکانی (شەفافیەتی نێودەوڵەتی) لە ئەڵمانیا و لوبنان و مەکسیك و پەنەما و وڵاتانی تر، دەستیاندایە هەڵمەتێکی لەپێناو ئازادی گەیشتن بە زانیاریەکان.



لەحاڵەتێکی هەڵاوێرد و دراماتیکی هەڵمەتێکدا کە لەژێر دروشمی (ئەوە بڵاوبکەرەوە کە کرێکەی دەدەیت / Publish What you pay) بەشداریمان کرد و لەلایەن ڕێکخراوی (شایەتی گەردوونی / Globale witness) ناحکومییەوە بەرپاکرا بۆ فشارخستنە سەر کۆمپانیاکانی نەوت و کانزاسازی نێودەوڵەتی، ئەم ڕێکخراوە دەڵێت: وا پێویست دەکات ئەم دامەزراوانە ئەو باج و گومرگانەی کە دەیدەنە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەی کاری تێدا دەکەن ئاشکرا بکەن،بەتایبەتیش لەناوچەکانی ململانێی نموونەی ئەنگۆلا و کۆنگۆ و سیرالیۆندا.

## ١٩- ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و خەباتیان لەدژی گەندەڵی

دامەزراوەنێودەوڵەتییەکان لە هەلومەرجێکدان، کە دەتوانن دەسەڵاتێکی زۆر بۆ گۆڕینی شتێك کە کاتێك پەیوەستە بە مەسەلەی بنەبڕکردنی گەندەڵی مومارەسە بکەن، کاتێکیش "شەفافیەتی نێودەوڵەتی" دەستبەکاربوو، دامەزراوەکان دانیان بە وشەی (گەندەڵی)دا نەدەنا، بەڵام لەمڕۆدا بووەتە وێردی سەر هەموو زمانێك و دامەزراوەکانیش دەتوانن بگۆڕین و بەدڵنیایشەوە ئەوە دەکەن، هەروەها "شەفافیەتی نێودەوڵەتی" لەلایەن خۆیەوە لەهەڤاڵبەندی دژ بە گەندەڵی پێشوازییان لێدەکات.www.transparency.org.

گەندەڵی وەکو ئەوەی بابەتێکی سەنتەرالیزمییە گەیشتووەتە خشتەی کارە نێودەوڵەتیەکان، بۆ نموونە لەئازاری ٢٠٠٢ لەمیانەی کۆنگرەی کۆمەکبەخشین بە گەشەپێدانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مونتیری (Monterry) ژمارەیەك لە سەرانی وڵاتان و وەزیرانی دارایی و پەرەپێدان لەگەڵ بانك و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ئاماژەیان بە گرنگی ناوەندێتی سەرکردایەتی چاپووکی حکوومەت کرد و بەدەستەواژەیەکی ئاشکرا سەرجەم هەوڵەکانی گەشەپێدانیان گەڕاندەوە بۆ دانانی سنورەکانی گەندەڵی، هەروەها بەکۆی دەنگ

بڕیاریان لەوەدا، کاتێك کە گەندەڵی باڵ دەکێشێت ئەوا بوونی هیواکان بە پەرەپێدانیەوە دەبێتە خەونێکی جوان، دیسان بەکۆی دەنگدانیش دانیان بەوەدانا، کە بوونی سەرکردایەتی حکومەتێکی چاپووك لەگەڵ دانانی سنوورێکی تۆکمە بۆ گەندەڵی مەرجی یەکەمە بۆ زیادکردنی کۆمەکبەخشین بە گەشەپێدان و لەپێناو وەبەرهێنانە تایبەتییەکان.

کۆ دەنگی لە مونتیری لەدژی گەندەڵی شتێکی سەیر نەبوو، چونکە لەناوەڕاستی نەوەدەکانەوە هۆشیاری لەبەرامبەر گەندەڵی و شوێنکارەکانی لەلای زۆربەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان زیادیکردووە، هەروەها بەر لەچەند ساڵێکیش بۆچوونی دەوڵەتانی ئەندامی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیانە ئەوەبووە، کە گەندەڵی قێزەونترین خراپەی ئابوری جیهانییە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە، گەندەڵی لەو خراپانەیە کە دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکریت.

پێشتر ڕێکخراوەکان خۆیان لەگەندەلی بەدوور دەگرت یاخود هەوڵیان دەدا لەباشترین هەلومەرجدا پرۆسەکانیان لەگەندەڵی بپارێزن، بەڵام لەمڕۆدا زۆربەی ئەو ڕێکخراوانە ئارەزووی ئەوە دەکەن کە لەخەباتی دژ بە گەندەڵیدا بەشداری بکەن.

دیارە ئەو گۆڕانکارییە بەرچاوەی کە لە هەڵوێستی بانکی نێودەوڵەتیشدا ڕوویدا، هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێکراوە پەیوەستە بە مێژووی دامەزراندنی (شەفافیەتی نێودەوڵەتی)، هەر بۆیە لەساڵی ١٩٩٦ەوە بانکی ناوبراو لەگەڵ گەیشتنی جیمس فلفینزون (Wolfensohn) بە ئاراستەی بەرژەوەندی ئێمە دەستی داوەتە جەنگ لەدژی گەندەڵی.

لەئازاری ساڵی ٢٠٠٣ جیمس فلفینزون داوای کرد، لەگەڵ شاندێکی شەفافیەتی نێودەوڵەتی کۆبێتەوە، ئەوەبوو لەواشنتۆن بەئامادەبوونی پەنجا کەس لەهۆڵی



کۆنگرەکان کۆبوینەوە و ئەمەش مایەی خۆشحاڵی بوو، ئەم ڕووداوە بۆ ئێمە شێوەی ئاهەنگێکی هەبوو، چونکە گۆڕانکارییەکی خێرا بەسەر سیاسەتی بانکی نێودەوڵەتیدا هات، بەرلە دە ساڵ بانکی نێودەوڵەتی بە بێزارییەوە پشتی تێکردم و دانی بە ئامادەیی مندا نەدەنا بۆ بنەبڕکردنی میتۆگەراییانەی گەندەڵی، بەهەرحاڵ هەستی بەدڵتەنگی دەکرد لەبەرامبەر ئەو خولیا ئایدیالیانەی من، بەڵام ئەوەتا دیسان بۆلای ڕێکخراوەکە گەڕاوەتەوە و بەشێوەیەکی جدیانە لێمان دەڕوانێت و هەشت کاتژمێری بۆ کۆبوونەوە لە هەموو بەشە پەیوەندیدارەکان تەرخانکردووە، هەروەها سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی دەخوازێت لەگەڵماندا خاڵی هاوبەشی تاووتوێ بکات لەپێناو کاری داهاتووی دژ بە گەندەڵی.

پاشان (سندوقی دراوی نێودەوڵەتی / Ielernational Monetery Fund، IMF) کە ئەندامانی بانکی نێودەوڵەتی لەخۆگرتبوو، لەلایەن خۆیەوە ڕەزامەندی خۆی لەبەرامبەر ئەو دەستپێشخەرییە پۆزەتیڤە نیشاندا و دەستی دایە خەبات لەدژی گەندەڵی، بەوپێیەی بەشێکی سەنتەرالیزمە لە سیاسەتی ئەمانەتدارێتی.

لە ئەندونیسیا و بەم دواییەش لە کینیا سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی سەرسەختانە ڕۆڵێکی ڕابەریانە دەبینێ بۆ بەرەوپێشبردنی چاکسازییەکان، ئەویش لەڕێگەی فشارخستنەسەر حکومەتەگەندەڵەکان.

سەبارەت بە بەرزبوونەوەی ڕێکخراوەکان بۆئاستی ستراتیژیەتی جیهانی لەدژایەتیکردنی گەندەڵی، ئەوا پێویستە پێداگری لەچەند مەرجێکی وەکو بوونی سەرکردایەتی حکومەتێکی چاپووك و سانسۆر لەدژی گەندەڵی بکرێت، بەتایبەتیش لەکاتی دابەشکردنی پارەدا، جا ئەگەر هاتوو ئەو پارەیەش لەباجی دەوڵەتانی دەوڵەمەندبوو.

ئێمە هەر لەسەرەتاوە گرنگییەکی زۆرماندا بەوەی کەوا تێنەگەیەنرێت، بنەبڕکردنی گەندەڵی بەهیچ شێوەیەك کاریگەری بۆسەر مومارەسە بازرگانییەکانی باکوور یاخود لەبەرژەوەندی باکووردا دەبێت.

دیسان دەستپێشخەرییەکی تر، کە لەسەرەتای دامەزراندنی (شەفافیەتی نێودەوڵەتی)یەوە لێمان دەڕوانی بەشداری پێکردنی سەرجەم توخمەکاراکان بوو لەبەرپرسیارێتیان لەگەندەڵیدا، جا ئەوانەی لەپێدانی بەرتیلدا کارابوون یاخود ئەو بەرتیلخۆرانەی کە دەستیان دەکەنەوە، هەڵبەتە لەگەڵ بەتایبەتیکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان مەسەلەی گواستنەوەی قەرز لە یەك لایەنەوە، جگە لە نووسراوی سەر کاغەز چیتر نییە، بەتایبەتیش لەگەڵ بوونی ئەو گەندەڵییەی سنورەکان دەبەزێنێت و لەگەڵیشیدا ئەوە ئاشکرادەبێت، کەوا پێویست بوو گەندەڵی لەلایەن وڵاتانی تازە پێگەیشتووەوە چارەسەر بکرایە.

دیارە ڕێکەوتننامەی دژ بە پێشکەشکردنی بەرتیل بە پۆست لەدەستە بیانیەکان بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی ئابووری و پەرەپێدان و پێنج وڵاتی هەناردەی تر لەکانوونی یەکەمی ١٩٩٧ واژۆکراوە، کە ئەمەش بۆخۆی سیمایەکە لە سیماکانی مامەڵەی کۆمەکبەخشەکان، لەگەڵ پارەی بەرتیلی نێودەوڵەتیدا، دیسان ئەم ڕێکەوتننامەیە داوای بڕینی پێشکەشکردنی بەرتیل بەپۆست لەدەستە بیانیەکان و ئامادەکردنی ئاڵوگۆڕی کۆمەکی یاسایی دەکات لەپێناو کار ئاسانکردنی لێکۆڵینەوە لە ئەگەری پێشێلکاریەکان، ئەمە جگە لەوەی ڕێکەوتننامەکە لێکۆڵینەوەی سیستماتیك و چاودێریکردنی نێردەرەکانی بۆ وڵاتەکان لەخۆگرتووە، کە لەمەشدا (شەفافیەتی نێودەوڵەتی) بەشداری کردوە.

لە ئاستی هەرێمایەتیشدا لەم ساڵانەی دواییدا چەندین ڕێکەوتننامەی جۆربەجۆر واژۆکراون، لەساڵی (١٩٩٦) یشەوە ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکا (OAS, Organization of American states) کە هەموو ئەمریکا دەگرێتەوە لەسەر ڕێکەوتننامەی دژایەتیکردنی گەندەڵی پێکهاتوون، لەپاش ساڵێکیش یەکێتی ئەوروپا بەم بابەتەوە سەرقاڵبوو، هەربۆیە دەستیدایە داڕشتنی پلانێکی ڕێنماییکار بۆ بڕینی بەرتیلی ئەرێنی، کەئەمەش دواتر بەچەند ڕێکەوتننامەیەکی جۆربەجۆری نێوان دەوڵەتانی ئەندام پشتیوانی لێکرا:



دیسان پێویستە لەسەر ئەندامانی نوێش بەر لە هاتنە ناوەوەیان بەتەواوەتی ئەوە بەئەنجام بگەیەنن کە بە (دەستکەوتە کۆمەڵگەییەکان / Acquis Communauteise) ناودەبرێت یاخود کۆی ماف و ئەرکەکان، تەنانەت ئەوەی کە پەیوەستیشە بە ڕێساکانی گەندەڵی.

ئەنجوومەنی ئەوروپایی (European Counsil)، کە دیاریکەرێکی گرنگی ئاراستەی یاسای نێودەوڵەتییە، بەشێوەیەکی توندتر لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکە، جا ئەوە بەیاسای تاوانکاری یاخود ڕێکەوتننامەی تایبەت بەیاسای مەدەنی لەمەڕ گەندەڵی ساڵی ١٩٩٩ بێت پێداگری دەکات لە دژی گەندەڵی.

بەگوێرەی ڕێکەوتننامەی تایبەت بە یاسای تاوانکاری کە لە تەمووزی ساڵی (٢٠٠٢)ەوە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پێویستە لەسەر ئاستی نیشتیمانی بڕیاری جێبەجێکردنی گرتنەبەری ڕێ و شوێنی دژ بەگەندەڵی لەژیانی گشتی و ئیدارەی گشتی و بواری ئابووری کەرتی تایبەتدا بدرێت، جگە لەمەش یاسای تاوانکاری تایبەت بە پرۆژە و کۆمپانیاکان دابنرێت و کارئاسانی بۆ دەستبەسەراگرتنی داهاتەکانی گەندەڵی بکرێت.

هاوکات بە بەشداریکردنی کارای (شەفافیەتی نێودەوڵەتی) ئامرازگەلێکی هەرێمایەتی هاوشێوە، کە لە ئێستادا نەخشەی بۆ دادەنرێت لەلای ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقیا و ڕێکخراوی (SADC) لە باشووری ئەفریقیا و لەبواری ئۆقیانووسی ئارام و ئاسیادا هەیە، هەروەها کۆی بانکەکانی پەرەپێدانی هەرێمایەتی کە زۆرکات لەکارکردنیاندا سەر بە بانکی نێودەوڵەتین، کار بۆ چاککردنی هەلومەرجی ئامرازەکانی دەکرێت، بۆئەوەی سانسۆرێکی گونجاو بێت بەسەر گەندەڵییەوە، کاتێکیش بیر لە گەشتە زۆرەکانی ئەم ڕێکخراوانە دەکەمەوە بۆ مانێللا و ئەبیجان و لۆکسمبۆرگ و واشنتۆن دڵم لێوان لێو دەبێت لە خۆشحاڵی لەبەرامبەر ئەم گۆڕانکارییە گشتییەی نێو ئەقڵیەتەکان، پاشان

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ئێستادا بەکۆی ڕێکخراوە زۆر و زەوەندەکانیەوە بوونەتە هاوپەیمانمان و کۆنگرەیەکیش نییە کە لە بارەی بابەتی سەرکردایەتی حکومەتەوە بێت و ئێمەی بۆ بانگهێشت نەکرێت، هەر لەم سەروبەندەدا کوفی ئەنان (Kofi Annan) بەدڵێکی فراوانەوە پێشوازیمان لێدەکات، جا ئەوە لەحاڵەتی کارنامەی جیهانی یاخود لەحاڵەتی دەستپێشخەرییە هاوشێوەکانی تردابێت، کە تیایدا هەمیشە جەخت لەسەر بنەبڕکردنی گەندەڵی دەکاتەوە و بەمەرجی یەکەمینی دادەنێت لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە زۆرەکانی دیکە، لەوانەش: پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و پارێزگاریکردن لە سروشت و ژینگە و مەرجە ڕەواکانی کار و پاراستنی منداڵ و ئافرەت، بەم پێیەش داوای ڕیزبەندکردنی ڕۆڵی گەندەڵی (ئامۆژگاری دەیەم) لە پێڕستی بنەماکانی کارنامەی جیهانی دەکرێت، تا لە گەورەترین پرۆژە ئابوورییەکانی جیهاندا جێبەجێ بکرێت.

هەروەها پێویستە نەتەوە یەکگرتووەکان لەدارشتنی ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی کە ماوەی چارەکە سەدەیەکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی دارشتنی دەدات لەدژی گەندەڵی، دەست و برد بکات، هاوکات لەئێستادا پرۆژەی ئەم ڕێکەوتننامەیە لەمیانەی زنجیرەیەك کۆنگرەدا بەشێوەیەکی بەردەوام بەرەو پێش دەچێت بۆ گەیشتن بەرەو کۆتاییەکی سەرکەوتوو، یەکێکیش لەو کۆنگرانە کۆنگرەی نێودەوڵەتی مەکسیك بوو، کە لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٣ بە ئامادەبوونی تیمێکی (شەفافیەتی نێودەوڵەتی) بە سەرۆکایەتی جێرمی پۆپ بەڕێوەچوو، بەڵام ناوبراو بەگومانەوە لەو مێژووە دەڕوانێت، چونکە قەبارەی پرۆژەکە هەڵئاوسا تا گەیشتە ١٢٠ لاپەڕە.

دیسان لەگەڵ هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەدژی گەندەڵی کە زۆرترین ڕووبەری گرتووەتەوە و چالاکتر بووە، پێدەچێت ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی (World Trade Organization) لەم ستراتیژیەتە گشتییە پاشەکشە بکات، هەرچەندە لەکاتی بەجیهانیبوونی بازاڕەکان ئەم ڕێکخراوە گرنگی تایبەتی خۆی دەبێت.



لەگەڵ ئەو هەولانەی کە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەیدات بۆبڕینی گەندەڵی، بەڵام برەودانی بازرگانی جیهانی تواناکانی ساختەکاری و ناپاکی زیادییکردووە، وەکو ئاشکراشە گەندەڵی زیاد دەکات، کاتێك دامەزراوەکان لاواز دەبن و مەترسی ئاشکراکردنی گەندەڵیش سست و تواناکانی قازانجیش گەورە دەبێت، هەربۆیە لەو پێناوەدا پێویستبوون بە ستراتیژەکانی پیشتیوانیکردن لەبازرگانی و میکانیزمەکانی خۆپارێزی لە دژی گەندەڵی لاواز نەبووە. کەواتە ئاخۆ ئەو ڕۆڵە چییە، کە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی لە خەباتی دژ بەگەندەڵی دەیگێڕێت؟ من لەم بارەیەوە ئەرکێکی تازە بەخەیاڵمدا نایەت تا بخرێتە ئەستۆی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی، چونکە لەگەڵ هاتنە ئاراوەی ڕێکەوتننامەکە ، لەئاکامی گەشتی ئۆرۆگوای (Round –Uruguay ) لە ساڵی ١٩٤٤، هەڵوێستی ڕشکاوانەی خۆی لەگەندەڵی ڕانەگەیاندووە، بێگومان ڕاگرتنی هەڵکشانی گەندەڵی لەبازرگانی جیهانیدا، هەر لە کارنامەی هاڤانا (Havana-chater) وە لەساڵی ١٩٤٧ بەشێکی جیانەکراوەیە لە ڕێکەوتننامەی گشتی تایفە و بازرگانی –گات- General Agreement on Taarifand Trade، GATT ئەوەتا ماددەی دەیەم، فۆرم گەلێکی لەخۆگرتووە، کە لەبەرژەوەندی شافافیەتدایە و گەورەتریشە لە یاسا و فەرمانە ئیدارییەکان و هەروەها بڕیارەکانی دادگا و لیستە ئیدارییەکانی پەیوەست بە بازرگانی، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە، زۆر کار بەمە نەکراوە، هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا و لەلایەن ئەندامانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانییەوە مشتومڕەکانیان سەبارەت بە تواناکانی ڕاگرتنی هەڵکشانی گەندەڵی لە ڕێگەی بوونی لیستە بازرگانییەکان و جەختکردنەوە لەسەر شەفافییەت کە لە ماددەی دەیەمدا هەیە برەوی پێدراوە.

یەکێك لەو مەسەلە گرنگانەی کە مرۆڤ لە ئەنجامی ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییەکانی دژ بەگەندەڵی لێوەی فێردەبێت ئەوەیە کە ئەم ڕێوشوێنانە تەنیا لە میانەی هەڤاڵبەندییە نامەئلووفەکانەوە دروست دەبن، واتە لە ڕێگەی هەڤاڵبەندی

ئابووری کەرتی تایبەت، کۆمەڵگەی مەدەنی، حکومەتەکان و هەندێجاریش هەر سێ لایەن پێکەوە. کاتێکیش هەڤاڵبەندییەکی بەرفراوان چێدەبێت لە ئابووری و حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و لەسەر ڕێوشوێنی پێویست پێکدێن، ئەوا دەکرێت ستراتیژگەلێك بهێنرێتە ئاراوە و برەو بە ئامرازەکانی دژ بەگەندەڵی بدرێت و ڕێکەوتننامەکان دابڕێژرێت. لەبەرئەوە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی بە هیچ شێوەیەك ناچارنییە کە بەتەنیا کار بۆ دامەزراندنی ڕێسا تایبەتییەکانی خۆی بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی بکات و بگاتە میکانیزمەکانی جیبەجێکردنیان.

زۆرێك لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە دەروەستەکان سەلماندوویانە کە دەتوانن بگەنە دەرەنجام و لەهەمان کاتیشدا لە ئاستێکی بەرفراواندا دانپێدانان بەدەستبهێنن، هەڵبەتە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیش بۆ ئەم مەبەستە گونجاوە، بەو پێیەی ڕێکخراوی جیهانییە بۆ هەماهەنگی کردنی نێوان دەستپێشخەرییە جۆربەجۆرەکان لەسەر ئاستی جیهانیدا، هەروەها پێویستە بەجیهانیکردن بە شێوەیەکی سستماتیك و هارمۆنی بۆ بەرژەوەندی گشتی خەڵکی مومارەسەی خۆی بکات.

پاشان وا پێویست دەکات کە چاودێریکردنی ئەکتیڤ بەسەر گەندەڵییەوە چارەسەرێکی گشتگیر و تەواو بێت. دیارە بۆ گەیشتنیش بەم جۆرە چارەسەرە هەر پشت بە ڕابەرانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و سەرچاوەکانیان نابەسترێت، بەبێ بوونی باوەڕکردن بەوەی کە چاکسازییەکان چیتر ناکرێت دوابخرێت.

بەپێچەوانەی ڕێکخراوەکانی تر ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی تاوەکو ئێستا بایەخی بە بابەتی گەندەڵی نەداوە، هەرچەندە ئەمە بەگرنگترین بەرپرسیارێتییەکانی دادەنرێت، هەروەها دەکرا ئەم ڕێکخراوە هەوڵەکانی خۆی لە خەباتی دژ بەگەندەڵی ڕاستەوخۆ چڕ بکاتەوە و کار بۆ ڕێکەوتننامە لەسەر شەفافییەت بکات لە پرۆسەی گشتی دڵنیایی و چێداندا، کە بۆ ماوەیەکە ئامادەکاری بۆ دەکرێت، چونکە مەسەلەکە پەیوەستە بە بوارێکی سەرەکی



لەبوارەکانی بازرگانی جیهانیدا. دیسان ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ نییە بۆ سنووردارکردنی گەندەڵی لەبازرگانی جیهانیدا، جگە لەسەر قاڵبوون بە پرۆسەکانی دڵنیایی و پێدان — التـأمين و التزويد- ءوە نەبێت، بەگوێرەی خەملاندنەکانی ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری و پەرەپێدان بالانسی ساڵانەی دەستکەوتەکانی حکومەت لە ئاستی جیهانیدا دەگاتە پێنج ملیار دۆلار، کە بەشێکی زۆری ئەم خەرجکردنانە دەڕوات بۆ ڕاژەی گشتی، واتە بۆ گواستنەوە و پەروەردە و تەندروستی.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وەبەرهێنانانە بە شێوازێکی زۆر ترسناك بەفیڕۆ دەدرێت کە لە شەفافییەتەوە دوورە.

بوونی شەفافییەت لەمامەڵەی فەراهەمکردنی کڕینە گشتییەکاندا لەبەرژەوەندی فرشیار و کڕیاردایە، چونکە پرۆژە گەورەکان دەریانخستووە کە بەشداریکردن لەبازاڕدا شەفافییەتی لەخۆنەگرتووە، بەڵکو ئەوە گەندەڵییە کە تێچوونی بەرزکردووەتەوە و مەترسی سەرچڵییەکانی ڕوو لەهەڵکشانکردووە، چونکە ئەو سەودانامانەی کە بە بەرتییل بەدیدێت لەڕووی یاساییەوە دڵنیایی بۆ مسۆگەر ناکرێت. دیسان دەکرێت گەندەڵی زیان بەناوی ئەو هێما بازرگانیانە بدات، کە لە زۆرکاتدا سامانێکی زۆری بۆ خەرجکراوە و زۆرێکیشیان خوازیارن لەبازاڕێکدا ئیش بکەن کە بێ بەرتیلە.

هاوکات لەزۆربەی بوارە بازرگانی و کارەکاندا یاریزانە جیهانییەکان درکیان بە خەسڵەتی کێبەرکێی بێ گەندەڵی کردووە و لە ئێستادا سەرگەرمی دانوستانن لەپێناو (ئاستە هاوبەشەکانی کێبەرکێدا).

لەگەڵ ئەمەشدا ڕێگاگەلێکی گشتی نێودەوڵەتی هەیە لەدەستەبەرکردنی کڕیندا، کە دەکرێت جگە لەشەفافییەت بە هەموو شتێکی تر وەسفبکرێت، هەرەچەندە زۆرێك لە وڵاتان ڕێسای دەستەبەرکردنی کڕینی شیاوی هەیە، بەڵام زۆرجار ئەم ڕێسایانە بێ سوودن و بە شێوەیەکی ڕۆتینی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

هەڵبەتە شەفافییەت مەسەلەیەکی گەوهەری و گەرەنتییەکی باشە بۆ دەستگرتن بەرێساکانەوە، هەروەها دەبوو رێکخراوی بازرگانی جیهانی بە شێوەیەکی دروست وەزیفەی خۆی جێبەجێکردایە و فۆرمەکانی شێواندنی رێگاکانی دەستەبەرکردنی کڕینی گشتی نەهێشتایە. لەگەڵ ئەوەشدا (رێکەوتننامەی سازاندنی کڕینە حکومییەکان Government Procurement Agreement, GPA) کە تاوەکو ئێستا کاری پێدەکرێت و لەلایەن ژمارەیەك ئەندامەوە واژۆکراوە و لەساڵی (١٩٩٦)ەوە لەبواری جێبەجێکردندایە، هەندێك لەخواستە بنەڕەتییەکانی شەفافییەتی دەستەبەرکردووە، بەڵام ئەم رێکەتننامەیە ژمارەیەکی کەم واژۆیان لەسەر کردووە و ئەمەش بەس نییە بۆ ئەوەی بۆ مەودایەکی دوور شوێنکاری خۆی بەدی بهێنێت، پاشان بەتایبەتی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دێنە ریزی ئەم رێکەوتننامەیەوە، چونکە لیستی تایبەت بە توانای گەیشتن بە بازاڕی لەخۆگرتووە، ئەمە جگە لەوەی کە ئیمتیاز دەبەخشێتە پیشەسازییە تازە خەملێوەکان یان فرۆشیارە لۆکاڵییەکان، بەڵام کاتێك کە جیاوازی نەکردن لە سیستمی بازرگانی فرەلایەندا گرنگییەکی یەکلاکەرەوەی نەبێت و (رێکەوتننامەی سازاندنی کڕینە حکومییەکان)یش پانتاییەکی بەرفراوانی نەگرتبێتەوە، ئەوا لە ساڵی (١٩٩٦)ەوە کاردەکرێت لەپێناو رێکەوتننامەیەکی تازەدا.

لەمیانەی کۆنگرەکانی وەزیران لە سیایتل و دۆحە، ئەندامانی رێکخراوی بازرگانی جیهانی مشتومڕ لەسەر رێکەوتننامەی تازە دەکەن سەبارەت بە شەفافییەت لە شێوازەکانی سازاندنی کڕینە گشتییەکان.

ئەم پێشنیازانە کە رەگەزە بنەڕەتییەکانی ستراتیژییەتی لە پێناو شێوازی سازاندنی کڕینە گشتییە شەفافەکان لەخۆگرتووە، هیچ بارگرانییەکی تایبەتی هەڵنەگرتووە و توانای گەیشتنی بازاڕی هەیە:



★ بڵاوکردنەوەی یاسا و رێوشوێن و بڕیارەکانی دادگا و رێنمایی و فەرمانە کارگێڕییەکان.

★ جاڕدانی گشتی لە بارەی کەمکردنەوەکان لەکاتی گونجاودا.

★ بڵاوکردنەوەی مەرجە سەرەتاییەکانی خستنەڕوو، لەوانەش زانیارییەکان لەمەڕ وەسفکردنی تەکنیکی و نۆرمە تایبەتییەکان بەبڕیاری پێدان.

★ بڕیارە شەفافەکان لەمەڕ مەرجەکان و پێدانی گرێبەست.

★ زانیاری لە بارەی خستنەڕووکار (العارض)ەکان کە هەژماریان بۆنەکراوە، هەروەها هۆکارەکانی بڕیاردانی دژ بەخستنەڕووەکانیان.

★ کۆڕ و رێوشوێنە سەربەخۆکان لەپێناو چاودێریکردندا.

بەهۆی رێوشوێنی ناو ئاشکرای هەندێك لەوڵاتان و نارەوایی بیروکراسییەکان لە پێشکەشکردنی زانیارییەکان، مرۆڤ دەتوانێت بەهیوای ئەوەبێت کە رێکەوتننامەی رێکخراوی بازرگانی پێشنیازکراو ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە مومارەسەی پێدانەکان لەلای حکومەتان، دیسان دەشێت بەشداری گرنگ بکات لەلابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەکردن.

تەنانەت کاتێکیش سەرجەم وڵاتانی ئەندام لە رێکخراوی بازرگانی جیهانی لە رێساکانی سازدانی کڕینە شەفافەکان سوودمەند بن، ئەوا بێگومان وڵاتانی تازە پێگەیشتووی سەر پەیژەی پێشکەوتنیش کەڵك لەوە وەردەگرن، هەرچەندە قەرزێکی زۆریان لەسەرشان کەڵەکە بووە و تێکڕا (معدل)شی لە وەبەرهێنانە ڕاستەوخۆکانی بیانی خراپە، بەڵام هەر سەنتێك کە دەستەبەری دەکات دەتوانێت پشتی پێ ببەستێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو لە دۆحە توانیان سەرەتای دانووستانەکان لەمەڕ رێکەوتننامەکە بۆ ساڵی ٢٠٠٣ بەلای کەمەوە دوابخەن.

هەرچەندە هەندێك مەسەلە هێشتا بەکراوەیی ماوەتەوە، بەڵام هۆیەك لەئارادا نییە بۆ ڕێگرتن لە واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی لەمەڕ شەفافییەت لە سیستەمی پێدانەکان (العطاءات)، بەڵام ئەو ڕێگا داخراوەی کە مشتومڕەکان لە بارەی شەفافییەت لە مامەڵەی سازاندنی کڕینە گشتییەکان پێگەیشت، تەنیا یەکێکە لە ئاستەنگە زۆرەکان کە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی ڕووبەڕووی دەبێتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٢ مایك مۆر (Mike Moore) بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی لەو ڕۆژگارەدا بانگهێشتی کردم بۆ لای دەستەیەکی ڕاوێژکاران بۆ ئەوەی وا بکەم گوێ لە دەنگی کۆمەڵگەی مەدەنی و شەفافییەت بگرێت. بێگومان هەوڵدانم بۆ خستنەناوەوەی خشتەی کارەکانی دژایەتیکردنی گەندەڵی لەمشتومڕەکانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیدا بە شێوەیەکی بەشەکی سەرکەتووە.

پێدەچێت بەرگریکردنی زۆرێك لە چاکسازییە شیاو و سوودمەندەکانی لە سۆنگەی بەدحاڵیبوونی ئەزموونە خراپەکان و بڕیارە بەپەلە و ناشەفافەکان (ناڕوونەکان)ەوە سەرچاوەی گرتبێت.

دیسان بۆچوونی ئەوانەی ناوەوەی ڕێکخراوەکە و زۆرێکیش لەخاوەن ویژدانی چاودێرانی ڕێکخراوی ناوبراو پێیانوایە کە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی تەنیا بە چاکسازییەکی دامەزراوەییانە بەرەو پێش دەچێت. لەگەڵ ئەو هەوڵانەی حکومەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەڤاڵبەندە پەیوەستەکان بۆ ڕاوەستان لەڕووی گەندەڵی باوی بازرگانیدا کە سنوورەکانی تێپەڕاندووە دەیدەن و جێگەی ستایشە، بەڵام لە واقیعدا بەرتیل ئامادەیی لە هەموو جێگایەکدا هەیە.

هێشتا بازرگان و وەبەرهێنانەکان بەهۆی ڕەفتاری گەندەڵکاریانەوە دووچاری شێواندنی زۆردەبنەوە و دەرفەتەکانی پەرەپێدان لەناودەبەن، دیسان هەرچەندە لە ئێستادا ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی (گەشتی پەرەسەندن و برەوپێدان)ی



ڕاگەیاندووە، ئەوا ئەمەش گرنگی پەنابردنی ڕێکخراوەکە بۆ سیاسەتێکی تازەی یەکلاکەرەوە زیاد دەکات، هەروەکو ئەوەی ڕێکخراوگەلێکی تری نێودەوڵەتی لەم ساڵانەی دواییدا کردوویانە لەپێش هەمووشیانەوە بانکی نێودەوڵەتی، ئەمەش بە ئامانجی ڕێگرتن لە گەندەڵی لە نێو بازرگانی جیهانیدا.

## ٢٠- هەر بە تەنیا شەفافییەتی نێودەوڵەتی هەبوونی نییە

یانزە گەورە بانکی تایبەتی بەگەڕکەوتووە، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، کۆکن لەسەر پرەنسیپە هاوبەشەکانی نەهێشتنی کۆپیکردنی پارە. هەروەها لە هەر دامەزراوەیەکدا بەپێی هێڵە ڕێنماییەکان بەشی سەربەخۆی چاودێریکردن دادەمەزرێنرێت.

هاوکات دۆتیچە بانك (Deuteche Bank) بەوپێیەی تەنیا نوێنەری یەکێتی کۆمپانیا دراو دەرەکانە لە کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی لەم پرەنسیپەدا بەشداری دەکات. هەڵبەتە پرەنسیپەکان لەلایەن (شەفافییەتی نێودەوڵەتی)یەوە درێژراوە، کە ئەمیش ڕێکخراوێکی ناحکومەییە و خۆی پابەند کردووە بە خەباتی دژ بەگەندەڵی.

پیتەر ئایگن، لەمیانەی پێشکەشکردنی دەستپێشخەری بانکەکان لەزیوریخ، لەم بارەیەوە دوواو گوتی: ئەمە دانانی ئاستەنگ و ڕێگرییە لەڕووی ئەو گەندەڵکارانەی دەیانەوێت قازانجە نامەشروعەکانیان بۆ سیستەمی بانکی لەئاستی جیهانیدا دزە پێبکەن. دیسان دەبێژێت: ڕێکەوتنەکە کە ئاماژەیەکی ئاراستەکەرە بۆ بازاڕ بەوەی کە ئەم یانزە بانکە دانابەزنە گۆڕەپانی کێبەرکێ و دیسپلینە تایبەتەکانی خۆیان بۆ لەبەرشۆردنەوەی پارە تێپەڕێنن (فانیشیال تایمز، ئەڵمانیا، ٣١-١٠-٢٠٠٠).

دارشتنی هەڤاڵبەندی و پێشکەشکردنی ئایدیا و هاندانەکان و دامەزراندنی دامەزراوە نوێیەکان کە بە ئاراستەی دژ بەگەندەڵی دەچن، وەکو پێشتر ئاماژەی پێکراوە، ئەمە ئەو میتۆدە بووە کە (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) بەرەنگاری گەندەڵی و شوێنکاری لەسەرتاسەری جیهاندا دەبێتەوە.

هەروەها لە دە ساڵی ڕابردوودا لە دانانی دەستپێشخەری و نەخشەی بونیادە نوێیەکان و تێپەڕاندنی خشتەی کاری تایبەت و ڕێکخراوەکەمان سەرکەوتووبووین، هەڵبەتە ئەم دەستپێشخەری و بونیادە بۆ خۆی بە تەنیا لە دژی گەندەڵی لەسەرپێکانی ڕادەوەستێتەوە، من لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە سێ دەستپێشخەری (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) بکەم، (پرەنسیپەکانی فولفزبێرگ) کە دەستپێشخەریەکە و تیایدا یانزە گەورە بانکی نێودەوڵەتی بەشداری دەکەن و پابەند و چالاکن لەکارکردن لە دژی لەبەرشۆردنەوەی پارە.

هەروەها دەمەوێت باس لەدامەزراندنی دوو ڕێکخراو بکەم، کە ئەوانیش هەریەك لە (سندوقی هاوبەشیکردن لەپێناو شەفافییەت / Partnership for PTF, Transperany Fund) بۆ کۆمەککردنی دارایی بە پرۆژەکانی دژ بە گەندەڵیە بچووکەکان کە لەنێو کۆمەڵگە مەدەنیەکاندا بە ئاڵۆز دادەنرێت و (تۆڕی سەلامەتی دارستان / Forest Integrity Network)ە، کە بەڵێنی بەخۆیداوە بنەبڕی بەرتیل لە ئابوورییە شلۆقەکاندا بکات و هەر ئەمەشی لەسەر ئالاکەی نووسیوە، با لەسەرەتاوە لە بانکەکانی فولفزبێرگەوە دەست پێبکەین. لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٠ لە پێشکەشکردنی هەڤاڵبەندییەکی شایستە سەرکەوتین، کە لە ڕۆژنامە جیهانییەکاندا دەنگیدایەوە و واشچاوەڕوان دەکرا کە لە سیستمی بانکیدا کاریگەرییەکی پراکتیکی تۆمار بکات.

ئەوەبوو یانزە گەورە بانکی جیهانی لەچوارگۆشەی بچووکی فولفزبێرگی سویسری، لەسەر بنەمای بنەبڕکردنی لەبەرشۆردنەوەی پارە ڕێکەوت، دیارە دوابەدوای ئەوەش ئەم بنەمایانە لە ئێستا بەدواوە بە (پرەنسیپە فولفزبێرگ بۆ



بنەبڕکردنی لەبەرشۆردنەوەی پارە / Wolfsberg Anti – Money – Loundering- Principles) دەناسرێت.

بێگومان کۆتایی هاتنی ئەم مەسەلەیە و ڕێکەوتنی فولفزبێرگ نزیکەی دوو ساڵی خایاند. ئێمەش لەم دوو ساڵەدا بەردەوام لەگەڵ بانکە گرنگەکانی هەردوو لای ئەتڵەسدا لە گفتوگۆدا بووین. ئەوەبوو بانکەکانی دڕکیان بەوە کردبوو، کە دەبێت لە دژی لەبەرشۆردنەوەی پارە کارێك بکەن، ئەمەش بەویستی خۆیان بوو نەك بەناچارکردنیان لەلایەن حکومەتەوە.

لەو دەمەشەوە هەندێك لە وڵاتان کە بارەگای سەرەکی بانکە بەشداربووەکان بوون، لەوانەش سویسڕا خاوەنی سازاندنی یاسایی هاوشێوەی بنەماکانی ئەمڕۆ بوو.

هەڵبەتە بانکەکان دەیانویست پابەندبن بەجێبەجێکردنی ڕێساکان بە شێوەیەکی هاوبەش و ئەمەش سەرجەم لقە بچووکەکانی وڵاتە زۆر دوورەکان پێوەی پەیوەست بن، واتە تەنانەت دوورگە بەناوبانگەکانی ئۆقیانووسی ئارام کەمایەی ترسی خەڵکین و ئەو شوێنانەش کەلێیەوە پارەی پیس دەگوازرێتەوە.

ئاشکرایە بەدرێژایی ڕۆژگار بانکەکانی سویسڕا پەناگەیەکی ئارامی پارە دزراوەکان بوون، جا ئەوە لەسەودانامەکانی مادده بێهۆشکەرەکانەوە یاخود لەو فەرمانڕەوایانەوە چووبێت، کە گەلانی خۆیان تالانکردووە.

لە سەرەتای هەشتاکاندا فردیناند مارکوس (Ferdinand Marcos)ی سەرۆکی فلیپینی (٥٠٠) ملیۆن دۆلاری لەحساباتە بانکییەکانی بانکەکانی سویسڕا داناو هەرچی سلۆبۆدان میلۆزۆڤیچی ستەمکاری یوگسلافیاشە (٥٧) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە بانکێکی ئارامی سویسڕا دەست بەسەر کردبوو، دیارە تاوەکو ساڵی

١٩٩٩ کە ڕێساگەلێکی تۆکمە نەخرانەگەڕ لە دژی سەوداناماەداراییە نامەشروعەکان شتێکی کەم نەبێت ئەمانە لەبانکەکاندا نەدۆزراونەوە، هەروەها سانی ئاباشی زۆرداری نایجریا نزیکەی نزیکەی (٦٧٠) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە پارەی دزراوی ڕەوانەی سویسڕای فیدراڵی کردبوو، گومانیشی تێدانییە کە هەر بەتەنیا سویسڕا بەم مەسەلەیە پەیوەندیدار نییە، بەڵکو دەگوترێت خێزانی ئاباشی زیاتر لە چوار ملیار دۆلاری ئەمریکی بەتاڵان بردووەتە دەرەوە و بەشێکی زۆریشی لەبانکەکانی بەریتانیا و ئەڵمانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان و لشتنشتاین دانراون.

هاوکات بەگوێرەی خەملاندنەکان سالآنە نزیکەی (٦٠٠) ملیار دۆلار پارەی ساختە دەردەکرێت لەلایەن بانکە گەورەکان و دامەزراوە داراییەکانی ترەوە، کە ناوبانگیان هەیە و پێویستە لە دەستی بدەن.

پاشان لەژێر فشاری ئازاردا پاڵ بەگرنگترین بانکەکانەوە دەنرێت بۆ ئەوەی کارێك بکەن، ئەوەبوو مەسەلەکە لە کانوونی دووەمی ١٩٩٨ لە سەرماوسۆڵەی هاوینەهەبواری داڤۆش (Davos) دەستی پێکرد، کاتێك شەوکەت عەزیز بەڕێوەبەری گشتی بەشی بانکە تایبەتیەکانی سێی بانك (citi bank) کە خاوەنی ڕۆحی دەستپێشخەری و کەسێکی لێوەشاوەیە ڕووی تێکردم و پێیگوتم ئاخۆ دەتوانین ئێمە و بانکەکەی و هەندێك لەبانکەکانی تر، زەنگی دەستپێشخەری لەدژی لەبەرشۆردنەوەی پارە لێبدەین.

شەوکەت عزیز کە ئێستا پۆستی وەزیری دارایی پاکسانی لەدەستدایە، پێشتریش هەندێ کات پەیوەندی بە نوێنەرایەتی فرانك ڤۆگل (Frank Vogl)ەوە کردبوو، دیارە وەلامدانەوەی منیش جۆرێك لەگومانکردن و هاوسۆزی پێوەدیاربوو: چونکە سالآنێك بوو هەوڵمدابوو کە بانکە تایبەتەکان بۆ نێو کەشتییەکەم پەلکێش بکەم، جا ئەگەر بێتوو ئەوەش بۆ من مایەی بێزاری بێت، هەروەکو ئەوەی کە لەگەڵ هیلمەر کۆپەر (Hilmar Kopper) لە دوتیچە بانك کردم.



کەوابوو ئەم پێشنیازەی سیتی بانك زۆرمایەی خۆشحاڵییە و لەلایەکی تریشەوە دەزانم کە وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکی و کۆنگرێس پێکەوە کاردەکەن بۆ ئەوەی بانکە لۆکاڵییەکانیان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، ئەویش بەهۆی ئەو ئابڕووچوونانەی کە لەم نزیکانەدا وروژێنران. هەڵبەتە ئێمە نەماندەویست مەسەلەی دیسپلینکردنی ئابووری ئەمریکی لەلایەن خۆیانەوە ئیستغلال بکەین، لەبەرئەوە هەر لەسەرەتاوە و لەدیداری یەکەمەوە سووربووم لەسەر ئەوەی کە لەگەڵ تیمی هەندێك لەبانکە گرنگەکانی ئەوروپادابم، ئەوەبوو بەو شێوەیە لەنیسانی ١٩٩٨ بە ئامادەبوونی نوێنەرانی دەستەی سەرپەرشتیاری بانکەکان، لەگەڵ چوار گەورە بانکی ئەمریکیدا کۆبووینەوە. لەوانەش بانکەرز تروست (Bankers Trust) کە ئیدارە و موڵکداریەتییەکەی لە ئێستادا بۆ دوتیچە بانك گوازراوەتەوە هەروەها فرانك ڤۆگل و فرتیزهایمن (Fritz Heimann)ی سەرۆکی لقی ویلایەتە یەکگرتووەکانی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) کە بۆ جاری یەکەم لە نهۆمێکی تایبەتی ئەنجوومەنی کارگێڕی سیتی بانك کۆبووینەوە... بەم جۆرە دیداری نێوان هەر یانزە بانکەکە بەردەوام بوو، بانکەکانیش ئەمانەن: بانکی (USBAG)، بانکی (ABN AMRO)، بانکی برکلیز (Barclays Bank)، بانکی سانتدەر سینترال هسپانۆ (Banco santander central Hispano SA)، بانکی چیزمانهاتن(Chase Manhattan privat Bnak)، سیتی بانك، بانکی (NA)، گرووپی کرێدی سویس، دوتیچە بانك، بانکی (HSBC)، بانکی جەی پی مۆرگەن (J.P. Morgan Inc)، سۆسایەتی ژەنەڕاڵ ( societe General). هەموو ئەمانە خەسڵەتێکی هاوبەش کۆیدەکردنەوە، ئەویش خۆیان، خۆیان پابەندەکرد و دۆسیەیەکی یەکگرتوویان بۆ ڕێساکانی ڕەفتار لە پێناو تۆڕە نێودەوڵەتییەکەیان و ڕکابەرکانیان دانا. هاوکات لەتەك نوێنەرانی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) هەریەك لە مارك پیت (Mark Pieth) مامۆستای کورسی یاسای تاوانگەر و یاسای بنەچە دادگاییکردنەکانی تاوانگەری و زانستی تاوان لە

زانكۆی بازیل، كه له سالّی (١٩٩١)ەوە سەرۆكی گرووپێكی كاری سەر بە ڕێكخراوی هاریكاری ئابووری و پەرەپێدانی بنەبڕكردنی گەندەڵییە، لەگەڵ ستانلی ئی موریس (Stanley E.Morris)ی پسپۆڕی لەبەرشۆردنەوەی پارە لە داڕشتنەوەی پرەنسیپەكاندا بەشدارییان كردین، خۆ ئەگەر ئەم دوو كەسە نەبوونیانە، ئەوا ئەم كارە گرنگە كە لەڕووی تەكنیكیشەوە ئالۆزە لە پێناو ڕێكخراوی هاریكاری ئابووری و پەرەپێدان شیاو نەدەبوو.

بەر لەهەر شتێكیش بانكەكانی فولفزبێرگ پەیڕەو لە ستراتیژییەتێكی (مەعمیلەكەت بناسە / know – your- customer) دەكەن، واتە شێلگیرانە كاردەكات بۆ ناسینی خاوەنە ئەسڵییەكانی حساباتەكان.

ئێمەش وەكو (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) جگە لەوەی خاوەنی بانگەوازەكەین، ئەركی خۆمان لەیارمەتیدانی بانكەكان بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان لەبەرشۆردنەوەی پارە و گەندەڵی جێبەجێدەكەین، هاوكات جێرمین بروكس (Jermyn Brooks)ی سەرۆكی بەشی دارایی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) ڕۆڵێكی بەرفراوانتر دەگێڕێت و هەوڵدەدات بواری كاركردن فراوانتر بكات، چونكە بانكەكان دەتوانن ڕۆڵی بەرچاو و دیار لەنەهێشتنی گەندەڵیدا ببینن، لە پاش یانزەی ئەیلوولی سالّی (٢٠٠١)یش وا لە بنەماكانی فولفزبێرگ دەڕوانرێت، هەروەكو ئەوەی بەڵگەنامەیەكە و پەیوەندی بە بنەبڕكردنی گەندەڵییەوە هەیە، چونكە زۆرێك پێیانوایە كە لەبەرشۆردنەوەی پارە كەڵكەڵەیەكی تاوانكاری هاوڕێیەتی.

بە پێچەوانەی (Force Finanial Action Test) كە كۆمەڵە كارێكە و لە سالّی ١٩٨٩ لە پاریس و لەلایەن حكومەتانی هەر حەوت گەورە وڵاتانی ئابوورییەوە بۆ چاودێریكردنی لەبەرشۆردنەوەی پارە دامەزراوە، بنەماكانی فولفزبێرگ



پەیوەندی بە زۆرەملێی جكومییەووە نییە، بەڵكو مەسەلەكە بەر لەهەرشتێك متمانە بە یەككردنە و ئێمەش لەگەڵیدا دەستپێشخەری خۆمان ڕێكخستووە و پاشانیش چاوگێكی چاودێریكردنی بالاّ، كە لەهەڵسوكەوتی بانكەكان وردبێتەوە بوونی نییە.

بەرهەحاڵ ئێمە بەئەرێنی لەو دەستپێشخەرییە دەڕوانین، چونكە سەرجەم بانكە بەشداربووەكان ئێشكگری بۆیەكتری دەگرن و بەمەش ناچاربوونێكی بەكۆمەڵ دادەمەزرێت و هەرلایەك پابەندی دەستگرتن بە بنەماكانەوە دەكات، چونكە هەر پێشێلكارییەك ئەگەر تەنیا لەلایەنێكیشەوە ڕووبدات زیان بەوانی تر دەگەیەنێت و لەكۆتایشدا ناو و ناوبانگی چاك لەتایەكی تەرازووەكەدایە.

ئێمە وا لە بنەماكانی فولفزبێرگ دەڕوانین كە بۆ مەودایەكی دوور، نموونەی بەندوباری دواتری بەندوبارەكانی ڕاستنە بووبێت و لە ئاستی جیهانیشدا ناچاركەربێت. هەروەها چاوەڕوانی ئەوەش دەكەین كە هاوكاری نێوان بانكەكان لە بوارەكانی تردا بەرفراوان بێت و ئەمەش ڕێگە لە بەردەم ڕۆڵ گێڕانی سەرەكیانەی دامەزراوە داراییەكان خۆشتر بكات، دیسان پێویستیشە كە بە شێوەیەكە بەپەلە بانكەكانی تر بێنە پاڵ گرووپی بەشداربووی ڕێكەوتننامەكە و ئەو دامەزراوانەی دیكەش كە لەوانەیە خۆیان بۆ لەبەرشۆردنەوەی پارە بەكاربهێنن دەبێت بكەونە ژێر ڕكێفی ئەم ڕێسایانەوە. ڕەنگە ئەم دامەزراوانەش لە نموونەی سندوقەكانی وەبەرهێنان، گەنجینەكانی خانەنشین، بازرگانی و پشكەكان، كۆمپانیاكانی دڵنیایی و كۆمپانیاكانی خانووبەرە.

هەڵبەتە دەشكرێت سیستمی فولفزبێرگ لەكەرتەكانی تردا بەگەڕبخرێت، ئەوەتا بەكردەوە بیرۆكەی كۆكردنەوەی نێوان بەندوبار (نظم)ەكانی ڕاستبوونەوە سەركەوتنی بەدەستهێناوە و كۆمپانیای بوارەكانی تر بۆ بەستنی ڕێكەوتننامەی هاوشێوە گرنگی پێدەدەن.

شتێکی سەیریش نییە، کە من لەلایەن تازەترین یانەی ئابووری جیهانییــەوە بــۆ دارڤــۆس بانگهێــشت کــرام، تابەشــداری لــەو دیــدارەدا بکــەم، کــە لــە نێــوان بەرێوەبــەرانی کۆمپانیاکــانی ئــابووری و وزە و کۆمپانیاکــانی نــەوت و گــاز و کۆمپانیاکانی بیناسازی بەرێوەچوو، بۆ ئەوەی سەرنجی خــۆم بــدەم ســەبارەت بــە کۆکردنەوی نێوان بەندوبارەکانی ڕاستبوونەوە لــەژێر سەرپەرشــتی (شــەفافییەتی نێودەوڵەتی)دا.

پرەنسیپەکانی فولفزبێرگ لە ساڵی (٢٠٠٠)دا، بەنموونەی ئەو ڕێگایە دادەنرێــت، کە (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) بۆ گەیشتن بە بابەتە تــەواوتازەکان دەیگرێتەبــەر، کاتێکیش کە دەرامەتی دارایی و تەکنیك لەنێو ڕێکخراوەکاندا دەستەبەردەکرێت و پێویست ناکات ئەوا لەڕووی پیــشەییەوە بــە شــێوەیەکی شــێلگیرانە پــشکمان دەبێت. لەزۆرکاتیشدا شارەزامان دەستناکەوێت تائەو کاتەی دەستپێشخەری لەم جۆرە دەستیکردووە بە جووڵە. هەروەها ئەو شارەزایانەش کــە کارمــان لەگەڵــدا دەکەن بەبێ بەرامبەرە و لەزۆرکاتدا خۆبەخشن، ئەوەی جێگەی داخیــشە ئەوەیــە کە هەندێك لەپرۆژە پێویستەکان ناچاری چاوەڕوانی هەنــدێك کــات دەبــن ، تــا ئەوکاتەی هەلومەرج لەباردەبێت.

هاوبەشیکردن لەپێناو سندوقی شافافییەتی ( partenership for transparency fund) دا، کە ماوەی چەند ساڵێکە بیرۆکەکەی لەمێشکدایە، ئەوەتا بۆجارێکیتر لەگەڵ ئەوەی پشتیوانیکردنی تەواوی نییە، دێتە دەرەوە.

ئەم بیرۆکەیە وەڵامدەرەوەی ئــەو ئاریــشەیەیە، کــە هەنــدێك لــە دامــەزراوەکان لەوانەش بــانکی نێودەوڵــەتی یــاخود نەتــەوە یــەکگرتووەکان کاتێــك دەخــوازن هاوکاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان بکەن و ناتوانن کرێ لەبەرامبــەر کارەکانیــان



بدەن دووچاری دەبنەوە، خۆ ئەگەر ئەمەش بکرێت ئەوا ڕێکخراوە ناحکومییەکان سەربەخۆیی خۆیان لەدەست دەدەن.

لەزۆرێك لە وڵاتانی نوێنەرانی بەرچــاوی کۆمەڵگــەی مــەدەنی هاوکاریکردنیــان لەگەڵ ڕێکخراوە کۆمەکبەخشەکان بە شێوەیەکی گەورەیە و لە هەندێك کاتیشدا ئەم هاوکاریکردنە دەگاتە ئاستی ڕاوێژکارانی کرێ گران، وەك لەوەی ئاستەکە لە هی هەڵسوڕاوانی سەربەخۆی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بچێت.

ئێمە بۆ خۆمــان ئــەم ئەزموونانــە لەگــەڵ هێــزە ڕابەرییــە بەرچــاوەکان لــە لقــە نیشتیمانییەکانماندا هەیە، لەوانەش ئەوانەی ئەرژەنتین و ئیکوادۆر و کینیــا، کــە لەلایەن بانکی نێودەوڵیەتییەوە ئەرکی پەیوەست بــە دژایــەتیکردنی گەنــدەڵییان پێڕاسپێردراو کرێیان پێدرا، دیارە ئەمەش بە واتای لەدەســتدانی ســەربەخۆیی و ڕاستگۆیی نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنییە لە نموونەی ئەم حاڵەتانەدا.

پێویستە ئێمە لەمیانەی کارکردنماندا ئەوە دووپات بکەینەوە، کە ئــەم دیاردەیــە بــۆ مەودایــەکی دوور، کۆمــەڵێك پرۆگرامــی گــرنگ کــە ئامــانجی بنــەبڕکردنی گەندەڵییــە بەتایبــەتیش لــە لقــە نیــشتیمانییەکانی شــەفافییەتی نێودەوڵــەتی لاوازدەکات. مرۆڤ دەتوانێت ئەوە لە هەڵسوڕاوانی کۆمەڵگەی مەدەنی چاوەڕوان بکات، کە تائاستێك بە ئازادی و ئیرادە کــار بکــات. بــەڵام بەهــەمان شــێوەش چاوەڕوانی ئەوەش بکرێت کە کرێی ئــەو کــارەی پێبــدرێت، بــە تایبــەتیش لــەو وڵاتانەی کە لاوازن لەڕووی ئابووری تایبەتەوە و کاتێکیش کارەکە ماوەی چــەند ڕۆژێك لە هەفتەدا دەخایەنێت.

هەڵبەتە ئەو پارەیە کــە بــۆ ئــەم کەســە هەڵــسوڕاوانە پێویــستە زۆرنییــە و لــە زۆرکاتدا دەگاتە چەند هەزار دۆلارێکی کەم بۆ سەرخستنی کارەکانیان. هەربۆیــە هاوبەشێتی لەپێناو سندوقی شەفافییەتمان داهێنا، ئامانجی شاردراوەی پشت ئەم

ڕێکخراوەش کە ژیانمان بە بەرداکردووە، لەم بارەیەوە پییدلەندیل میلز ( Pierre Landell Mills) بەڕێوەبەری ئەم ڕێکخراوە دەڵێت: ئێمە پارەیەکی کەم بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی بەسەر ئەو لایەنانەدا دابەشدەکەین، کە بەڕۆڵی ئاسان هەڵدەستن بە بێئەوەی لە چوارچێوەی بیرۆکراسییەتەوە تێوەیان بگلێنین.

بەم جۆرە بوونی (هاوبەشیکردن لەپێناو شەفافییەت)دا لەپێناو کۆمەکبەخشینی داراییە بە پسپۆڕانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر ئاستی جیهاندا و لە ڕێگەی ئەوەی بە (پێبەخشینی کەم) لەپێناو گەندەڵی ناودەبرێت، هەروەها گرووپێکی بچووك لە بەڕێوەبەرانی خاوەن ئەزموون هەیە، کە زۆرکات بەڕێوەبەرانی پێشووی بانکی نێودەوڵەتی بوون، ئەوانەش لە نموونەی پییرلەندیل میلز، کە بەم دواییە بەڕێوەبەری هەرێمایەتی بەنگلادیش بووە، دیارە مەسەلەی دابەشکردنی پارەکانیش کە لە ٢٥٠٠٠ دۆلار تێپەڕناکات، بە شێوازێکی دوور لە بیرۆکراسیەتە و مەرجی تەنیاش ئەوەیە، کە ئەم هاوکاریکردنە بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی بێت.

دیارە لەبەرهەستیاریی ئەم کارە تایبەتیش پشت بەسەربەخۆیی پسپۆڕەکە دەبەسترێت، بێگومان دەکرێت ئەم کارە لەلایەن لقەکانی نیشتیمانی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی)یەوە جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەمەش ناسەپێنرێت.

لە ساڵی ٢٠٠٠دا لقی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) لەبولگاریا، لەلایەن (هاوبەشێتی لەپێناو شەفافییەت)دا پشتیوانی لە پرۆژەی چاودێریکردنی پرۆسەی دابەشکردنی مۆڵەتی مۆبایل، دیارە لقی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) لەو وڵاتە لە ساڵی (١٩٩٩)وە و لەکاتی بەتایبەتیکردن (خصخصە)ی دامەزراوەی تیلیکۆم (Telekom) بەدەست نەبوونی شەفافییەتەوە دەناڵێنێتن هەر بۆیە زۆرێك لە شێوەکانی دەرچوون لە ڕێسای ڕاگەیاندووە و حکوومەتی لێ ئاگادار کردووەتەوە.



هاوکات حکومەت بۆ ئەوەی ئەم ڕووداوو زیانە گەورانە، لە کاتی دابەشکردنی مۆڵەتەکاندا دووربخاتەوە داوای لە لقی شەفافییەتمان کرد کە چاودێری زیادکردنی ئاشکرا و هەڵسەنگاندنی پرۆسەکە بکات.

هەر بۆیە لقی بولگاریای ڕێکخراوەکەمان گرووپێکی نیشتیمانی لەپانزە چاودێر دروستکرد، کە پسپۆڕانی بوارەکانی کۆمۆنیگەیشتن و ئابووری و دارایی و یاسا لەخۆگرتبوو، پاشان بۆ ئەوەی ئەم گرووپە خاوەنی لێوەشاوەیی بێت، ڕاوێژ بە پسپۆڕانی بیانی لە (بەتایبەتیکردن)دا کراو تێچوونەکەشی لەلایەن هاوبەشیکردن لەپێناو شەفافییەتدا دابینکرا، ئەوەبوو پرۆژەکە سەرکەوتنێکی تەواوی بەدەستهێناو تاکۆتایی پرۆسەی زیادکرنەکەش گرووپەکە چاودێرییان دەکرد و زانیاری (Feed back)یان لەسەرجەم خستنەڕووکارەنیان وەردەگرت، لەکۆتاییشدا ڕاپۆرتێك بەزمانی بولگاری و ئینگلیزی ئامادەکرا، کە دیسان ڕێنمایی بۆ جێبەجێکردنی زیادکردنی تری لەم شێوەیە زامن دەکات.

(ڕێکخراوی هاوبەشیکردن لەپێناو شەفافییەت)دا لە دەستپێشخەری دیکەدا پشتیوانیکردنی خۆی هەبووە، بۆ نموونە: لە لیتوانیا و بەڕازیل و پاکستان، لە لیتوانیا (١٥٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی بۆ چاودێریکردنی چالاکی حکومەت لەبنەبڕکردنی گەندەڵیدا تەرخانکراو، لەبەڕازیلیش بڕی (١٥٠٠٠) دۆلاری بۆ لێکۆڵینەوە لە ساتێکی سەر ئینتەرنێت کە ڕووداوی ناشەفافی بڵاودەکردەوە دەستەبەرکرد.

دیسان لە پاکستان ڕێکخراوی ناوبراو لەدامەزراندنی کارنامەی ڕاستبوونەوە لە پێناو دابینکردنی ئاو و دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری لەکراتچی بەشداریکرد.

ئەو پارەیە کە ئەم ڕێکخراوە لەپێناو کارەکانیدا بەدەستیدەهێنێت، لە ڕێکخراوەکانی کۆمەك پێکردنی پەرەپێدانەوە، لەوانەش وەزارەتی هاریکاری

ئابووری ئەڵمانی و پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆمەکدان و لەیارمەتی دامەزراوەکانەوە کۆیدەکاتەوە.

لە کاتی دامەزراندییەوە تاوەکو ٣١/ کانوونی یەکەمی/ ٢٠٠٣ بڕی (١٨٦٩٠١) دۆلاری ئەمریکی بەسەر پانزە ڕێکخراوی جۆربەجۆری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دابەشکردووە، هەرچی خەرجی ئەم ڕێکخراوەش خۆیەتی بەڕێژەی (٢٪)ی ئەو پارە دابەشکراوەیە کە دەکاتە (٣٣٦٤) دۆلاری ئەمریکی.

کەوتنەوەی ئەم مەسەلەیەش بەم شێوەیە دەگەڕێتەوە بۆ دەستە تایبەتی ڕابەرایەتیکردنی (هاوبەشیکردن لەپێناو شەفافییەت)دا، کە بە پلەی یەکەم لە دوو بەڕێوەبەری خانەنشین پێکهاتوون و بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخراوە کۆمەکبەخشەکانی پەرەپێدان، کە ئەمانە نەك هەر خاوەنی ئەزموونێکی زۆرن لە بواری کاری پەرەپێداندا، بەڵکو هەر هەمووشیان کارا و هاوکاری ڕاستگۆیی یەکترن، نموونەی ئەمانەش پییرلیندل میلزە، کە زۆربەی کارەکانی لەڕێگەی بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە جێبەجێدەکات، ئەویش لە هەوارگەیەکی جوانی سەرکەناری خۆرئاوای لویلزەوە، بەمەش خەرجییەکان بۆ ئاستی تێچوونی گەشت دادەبەزێت، تەنانەت کاتێکیش (هاوبەشیکردن لەپێناو شەفافییەت) دا دەستبەکاربوو، (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) لێیەوە دوورە پەرێز بوو، بۆئەوەی سەربەخۆبێت لەکارەکانیدا، لە ئێستاشدا (هاوبەشیکردن لە پێناو شەفافییەت)دا بەردەوامە لەگەڕان بەدوای پیتاك بەخشی تر بۆ دابەشکردنی بەرنامەکانی و هەروەها بۆ ئەوەی بتوانێت نزیکەی یەك ملیار دۆلار تاوەکو ساڵی ٢٠٠٥ دابەش بکات.

دیسان لەو پڕۆژانەی تر، کە لەژێر چاودێری (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) چاوی بەدونیا هەڵهێناوە، پڕۆژەی (Forest Integrity Netwo K ,FIN)ە، ئەم تۆڕە لەلایەنێکی گەندەڵیدا کاردەکات، کە ئەویش زۆنگاوی بەرتیلە لەنێو ئابووری



دارستاندا، چونکە ئەم لایەنە بەرفراوان و هەڕەشەدارە. وەکو دەزانرێت لەسەر ئاستی جیهانی کۆمەڵێك ڕێکخراوی ژینگە و ڕێکخراوی ناحکومی هەیە کە لەتەك پاراستنی دارستاندان و لەم بارەیەشەوە هەنگاوی بەرەو پێشیان ناوە، بەڵام گومانی تێدانییە، کە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی بە ڕاشکاوانە بایەخ بە مەسەلەی وێرانکردنی دارستان بدات، بەتایبەتیش دارستانە ئیستیوائییەکان، کە ئەمەش بەهۆی گەندەڵییەوەیە.

لەماوەی مانەوەم لە زانکۆی هارفارد لە ساڵی ١٩٩٩، تیودۆرۆ پانایۆتۆ (Theodore Panayotu) شارەزا لە لێکۆڵینەوەی ژینگە و مامۆستای زانکۆی ئەویم ڕازیکرد، بەوەی کە گەندەڵی دەبێتە هۆی وێرانکردنی سەرچاوە سروشتییەکان و پەنابردن بۆ پارەی بەرتیل لە پێدانی مۆڵەتی ناشەرعی لەپێناو بڕینی درەختەکاندا و لەمەشدا لایەنە فەرمی و فەرمانبەرەکان چاوی خۆیانی لێدەنوقێنن، بەتایبەتیش کاتێك کۆمپانیایەك کە دەیەوێت درەختەکانی ناوچەیەکی تایبەت بەپاراستنی سروشت ببڕێتەوە و تەواوی ناوچە سروشتییەکان وێران بکات و تەختەی ناوچە گەرمەکان بە شێوەیەکی ناشەرعی و بەقاچاخ ببرێت.

دیارە لە پێناو ئەم پیلانەدا وا پێویستی دەکرد، کە یاسای پەیوەست بەدارستانەکان دابنرێت.

ئاشکراشە لەهەندێك لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا نەتوانراوە پارێزگاری لەدارستانەکان بکرێت، ئەوەتا لە نێوان ساڵانی (١٩٩٠-١٩٩٥) بەگوێرەی خەملاندنەکان (٥٦) ملیۆن هێکتار لە دارستانەکان لەناوچوون.

هەڵبەتە پانایۆتۆ، بە پەرۆشییەوە یارمەتیدام لە ڕێکخستنی دیدارێکی نافەرمی، کەتیایدا نزیکەی پەنجا هەڵسوڕاو و پسپۆڕانی بوارەکانی توێژینەوە و بیرۆدۆزە و

مومارەسە لە زانکۆی هارفارد بەشداربوون، هەروەها بانکی نێودەوڵەتی و هەندێك لەپەیمانگاکانی توێژینەوە، بەتایبەتیش ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ناحکومییەکان نوێنەریان ئامادەبوون، دیسان هەڵسووڕاوانی کۆمەڵگەی مەدەنی وڵاتانی پەیوەندیداری وەکو کامیرۆن و نایجریا و بەرازیل و کۆڵۆمبیا بەشداری دیدارەکەیان کرد.

ئەوەبوو بڕیارماندا کە تۆڕێك لە هەڵسووڕاوانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە ئەندامانی ڕێکخراوی ژینگەبوون پێکبهێنین و هاوکارییەکی تۆکمەش لەگەڵ نوێنەرانی زانست و خوێندندا هەبێت.

پاش ئەم دیدارەی هارفارد کاتێکی زۆر تێپەڕی تاوەکو هەوڵەکەمان سەرکەوت لە دامەزراندنی هەڤاڵبەندی نێوان دامەزراوە حکومیەکان و دامەزراوەکانی کۆمەکبەخش و نوێنەرانی زانست و خوێندن و وئابووری تایبەت، هەروەها بانکی نێودەوڵەتی لە واشنتۆن ڕۆڵی خۆی لەو دیدارەدا گێڕاو دواجاریش تۆڕی ڕاستە دارستانەکان (Forest Integrit Networt, FIN)ی لێکەوتەوە.

ئەم تۆڕە هەست بەوە دەکات، کە بەرپرسیارە لە گۆڕینەوەی زانیاری و برەوپێدانی هاوبەشی وەسیلە پێویستەکان لە دژایەتیکردنی گەندەڵی ئابووری دارستانەکاندا، لەئێستادا ئەم تۆڕە سەرقاڵی پرۆژەکانییەتی، بۆ نموونە کارکردن لە سایتەکەیدا (WWW.forestintegrity.org) ئەم سایتە ماڵپەڕێکی ناوەندییە بۆ هاندان و بەگەڕخستن لە پێناو گۆڕینەوەی زانیارییەکان، هاوکات لەتەك ئەمەدا ئەم ماڵپەڕە نووسراوێکی بنەڕەتی دادەنێت و تیایدا پێشنیازی ڕێسا و ڕەفتارەکان دەکات لەپێناو خەباتی دژ بەگەندەڵی. لەم سەروبەندەدا ئەمیندارێتی گشتی ئەم تۆڕە کە بارەگاکەی لەلای (شەفافیەتی نێودەوڵەتی)یە، لە هەوڵی هەماهەنگی



کاری ئەندامەکانیدایە، کە خەبات دەکەن لەپێناو بەرگریکردن لەیەدەگی جیهانی ژینگە لەدژی گەندەڵی، هەروەها ئەم تۆڕە لەهەوڵی ئەوەدایە کە شێوازی بەراوردکاری نێوان وڵاتە جۆربەجۆرەکان لە لێکۆڵینەوەی حاڵەتە دیاریکراوەکان دروست بکات و بەشداربووەکان لەسەر یەك مێز کۆبکاتەوە و هاوسەنگی بەرژەوەندیەکانیان ڕابگرێت.

هەرچەندە ئەم تۆڕە تازەیە و ژمارەی هاوکارەکانی کەمن، بەڵام ئەم تۆڕە پشت بەیارمەتی ئەندامەکانی خۆی دەبەستێت و بەرپرسانی وڵاتان لە بەرژەوەندی پرۆژەکەیدا ئاگادار دەکاتەوە، پییرلیندل میلز دەڵێت: هەنگاوی داهاتوویان تێگەیاند لقە نیشتمانییەکانی (شەفافیەتی نێودەوڵەتی)یە کە گەندەڵی کێشەیەکە و پێویستە لەچارەسەرکردنیدا هاوکاریمان بکەن و ئێمەش ئامرازەکانی کارکردن وەکو کارنامەی تایبەتی ڕاستبوونەوە پێشکەش دەکەین، تاوەکو تۆڕەکە کاریگەر بێت.

دیارە هەریەك لە بانکەکانی فولفزبێرگ و (سندوقی هاوبەشیکردن لە پێناو شەفافییەت) و (تۆڕی ڕاستی دارستانەکان)، نموونەی کەمی دەستپێشخەرییەکانن کە لەمرۆدا بوونەتە دامەزراوەی سەربەخۆ و لەلایەن (شەفافییەتی نێودەوڵەتی)یەوە هاندراون.

ئێمەش دەرفەت و بۆنەکان دەقۆزینەوە بۆ دروستکردنی هەڤاڵبەندی تازە و لە خۆگرتنی گۆڕەپانی نوێ بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی، دیارە بەردەوامیش بیرۆکە لە ئارادایە و مەسەلەکەش تەنیا پێویستی بە مرۆڤ و دامەزراوە و وەسیلەکان هەیە، بۆ ئەوەی بەگەڕبخرێت و برەوی پێبدرێت و بۆ ستراتیژییەت بگۆڕێت.

## ٢١- تەواوكردنی بازنەكە: كینیا نموونەیەكی بەرچاوە

نموونەی كینیا ئەوە ئاشكرا دەكات، كە جەنگی ناوخۆ و ئاژاوە و سەرلێشێواوی بەزەروورەت هاوڕەوتی گواستنەوەی ئەفریقیا نین بۆ سەردەمێكی تازە.

دەستبەجێش لەپاش هەڵبژاردنی، فیتسوریك — زول (Wieczorek Zeul) ژنە وەزیری پەرەپێدان بەڵێنیدا كە دەستگیرۆیی موای كیباكی (Mwai Kibaki) بكات: "گۆڕانكاری دیموكراسی و حاڵەتی دەروونی پەیوەستی ئەو گۆڕانكارییە دووئاماژەی گرنگن لە كینیا كە وڵات دادەپۆشن و دەیگوزەرێنن". بەم دەستەواژەیە ژنە وەزیری پەرەپێدان پشتیوانی لە موای كیباكی و ئەنجامی هەڵبژاردنەكەی كینیا كرد، پاشان موای كیباكی تەمەن حەفتاویەك ساڵان لەمیانەی ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی لەنایرۆبی و لەناوەندی ڕەزامەندیبووندا داوای لە هاوڵاتیانی كرد، كە لەگەڵ حكومەتدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ڕابن، چونكە ئەمە بە یەكێك لەگرفتە سەرەكییەكانی نەك هەر لەكینیا، بەڵكو لەگشت ئەفریقیا دەژمێردرێت (بڵاوكراوەی هەواڵی وەزارەتی هاریكاری ئابووری و پەرەپێدانی فیدراڵ لە ٣ی كانوونی دووەمی ٢٠٠٣).

لە كینیا ١٨ ڕێبوار لەباسێكی بچووكدا، ئامادەنەبوون كە بڕی (٢٠،١) یۆرۆ بەپارەی خۆیان بدەنە پۆلیسێكی گەندەڵكار، لەم بارەیەوە سەرنشینەكان دەڵێن: ئەمە كارێكی سیاسییە و بەم بەرگریكردنەیان تەنیا ویستوویانە پشتیوانی سەرۆكە تازەكەیان بكەن ، لە خەباتی دژ بەگەندەڵی. "شپیگل ئەنلاین ٢٠٠٣/١/٣١". بەر لە زیاتر لەدەیەیەك لە كینیا، من لەو باوەڕدابووم كە گەندەڵی لە هەموو جێگایەكدا هەیە و، پێویستە لەسەرم گەشتێك بكەم، ئیتر لە میانەی گفتوگۆی چڕوپڕم و هەندێك كاتیش لە پاش مشتومڕی گەرمم لەگەڵ یۆنتای هاوسەر و زۆرێك لە هاوڕێیانی ئەفریقیا و ئەوروپامدا دركم بەوە كرد، كە پێویستە زۆنگاوی بەرتیلی نێودەوڵەتی وشك بكرێت و گومانیشی تێدانییە، كە



گەلانی جیهانی سێیەم هەرگیز بەهۆی تەقلیدەوە دەستیان بە گەندەڵییەوە نەگرتووە، بەڵكو ئەوە دەستەبژێرێكە كە ئیستیغلالی دەكات و خەریكی بەرتیل وەرگرتنە.

كینیا بەدرێژایی ساڵان ، یەكێك بووە لەو وڵاتە نموونەییانە كیشوەری ئەفریقیا، كە خاوەنی خێروبێر و سروشتی جوانی دڵفڕێن بووە و هەروەها جگە لەوەش فرەچالاك و هەلومەرجێكی ساسی نیمچە ئارام و خاوەنی ئابوورییەكی گەشەسەندوو بووە، بە بەراوورد لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەریدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەم چەردەیەی دوایدا گەندەڵی بە شێوەیەكی بەربڵاو دزەی كردە كینیاوە و لەكۆتایشدا ئەم وڵاتەی بۆ خراپترین نموونە لەكیشوەری ئەفریقیادا گۆڕی، دیارە خراپبوونی ڕەوشەكەش كاریگەری لەسەر ئابووری و ئاسایشی وڵات بە شێوەیەكی خێراكرد.

هەڵبەتە كینیا لە نێو پێڕستی وێناكردنمان بۆ گەندەڵی، لەنزمترین ڕیزبەندیدایە. كاتێكیش ئەو وڵاتە جوانەم لە ساڵی ١٩٩١، بەجێهێشت زۆر بێ هێوابووم و بۆشم دەركەوت كە خەڵكی لەنێو حكومەت و ئابووریدا متمانە و پەرۆشی منیان لەبەرامبەر وڵاتەكەیان ئیستیغلال و خیانەتیان لێكردووە، تەنانەت لەنێوبانكی نێودەوڵەتیش لەو ڕۆژگارەدا زۆربەیان هیچیان لەدەستدا نەمابوو، كە لەبەرامبەر نیگەرانی من لەگەندەڵی بیكەن، ئەوەبوو نایرۆبیم بەجێهێشت، بەڵام لە سەگێك دەچووم كە ئاویان كردبوو بەسەر جەستەیدا.

لەگەڵ ئەوەشدا لە ٢٧ی كانوونی یەكەمی ساڵی ٢٠٠٢، ئەو سەردەمە گۆڕا و بەسەرچوو، هەربۆیە ئەوە وایكرد، بەر لە جەژنی فەسحی ساڵی ٢٠٠٣، بگەڕێمەوە بۆ كینیا بۆ لای هاوڕێكانم و بەشداری لە ئاهەنگی سەركەوتندا بكەم. ئێستا هەموو شتێك گۆڕاوە، چونكە چل و دوو ساڵ بەر لە ئێستا سەرۆك

دانیاڵ ئاراپ مۆی (Daniel arap Moi) بە چەشنی شازادەیەکی فیودالی حوکمی وڵاتی دەکرد، بەڵام ئێستا مواى کیباکی تەمەن حەفتاویەك ساڵ کە لەلایەن هاوپەیمانێتی ئۆپۆزسیۆنی جارانەوە هەڵبژێردراوە سەرۆکایەتی وڵاتی کینیا دەکات.

ئاشکراشە ئەو هاوپەیمانێتییە لەگەڵ ئۆهۆرۆ کینیاتای کوڕی جۆمۆکینیاتای دامەزرێنەری دەوڵەتی کینیایە، کە تەمەنی بیست و چوار ساڵە و لەلایەن مۆیەوە پشتیوانی لێدەکرێت.

دیارە سەرکەوتنی کیباکیش لەهەڵبژاردنەکاندا بەر لەهەرشتێك دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەڵمەتە ناوازەیەی کە لە دژی گەندەڵی بەرپایکرد، بۆ ئەوەی مرۆڤ ڕەهەندەکانی ئەم کودەتایە لەبەرچاوبگرێت، پێویستە بەر لە هەرشتێك چاوێك بەمێژووی کینیادا بخشێنێت، چونکە لەوکاتەوەی کە وڵات لە ساڵی (١٩٦٣)وە سەربەخۆیی پێدرا لەلایەن یەك پارتەوە (یەکێتی کینیای نیشتیمانی ئەفریقیا — کانو- / Kenya African National Union, KANU) فەرمانڕەوایی دەکرا و بەم دواییانەش ئیدارەی ئابووری بەهۆی گەندەڵی و سیستمێکی پڕ لە ساختە و گەمەکردنەوە، زۆر خراپ ببوو، بەڵام لە شەستەکان و حەفتاکاندا ئابووری کینیا گەشەی کردبوو.

تێکڕاکانی پەرەسەندنی پەرەسەندن گەیشتبووە بڕی (٦,٥٪)، بەوەش کینیاییەکان خەریکبوون لەدامەزراندنی ئابوورییەکی سەربەخۆدا سەرکەوتووبن، بەڵام بارودۆخەکە بەو جۆرە نەمایەوە و لە کۆتایی نەوەدەکاندا داکشا و تێکڕای پەرەسەندنی ساڵانە پاشەکشەی کرد بۆ بڕی(١,٣٪)، هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٠)دا کۆی بەرهەمهێنان لەناو وڵاتدا بەرتەسك بووەوە، ئەوەبوو لە بری ئەوەی سەرۆك مۆی بەرپرسیارێتی ئەوە لەئەستۆ بگرێت، کەچی خراپی ڕەوشەکەی گەڕاندەوە بۆ فرەیی پارتەکان و هاوکاتیش ساڵانی نەوەدەکانی بە (دەیەی کاتی لەدەستچوو) ناوبرد.



بێگومان ئەو ڕۆژگارە لەلای دەستەبژێری نێوخزم و کەسوکار و خێڵەکەی لەدەستچوون نەبوو، کە سوودمەند ببوون، ئەوەمان لەیادنەچێت کاتێك مۆی دەسەڵاتی گرتەدەست، گرنگی بە مەسەلەی گەندەڵیدا و بەئامانجێکی گرنگ داینا، لەیادمە کە بۆ چەند جارێك بەشەخسی لە کاتی دەست بەکاربوونم لە کینیا لەگەڵیدا دیدارم سازدا و بەدەستەواژەی ئاسایی و سوا و پێیدەگووتم: "من فەرمان دەدەم کە هەر لە سەرتاوە منداڵان گۆشبکرێن بەوەی کە بەدوورگرتنی گەندەڵی و مومارەسەکردنی ژیانێکی شەریفانە تا چەند گرنگە". هەڵبەتە ئەمە تەواو پێچەوانەی ڕەفتاری کرەیی ئەو بوو، کە کردییە یەکێك لە دەوڵەمەندترین پیاوانی سەر زەوی، لە کاتێکدا داهاتی مامناوەندی ڕۆژانە لەوڵاتەکەیدا لە یەك دۆلار کەمتر بوو، بەگوێرەی مەزەندە بۆ کردنەکان نەتەوە یەکگرتووەکان نزیکەی دوو ملیار دۆلاری ئەمریکی لە کەناڵە تاریکەکان بۆ خۆی خستبووە لاوە.

ڕژێمی کینی بۆ خۆی دووچاری لەرەیەك هەڵوەشانەوە ببووەوە و لەوڵاتدا چەند کەرتێك هەبوو، کە باشتروابوو مرۆڤ نەچێتە ناویانەوە، چونکە ڕێگرە تاوانبارەکان باڵیان بەسەردا کێشابوو، هەروەها پۆلیس کاری یەکەمی کۆکردنەوەی پارەی بەرتیل بوو، دیسان باجی سەر قوتابخانەکان ڕوو لە هەڵکشان بوو، کە ئەمەش وایکردبوو دایکان و باوکان نەتوانن یەك بۆ سێی منداڵەکانیان ڕەوانەی قوتابخانە نەکەن، هاوکات دەبوو مرۆڤ لە پێناو بەڵگەنامەی لەدایکبوون و مۆڵەتی شۆفێری و پاسپۆرتدا بەرتیل بدات، ئەگینا نەیدەتوانی هەرگیز لە جێگای خۆیدا ببزوێت، خۆ ئەگەر یەکێك ڕووی لەبنکەکانی پۆلیس بکردایە، ئەوا دڵنیابوو لەوەی کە بە چەند وشەیەکی تەقلیدی وەکو (tuo Kitu Kidogo ya chia) پێشوازی لێدەکرا، واتە (شتێکم بدەرێ لەپێناو کوپێك چا)دا، کە ئەمەش داواکردنی بەخشیش بوو، هەڵبەتە ئەوانەی کە ڕەخنەیان لە ڕژێم دەگرت، دەبوو هەژماری سەلامەتی خۆیان و ئەگەری خستنە نێو زیندانیان بکردایە، کە هەر ئەمەش بوو تاوانی کوشتنی ڕۆبەرت ئوکوی وەزیری پێشووی دەرەوەی کینیای لە

ساڵی ١٩٩٠ لێکەوتەوە و لەناوخۆی وڵات و دەرەوەدا دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، کوژرانیشی دەگەڕێنرێتەوە بۆ هەوڵەکانی لە دەرخستنی ئەو حاڵەتە بەرتیلەی کە لەدەڤەری هەڵبژادنەکەی لە کیسۆمۆ لەئارادابوو، پاشان هەرچەندە لەلایەن پۆلیسی سکوتلاندیاردەوە هەوڵێکی زۆردرا، بەڵام هێشتا هۆکارەکانی کوژرانەکەی ئاشکرانەبووە.

لە ٢٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢ هەموو شتێك گۆڕدرا یاخود بەلانی کەمەوە گەلی کینی، یەکەم هەنگاوی بەرەو داهاتووی تازە نا. دەبوو (٣,٦) ملیۆن دەنگ، واتە (٦٣٪)ی دەنگەکان کە درابوون چوونە خانەی هاوپەیمانێتی کیباکی، واتە: هاوپەیمانێتی پەلکەزێڕینە و پارتی (کانو)ش، کە لە دامەزراندنی دەوڵەتی کینیایەوە دەسەڵاتدار بوو ژمارەیەکی کەمی دەنگەکانی (١٣٪) بەدەستهێنا.

ئەوی کە ئاشکرا بوو ئەوەبوو خەڵکی لە ڕژێمی مۆی گەندەڵکار پڕبوون، تەنانەت لەپاش دەستبەرداربوونیشی لە پۆستەکەی لە ڕێگەی کینیاتای کوڕیەوە نفووزی خۆی لە سیاسەتی کینیادا زامنکرد.

بەپێچەوانەی ساڵانی ڕابردوو، لەڕووی پراکتیکییەوە هیچ پرۆسەیەکی گزی و ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا ڕوویان نەدا و چاودێرەکان توانیان کۆنترۆڵی مەڵبەندەکانی دەنگدان بکەن، ئەمەش پێچەوانەی ئەوەبوو کە لە هەردوو ساڵی ١٩٩١ و ١٩٩٧ ڕوویاندا و تیایدا لایەنگرانی مۆی، لە دژی دەنگدەران پەنایان بۆ تۆقاندن و کوشتن و بڕین برد.

لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی ٢٠٠٢ ئەندامانی لقی کینیای ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بوێرییان نواند و بە ورەیەکی زۆرەوە بەشدارییان لەو گۆڕانکارییەی وڵاتەکەیاندا کرد.



لەم سەروبەندەدا لە یەکێك لەڕۆژەکانی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٣ جۆن گیتۆنگۆ (John Githongo)ی کوڕی هاوڕێی دێرینم جوگیتونکۆ (Joe Githongo) ی ئەندامی ئەنجوومەنی ئیدارەکەمان و بەڕێوەبەری ڕاپەڕێنەری لقی کینیای(شەفافییەتی نێودەوڵەتی). ئەم لقەی بۆ نیوەڕۆ خوانێك بانگهێشتکرد ، دواتر پێی ڕاگەیاندن کە ئیتر لەمەودوا پۆستی وەزیری دەوڵەت لە نووسینگەی سەرۆك کیباکی بۆ ئیدارە و مۆراڵێتی دەگرێتەدەست. بەم شێوەیە جون گیتۆنگۆ بووە جەنگاوەرێکی باڵای دژ بە گەندەڵی لە وڵاتدا.

هەروەها بۆ ڕۆژی دوایی وازی لە وەزیفەکەی لە شەفافییەتی نێودەوڵەتی هێنا، تاوەکو لە حکومەتدا دەستکەوتی گەورەتر فەراهەم بکات پاش هەفتەیەکیش لەدەستبەکاربوونی لەپۆستەکەی ، لقی کینیای (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) بۆ جاری دووەم پێڕستی بەرتیلی تایبەت بە ساڵی (٢٠٠٢)ی کینیای بڵاوکردەوە، بەڵام ئەمجارەیان وەڵامدانەوەی لە جاری یەکەم جیاوازبوو، ئەوەبوو لەجاری یەکەمی بڵاوکردنەوەی پێڕستەکەدا کۆمپانیا و دامەزراوە و پرۆژە حکومییەکانی کە لەو ڕۆژگارەدا لە پێڕستەکەدا ڕیزبەندی کرابوون، واتە ڕۆژگاری مۆی بەتوندی بەرپەرچی پێڕستەکەیان دایەوە، بەڵام هەنووکە لە سایەی حکومەتی تازەدا ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بۆ چارەسەرێکی مامناوەند. دەستەی کینیای بۆ ئیدارەی بەندەر، کە پێشتر ناوی لە لیستی دامەزراوە گەندەڵکارەکاندا هاتبوو، ئێستا پەیوەندی دامەزراندووە بۆ قسەکردن لەمەڕ ستراتیژییەکانی دژ بەگەندەڵی. دیارە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە پێڕستی گەندەڵی لەکینیا دەکرێت بۆ ئامرازێکی گرنگ لە ئامرازەکانی دەستی حکومەتی تازە لە خەباتی دژ بەگەندەڵی بگۆڕێت.

ئێستاشی لەگەڵدابێت لقی کینیامان بە پلەی یەکەم سەرگەرمی هۆشیارکردنەوەی خەڵکییە سەبارەت بە ئاریشەی گەندەڵی، هەڵبەتە لەم بوارەدا

سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێناوە، بەتایبەتیش ئەو سەرکەوتنە چارەنوسسازەی کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا بەدیکرا.

هەنووکەش پێویستە لەسەر (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) کە یارمەتی دەربێت لە بەرەنگاریبوونەوەی گەندەڵی بە وەسیلەی کاریگەرەکان، چونکە ئەم ڕێکخراوە لە سەردەمی مۆیدا، وازی لە هەموو شتێك هێنا بۆ کارکردن لەسەر دەرکردنی یاساگەلێکی دژ بەگەندەڵی لەپەرلەماندا.

هەروەها مەسەلەکە لەداهاتوودا پەیوەستە بە یارمەتیدان لەوەی کە نموونەی ئەم یاساگەلە بەفیڕۆ نەڕوات، بەڵکو جێبەجێبکرێت، دیارە بێگومان هاوڕێیانیشمان لەگۆڕەپانەکەدا سوورن لەسەر ئەمەکداری بەڵێنەکانی هەڵبژاردن و ئەمەش بۆ خۆی هەروا ئاسان نییە.

جێگەی داخیشە کە چەند بەڵێنێکی هەڵبژاردنەکان هەیە، بەتەواوەتی و بەپەلە جێبەجێ نەکراون لەوانەش نەهێشتنی باجی سەر قوتابخانەکان کە لەدوای خۆیانەوە ئاژاوەیەکی زۆریان ناوەتەوە...

هەڵبەتە بەر لە هەڵبژاردنەکان کیباکی، جەختی لەوە دەکردەوە کە پێویستە لە داهاتوودا وەزیرەکان داهاتیان ئاشکرا بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە چارەکی ساڵی یەکەمی دەسەڵاتی هاوپەیمانێتی کیباکییدا یەکەم شت کە لە بری ئەوە کرا بەرزکردنەوەی مووچەی پەرلەمانتارەکان و کار ئاسانیکردن بوو بۆ کڕینی ئۆتۆمبیل، تەنانەت پرۆژەکانی تری کیباکی پێدەچێت جێبەجێبکردنی زۆر گران بێت، لەوانەش چاکسازی لە دەزگای تەندروستیدا کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەنە لێوان لێوە لە گەندەڵی.

دیسان پێویستە دامەزراوەکانی دەوڵەت نموونەی تیلیکۆم و بەرژەوەندی حکومی بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی دابمەزرێنن.



لەو نووسراوەی کە لەلایەن ڕاوەستان (وقف)ی کونراد ئەدیناور (Konrad – Adenaure Stiftung)ی نزیك بە پارتی یەکێتی کریستیانی دیموکراتەوە دەرکراوە و لەلایەن گێرد دیتەر بۆسین (Gerd Dieter Bossen)ی کۆمسیۆنی هەرێمایەتی لەکینیا دەینووسێت هاتووە: "کیباکی ئەوەی ڕاگەیاندبوو کە کاری لەپێشینەی سەرلەنوێ بووژاندنەوەی ئابوورییە، هەرچەندە پێدەچێت چارەسەرکردنی ئەوەش مەسەلەیەکی گران بێت، چونکە گەنجینەکان بەتاڵن و قەرزێکی زۆر هەیە و پرۆژەکانی دەوڵەتیش هەر هەموویان لەسەر لێواری نابووتبوونن، لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەرانیان بەد و گەندەڵکار و لەڕووی وەزیفییەوە قەرزارباری پارتی (کانو)ن، واتە پارتەکەی مۆی.

هەروەها گەندەڵی گەیشتووەتە ئاستێکی ترسناك و لەمەشدا پۆلیس و ئاسایشی لێ بەدەرنییە، کە سەرباری ئەوەش لەڕووی مەشق و تەجهیزەوە خراپن، هاوکات دەوڵەت لەبارودۆخێکی دژوار و بێدەسەلاتدایە و ژێرخانی ئابووریش بەتەواوەتی لەبەریەك هەڵوەشاوەتەوە، دیارە ئەگەر مرۆڤ لە لیستی کێشەکان بڕوانێت ئەوا هەرکۆتایی نایەت".

ئەو کێشانەی کە کیباکی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە هەروا ئاسان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچارە پشتیوانی لەکیباکی بکات، چونکە دەرفەتی سەرەتایەکی نوێ و کۆتایی هاتن بەو گەندەڵییە بێ وێنەیەی کە لە کینیادا هەبووە، لە ئارادایە.

دیارە ئەو وڵاتە لە دۆخی وەرچەرخانی گشتگیردایە و گومانیشی تێدانییە، کە ڕزگاربوونی لەگەندەڵی لە نێوان شەو و ڕۆژێکدا وەدی نایەت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە کینیا کۆمەڵگەیەکی کارا و چالاك هەیە کەخوازیارن هاوکاری بکەن، هەرکاتێك حکومەت لەداهاتوویەکی نزیکدا دەشتپێشخەری بکات. تەنانەت کەرتی تایبەتی ئەو وڵاتە، پێدەچێت بەڵێنی بەخۆی دابێت کە پابەندبێت لە خەباتی دژ بەگەندەڵی.

بەر لە جەژنی فەسح و لە سایەی ئەو نیگەرانییەدا لەگەڵ سەرۆك كیباكی گفتوگۆیەكی تێر و تەسەلمان ئەنجامدا و بەمیزاجێكی باشەوە لەگەڵ تیمی سەركردایەتی لقی كینیای شەفافییەتی نێودەوڵەتی پێشوازی لێكردم.

گومانیشی تێدانییە كە گەیشتنی كینیا بە سیستمێكی نیشتیمانی بۆ ڕاستبوونەوە (الاستقامة) پێویستی بەچەند ساڵێك هەیە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی ڕاست كاری خۆی بكات و ئەمەش پێویستی بە دەستگیرۆیی و هاوكاری هەیە. دیارە بانكی نێودەوڵەتی هەموو ئامادەییەكی خۆی نیشانداوە بۆ سەرلەنوێ بوژاندنەوەی ئابووری كینیا و دژایەتیكردنی گەندەڵیش، دیسان لەمیانەی گفتوگۆكانمان لەگەڵ سەرۆك كیباكی ئارەزووی ڕاشكاوانەی خۆی نیشانداوە، سەربارەت بە سەردانی جیمس فولفینزونی سەرۆكی بانكی نێودەوڵەتی لەداهاتوویەكی نزیكدا.

هەر لەم چوارچێوەیەدا بە شێوەیەكی خێرا دەستكرا بە گەڕاندنەوەی ئەو پارەیەی بانكی نێودەوڵەتی كە لەسەردەمی حكومەتی مۆیدا بلۆك كرابوو، هاوكات ڕێكخراوی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) هەموو شتێك دەكات بۆ ڕاوەستان بە تەك خەڵكی كینیاوە لەخەباتیان، تەنانەت لەگەڵ ئەگەری شكستەكانیشدا.

## ٢٢- ئەو ڕێگایەی كە كارەكان بە بەردەوامی پیایدا گوزەر دەكات

دەوڵەت كە هەموو شتەكان ڕێكدەخات، ناشێت لە سنوورەكاندا گیربخوات، لەبەرئەوە لەبنچینەدا پێویست بە سیستمێكی تازە دەكات، بۆ پەیوەندییەكانی نێوان دەوڵەت و ئابووری و كۆمەڵگەی مەدەنی، هەر بۆیە شەفافییەت و متمانە لەو وشە پێویستانەن بۆ ئەو هاوكاریكردنەی كە لە كەرتێكەوە بۆ كەرتێكی تر درێژ دەبێتەوە. ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە لەسەر ئاستی جیهانیدا بەدوای نموونەی سەركەوتوودا دەگەڕاین و پاڵێوراوی تەواو سەرسام ئامێزمان بینییەوە، بەڵام



نموونەی بەرچاوترینیان لەسەر تەرزی ئایندە لەلای ئێمە (شەفافییەتی نێودەوڵەتی)یە.

گنتەرتیلین (Gunter Thielen) سەرۆكی ئەنجوومەنی ئیدارەی كۆمپانیای بێرتیلزمان (Bertelsmann AG) بەبۆنەی وەرگرتنی خەڵاتی كارل بێرتیلزمان لەلایەن (شەفافییەتی نێودەوڵیەتی)یەوە.

هەر لەسەرەتاوە (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) وا وایێنای دەكرد، كە هەڤاڵبەندی و مومارەسەی بەربلاو دابمەزرێنرێت، بەتایبەتیش ئەو بیرۆكەیەی كە لەگەڵ كۆبوونەوەی هەر سێ لایەنی حكومەت و پیشەسازی و ڕێكخراوە ناحكومییەكاندایە، واتە: هەرسێ بواری جەماوەر لەسەر مێزێك دابنیشن. دیارە ئەم بیرۆكەیە هەر لەسەرەتاوە لەپێشەوەی بیرۆكەكانی تری (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) بوو، هەروەها مەسەلەكە هەر پەیوەست نەبوو بە ڕەخنە دەربڕین و داوای كەمكردنەوە لەدەرەوەڕا، بەڵكو درێژكردنەوەی ئەوە بۆ ئەو كەسانەش كە مەسەلەكە بەكردەیی دەیانگرێتەوە (هنزبێرگ ئلزهورست).

كاتێك لە پاییزی ٢٠٠٢ خەڵاتی كارل بریتلزمانمان پێگەیشت كە بڕەكەی (١٥٠,٠٠٠) یۆرۆیە، ئەوە بەتەنها ڕێزلێنانێك نەبوو بۆ خەباتمان لە دژی گەندەڵی، بەڵكو لەهەمانكاتیشدا بۆ (ئەندازەی كۆمەڵایەتی تازەكردنەوە)مان بوو: واتە بۆ توانامان لە بەكارهێنانی لێهاتوویی كۆمەڵایەتی و پێشكەشكردنی نموونەیەكی تیادا ژیاو بەكۆمەڵگە، نموونەیەك گرەو لەسەر هاریكاری بكات لەبری ڕووبەڕووبوونەوە.

من لە ساڵانی ڕابردوودا لە ژمارەیەك كۆنگرەی ئاسایی و كۆنگرەی باڵادا كە لەژماردن نایەن بەشداریم كردووە. هەروەها لەلای ڕێكخراوە حكومی و ناحكومییە جیهانییەكان كارم كردووە و لەزۆر كاتیشدا لەنزیكەوە گەواهی ئەوە

دەدەم، کە ئێستاشی لەگەڵدابێت هاوکاری زۆرێك لەبوارەکانی نێوان دەوڵەت و ئابووری و کۆمەڵگەی مەدەنی دژواری پێوە دیارە، جا ئەوە لە کۆنگرە باڵاکاندا بەئامانجی پاراستن وگەرەنتی بەردەوام بوون بێت یاخود لەو کۆنگرە باڵایانەدا بێت کە لە سیاتل و جنوا و کوبیك نارەزایی بەخۆوە بینی یان لەدیدارە تایبەتییەکان بە ئابووری بووبێت لەدافۆس.

هەرچی دیدارە باڵا و گەورەکانە، کە هاندەری نارەزایی و توندوتیژی بوون نیشانی دەدات کە جیهان پێویستی زۆری بە دەستپێشخەری هەیە بۆ چارەسەری نوێ. گرفتەکان ئەگەر بمانەوێت هەندێکیان باس بکەین بۆ نموونە: گرفتەکانی گەندەڵی، کارپێکردنی منداڵان و وێرانکردنی ژینگە، گۆڕانی کەش و هەوا و یەکسانی لەمافەکاندا.

هەموو ئەم گرفتانە تەحەددیاتی گەورەن و پێویستە بەرەنگاریان ببینەوە، لەگەڵ پێدانی ئەولەویەت پێیان.

ئێمە لەجیهانێکدا دەژین، کە دەکرێت مرۆڤ خۆی تیادا بەهێز بکات، ئەویش بەهۆی تەکنۆلۆژیای نوێوە و بەرێکخستنی هەڵمەت و گرتنەبەری رێوشوێنەکان لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا، هەروەها دابەشکردنی پەیوەندییەکانی هێز بۆ دوورترین شوێن بە شێوەی گونجاندن و هاوسەنگی بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەتەنیا رووبەڕووبوونەوەکان سوودیان نییە و لە زۆرکاتدا توندوتیژی خۆپیشاندان و بەهەمان شێوەش توندوتیژی دەوڵەت دەگۆڕێت بۆ توندوتیژی بەرامبەر یاخود دژ، لەبەرئەوە پێویستە لەسەرمان لەبری ئەوە هەڤاڵبەندی لەو سێگۆشە ئەفسووناویە دابمەزرێنین کە لە دەوڵەت و ئابووری و کۆمەڵگەی مەدەنی پێکدێت، بۆ ئەوەی پێکەوە لەگەڵ هەموو بەشداربووەکاندا بگەینە چارەسەری شیاو.



بینیمان کە دەکرێت بە پراکتیکی لە رێکخراوێکی ناحکومیدا مرۆڤ بوارێکی وەکو بواری گەندەڵی دەستنیشان بکات، بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرجەم بەشداربووانی دیکەدا چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، من بۆ خۆم لەو بروایەدام کە ئەم رێگە سیستماتیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێت، لە بوارەکانی دیکەشدا بگیرێتەبەر، هەروەها لەگەڕان بەدوای سەرکردایەتی باشتری حکومەت لە ئابووری جیهانیدا. هەڵبەتە ئەم مەسەلەیە لەسەرەتادا لەلای شەفافییەتی نێودەوڵەتی لەبەرچاو نەگیرابوو، بەڵام دواتر و لەم ساڵانەی دواییدا بووە خاڵێکی ناوەندی لەبازنەی بایەخپێدانم، هەروەکو ئەوەی ئاماژە بێت بۆ چارەسەری پرسیاری: ئەو رۆڵە کامەیە، کە پێویستە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بیگێڕن لەباشکردنی سەرکردایەتی حکومەت لە ئابووری بەجیهانیکراودا؟

وەکو ئاشکراشە کە نوێنەرانی تەقلیدی (حکومەتی جیهانی) واتە: حکومەتان و کەرتی تایبەت بێتوانا بوون لەمەسەلەی چاودێریکردنی گەندەڵیدا.

ئەوەبوو رێگەیاندا کە گەندەڵی لەچوارچێوەی نێودەوڵەتیدا خەریکبێت بۆ نۆرم بگۆڕێت. هەروەها دیسان بە شێوەیەکی هەڵکشا و دان بەوەدا دەنرێت، کە (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) بەوپێیەی رێکخراوێکی ناحکومییە مومارەسەی رۆڵێکی گرنگی کردووە لە دژایەتیکردنی گەندەڵیدا، هەر بۆیە لەم سۆنگەیەوە هیوای ئەوە داخوازێت، کە رێکخراوە هاوشێوەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنی لەبوارەکانی تری (حکومەتی جیهانی)دا ئەرکی هاوشێوە و دروستکەری لەئەستۆ بگرن، هەڵبەتە ئەم پرسیارە بەشێوەیەکی زیاد لەنێو ئەرکە فێرکارییەکانم لە هارڤارد و جونزهوبکنز و زانکۆی بەرلینی ئازاد پانتایی بەرچاوی داگیرکردبوو، دیسان ئەوەی جێگەی سەرنجی من بووە، مەسەلەی گرنگی دروستکردنی پەیوەندی هاوبەشی نێوان هەڵسوڕاوانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەلایەك و زانست و بیردۆزەکان لەلایەکی ترەوەیە، بۆیە لە پێناو ئەم پەیامەدا هەوڵەکانی خۆم لەگەڵ (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) لەسەر ئاستی شەخسیش بەگەڕدەخەم.

ئەوەی ئێستا لە سیستمی کاری ڕۆژانەمدا بایەخی پێدەدەم تەواوکردنی داتای (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) و فەراهەمکردنی بنچینەی دارایی و سازاندنی ڕێگا و بونیادەکانە لەگەڵ ئەرکە تازەکان و دیسان بەرفراوانکردنی مۆرکی پیشەیی لە کارکردنماندا.

هاوکات پێویستە بەر لەهەر شتێکیش ستراکچەرمان نوێ بکەینەوە و دەرفەت بە نەوەی نوێ لەوانەی کە دەروەست و پابەندن بدەین.

(شەفافییەتی نێودەوڵەتی) کە بیست ساڵ بەر لە ئێستا لە دەستەیەك لە مامۆستایانی دێرینی زانکۆکان دامەزرا، هەر هەموویان خانەنشینکراون یاخود لەخانەنشینکردنەوە نزیك بوون و ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە گەنجەکان بەرەو پێشەوە ببرێن. لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ داڤید نوسباوم (David Nussbaum)ی تەمەن چل ساڵان و بەڕێوەبەری ڕێکخراوی گەورەی ئۆکسفام (oxfam)ی ناحکومیمان بە بەڕێوەبەری کارەکانی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) دانا.

هەڵبەتە ئەوەی کە ئەمڕۆ (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) پێیگەیشتووە بەری ڕەنجی ئەندامان و هاوکارکانییەتی و توانیویشمانە لەدەرهێنانی گەندەڵی لە گەنجینەکانی ژەهردا کە تیایدا نیشتەجێ بووە سەرکەوتووبین و بۆ بابەتێکیش بیگۆڕین کە جیهان سەرقاڵ بکات.

دیسان دەتوانین شانازی بەوەوە بکەین، کە ئەمڕۆ گەندەڵی لەژێر تیشکی ڕۆشنایدا لەسەر تەختەی شانۆی جیهانی ڕاوەستاوە، هەروەها توانیومانە لە ماوەیەکی کورتتر لەوەی بیرمان لێدەکردەوە ئەمە بەدەستبهێنین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە کاریگەریمان بۆ سەر کۆمەڵگە بەردەوام دەبین، بۆ ئەوەی ئەم حاڵەتە وەکو خۆی بمێنێتەوە و هەروەها ستراتیژییەتی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی لەدژی گەندەڵی دابنرێت و گرنگی لەپێشینەی پێبدرێت.



دیسان پێویستە لەسەرمان کە لە دە ساڵی داهاتوودا بە شێوەیەکی زیاتر کاریگەریمان بەسەر پرۆسەکانی چاودێری ویقائییەوە هەبێت و لەم بارەیەشەوە پەروەردە و مەشقپێکردن ڕۆڵی بەرچاو و سەرەکی لەسەرتاسەری جیهاندا بگێڕێت، هەڵبەتە سەرکەوتوو نابین، ئەگەر سیستمێکی مۆراڵیتی پێکنەهێنین و تەواوی جومگەکانی ژیان نەتەنێتەوە و تیایدا ڕۆشنبیری ڕاستبوونەوە شەقڵێکی سەنتەرالیزمی بەخۆوە نەبینێت.

پێویستە زامنی دەرفەتەکانی ڕێکەوتن و بەڵێننامە و ڕێکەوتننامە تازە جۆربەجۆرەکان لە هەموو جێگایەکدا بەهێز و سەرپەرشتیکردنی بکرێت، چونکە هەرکاتێك ڕێکەوتننامەکان بەکرچ و کاڵی جێبەجێ بکرێت، ئەوا گەندەڵکارەکان پەنا بۆ دانانی یاسای لاواز دەبەن، بۆ نموونە کاتێك ژمارەیەکی کەم لە دەوڵەتان واژۆی ڕێکەوتننامەی تایبەت بە ڕێکخراوی هاوکاری و ئابووری و پەرەپێدان دەکەن، ئەوا گرنگی بەسەپاندنی ڕێسا تازەکان نادرێت و ئەوانی تر بەئەنگێزەی خۆرسکی پارێزگاریکردن لەخود ناچاردەبن پەیڕەوی نموونەی خراپ بکەن و ئیتر ئەم کارە چاکسازییەش شکست دەهێنێت، دیارە بۆ ئەوەی هۆشیاری گشتی ناوبەناو لەگۆڕبوونی بەئاگا بهێنێتەوە، پێویستە لەسەرمان کارکردن بۆ باشکردنی هێماکانمان بەردەوام بین، چونکە ئەمە بەکاراترین وەسیلەی ئێمە دادەنرێت، لەگەڵ ئەوپەڕی گرنگیدان بە پرۆژە و میدیاکانی ڕاگەیاندنمان.

دیسان پرسیارێك بۆ چەندینجار خۆی دەخاتەڕوو، ئەویش ئەوەیە: ئایا پێویستە کە (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) هەوڵی دارشتنی سیستمی بەها ئەخلاقییەکان بدات و پشتیوانی لە بانگەشەی هەق لەڕاستبوونەوەدا لەڕووی ئەخلاقییەوە بکات؟

دیارە هەر لەسەرەتاوە ئەم پرسیارە کراوە، چونکە گەندەڵی وا تەماشاکراوە، شتێکی پێچەوانەی فەزیلەتە، واتە پێشێلی ڕێسا ئەخلاقییەکان دەکات، بەڵام لەبەر دوو هۆکار ئەم پێشنیازەمان ڕەتکردەوە، یەکەمیان ئەوەبوو کە پێمانوابوو

ئێمە پێویستمان بەپاساوی ئەخلاقی نییە لەخەباتمان دژ بەگەندەڵی، چونکە کاتێك مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا ململانێ دەکات بۆ بەرەو پێشکەوتن و دیموکراسییەت، ئەوا زۆر بەئاسانی گەندەڵی زیانبەخش دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا وا دیاربوو نارەزایی تەکنەلۆژیا، هەمان ئامانجی خۆی دەپێکێت لە سەرکۆنەکردنی گەندەڵیدا، دووەمیان پێیمانوابوو کە ئێمە موجازەفە بە ڕێکخراوەکەمان و ڕۆشنبیرییە فرەجۆرەکان دەکەین، ئەگەر بێتوو پەنا بۆ مامەڵەکردن بە گووتەزا ئەخلاقییەکان بەرین، بگرە ڕەنگە هەر بە هەڵە لێمان تێبگەیشتانەیە، کە گوایە ئێمە (پەیامبەری ئەخلاقین)، هەر بۆیە مەسەلەی پاساوی ئەخلاقیمان بۆ تاکەکان خۆیان بەجێهێشت، هەڵبەتە ئەم دەستپێشخەریەی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) کە هیچ بەهایەکی لەخۆنەگرتووە، زۆرجار ڕووبەڕووی ڕەخنە بوومەتەوە، بۆچی واپێویستە کە دەستبەرداری ئەم چەکە مەترسیدارە بین لەدژی گەندەڵی و پەنای بۆ نەبەین، بەتایبەتیش مادامەکی گەندەڵی لەلایەن هەموو ئاینە جیهانییەکانەوە سەرزەنشت دەکرێت و بەخراپەکاری و ناتەندروست دادەنرێت؟

دیارە ڕەخنەگری بەرچاویش لەم ڕووەوە (هانزکونگ / Hans kung)ی مامۆستای لاهوتە لەزانکۆ، کە من خۆم زۆر بە قەرزارباری دەزانم و ڕەخنەکەی لەپاشکۆی ئەم کتێبەدا نووسراوەتەوە، لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی دژ بەگەندەڵی کە لە کۆریای باشوور بەڕێوەچوو لێکچەر (موحازەرە)یەکی گرنگی پێشکەشکرد و تیایدا لەگەڵ نیشاندانی بۆچوونەکانی و هەروەها تەواوی گفتوگۆکانیشی لەگەڵ جیمس فولفینزن لە بانکی نێودەوڵەتی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە سیستمێکی بەهای ئەخلاقی بخەینە نێو سیستمی تایبەتیمان بە بنەبڕکردنی گەندەڵی.

هەردوو تەحەددی پشتیوانیکردنی دامەزراوەیی لە (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) بەو پێیەی سەری ڕمە لە خەباتی دژ بەگەندەڵی و هەروەها گەڕان بەدوای



سەرکردایەتی حکومەتێکی جیهانی دادوەر و بەویژدانتر کاریگەری یەکلاییکەرەوەیان لە ساڵانی داهاتوو لەسەر بزووتنەوەکەمان دەبێت.

دیسان ئێمەش پێمانوایە کەبەوە دەتوانین لەپێناو جیهانێکی زیاتر بەویژدان و ئاشتەوایتر بەشداری بکەین.

## بنەبڕکردنی گەندەڵی پێویستی بە سیستمێک لەچوارچێوەی مۆڕاڵیدا هەیە

ئەوەی بەڵگەنەویستییە پێویستە خەباتی دژ بەگەندەڵی بەهەموو وەسیلە مەشروعەکان بەئەنجام بگەیەنرێت و دیسان ئەو خەباتە سەرکەوتوو نابێت، گەر تاوانباران دەستگیرنەکرێت و پلەوپایەیان پشتگوێ نەخرێت.

بەم جۆرە بەدڵنیاییەوە دەرفەتی جێبەجێکردن بۆ یاسا دەستەبەر دەبێت. دیارە هێشتا ئەمەش هەموو شتێك نییە، چونکە ئیرادەی سیاسی بۆ خەباتی دژ بەگەندەڵی فەراهەم ناکات، چونکە لەپشتییەوە ئیرادەی ئەخلاقی بوونی نییە، هەروەها زۆرێك لەبڕیارە یاساییەکانی دژ بەگەندەڵی لەبواری مومارەسەدا ناسەپێنرێت، ئەویش بەهۆی نەبوونی هۆشیاری ماف، واتە: ئاستە ئەخلاقییە سەرەتاییەکان زۆرجار بزربوون، جا ئەوە لە نێوان ڕیزەکانی دانیشتوانی گشتی یاخود لە نێوان ڕیزەکانی دەستەبژێردا بێت.

دیسان چاکسازی دەوڵەتێك لەدەوڵەتەکان بەهۆی هەژاری بناغەی ئەخلاقییەوە گران دەبێت.

هەر بۆیە لەم پێناوەدا پێویستە مشتومڕی سیستمی کۆنتێکستی مۆڕاڵیتی (الاطرا الاخلاقیة) بکرێت و ئەگەر ئەمەش دەستەبەر نەبێت، ئەوا هیچ هیوایەك لە خەباتی دژ بەگەندەڵی بەدینایەت.

## ١- سەرکەوتنی ئابووری بازاڕی جیهانی یاخود سەرنەکەوتنی؟

دیارە ئابووری بازاڕ (واتە: سەرمایەداری، زم) خۆی بە سەرتەرزی ئابووری جیهانی لەپاش هەرەسی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتیدا سەپاندووە، بەڵام هێشتا خەڵکی لەکیشوەری ئەوروپادا کۆکن لەسەرئەوەی کە پێویستە بازاڕی ئازاد لەیەك کاتدا کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە بێت، ئەگەر بخوازێت بەردەوامی هەبێت، واتە: خۆڕاگری.

بەڵام ئەزموونەکانی دەیەی ڕابردوو سەلماندوویانە، کە خۆڕاگری سیستەمی ئابووری بازاڕ زامن نەکراوە، دیسان تەنگژە داراییەکانی ئاسیا لەنەوەدەکاندا ئاشکرایانکردووە، کە ئابووری بازاڕی ئازاد، لەوانەیە کۆتایی بێت و بەرەو سەرنەکەوتن بچێت، هەروەها لەمیانەی تەنگژەی ئابووری ڕووسیادا دەرکەوتووە کە چۆن پرۆسەی وەرچەرخان بەرەو ئابووری بازاڕ گیردەخوات. بەڵێ مرۆڤ ناتوانێت ئەوە پشتگوێ بخات کە ئابوورییەکی جیهانی لەئابوورییەکانی بازاڕ دووچاری هەڕەشەی تازەی جیهانی دەبێتەوە، پاشان ڕاڤەی ئابووری بازاڕی جیهانی لە وڵاتێك یاخود هەرێمێکی دیاریکراو لەبەر یەك هۆ بەسەریدا زاڵە. هەروەها لەزۆرکاتدا ئێمە تێبینی ئەوە دەکەین کە لە نموونەی بارودۆخێکی وەهادا، یەکتری تاوانبارکردن هەیە و ئەمەش بەبێ هۆ نییە: ئەوەتا ئابووری، گوناهەکە بۆ سیاسەت و سیاسەتیش بۆ ئابووری دەگەڕێنێتەوە، هەروەها هاوڵاتی مامناوەند لە زۆرکاتدا، گوناهەکە بۆ کەموکوڕی ئەخلاقی هەردووکیان دەگەڕێنێتەوە، بەهەرحاڵ ئێمە هەژماری ئەوەمان کردووە، کە یەکێك لەم سێ فاکتەرە، جا ئەوە ئابووری یان سیاسەت یان ئەخلاق بێت بە تەنیا و وەزیفەی خۆی جێبەجێ ناکات و سیستەمی ئابووری بازاڕ دووچاری دژواری جددی ناکاتەوە.

من لەلایەن خۆمەوە لە شیکاریکردنمدا پشتگیری لەو دەرەنجامە ورد و گشتگیرەی ئابووریناسی بەریتانیایی جۆن ه. دەنینگ / (John H.Dunning)



دەکەم، کە مامۆستای خانەنشینی بازرگانی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی ڕیدینگی بەریتانیایی و زانکۆی ڕوگێرز لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ( University of Reading / England and Rugers university / USA Emeritus od International Business) لە وتارەکەیدا (سەرمایەداری جیهانی بەرەو کوێ دەچێت؟) (Global Focus، ١٢Vol.، ١No.، ٢٠٠٠) جیاوازی لە نێوان سێ ئاوێتەی ناچوونیەکی ئاوێتەکانی بێتوانایی دا دەکات:

١- بێتوانایی خودی بازاڕەکان "سەرچڵییە ئەخلاقییەکان / Moral Hazard" سیاسەتی ئابووری هەمەکی لەجامبازی (المضاربة)دا زیادەڕۆییکردنی گونجاو نییە (بازاڕی خانووبەرەو بازاڕی پشکەکان) دراوی نرخێنراو بە بەهای زیاتر گرێبەستی تایبەت بە نرخی ئالۆوێر لەیەك لایەنەوە دەستنیشانکردنی وادەیەکی خراپ بۆ قەرزە کورتخایەنەکان، بوونی بازاڕی ڕەشی بەهێز لە ئەنجامی تەنینەوە.

٢- بێتوانایی دامەزراوەکان: جێبەجێکردنی سیستەمی ڕێکخستن و چاودێری و ئێشکگرتن و بانکەکان لە وەزیفەکانیاندا، هەروەها کەمتەرخەمی لە ژێرخانی یاسایی و سیستەمی پارەپێدان و کەموکورتی لەپارێزگاریکردنی مافی موڵکدارێتی و شەفافییەت و ئاستەکانی هاوسەنگی، کە وەکو پێویست نییە.

٣- بێتوانایی ئەخلاق، کە ئەمەش خۆی لە بێتوانایی بازاڕ و دامەزراوەکاندا دەبینێتەوە: سەرمایەداری گازینۆکان و مافیان، سەرمایەداری گەندەڵی، کەموکورتی لەمتمانە و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیدا، هەروەها چاوچنۆکی لەڕادەبەدەری وەبەرهێنەران یاخود دامەزراوەکان.

هەڵبەتە جۆن ه. دەنینگ لەپێناو حەوت وڵاتی خاوەن کێشە لەم فاکتەرە جۆربەجۆرانەی کۆڵیوەتەوە، کە ئەو وڵاتانەش ئەمانەن: ژاپۆن، کۆریا،

ئەندونیسا، تایلاند، هۆنگ کۆنگ، مالیزیا، ڕوسیا. هاوکات بڕیاریش لەوە دەدات کە لە هەر سێ ئاستەکەدا هەریەك لەو وڵاتانە بێتوانایی یان کەموکورتی تیادا بەدیدەکرێت... هەروەها توانیویەتی ئاماژە بەم سیاقانەی خوارەوە بدات:

★ لەزۆرکاتدا ژێرخانی بازرگانی ناتەواو پەیوەستە بە بەرتیل و گەندەڵی و بەرژەوەندی تایبەت و چاوچنۆکی لەڕادەبەدەر.

★ لەسەر ئاستی ڕێکخراوە ئابوورییە جیهانییەکان، بەر جێبەجێکردنی وەزیفەکان پەیوەستە بە نەبوونی ڕاستبوونەوە و فێڵ و کەم متمانەیی و نەبوونی ئامادەیی بۆ چارەسەری مامناوەند و نەبوونی هاوکاری و پێبەندێتی توێژ و گرووپەکان.

★ گرفتی کەمتەرخەمی لە سیستمی قەزائیدا، بۆ نموونە سەبارەت بەڕێگرتنی تاوان، کە پەیوەستە بە سەرمایەداری مافیا و گازینۆکان.

★ نەگونجاوی سیستمی بانکی و پارەپێدان و ژمێریاری، کە هەموو ئەمانە پەیوەندییان لە هەلپەرستی و بەفیڕۆدانی سەرمایە و نەبوونی دیسپلینەوە هەیە.

★ ئەندازەی تایبەت بە بونیادنانی کۆمەڵگە پەیوەستە بە بەتەنگەوە نەچوونی پێداویستی ئەوانی تر و کەموکورتی هەستکردنی شەخسی بە ئەرك و لێپرسینەوەی کۆمەڵایەتی.

★ گرفتی کەمتەرخەمی لە مەسەلەی پەیوەست بە پارێزگاریکردنی مافی موڵکداریێتی (خاوەنداریێتی)، کە ئەمەش دەرەنجامی هەڵوێستی بەتەنگەوەنەچوون و نەبوونی هەستکردنە بە لێپرسراوێتی.



لە هەموو ئەمانەوە ئەو دەرەنجامە دێتە ئاراوە، کە ئەخلاق (ئاکار) لەفۆرمە تەقلیدی و یۆنانییەکەیدا ئەو شتە پەراوێزکراوە یان ئەو شتە نییە کە بە شێوەیەکی دەستکرد و تێچوون دابنرێت یاخود زیادبکرێت، بەڵکو مرۆڤ لێرەدا بەڕاستی باس لە (چوارچێوەی ئەخلاقی / Moral Frame Work) دەکات، کە لەگەڵ بازاڕ یان لەگەڵ حکومەت یان ڕێکخراوەکان کە سنوورە نەتەوەییەکان تێدەپەڕێنن لە پەیوەندی گۆڕینەوە و کارتێکردندا دەچێتە ناو خواستە ناڕاستەوخۆکانەوە.

## ٢- زەروورەتی سیستمی چوارچێوەی ئەخلاقی

ئێمە هەر بە تەنیا مەبەستمان لە ئەخلاق (Ethos) بانگەواز و داخوازی ئاکاری نییە، بەڵکو ڕەفتاری ئەخلاقییە. گومانی تێدا نییە لە زۆرکاتدا پێداویستی لە حاڵەتی ئابووریدا بۆ فشاری نەهامەتی چڕدەبێتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی سووربوون لەسەر پێویستی چاکسازی، کە دەکرێت دیسان بۆ هێزی سیاسی بگۆڕێت، پاشان ناڕەزاییەکانی دژ بە جیهانگیری لەم سەروبەندەدا تەنانەت ئەوەی پەیوەستیشە بە ئابووری و زانستی ئابووری، پرسیاری لەمەڕ پەسەندکردنی کۆمەڵایەتی بۆ سیستمی ئابووری تازەی بەجیهانیکراو هێتاوەتە ئاراوە. دیارە ئەم پەسندکردنەش زامن ناکرێت، ئەگەر دەسەتبەجێ کۆمپانیا و بازاڕە جیهانی و حکومەتە نیشتیمانی و دامەزراوەکان کە سنووری نەتەوایەتی و ڕێکخراوەکان تێدەپەڕێنن ڕاستەوخۆ وەزیفەکانیان بە شێوەیەکی لێهاتوویی و کاریگەری جێبەجێ نەکەن.

بەهەرحاڵ ئابووری بازاڕی جیهانی بۆ مەودایەکی دوور پەسندناکرێت، ئەگەربێتوو کۆمەڵایەتی نەبێت، کەهەر ئەمەشە جۆن هـ. دینینگ هۆشداری

لەبارەوە داوە و پێویستیشە لەکۆمەڵگەی دیموکراسیدا زۆرینەی دەنگدەران جار لەدوای جار قەناعەت پێبکرێن بەوەی: ئەم سیستەمە ئابوورییە، سوود و کەڵکی بۆ ئەوان و ئەو کەسانەش هەیە، کە بەهەر ڕێگایەك بێت هەست بە لێپرساوێتی ئەوان دەکەن.

سیستمی چوارچێوەی ئەخلاقی بەهێز پشتیوانی لە کاریگەری بازاڕ و دامەزراوە جیهانییەکانی دەرەوەی بازاڕەکان دەکات و هەروەها کاریگەریشی بۆسەر ڕەفتار دەبێت، هەر وەکو چۆن کاریگەری لە پرۆسە یەکلاکەرەوە تایبەتییەکانی ئەم بازاڕانەی کە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و دابەشکردنیدا هەیە.

بە تێڕوانین لەمێژوو دەردەکەوێت کە ئابوورییە سەرکەوتووەکان هەمیشە لەمیانەی بناغەیەکی ئەخلاقی تۆکمەدا پشتیوانی لێکراوە و لەوساتەوەختەی ئەو بناغەیەش لاوازکراوە یاخود وەکو ئەوەی سیستمێکی تازەی کۆمەڵایەتی مومکین یاخود تەنانەت باشتربێت، ئەوا ئەو سیستەمە ئابوورییەی کە تاوەکو ئەمڕۆ باوبووە دەست بە داڕمان دەکات.

ئەو دەرەنجامەی کە دینگ پێیگەیشت: پێویستە پشتیوانی لەچاکە تاکگەرایی و کۆمەڵایەتییەکان وەکو یەك بکرێت و سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە (reconfigured)، بازاڕە جیهانییەکان دەتوانن خزمەت بکەن و ببنە پێویستی تاکەکان و کۆمەڵگە نەك فەرمانداریکی نەشیاو، ئەگەر بێتو بازاڕ و دامەزراوەکان لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی خاوەن مەعریفەی چڕوپڕ بسازێن و پشت بەهەڤاڵبەندی و فرەیی ڕۆشنبیری و هاوکاریکردنی نموونەیی ببەستن، دیسان ئەوەی هاندانی پەرەسەندنی کاریگەر و ئەکتیڤ و پەرەسەندنی دادوەری کۆمەڵایەتی بەدیبێت.



### ٣- ئایا بەهاو ئاستگەلێکی ئەخلاقی هەیە کە سنووری ڕۆشنبیرییەکان تێپەڕێنێت؟

دەکرێت هەر وشەیەك بەچەندین شێواز لێکبدرێتەوە و هەرچەندە چەمکێکیش چەندین پێناسەی جیاواز هەڵبگرێت، دیارە هەر لەم سۆنگەیەشەوە سەیرنییە کە چەمکە ئیتنیکییەکانی نموونەی (ڕاستبوونە / بەدوور لەهەر خڵتەیەك) پێبەپێی سیاقی ڕۆشنبیری دەلالاتی جیاوازی هەبێت، ئاشکراشە وشەی (Integrita) (بەواتای: ڕاستبوونەوە)، کە لەبنەچەی لاتینی (tongere بەواتای: دەستلێدان) دەستی لێنەدراوە، ئازار نەدراوە، یاخود بێ خەوشە یان تەندروستە یان تەواوە.

بەم پێیەش پێناسەی (Intgritat) بریتییە لە: بەدەر لەکەموکورتییە ئەخلاقییەکان، کە هەر ئەمەشە سەلامەتی مرۆڤ لە هەموو خەوشییەك یاخود نەبوونی توانای بەرتیلپێدانی، هەڵبەتە پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان تێکەڵاوکردنی ئەمە و ئەو بەدەربوونە ڕەهایەی کە هیچ خەوش و کەموکورتییەکی تێدانییە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەمریکییەکان بەر لە هەر شتێك وا لەم وشەیە تێگەیشتوون کە دەست بەرنەدانە لە ڕێسا سەپێنراوەکان و بەواتا گشتیگرە لاتینی یان ئەڵمانییەکەی وەرینگرن (پرۆفیسۆر یۆرگن شترۆب / Turgen Strube).

**کەوابوو چۆن دەکرێت ڕووبەڕووی ئەم دژوارییە ببینەوە؟... بەدوو ڕێگا:**

١- پێویستە کە نموونەی ئەم چەمکانە بە شێوەیەکی ڕووکەشی بەکاریان نەهێنین، بەڵکو ناوەڕۆکەکەی وەربگرین، خۆ ئەگەر لە ئەڵمانیا وشەی (Integritat) بەواتای نەبوونی توانای بەرتیلپێدان یاخود ڕاستبوونە یاخود شەرەف و ئەمانەت و هاوجووتبوونی نێوان گوتە و ڕەفتار لەلای تاکێك دێت،

ئەوا بێگومان نموونەی ئەوەیە کاتێك ئێمە ئەخلاقی جیهانی لەناوەڕۆکدا وەردەگرین، پێویستە لەسەرمان کە بە شێوەیەکی بەرجەستە و هەستپێکراو و گەورەتر و گشتگیرتر دایبڕێژینەوە.

٢- تەنانەت تەنیا یەك چەمکیش دەکرێت بەتەواوەتی و بەبێ بەدحاڵیبوون تێگەیشتنی بۆ هەبێت، واتە کاتێك بە شێوازێکی ڕەها بەکاربنایەت، بەڵکو لەجێگایەکی دیاریکراودا و لەدامەزراوەیەکدا باس دەکرێت. دیارە دۆزی گەندەڵی بەواتای (ڕاستبوونەوە/ بەدوور لەهەر خڵتەیەك) واتاکەی ڕوونە و هیچ بەدحاڵیبوونێکی تێدا نییە نە لەئەڵمانیا و نە لە ئەمریکاش، بۆیە تاوەکو ئەم مەودایە دەتوانرێت نموونەی ئەم چەمکانە گوزارشت بن لە شتێکی وەکو کۆ بەها و ئاستێکی ئەخلاقی لەمەڕ نموونەی ئەم وتەیەمان (ماکی ئەخلاق / Kernethas).

لێرەوە پەیماننامەی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکانی / UN Global Impact) کە لەلایەن کوفی ئەنانی ئەمینداری گشتییەوە بەرەو پێش براوە دەستپێشخەرییەکی بەنرخ پێشکەش دەکات، بەوەی کە داوای ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی بێگاری و کارپێکردنی منداڵان و بەپیرەوەچوونی تەحەددییە ژینگەییەکان دەکات، واتە لە نێو هەموو کۆمەڵگە و ڕۆشنبیری و ئاینەکاندا جۆرێك لەبنەما هەیە کە شیاوی بەراورد و لێکچوونە لە پێناو پێکەوە ژیانێکی دوور لە ململانێ و هەروەها لە پێناو هاوسەنگی بەرژەوەندی دوور لە توندوتیژی. دیسان ئەم پەیماننامەیە لەگەڵ دەستپێشخەری جاڕنامەی پەرلەمانی ئاینەکان سەبارەت بە ئاکاری جیهانی (world Ethic Declaration) لە شیکاگۆ ١٩٩١، کۆکە، چونکە لەهەردوو بەڵگەنامەکەدا بایەخ بەڕێزگرتنی ڕەها لە کەرامەتی مرۆڤ دراوە، بەڵام (پەیماننامەی جیهانی نەتەوە یەکگرتوەکان) لە سۆنگەی مافی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە، کە تەواوکەری داڕشتنەوەی



مەرجەکانی کار و پارێزگاریکردنی ژینگەیە، لەکاتێکدا جاڕنامەی ئاکاری جیهانی لە بنەما ئەخلاقییە گشتییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و لەوێشەوە داواکاری کۆمەڵایەتی و ژینگەیی پێشکەش دەکات، هەر لەم سەروبەندەدا لەپەیماننامەی جیهانیدا خواستی ڕاستگۆیی کە مەرجی یەکەمی متمانە و گوتەزای سەرەکییە، کە نەك هەر لەپێناو دیموکراسییەت و دەوڵەتی یاسادا، بەڵکو لە پێناو ئابووریشدا، بزرە. کەواتە متمانە یان بێ متمانەیی لەمەسەکانی تردا بەرهەمی ڕەفتاری ڕاستگۆیانە یان ناڕاستگۆیانە، شیاو یان نەشیاوە.

تەنانەت هێڵە پانەکانی کە ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری و پەرەپێدانی لە پێناو کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان لەسەر دامەزراوە چەند داواکارییەکی سەرەکی ئەخلاقی تەواو دیاریکراوی لەخۆگرتووە:

★ خواستی تایبەت بە ئاشکراکردنی ئیرادەی ڕاستگۆیی ڕاستبوونەوە و شەفافییەت.

★ خواستی تایبەت بە پارێزگاریکردن بە ژینگە و تەندروستی گشتی و ئاسایش و ڕێزلێنانی ژیان هەموو ژیان تەنانەت ژیانی ئاژەڵ و ڕووەکەکانیش.

★ خواستی وازهێنان لەهەموو پارەیەکی بەرتیلدان یان وەسیلەکانی تری بەرتیلدان و خواستی هەڵوێستێکی بنەڕەتی لەبەرامبەر دادوەری و لێوەشاوەیی و دەستەبەرکردنی ئیرادە لە پێناو سیستمی ئابووری دادوەرانەدا.

★ خواستی بەدوورگرتنی هەموو جۆرە جیاوازییەکی ڕەگەز پەرستانە لەشوێنی کار و تەنانەت لەسەر بناغەی ڕەگەزیش، هەروەها بوونی قەناعەتی هاوبەشی نێوان پیاو و ئافرەت و زەروورەتی بەرامبەر لەمافەکانیاندا. هەر کەسێکیش دەڵێت کە مەسەلەکە لێرەدا پەیوەستە بە کۆمەڵە ڕستەیەکی ئەبستراکتی گشتی یا جاڕنامەی ئاکاری جیهانی کە لەلایەن پەرلەمانی جیهانی

ئایینەکانەوە دەرچوو بخوێنێتەوە، کە چۆن بنەما دێرینەکان کە لە ترادسیۆنی ئەخلاقی و ئایینییەوە سەرچاوەی گرتووە بۆ زمانی سەردەمی ئێستا وەردەگێڕدرێت، لە هەموو ئەمانەشەوە: ئەو پرسیارە بەرهەمدێت، کە هەموو جارێکی لەبارەی بەهاو ئاستە جیهانییەکانەوە دەکرێت.

### ٤- بەهای بنچینەیی و ئاستە مرۆییە هاوبەشەکان کامانەن؟

دیارە داڕشتنەوەی بەها و ئاستە سەرەتاییە مرۆییەکان، کە خۆی لەنەریتە گەورەکانی ئەخلاقی و ئایینیدا دەبینێتەوەو لە داتا باسکراوەکانی تایبەت بە سەردەمی ئێستاماندا لەمیانەی پرۆسەیەکی تائەوپەڕ ئالۆز، کە بەدرێژایی گەشەکردنی خودی مرۆڤ بزۆزییەکی کۆمەڵایەتی لەخۆگرتووە، گوزارشتی لێدەکرێت. ئەمەش بەواتای هەرکاتێك پێداویستی ژیان و زەروورەتە بەپەلەکان پێویستی کردبێت، ئەوا دیسپلین گەلێکی هەڵسوکەوت، لە پێناو ڕەفتاری مرۆییدا خۆی سەپاندووە: هەڵبەتە لەو ئەولەویات و ڕێکەوتن و یاسا و ئامۆژگاری و داب و نەریتانە بەکورتی خۆیان لەمانەدا دەبیننەوە: نۆرمە ئەخلاقییە دیاریکراوەکان و بەها و ئاستەکان، بەم شێوەیە شتگەلێك دەبینین کە لە نێو کتێبی پیرۆزی عیبری و لە سەردەمی نوێ و لە قورئاندا بە شێوەی مزگێنی دەدرێت، واتە: ئەمانە لە ڕۆشنبیرییە بنەچە سامییەکاندا لەسەر شێوەی ئامۆژگاری خواوەندن و دیسان ئەمەش بەهەمان شێوە ئایینییە بنەچە هیندۆسی و چینییەکانیش دەگرێتەوە.

دیارە ئەمەش بەو واتایە نایەت کە مرۆڤەکان، نەوە لەپاش نەوە هەمان نۆرمە ئەخلاقی و پرۆژە و تەرزەکان تاقیبکەنەوە، چونکە هەندێکیان ستۆك دەبن، بەتایبەتیش کاتێك سەردەمەکە بەتەواوەتی دەگۆڕێت.



هەروەها لە توانای مرۆڤدا هەیە، کە لە خۆی بپرسێت، ئاخۆ ئێمە لەم سەردەمی گوێزانەوە (انتقال)یە داین؟

بەڵێ خەڵکی بەزۆری بەدەست ئەو بۆشاییە گیرۆدەن کە پەیوەندی بە ئاراستەکردن و ڕێگانیشاندانەوە هەیە، کە ئەمەش بەشێکی هۆکارەکەی بۆ جیهانگیری دەگەڕێتەوە. دیارە سەردەمەکان لێوان لێوە بەململانێ و جەنگەکان و تواناکانی ئاراستەکردن و ڕێگانیشاندانیش هەژارن: واتە زۆرێك لە دەسەڵاتە مەعنەوییەکان ڕاستگۆیی خۆیان لەدەستداوە، بگرە لەم سەردەمەدا زۆرێك لە دامەزراوەکان و پێوانە و نۆرمەکانیش بۆ گێژاوێك لەتەنگژەی ناسنامەکان، کە شوێنکارێکی قوڵیان هەیە، پەلکێشکراون و داخزاون. هەروەها هێشتا زۆرێك لە خەڵکی، لەوانەش بەتایبەتی لاوەکان نازانن کە کامە باشە و کامە لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا خراپەیە.

پێویستە لەسەرمان کە سوود لەگشت نەریتە ئایینی و فەلسەفی و سەرجەم سەرچاوە فیکرییەکانی مرۆڤ وەربگرین، هەروەکو چۆن ئەمە لە داڕشتنەوەی جاڕنامەی ناسراو بە جاڕنامەی جیهانی ئەخلاقیدا ڕوویدا. هەڵبەتە هیچ ئاین و فەلسەفەیەك ناتوانێت بەهاو ئاستە جۆرییەکانی خۆی بسەپێنێت بەسەر ئەوانی تردا، بەڵام گشت ئاین و فەلسەفەکان دەتوانن لە سۆنگەی کولتووری فیکرییانەوە پشکیان لە فۆرمەلەکردنی ئیجماعی کۆمەڵایەتی ئەخلاقی تازەدا هەبێت.

بەم شێوەیە ئەو بەها و ئاستە مرۆییانە کامانەن، کە سنوورەکان تێدەپەڕێنن و دەکرێت لە مرۆڕدا بە جیهانی تەماشا بکرێت؟ لەسەر بناغەی کۆی ڕاڤەکان کە تاوەکو ئێستا لە بارەی ئەخلاقی جیهانییەوە هەڵهێنجراون، ئەوەیە کە لە بناغەی گشت بەهاکانی تری بنەما ئەخلاقییەکاندا مرۆیی و ئالوگۆڕپێکردن خۆی جێگیرکردووە و پێویستە لەسەریشی کە ئەم بەها و ئاستانەی خوارەوە چێبکات:

ڕێزگرتن له ژیان و تەقدیرکردنی. ڕێگرتن لەتوندوتیژی، هاوکاریکردن و دادوەری و لێبووردەیی، ڕاستگۆیی و یەکسانی لە ماف و هاوبەشیکردندا.

دیسان لەم لیستەی خوارەوەدا لە میانەی دەقەکانی جاڕنامەی تایبەت بە ئەخلاقی جیهانی دەرچوو لە پەرلەمانی جیهانی، ڕاڤەی ئەم بەها و ئاستانە دەکرێت.

## - لیستی بەهاکان -

لەسەر بناغەی گەواهیدەرە وەرگیراوەکان لە (جاڕنامەی ئەخلاقی جیهانی) کە لە **١٩٩٣** لە شیکاگۆ لەلایەن پەرلەمانی جیهانی ئایینییەکانەوە دەرچوو.

## - بەها مرۆییە بنچینەییەکان -

سەرباری سەرجەم جۆرەکانی نامرۆڤایەتی، وا پێویست دەکات وەکو پرەنسیپێکی ئەخلاقی هاوبەش، ئەم دەستەواژەیە ئامادە بکرێت: پێویستە هەر مرۆڤێك بە شێوەیەکی مرۆیانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت، ئەمەش بەواتای: هەر مرۆڤێك بەبێ جیاوازی تەمەن و ڕەگەز و نەژاد، یان ڕەنگ و پێست، یاخود توانستی جەستەیی و ئەقڵی یان زمان و ئاین و دیدی سیاسی یاخود بنەچەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی، خاوەنی کەرامەتی خۆی بێت و ناشکرێت لێیدابماڵرێت و پێشێل بکرێت.
لەبەرئەوە گشت خەڵکی، جا ئەوە تاك یان دەوڵەت بێت پابەندن بەڕێزگرتن لەم کەرامەتە و پارێزگاری لێکردنی.

هەروەها لەبری ئەوەی خەڵکی بەخراپی ئیستیغلالی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی بکەن، پێویستە ئەم دەسەڵاتە بۆ خزمەتی مرۆڤ بەکاربهێنن.



## - گۆڕینەوە -

پرەنسیپێك هەیە، کە بۆ ماوەی هەزاران ساڵە لە زۆرێك لە نەریتە مرۆییەکاندا بەرچاوکەتووە و بەچاکی مەرامی خۆی سەلماندووە: "بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسەدا مەکە، کە خۆت ناتەوێت مامەڵەت لەگەڵدا پێبکەن"، یاخود لەبۆتەیەکی ئەرێنیدا "بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ ئەوانیتردا بکەن، کە خۆت دەتەوێت مامەڵەت لەگەڵدا پێبکەن". واپێویست دەکات، کە ئەم نۆرمە ڕەهابێت و مایەی گۆڕین و گومان لێکردن نەبێت، لەپێناو گشت بوارەکانی ژیانی، خێزان و کۆمەڵگە و نەژاد و نەتەوە و ئاینەکاندا.

## - بەهای ماکەکان -

ڕێزگرتنی ژیان و تەقدیرکردنی
تاکی مرۆیی، بوونەوەرێکی تابلێی بەنرخە و پێویستە پارێزگاری لێبکرێت، تەنانەت ئەو ئاژەڵانەش کە لەسەر ئەم هەسارەیە لەگەڵ ئێمەدا دەژین، شایەنی پارێزگاری و سەرپەرشتیکردن و هەژمار بۆکردنن. ئێمەش بەوپێیەی کە مرۆڤین، بەتایبەتیش بە لەبەرچاوگرتنی نەوەکانی داهاتوو، بەرپرسیارین لە هەسارەی زەوی و گەردوون و کەش و ئاو و زەوی.

ئێمە هەموومان لەم گەردوونەدا لە پەیوەندییەکی بەیەکداچووین لەگەڵ یەکتریدا و پێکەوە دەبەسترێینەوە وهەر یەکێك لە ئێمە بە بەرژەوەندی گشتییەوە گرێدەدرێت، هەروەها هەر مرۆڤێکیش مافی ژیان و سەلامەتی جەستەیی و گەشەی ئازادی کەسایەتی خۆی هەیە، مادامەکی مافی ئەوانی دیکە پێشێل ناکات.

هاوکات هیچ مرۆڤێك مافی ئەوەی نییە، کە ئازادی جەستەیی و دەروونی مرۆڤێکی تر بدات یاخود تەنانەت بیشیکوژێت.

**- ناتوندوتیژی -**

لەگەڵ بوونی مرۆڤدا، جۆرەکانی ململانێش دەمێنێتەوە، بەڵام نموونەی ئەم ململانێیانەش واپێویست دەکات، کە بەبێ توندوتیژی چارەسەربکرێت، دیارە ئەمەش هەروەکو چۆن بەسەر دەوڵەتدا پراکتیزە دەکرێت، وەهاش بەسەر تاکدا پراکتیزە دەبێت. بەتایبەتی خاوەنی هێز و دەسەڵاتی سیاسی داوای ئەوەیان لێدەکرێت کە پابەندی یاسابن و تا بشتوانن لەچارەسەرکردنەکاندا پەنا بۆ ناتوندوتیژی بەرن و پێویستیشە پابەندی سیستمی جیهانی ئاشتی بن.

کە ئەمەش لەلایەن خۆیەوە پێویستی بەپارێزگاری و بەرگری لێکردن هەیە لەبەرامبەر خەڵکانی توندوتیژدا.

**- هاوکاری -**

هیچ مرۆڤێك مافی ئەوەی نییە، ئەوەی کە خاوەنێتی بەبێ ڕەچاوکردنی پێداویستی کۆمەڵگە و زەمین بەکاری بهێنێت.

خاوەندارێتی ئەگەر کەمیش بێت، پابەندبوونەوە و پێویستە لەبەکارهێنانیدا خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی خەڵکی بگەیەنێت. هەروەها پێویستە مرۆڤایەتی بە گیانێکی بەرزەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەمی کەسانی هەژار و کەم ئەندام و بەتەمەن و پەنابەر و نامۆیانی گۆشەگیردا بکات.

**- دادپەروەری -**

پێویستە بونیادی ئابووری جیهانی بە شێوەیەکی زیاتر دادپەروەرانەتر دابڕێژرێتەوە. دیارە هەر بە تەنیا کاری چاکەی تاکێتی و پرۆژەکانی بەهاناوەچوونی تاکگەرایی بەس نییە، هەرچەندە شتێکە ناکرێ دەستبەرداری ببین، بەڵکو مەسەلەکە پێویستی بە بەشداریکردنی گشت دەسەڵات و دەوڵەت و



ڕێکخراوە نیودەوڵەتییەکان هەیە لە پێناو گەیشتن بەهاوسەنگییەکی دادپەروەرانە. بەهەرحاڵ پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان بەکاربردن (استهلاك)ی پێویست و بەکاربردنی بێکەڵکدا، واتە لەنێوان بەکارهێنانی خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی ناکۆمەڵایەتی یاخود لەنێوان ئیستغلالکردنی دەرامەتە سروشتییەکان کە پاساوی خۆی هەیە و بەکارهێنانی ئەوە کە پاساوی نییە، یاخود لە نێوان ئابووری بازاڕی سەرمایەداری ئاڵۆز و ئابووری بازاڕێك کە پەنا بۆ پێداویستی کۆمەڵایەتی و ژینگە پێکەوە دەبات.

**- لێبووردەیی -**

هیچ گەل و دەوڵەت و ئاینێك، مافی ئەوەی نییە جیاوازی لە دژی کەمینەی جۆرێکی جیاوازتر یاخود ئایینزایەکی جیاوازتر بکات یاخود مومارەسەی پاکتاوی نەژادی یان ڕەتکردنەوەی بکات. هەروەها پێویستە هەر گەلێك بە گەلێکی تر بگات، هەر نەژادێك بە نەژادێکی تر بگات، هەر ئایینێك بە ئایینێکی تر بگات لە ڕێگەی لێبووردەیی و ڕێزگرتنەوە. چونکە کەمینەکان جا ئەوە کەمینەیەکی نەژادی یاخود ئیتنیکی یاخود ئایینی بێت، پێویستیان بە پارێزگاری و هاندانی ئێمە هەیە.

**-ڕاستگۆیی-**

پێویستە هەر مرۆڤێك، ڕاستگۆیی لەبیرکردنەوە و وتە و کاریدا نیشان بدات، هەر مرۆڤێکیش مافی بەدەستهێنانی زانیاری پێویستی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت بڕیاری گرنگ بۆ ژیانی بدات.

بێگومان مرۆڤ ناتوانێت جیاوازی لە نێوان گرنگ و ناگرنگدا بکات، ئەگەر زەمینەی ئاراستەکردنی بنچینەی ئەخلاقی بۆ نەسازێنرێت. هەروەها پێویستە

ئازادی و ستەمکاری، بیردۆزەی فرەیی ڕاستییەکان و بەدواکەوتنی ئارەزووەکان تێکەڵاو بەیەکتری نەکرێت، بەڵکو دەبێت زەمینەی ئامادەکردن و کاریگەری ڕاستی بسازێنرێت، پاشان پێویستە لە چوارچێوەی پەیوەندی لە ژیانی ڕۆژانەی نێوان مرۆڤ و مرۆڤدا، ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ڕاستگۆیی لە بری ئەوەی مرۆڤ لە کەشێکی ناڕاستگۆیی و دەستکرد و خۆ هەلپەرستانەدا بژی، بەجێبهێنرێت.
هەروەها دەبێت سەرلەنوێ و بۆ هەردەم ڕاستی بەڕاستگۆیانە و لە بری بڵاوکردنەوەی ئیسنافی هەقیقەتی باوەڕگەریان بەحزبی بووەکان مومارەسە بکرێت.

- **یەکسانی لەمافەکاندا** -

پێویست ناکات کە پەیوەندی نێوان پیاو و ئافرەت بەئامۆژگاری یان بە ئیستیغلالکردن دیاری بکرێت، بەڵکو بەخۆشەویستی و گیانی هاوبەشیکردن و توانای پشت بەیەکتری بەستن دیاری دەکرێت. دیسان لە هەموو جێگایەکی جیهانیدا پێویستە نەفرەت لە سیستمی باتریاکی و سەروەری یەکێك لەڕەگەزەکان بەسەر ئەوی تردا بکرێت و ئیستیغلالکردنی ژنان و سێکسی منداڵان و لەشفرۆشی بەزۆر و سەپێنراو ڕەتبکرێتەوە. هەروەها هیچ مرۆڤێك مافی ئەوەی نییە کە کەسێکی تر بۆ چێژ وەرگرتنی سێکسی خۆی بەکاربهێنێت.

- **هاوبەشیکردن** -

هاوبەشیکردن، لەمیانەی ڕێزگرتن لەیەکتری و لێکگەیشتن و لێبووردەیی و ئامادەیی بۆ پێکهاتن و خۆشەویستی گوزارشتی لێدەکرێت. هەرچی لەسەر ئاستی نەتەوە و ئایینەکانیشە، تەنیا ئەوە مومارەسە دەکرێت، کە لەسەر ئاستی پەیوەندییە شەخسی و خێزانییەکاندا هەیە. لەکتێبی (Hans Kung (Hrsg.) Global unternehmen globales Ethos).



**٥- پێویستە چۆن خەسڵەتی ئاکاری جیهانی خۆی بسەپێنێت؟**

بەم شێوەیە جار لە دوای جار ئەم پرسیارە لە مرۆڤ دەکرێت و ئەمەش جێگەی گومان نییە، دیارە وەڵامەکەشی هیچ جیاواز نییە لەو ڕێکەوتننامە جیهانیانەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە خۆی گرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر پرۆسەیەکی هۆشیاری درێژخایەن پێویستی بە کات بووە، تاوەکو مافەکانی مرۆڤ و مەرجەکانی کاری مرۆیی و خواستەکانی ژینگە گەیشتوونەتە ئەم ئاستە؟ لە هەموو ئەم پرسیارەشدا، مەسەلەکە، بەهەمان شێوەی مەسەلەکانی تری وەکو ئاشتی و داماڵینی چەك و هاوبەشیکردنی نێوان پیاو و ئافرەت، پێویستی بە پرۆسەیەکی تەواو ئاڵۆز هەبووە و کاتێکی زۆری خایاندووە. هەڵبەتە ئەمە پرۆسەی وەرچەرخانی هۆشیارییە و مەرجی یەکەمینە لەپێناو وەرچەرخانی هۆشیاری مرۆڤایەتی و گۆڕینی بۆ خەسڵەتێکی ئەخلاقی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی.

هەروەها لە توانای زۆرێکدا هەیە، کە لێرەدا بەهاناوە بێن، لە پێش هەمووشیانەوە (شەفافییەتی نێودەوڵەتی)، دیسان بیرمەندانی پێشەنگ و هەڵسوڕاوان و گرووپە دەستپێشخەرەکان و مامۆستایان کە هەر لە ئێستاوە لە پێناو تێگەیشتنێکی نوێ بۆ ئایینە جیهانییەکان و ئاشتی و ئەخلاقی جیهانی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوان مرۆڤەکان لەسەر ئاستی لۆکاڵی (لە شارە فرە کولتوورەکان و شارە فرە ئایینەکان)، دیسان لەسەر ئاستی جیهانیش خۆیان تەرخاندەکەن. هاوکات لەسایەی بەیەکگەیشتنی جیهانی و ئابووری و زانستی ژینگە و سیاسەتی جیهانیدا پێویست بە بیرکردنەوەی هەموو شتێکی هاوبەشی نێوان مرۆڤەکان دەکات لە بواری ئەخلاقیدا.

کاتێکیش پرسیارم لە خاوەنی دڵی گەورە و دامەزرێنەری دامەزراوەی ئەخلاقی جیهانی، ڤۆن دێر گروبێن کرد، سەبارەت بەو ئەنگێزانەی کە پاڵیان پێوەناوە بۆ بەگەڕخستنی هەوڵەکانی، ناوبراو جانتای پارەکانی دەرهێنا و تیرۆژێکی زەرد

هەڵگەڕاوی نیشاندام، کە لەسەری نووسرابوو مەهاتما گاندی و حەوت هەڵەی کۆمەڵایەتی لە جیهانی هاوچەرخدا، کە بەم شێوەیەیە:

**سامان بە بێ کار.**

**چێژ بە بێ ویژدان.**

**مەعریفە بە بێ کەسێتی.**

**بازرگانی و کار بە بێ ئەخلاق.**

**زانست بە بێ مرۆڤایەتی.**

**ئاین بە بێ قوربانی.**

**رامیاری بە بێ پرانسیپ.**

## - خشتەی کارەکانی گەشەپێدان و تەحەددی گەندەڵی -

**بەدواداچوونی جیمس دفولفنزن، سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی**

کاتێك لەمرۆدا ئاوڕ لەدواوە دەدەینەوە، وا دەردەکەوێت کە بەدیاریکراوی دە ساڵ بەر لە ئێستا، لەنێوەندە پیشەییە تایبەتییەکان و بەهاوکاری ڕێکخراوەکانی پەرەپێدان، بەدەگمەن دیاردەی گەندەڵی بەرباس دەخرا.

کاتێکیش لە ساڵی ١٩٩٥ لە بانکی نێودەوڵەتی دەستپێکرد، ئەم بابەتە بووە مایەی سەرئێشەیەکی زۆر. هەڵبەتە گرفتی یەکەم لە هەژاری دەستپێشخەرییەکی ڕووندابوو، لە پێناو مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو گەندەڵییەی کە سنوورەکانی کاری تەقلیدی تێدەپەڕان و خۆی لەگرتنەدەستی دەفتەر و وردبینییە ژمێریارییەکان و پرۆسەی دابەشکردنی بەخشینەکاندا دەبینییەوە. مەسەلەی دووەم، ئەوەبوو من شێوازێکی بیرکردنەوەم هێنایە ئاراوە و خۆی لەوەدا



دەبینییەوە، کە گەندەڵی بەشێکی جیانەکراوەیە لەزۆربەی بەندوبار و کولتوورەکان، دیارە ئەمەش بەسوود بوو لە پێناو (چەورکردنی ڕەوڕەوەکان)، کاتێك کە مرۆڤ لە گەشتێکدایە بەرەو پێشکەوتن. بەهەرحاڵ ئەوەی گومانی تێدانەبوو، ئەوەبوو مرۆڤ لەتوانایدا نەبوو لە دژی گەندەڵی شتێك بکات. مەسەلەی سێیەمیش ئەوەبوو، کە زۆربەی مشتومڕەکان لەپشت پەردەوە بەڕێوە دەچوون.

هەروەها ڕێوشوێن و سەلماندن لەئارادا نەبوون، بۆ خستنەڕووی مومارەسە گەندەڵئامێزەکان، تەنیا لە چەند حاڵەتێکی زۆرکەمدا نەبێت کە سەرپێچی یاسای نەگۆڕ دەکرا. دیسان ئاماری ئاشکراش لەبەردەستدانەبوو، لەبەرئەوە گران بوو، کە مرۆڤ مومارەسەی گەندەڵئامێزەکان بە شێوەیەکی ڕوون و بێ بەدحاڵیبوون ئاشکرا بکات، بەتایبەتیش لەلای کەسایەتی سەرکردایەتییەکان کە خاوەن دەسەڵات بوون و بەشێکی کێشەکەیان پێکدەهێنا. دیسان مەسەلەیەکی ئاڵۆزتر ئەوەبوو کە گەندەڵی دووڕووی هەیە (ڕوویەکی بەرتیلدەر و ڕوویەکی بەرتیل خۆر)، واتە تەنیا خاوەنی یەك ڕوو نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی کەم لە بانکی نێودەوڵەتیدا هەبوون، کە دەیانوێرا باس لەم بابەتە بکەن لەبەرامبەر ئەو وڵاتانەی کە گەندەڵی تیایدا هەبوو، یاخود لەڕووبەڕووبوونەوەی کۆمپانیا گەورەکاندا.

لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك بەدەست گەندەڵییەوە دەیانناڵاند و دووچاری شۆك دەبوونەوە، کاتێك کە دەیانبینی چۆن دەرامەتە بەنرخەکان کە بۆ کاری پەرەپێدان تەرخانکرابوون، بەفیڕۆ دەبرێن، یاخود چۆن کارمەندانی دەوڵەت کە خاوەنی داهاتێکی خراپ بوون، لەپڕێکدا دەوڵەمەند دەبن، یاخود چۆن کار شوناسەکان

بە شێوەیەکی بیرلێنەکراوە (ڕاسپاردنەکان - التكليفات) بەدەست دەهێنن، یاخود بەر لەهەر شتێك چۆن هەژاران ناچاردەکرێن کە ڕۆژانە بەرتیل بدەن، تەنانەت کاتێك مەسەلەکە پەیوەستیش بێت بەچارەسەرکردنی پزیشکییانەی منداڵێکی نەخۆش. دیارە (پیتەر ئایگن) یەکێك بوو لەو کەسانەی کە چاودێری ئەم مومارەسە گەندەڵکاریانەی دەکرد و لێینیگەران بوو، چونکە ئاستەنگی سەرەکی بوو لەبەردەم کاری پەرەپێداندا. پیتەر ئایگن، لە نێو بانکی نێودەوڵەتیدا بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ وەکو شارەزایەکی بەڕێز لەپەرەپێداندا کاری دەکرد و بەوپێیەش کە پارێزەر و بەڕێوەبەر و ڕاوێژکار بوو لە کاروباری هەرێمەکاندا، زۆر شوێنی دەکرد و دواجاریش نوێنەری بانکی نێودەوڵەتی بوو لەکینیا. ناوبراو پێیوابوو کە نەخۆی و نەهاوڕێ و هاوکارەکانی بەر لە دوژمنەکانیان ناتوانن لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، کارەکانیان بەئەنجام بگەیەنن، ئەگەر بێتوو چارەسەری ڕیشەیی گەندەڵی نەکرێت. ئەوەی کە تووڕەشی دەکرد، ئەو زوڵمە بوو کە کۆمپانیای هاتووی وڵاتانی دەومەڵەمەند دەیانکرد و دەیانتوانی دامەزراوەی وڵاتانی هەژار لاواز بکەن، بێئەوەی سزابدرێن. دیسان ئەوەی کە سوێی دەکردە دڵییەوە، گەواهی و وریارکردنەوەکانی یۆتتای هاوسەری بوو، کە وەکو پزیشك لە هەندێ لەگەڕەکە هەژارنیشینە بێدەرەتانەکانی جیهان کاری دەکرد و بەچاوی خۆی دەبینی، کە چۆن کۆمەکی ڕێکخراوەکانی پەرەپێدان بەخراپ بەکار دەهێنرێت.

هەروەها سروشتی ئەو وێنایەی زانی کە لەلای خەڵکی لەبەرامبەر کارەکانی بیانییە گەندەڵکارەکان و کارمەندە ناوخۆییەکان دروست دەبێت. پیتەر ئایگن، بەوپێیەی یەکێك بوو لە کارمەندانی بانکی نێودەوڵەتی، بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ



لەهەوڵی چارەسەرکردنی مەسەلەی بنەبڕکردنی گەندەڵیدا بوو، بەڵام دەسەڵاتی لەبەرامبەر ئەو کەسانەدا نەبوو کە بۆ چەندین جار دەیانگوت، ئەم بابەتە لە دەرەوەی پسپۆڕی بانکی نێودەوڵەتییە. هەر بۆیە پیتەر ئایگن شەڕەکەی بردە دەرەوە بۆ ئەوەی پشکی گەورەتری لەکاری پەرەپێداندا هەبێت، ئەوەبوو بەدەر لە دە ساڵ لە ئێستا بانکی نێودەوڵەتی بەجێهێشت و لەگەڵ ژمارەیەك تێکۆشەری تردا (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) یان پێکەوە دامەزراند.

بەم هەنگاوەش خزمەتێکی بەسوود پێشکەشکراو هەمووان لە سایەی ئەزموون و هەروەها کاریگەری ئەو گەندەڵییەی کە لە دەورو بەریاندا ببوونەوە کاریان کردو، ڕێکخراوەکەیان زۆرشتی مەحاڵی بەئەنجام گەیاند و قەبارەی گەندەڵییانەی ئاشکراکرد.

ڕێکخراوی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی)، بزووتنەوەیەکی نێودەوڵەتییەو، ئەزموونێکی جیهانی کۆکردووەتەوە و، زانیاری بڵاودەکاتەوە و هەڵگوزەکان (الخيارات) لە پێناو وەرچەرخان دادەڕێژێت و لە سایەی هەستکردن بەلێپرسراوێتی فشارێکی نەگۆڕ بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی ئەم وەرچەرخانانە بکاتە دیفاکتۆ.

پیتەر ئایگن، لە میانەی دامەزراندنی ئەم بزووتنەوەیە، سەلماندی کەسایەتییەتی بەهێزی سەرکردایەتی خاوەن هەڵوێست و تۆکمە و بابەتیانەیە و ناکەوێتە ژێر کاریگەری ئارەزوو یان تیێڕوانینە ئەندێش ئامێزەکانەوە. دیارە لە ماوەی ئەم دە ساڵە شلۆقەدا، دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا کە هاوکارییەکی بەهێزی پیتەر ئایگن بکەم، ئەمە جگە لە هاوبەشیکردنی نێوان بانکی نێودەوڵەتی و (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) کە پەیوەندییەکانیان بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار پتەوبوون. دیسان منیش

بۆخۆم بێزار و تووڕەبووم بەهۆی ڕاپۆرتگەلێك لەبارەی گەندەڵییەوە، بەتایبەتیش لەبەرامبەر ئەو ڕێسایانەی کە بابوون و گفتوگۆکردنیان لە بارەی کێشەکانی وڵاتانی تازە پێشکەوتووەوە زۆر ئاستەم دەکرد و ڕێگربوون لەبەشداریکردن لەچارەسەرکردنیاندا.

هەروەها زۆرێك لەهاوکارەکانم لەناو بانکی نێودەوڵەتیدا وەکو من نیگەران بوون، بەڵام بەهۆی نەبوونی چوارچێوەیەکی پێویست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، دەستیان بەسترابوو.

من لەو ڕۆژگارەدا سووربووم لەسەر وەرچەخانی هەڵوێست و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی بابەتەکە، بەڕاشکاوی و تۆکمەیی.

لە ئازاری ساڵی ٢٠٠٣، بانکی نێودەوڵەتی و (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) بەدرێژایی ڕۆژ سەرگەرمی داڕشتنەوەی دیدێکی کۆتایی و گشتگیربوون بۆ مەسەلەی خەباتی هاوبەش دژ بەگەندڵی. لەڕاستیدا ئەگەر ئەم دوو ڕێکخراوە لە پرۆژە و دەستپێشخەرییە هاوبەشەکاندا شەریك بووبن یان چالاکییەکانیان جیاواز و سەربەخۆ بووبێت، ئەوا ئەوەی بەلامانەوە گرنگتربووە بەرباسخستنی سروشتی ئەو ئەرکانە بووە، کە تاوەکو ئێستا لەبەردەماندایە، هەروەها دیاریکردنی ئامانج و مەرجەکانی هاوبەشیکردنی نێوان هەردوو دامەزراوەکە بووە.

هەڵبەتە پاناتییەکی بەرفراوان لەتێگەیشتن و دیسان جیاوازی لەڕاو بۆچوونەکاندا هەبووە. بەڵام کاتێك پێکەوە لەبەردەمی خۆمان دەڕوانین، ئەوا بەرلە هەر شتێك لە پلانی سەرەکیمان و باوەڕبوونمان بەوەی کە ئێمە دەمانەوێت لە داهاتووشدا هاوکاری یەکتری بکەین، بەشدارین. ڕەنگە باشترین گەواهییەکان جا ئەوە لەبەرژەوەندی پیتەر ئایگن و هاوکارەکانی لە (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) یاخود



لە بەرژەوەندی هاوکارەکانم بێت لە بانکی نێودەوڵەتی، ئەوەیە کە پێکەوە دەتوانین ئاوڕێك لەدواوە بدەینەوە و لەو وەرچەخانە زۆر و زەوەندانە بڕوانین کە لە دە ساڵی دواییدا ڕوویانداوە.

بەڵام ئەفسووس، پیتەر ئایگن، بانکی نێودەوڵەتی بەجێهێشت بەرلەوەی من پۆستەکەم وەربگرم و بتوانم ڕاستەوخۆ هاوکاری بکەم. من لەو بڕوایەدام کە لەو ڕۆژگارەدا پیتەر ئایگن توانی لە دەرەوەی ئەم دامەزراوەیە کاریگەرییەکی گەورە دروستبکات و تەنیا لە کەسێکی وەکو ئەمیش دەوەشایەوە کە لەگەڵ ئەوانی تردا تەنگوچەڵەمەکان تێپەڕێنن، بۆ ئەوەی وەرچەرخانی قوڵ و بێبن ڕووبدات. هەروەها دەبێت کتێبی پیتەر ئایگن، لەسەر ڕێگاماندا مەودایەکی دوورتری وەسیلەی بەنرخی چارەسەربێت، کە باس لە مێژووی سەرکردەیەکی خاوەنی کەسایەتی گرنگ دەکات لە بەهاناوەچوونی زۆرێك لە خەڵکانی جۆربەجۆر و جیاوازی سەرتاسەری جیهان. کە دەستی یارمەتی بۆ درێژکردن، تاوەکو خۆیان کۆبکەنەوە و ڕێگە خۆشبکەن لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی ئەو تەحەددییەی کە لەلای من بەگەورەترین تەحەددی دەژمێردرێت و ڕووبەڕووی نەوەی ئێمە دەبێتەوە، کە ئەویش خەباتە لە دژی هەژاری.

## پاشکۆ

## نەخشەی گەندەڵی جیهانی

### ئەورووپای خۆرئاوا

وەکو چەند جارێك نیشانمانداوە، نە ئەڵمانیا و نە ئەورووپای خۆرئاواش، پەناگەی خۆشنوودییەکان (زەوی وادەئامێز — ارض المیعاد) نییە، چونکە هەر لێرەوە برێکی زۆری گەندەڵی سنووری نێوان نەتەوەکان بەرەو وڵاتانی تازەپێگەیشتوو تێدەپەڕێنێت.

هەروەها هێشتا لێرە دیسان (گەندەڵی ناوخۆ) کەمایەی ترسە ڕوودەدات. بۆ نموونە لەبەریتانیا لە ساڵی ٢٠٠١، گەورەترین ئابڕووچوونی بەرتیل لە مێژوودا لەبەردەستی دادگادابوو. ئەوەبوو بەڕێوەبەری کارەکانی کۆمپانیای هۆبسۆنز (Hobsons)ی مادەی خۆراکی، بڕی (٣,٨) ملیۆن دۆلاری لە حسابی بانکی لقێکی دامەزراوەکەی بەتاڵان برد، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بەردەوام بێت لە بەرفراوانکردنی ڕێکەوتننامەیەکی هاندەر لەگەڵ مۆمەڵەی هەرەوەزی بۆ فرۆشتنی بەکۆمەڵ (cooperative wholesale society) ئەوەبوو لە قۆناغی یەکەمدا بێئەوەی سزابدرێت، مەسەلەکەی لەلای دادگا مایەوە، چونکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەوێنای (نیگاری دەڵاڵێك)دا پارەی دایە نێوەندکارێك.

پاشان بۆ دادگا ساغ بووەوە، کە دووکەس لەو کۆمەڵەیە کە لەگەڵێدابوون، هەریەکەیان بڕی نزیکەی (١,٦) ملیۆن یۆرۆیان وەکو بەرتیل وەرگرتووە، بۆیە هەریەکەیان بە سێ ساڵ و نیو زیندانی سزادران. دیسان لە شوباتی ٢٠٠٢، حکومەتی بەریتانیا هەنگاوێکی دوورتری ناو چووە پێش وڵاتانی ترەوە، ئەوەبوو



گونجاندن لە نێوان یاسای بەریتانی و ڕێکەوتننامەی هاوکاری ئابووری و پەرەپێدان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی لە وڵاتانی بیانیدا ڕوویدا. هەروەها بەپێچەوانەی ئەوەی لە وڵاتانی تری نێو ڕێکەوتننامەکە ڕوودەدات، پرۆژەکەی بەریتانیا، پارەی بەرتیلی (ناسراو بە: پێدانەکانی کارئاسانی — دفعات التسهیل / Facilitating Payments) هەڵاوێرد نەکرد. ئەم جۆرە دەرماڵە کەمە دەدرایە خاوەن پۆستە بیانییەکان، بەگوێرەی قەدەغەکردنی گشتی سەپێنراو بەسەر بەرتیلی بیانی، لە نێو ڕێکەوتننامەی ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری و پەرەپێدان هەڵاوێرد کرابوو. هەڵبەتە نموونەی ئەم پێدانە کار ئاسانییانە دیسان بەگوێرەی (یاسای مومارەسەی گەندەڵی بیانی / Foreign Corrupt practices Act) لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێگە پێدراوبوو.

ئەمەو زۆرێك لەکارشناسانی نێودەوڵەتی پێیانوایە کە پێویستە ئەم جۆرە پێدانە هەبێت. لەم سەروبەندەدا (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) بەرامبەر بە هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرای بەریتانیا زۆر ئاسوودەیە و لەگەڵ ئەمەشدا، فیدراسیۆنە پیشەسازییەکان ڕەخنەیان گرت، کە پێیانوایە ئەم تێڕەنینە لە بواری کێبڕکێدا زیان بە کۆمپانیا بەریتانییەکان دەگەیەنێت.

لەم کاتەدا سیلڤیۆ بیرلسکۆنی (Silvio Berlusconi) سەرەك وەزیرانی ئیتاڵیا و هەندێك لە هاوکارەکانی خۆیان لە بەرامبەر تۆمەتی گەندەڵی و ساختەکردنی حسابدا بینییەوە. بەڵام بیرلسکۆنی لە چوارچێوەی بەرگریکردنیدا، هێزی خۆی ئاراستەی خەباتی دژ بەگەندەڵی نەکرد، بەڵکو ئاراستەی دادوەری لێکۆڵینەوەی کرد و لەمەشدا پەنای بۆ زۆرینەی خۆی لە پەرلەماندا برد. لە ساڵی ٢٠٠١ پەرلەمان بڕیاری لەسەر یاسایەکی نوێدا، کە کاری پێدەکرێت. دیسان ئەمەش لە چەشنی بانگەوازکردنە بۆ لە بەرشۆردنەوەی پارە و سووکایەتیکردن بەکاری دادوەر، کەمایەی نیگەرانییە:

ئیتر لە ئێستا بەدواوە، ساختەکردنی حساب لەئیتالیا تاوان نییە، هەروەها سزای تر ڕووبەڕووی ئەو دادوەرانە کرایەوە کە سەرگەرمی لێکۆڵینەوە بوون لە حاڵەتەکانی گەندەڵی و دژ بە مافیا. بۆ نموونە لابردنی ئەو پاسەوانانەی کە پارێزگارییان لێدەکردن. لەم پێناوەشدا لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٢ وتەبێژێك بەناوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە بیرلسکۆنی کرد کە: باشتروایە حکومەتەکەی ڕێز لە بنەما سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی سەربەخۆیی دەسەڵاتی قەزایی بگرێت.

لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٢ حکومەتی ئەڵمانیای فیدراڵی، کارنامەی پێوەرەکان (Eckpunkte)ی پێشکەش بە پەرلەمان کرد، بۆ ئەوەی دەفتەری تۆمار بۆ ئەو کۆمپانیایانە دروستبکات کە متمانەیان پێناکات، واتە: (لیستی ڕەش). بەم پێیە دەبوو لەم دەفتەری تۆمارەدا ناوی ئەو دەمەزراوانە تۆمار بکرێت کە بەڵگەی پێدانی بەرتیل و بەگەڕخستنی کرێکارانیان لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسا لەسەرە، یاخود بەهەڵسوکەوتی گەندەڵکاریانە هەستاون.

دیارە کاتێك هەر کۆمپانیایەك ناوی لەم لیستەدا تۆمار دەکرێت، پێویستە بۆ ماوەیەك لەگشت بەڵێندانە گشتییەکان دوور بخرێتەوە، بەڵام مەخابن ئەم پێشنیازە بەتوندی ڕەتکرایەوە و بۆ سێ جار لەلایەن زۆرینەی ئەنجوومەنی فیدراڵییەوە ڕاگیرا.

دیسان لە ئیسپانیا، لێکۆڵینەوەکان لە بارەی بابەتی گەندەڵی لە کۆمەڵەی دارایی (BBVA)، گەورەترین ئابڕووچوونیان لەبانکەکانی ئەوروپادا ئاشکراکرد. ئەوەبوو لەنیسانی ساڵی ٢٠٠٢، پرۆسەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە چالاکییەکانی بانکی بیلباو فیزیکا (Banco Bilbao Vizcay)، بەر لە تێکەڵاوبوونی بە ئارگینتریا بانك (Argentria Bank) لەساڵی ١٩٩٩، دەستیپێکرد.



هەروەها گومان خرایە سەر بانکەکانی جێرسی و لشتنشتاین و سویسرا، بەوەی کە بڕی (٢٢٥) ملیۆن یۆرۆیان بە شێوەیەکی نهێنی تیا دانراوە، کە ئەمەش دەرەنجامی گزی و فێڵ و خراپ بەکارهێنانی ئیدارە و لەبەرشۆردنەوەی پارەبووە.

سەرباری ئەمەش بانکی بیلباوفیزیکا، پارەی بۆ شەڕەکانی هەڵبژاردنی هۆگۆ چاڤێزی سەرۆکی فەنزەویلا و ئەلبێرتۆ فۆجیمۆری، سەرۆکی پیرۆ خەرجکردبوو.

لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا، کۆمپانیا ئەوروپییەکان بە شێوەیەکی ناشیاو مایەی سەرنجدان بوون، چونکە هەندێك لە گەورەترین کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکانی بیناسازی لە بەریتانیای مەزن و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و سویسرا، ناچاربوون کە هەژمار بۆ ڕاوەدوونانە تاوانکارییەکان بکەن، کە دەسەڵاتدارانی پەرەپێدانی بەرزاییەکانی لیسوتو پێیهەڵدەستن و ئەم حاڵەتەش جۆرێك لە هەڵاودێر دروستدەکات، چونکە تاوەکو ئێستا ژمارەیەکی ئێجگار کەم نەبێت لەدامەزراوە ئەوروپییەکان، تۆمەتبارکردن ئاراستەی ئەو دامەزراوە نەکراوە، ئەویش بەهۆی بوونی بەرتیل لە وڵاتێك لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو لەسەر بناغەی یاساکانی وڵاتی میوانداری کار.

## ئەمریکای باکوور

لە ئازاری ساڵی (٢٠٠٢)دا، کۆنگرێسی ئەمریکی یەکەم ریفۆرمی لە ماوەی (٢٥) ساڵدا لە بواری شەڕی هەڵبژاردندا سەپاند، یاسای (مککاین فاینگولد / Mccain Feingold) کۆت و بەند دەخاتە سەر پڕوپاگەندەی کاندیدەکان، لە ڕێگەی گرووپەکانی بەرژەوەندی کە پەیوەندییان بە بابەتەکەوە نییە. نموونەی ئەمەش زەبەلاحی وزە ئینرۆن (Enron)ە، کە لە ساڵی (١٩٨٩) وە پشتیوانی لە پارتە سیاسییەکان دەکات، بەبڕێك کە کۆی دەگاتە (٩٥،٥) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی و، (٧٤٪) چووە بۆ کۆماریخوازەکانی پارتەکەی سەرۆك بوش. بەڵام

لەوکاتەوەی کە (شیرۆن وەتکنز / Sherron Watkins) یارمەتی دەربووە لە لێدانی زەنگی مەترسی و ئاشکراکردنی ئابڕووچوونی ئینرۆن، ئەم کۆمپانیایە لە ئاستی جیهانیدا ناسراوە، بەتایبەتیش بەهۆی ئەو ساختەکارییە گەورەیەی کە لە پرۆسەی پاکتاوی ژمێریارییەکاندا لەگەڵ هاوبەشەکانی لە کەرتی تایبەت و دامەزراوە فەرعییەکانی دەرەوەی سنوور ئەنجامی دابوون.

هاوکات چەند ئاماژەیەکی تر هەبوون بۆ مومارەسەی سەر لێتێکدان لەگرتنەدەستی دەفتەرەکان لەلای هەریەك لە دامەزراوەکانی ئەدلفیای پەیوەندیگرتنەکان (Adelphia Comuniction)، گلۆبال کرسنگ ( Global Crossing)، هالیبرتن (Hlliburton)، وۆردکۆم (world com)، ئێکسرۆکس (Xerox). لەهەمانکاتدا سکالا لە دژی بەڕێوەبەری کارەکانی سیستمی تێکۆئینتەرناشیۆنال (Tyco International) و ئیمکلۆن سیستمز ( Imclone Systems) بەهۆی خۆدزینەوە لەباجدان و بازرگانی کردن لەگەڵ لایەنی گومان لێکراودا.

هەڵبەتە بۆ سەر لەنوێ دروستکردنەوەی متمانە، کۆنگرێس و کۆشکی سپی لە تەمووزی ساڵی (٢٠٠٠)دا، بەپەلە یاسایەکی نوێی لە دژی هەڵخەڵەتاندنی کۆمپانیاکان داناو ئەمەش بووە مایەی خۆشحاڵی، چونکە بۆ ڕێکخستنەوەی ئاستە کارگێڕییەکانی ئەمریکا بوو. ئەم یاسایە کە بە ساربەنێزئۆکسلی (Sarbanes – Oxley Act) دەناسرێت سزای تازەی لە دژی هەڵخەڵەتاندنی کۆمپانیاکان لەخۆگرتووە و هەروەها داواش لە بەڕێوەبەرەکان و ئەنجوومەنی کارگێڕی دەکات، کە بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆی ڕاستی و دروستی ڕاپۆرتەکان پارەپێدان لە ئەستۆ بگرن.

تەنات سیاسییە لۆکاڵییەکان لەویلایەتە یەکگرتووەکان، بەدەست ئابڕووچوونی گەندەڵییەوە گیرۆدەبوون.



ئەوەبوو دەرکەوت کە کۆنگرێسمانێکی وەکو جێمس ئەی ترافیکەنت ( James A. Traficant) لە ینگزتاون لەویلایەتی ئۆهایۆ، لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٢، بەدە تۆمەتی پەیوەست بە بەرتیل و بەچەند کەتنێکی تر ئیدانەکرا.

دیسان (ڤنست شیانسی / Vincent Cianci) کوڕی بروفیدانس، سەرەك شارەوانی رودئیلاند، لە تەمووزی ساڵی ٢٠٠٢ بەهۆی پیلانێکی تاوانکارییەوە حوکمدرا. ئەم دووکەسە سەرباری ڕەوشەکەیان خاوەنی پشتیوانی میللی زۆربوون لە دەڤەرەکانی خۆیاندا، هەر بۆیە ویستیان بۆ جارێکی تر بەشداری لەهەڵبژاردنەکان بکەن، بەڵام ئەوەبوو دەرفەتی گەیشتنەوە بە پۆستەکانیان بە بنبەست گەیشت و لە ٢٤ی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٢، لەسەر پێشنیازی لیژنە ئەخلاقیەکانی ئەنجوومەنی پیران (House Ethics Committee)، بە (٤٢٠) دەنگ لەبەرامبەر دەنگێك، جیمس ئەی ترافیکەنت دوورخرایەوە و پاش دووهەفتەش بۆماوەی هەشت ساڵ خزێنرایە زیندانەوە.

لەکەنەداش حکومەتە لیبراڵییەکەی ئەو وڵاتە بەرابەرایەتی کریتیانی سەرەك وەزیران دووچاری سەرکۆنەکردن بووەوە.

ئەمەش بەهۆی کۆنترۆڵکردنی مەسەلەی دامەزراندنی کارمەندان لەسەر وەزیفە و مەحسوبیەت لەدابەشکردنی بۆ بەندەکانی ڕاسپاردن، هەروەها لەزۆر حاڵەتدا مەسەلەکە پەیوەستبوو بە برگەلێکی نزیك لەکەمەوە، هەروەکو ئەوەی لە حاڵەتی ئەو کۆمەکەدا ڕوویدا، کە برەکەی (٣٧٠٠٠) دۆلاری کەنەدی (٢٤٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی بوو، کە لەلایەن ئارت ئیگلتۆنەوە پێشکەش بەدۆستەکەی لەو ڕۆژگارەدا کرا.

بەڵام ڕەخنەگران ئاماژەیان بەوەکرد، کە ئەم برە پارەکەمانە بەشێکە لەو سیستەمە کە تیایدا وەزیرەکان بۆندی ڕاسپاردنەکان بە هاوڕێیان یان دامەزراوەکان دەبەخشن، هەروەکو چۆن پێشتر پیتاك بە پارتی لیبراڵی کرابوو.

بەڵام ئەو برە پارەیەی کە مشتومڕی لەسەر دەکرێت، برەکەی (٦،١) ملیۆن دۆلاری کەنەدی، (١،١) ملیۆن دۆلاری ئەمریکییە، کە وەکو بۆند دراوەتە کۆمەڵەی کار لە (بازاڕکردن — التسويق — Group Action Marketing)، ئەم دامەزراوەیە لە ساڵانی ڕابردوودا بڕی (٧٠٠٠٠) دۆلاری کەنەدی (٤٦٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی وەکو پیتاك بەخشیوەتە پارتی لیبراڵی و

ئەمانەش بووە هۆی لێکۆڵینەوە، لەلایەن لێکۆڵیاری گشتی ( Auditor General) و پۆلیسی پادشایەتی کەنەدی لەم سەروبەندەدا وەزیری دادی کەنەدی، بەپێی یاسای (٢٠٣٦) ڕێگەی بەخۆیدا کە پەنا بۆ یاسای تایبەت بەگەیشتن بە زانیارییەکان (Access to Information Act) نەبات. ئەوەبوو پرۆژەی یاسای بنەبڕکردنی تیرۆر کە لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠١ دەرچوو، ئازادی گەیشتنی گشتی بەزانیارییەکانی حکومەتی ڕووبەڕووی مەترسی دەکردەوە. هەر بۆیە ڕێگە بە وەزیری داد درا کە ئەم گەیشتنە قەدەغە بکات، لە پێناو پاراستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان یاخود بۆ بەرگریکردنی نیشتیمانی یاخود بۆ ئاسایشی نەتەوەیی. بەهەرحاڵ یاسای (گەیشتن بە زانیارییەکان) جۆرێك لە هەڵاودێرکردن -استثناء-ی لەخۆگرتووە، بەڵام بڕیارەکان لەم بارەیەوە لەلایەن کۆمسیۆنی تایبەت بە زانیارییەکان و دادگا فیدراڵییەکانەوە پشکنینی بۆ دەکرێت، پاشان پرۆژەی یاسای نوێ پێشنیازی ئەوە دەکات کە گۆڕانکاری بگاتە ئاستی هەڵاودێرکردنی بڕیارەکانی وەزیری داد لەم پشکنینە سەربەخۆیە.

### ئەمریکای ناوەڕاست و مەکسیك و دوورگەی کاریبی

بێگومان مەکسیك لەهەرێمەکەیدا، پێشەنگە لەجێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی دژ بە گەندەڵی، کە ئەمەش بۆ خۆی هۆکاری ئابووری هەیە: چونکە بانکی نێودەوڵەتی پێیوایە کە نزیکەی لە (٩٪)ی کۆی داهاتی نیشتیمانی مەکسیك لەگەندەڵیدا لوش دەدرێت، ئەم ڕێژەیەش لەسەروکۆی خەرجییەکانی پەروەردە و خوێندنە لەوڵاتدا. لەبەرئەوە حکومەت وەسیلەگەلێکی تۆکمەی بۆ نەهێشتنی



گەندەڵی خستووەتەگەڕ. هەڵبەتە لەم ساڵەی دوایدا بەپێی یاسا نهێنی بانکەکان لە مەکسیك دیاریکرا، تا ئەو ئاستەی کە سووکایەتی پێنەکرێت. هاوکات یاسایەکی تر لەئارادایە کە ڕێگە دەدات لەبەدەستبەسەراگرتنی شمەکەکان و پاراستنیان، کاتێك گومان دەکات لەوەی کارمەندەکان لە تۆڕەکانی گەندەڵییەوە تێوەگلان. تەنانەت فەرمان دەرکردن بۆناوی کەس و کاریان لایەنی سێیەم لەکاتی لێکۆڵینەوە لەژمێریارییە بانکییەکان یاخود تۆمارکردنی موڵکەکان بەو ناوانەوە. یاسای نوێی پەیوەست بە لێپرسراوێتی کارگێڕی ئەوانەی لەڕاژەی گشتیدا کاردەکەن، پشتیوانی لەپرۆگرامی نیشتیمانی دەکات لە نەهێشتنی گەندەڵی و هەروەها بەرفراوانکردنی سنووری سزا سەپێنراوەکان بەسەر ئەو هەڵسوکەوتانەی کە گەندەڵئامێزن. دیسان یاسای فیدراڵی نوێ سەبارەت بەتوانای گەیشتن بەزانیارییە گشتییەکان و بەگەڕخستنی سیستمی ئەلەکترۆنی حکومەت لەهەردوو جۆری (Tramitanet) و (Declaranet) هەمان گرنگیان هەیە.

یاسای ئازادی زانیارییە تایبەتییەکان بە شێوەیەکی گەورە و وروژێنراو. ئەوەبوو لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠١دا، ڕێکخراوی گروپا ئۆکساکا (Grupa Oxaca) جەماوەری مەکسیکی بەشتێکی تازە ڕاچڵەکاند و دەستیەك لە زانایان و مافناسان و ڕۆژنامەنووسان و نوێنەرانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان کە پێشەنگی کۆمەڵگەی مەدەنی بوون، پرۆژەی یاسایەکی تایبەتیان پێشکەش بە کۆنگرێسی مەکسیکی کرد، کە لەڕاستیدا لە پێناو ئازادی زانیارییەکاندابوو. بەو پێیە دەبو سەنتەری حکومەت بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی (SEDOCAM) پرۆژەی یاسا تایبەتەکەی دابڕێژێت، بەڵام دەنگۆیەك دزەی کرد، کە گوایە ئەم پرۆژەیە پڕە لە هەڵاودێر و کەم و کورتی، هەر بۆیە لە ئێستادا ئەم بەرپرسیارێتییە خراوەتە ئەستۆی ئەمیندارێتی گشتی حکومەتەوە، بەدواشیدا مشت ومڕەکان چەند مانگێك لەگشت نێوەندەکانی یاسادانانداندا بەردەوام بوو، بەدواشیدا لە نیسانی (٢٠٠٢)دا لەسەر پرۆژەیەك وەکو چارەسەرێکی مامناوەند ڕێکەوتن.

له شوباتی ٢٠٠٢، لقی کۆستاریکای شەفافییەت، لە میانەی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەو وڵاتەدا لەبەرنامەی چاودێریکردنی کۆمەکە داراییەکانی شەڕەکانی هەڵبژاردن دەستبەکاربوو. پێشتریش لە ئابی ٢٠٠١ دا داوا لە کاندیدەکانی سەرۆکایەتی کرا، کە واژۆی ڕێکەوتننامەی شەفافییەت بکەن و ئامادەیی خۆیان نیشان بدەن، کە ووردەکارییەکانی پەیوەست بە کۆمەکە داراییەکانی هەڵمەتەکانیان لە هەڵبژاردندا بەجەماوەر ڕابگەیەنن. ئەوەبوو یەکێك لەکاندیدەکان واژۆکردنی ڕێکەوتننامەکەی ڕەتکردەوە و هەوڵیدا ناوبانگی ئەو ڕێوشوێنانە بشێوێنێت کە بۆ چاودێریکردنی سەربەخۆیی خەرجی کاندید و پیتاکەکانی کە پێیان دەگەیشت، پێشنیازکرابوون. بەرنامەکانی چاودێریکردن دەریخست کە پارتەکان خەرجی و تەواوی پیتاکەکان ئاشکرا ناکەن، هەروەها بەرنامەکە دیسان ئاشکرایکرد، کە یەکێك لەپارتە سیاسییە سەرەکییەکان خەرجییەکانی خۆی ڕاگەیاندووە کە بڕەکەی ٢٢ ئەوەندەی ئەو بڕە پیتاکە بووە کە لەو ماوەیەدا ئاماژەی پێدابوو.

هەر بۆیە داوا لەو پارتەکرا داتاکانی خۆی ڕاستبکاتەوە و لەبارەی ئەو جیاوازیانەوە ڕوونکردنەوەیەك بدات. هاوکات هەرچی ئەو کاندیدەشە کە ئامادەنەبوو ڕێکەوتننامەکە واژۆ بکات، ئەوا لەخولی دووەمی هەڵبژاردنەکەدا هاوکاریکرد و چاودێریکردنەکانیش بووە هۆی کەمکردنەوەی تێچوونەکانی پڕوپاگەندەی خولەکە.

لەپەنەماش، لەکانوونی یەکەمی ٢٠٠١، یاسایەك سەبارەت بە شەفافییەت لەئیدارەی گشتیدا پەیڕەوکرا، کە ئەمەش دەرفەتی بەخشییە هاوڵاتیان تابتوانن بە ئازادانە بگەنە زانیارییەکانی پەیوەست بە بەڵگەنامە حکومییەکان. ئەوەبوو ڕۆژی دواتر پارتی ئۆپۆزسیۆن، حکومەتی بەوە تۆمەتبارکرد، کە ئامادەیە نوسخەی تەواوی ڕێکەوتننامەی ئیزافی کە دەقەکەی بەهاوبەشی لەگەڵ ویلایەتە



یەکگرتووەکان داڕشتووە بڵاوبکاتەوە، کە دژی بازرگانی مادده بێهۆشکەرەکان بوو.

له کانوونی دووەمی ٢٠٠٢، میرییا موسکوزۆ (Mireya Moscoso)، سەرۆکی دەوڵەت پشتیوانی لە یاسای ئازادیی زانیارییەکان کرد و بەفەرمی واژۆی لەسەر کرد، کە ئەمەش لیستی سزادانی ئەو فەرمانبەرانەی لە خۆگرتووە، کە سووکایەتی بە یاسا دەکەن.

لە هندوراس، سەرۆکی پێشووی دەوڵەت، رافائیل کالییاس ( Rafael Callejas)، بەوە تۆمەتبار کرا کە لە ماوەی دەسەڵاتیدا (١١) ملیۆن دۆلاری ڕەوانەی حسابێکی بانکی نهێنی و تایبەت بە سەرۆکایەتی کردووە.

دیسان لێکۆڵینەوە لەگەڵ لیۆنێل فێرناندز، سەرۆکی پێشووی دەوڵەتی دۆمینیکان کرا، بەهۆی ئەو گەندەڵییەی کە لە ماوەی دەسەڵاتیدا لە نێوان ئابی ١٩٩٦ بۆ ئابی ٢٠٠٠، ئەنجامی دابوو. ناوبراو لێپێچینەوەی لەگەڵ کرا، سەبارەت بەهەڵسوکەوتکردنی نایاسایی بەبڕی (٨٤,٣) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە حسابی بانکێکی هەڵاوێردکراویدا، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا تۆمەتبار نەکرا، هەرچەندە ژمارەیەك لە هاوکارەکانی ڕاپێچی بەردەم دادگا کران.

لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٢، یەکێك لە دادوەرەکان، سکاڵانامەیەکی لە دژی ئەلیمان (Aleman) سەرۆکی دەوڵەتی نیکاراگوا و هاوکارانی حکومەت بەهۆی گزی و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکی و خراپ ئیستیغلالکردنی سەرمایەی گشتی لە سەودانامەیەکی ئامێری تەلەفزیۆنیدا بەرزکردەوە، بەڵام ئەلیمان زۆربەی دەنگەکانی پەرلەمانی لەدەستدابوو، کە ئەمەش وایکرد ئەو دادوەرە کاتێکی بووێت بۆ لابردنی حەسانە لەسەر ئەلیمان. ئەوەبوو لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢ بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی دراماتیکی دژ بەگەندەڵی سەردانی ماناگوامیکرد و ئەمەش لەلابردنی حەسانە لەسەر ئەلیمان پشکی هەبوو، هەربۆیە ئێستا لە زینداندایە.

**ئەمریکای باشوور**

روزیانا سارنی (Roseana Sarney)، کچی (خۆسیه سارنی) سەرۆکی پێشووی دەوڵەتی بەرازیل، کە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی بەهیواوە بۆ هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٢) خۆی کاندیدکردبوو، لە نیسانی هەمان ساڵدا لە شەڕەکانی هەڵبژاردن پاشەکشەی کرد، پاش ئەوەی ناوبانگی بەهۆی هەڵسوکەوتەکانییەوە زیانی پێگەیشت بەتایبەتیش لەدوای ئاشکرابوونی تەرخانکردنی بڕی (١,٣) ملیۆن ریال (٤٠٠,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی) بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی لەلایەن یەکێك لە دامەزراوەکانییەوە، کە ئەمەش دواتر لەلایەن هاوسەرەکەی روزیاناوە پشتڕاستکرایەوە، کە لەهەمانکاتدا شەریکی بازرگانیشی بوو.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك کە لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٢ بۆ بانکی نێودەوڵەتی دەرکەوتووە، لە کۆلۆمبیا بڕی لە (٥٠٪) گرێبەستە حکومییەکان بەرتیلیان پێدراوە، هاوکات بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی تری بانکی نێودەوڵەتی، ساڵانە تێچوونەکانی گەندەڵی لە کۆلۆمبیا بە (٦،٢) ملیار دۆلاری ئەمریکی مەزەندە دەکرێت، واتە لە (٦٠٪)ی قەرزەکانی وڵات پێکدەهێنێت.

هێشتا لە ئەرژەنتین هەواڵەکانی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لە ڕۆژگاری کارلۆس مونعم (Garlos Menem) شوێنکاری خۆیان هەیە. ئەوەبوو لە ساڵی ٢٠٠١ دا، بۆماوەی شەشە مانگ بە تۆمەتی ئاودیوکردنی چەك و کۆپیکردنەوەی پارە لەزینداندا مایەوە، بەڵام لەپاش بڕیارێکی پڕ لە مشتومڕ لەلایەن دادگای باڵاوە ئازادکرا، پاشان دومینگۆ کاڤالۆ ( Domingo Carallo)ی وەزیری پێشووی ئابووری لە هەمان کێشەدا دەستگیرکراو، مەسەلەکەش پەیوەستبوو بە فرۆشتنی (٦٥٠٠) تۆن چەك بە ئیکوادۆر و کرواتیا. هەروەها دەگوترێت کە کاڤالۆ فەرمانی ئیداری بۆ فرۆشتنی چەك بە پەنەما و فەنزەویلاش دەرکردبوو. بێگومان لە ساڵانی نێوان ١٩٩١-١٩٩٥، بە شێوەیەکی ناشەرعی ئەو چەکە گەیشتە کرواتیا و ئیکوادۆر. یەکێك لەو



تۆمەتانەی کە ئاراستەی کارلۆس مونعم کراوە، ئەوەیە کە گوایە لە بەرامبەر شاردنەوەی ڕووەکانی تەقاندنەوەی کۆگایەکی جووەکان لە تەمووزی ١٩٩٤، لە بۆینس ئایرس، بڕی دە ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لەلایەن ئێرانەوە بە شێوەی دیاری یاخود ڕازیکردن پێدراوە.

پاش حەوت مانگ لە چاودێریکردنی ئەنجوومەنی پیرانی ئەرژەنتینی، لقی نیشتیمانی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی)، پودەرکیوددنۆ (Poder Ciudadano)، ئەنجوومەنی باڵا لەپەرلەماندا بە (دامەزراوەیەکی بەندکراو) وەسف دەکات.

هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە زۆرێك لەڕێساکانی شەفافییەتی لە ئەنجوومەنی پیراندا بەپراکتیکی جێبەجێناکرێت. پودەر کیوددنۆ، ئیدارەی پرۆژەی (کاندیدە بینراوەکان)یشی لە ئەستۆدایە، کە سەربووردەی کاندیدەکانی بۆ هەڵبژاردنی کۆنگرێس پێشکەش دەکرد، ئەمە جگە لەوەی کۆمەکی دارایی بۆ شەڕەکانی هەڵبژاردن دەستبەردەکرد.

لەبەرازیلیش، لیژنەی لێکۆڵینەوەی سەر بەکۆنگرێس، کە تایبەتمەندە بەڕوانین لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و گەندەڵی، ڕاپۆرتێکی بەقەبارەی (١٦٠٠) لاپەڕە سەبارەت بە تۆمەتبارکردنی ریکاردۆ تیکسیرا (Ricardo Teixeira)ی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی بەرازیلی و ئەندامی ئەنجوومەنی فیفا (FIFA) بە تۆمەتی کۆپیکردنەوەی پارە و گزی و هەڵخەڵەتاندن و خراپی ئیدارەی گشتی، بڵاوکردەوە. هەروەها ڕاپۆرتەکە داوای ڕاوەدوونانی دەکات.

ئەوەبوو لە سایەی سەرکردایەتی تیکسیرا، یەکێتی ناوبراو لە نێوان ساڵانی (١٩٩٥ و ٢٠٠٠)دا قەرزێکی زۆری بەبڕی زیاتر لە دە ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لەسەر کەڵەکەبوو، کە هەندێکیان دەگەڕانەوە بۆ (خەرجییە ڕێگە پێدراوەکان)، بۆ نموونە ئۆتۆمبێلێکی لیموزین لە نیویۆرك لەبەرامبەر (٢٠٠٠) دۆلار بۆ بەکرێدانی ڕۆژانە خرابووە ڕوو.

**ئۆقیانووسی ئارام**

وەکو ئاشکراو بەرچاوە کە تاوانی تایبەتی سیستماتیك، سوودێکی زۆری لەبانکە تۆمارکراوەکانی ولاّتانی بیانی (offshore) لەدوورگەی ناورو (Nauru) لە ئۆقیانووسی ئارام وەرگرتووە. هەروەها بەدیاریش کەوتووە، کە بەتەنیا لە ساڵی ۲۰۰۱ دا و لەڕێگەی بانکی سنکس بانك (Sinex Bank) لەناورو ۳ ملیار دۆلاری ئەمریکی ساختەکراوە. هاوکات بانکی ناوەندی ڕووسی، ڕوونیکردوەتەوە کە پتر لە ۷۰ ملیار دۆلاری لە ڕێگەی ئەو چوارسەد بانکەی کە لە دەرەوە و لەناورو تۆمارکراون گەیاندووە.

دەبێت بشگوترێت کە گشت بانکەکان لەسەرهەمان سندوقی پۆستە تۆمارکرابوون کە خاوەندارییەتییەکەی بۆ ئاژانسی ناورۆی ژێر سەرپەرشتی حکومی دەگەڕایەوە. کاتێکیش مرۆڤ بەراوردی ئەم کۆداهاتەی هەناردەی ڕوسیا دەکات، کە لە ساڵی ۲۰۰۱ دا، گەیشتوەتە ۷٤ ملیار دۆلاری ئەمریکی، ڕەهەندە بەرفراوانەکانی ئەم هەڵخەڵەتاندنەی بۆ ڕووندەبێتەوە. لەژێر کاریگەری ئەمەشدا، هێزی ئەرکی ڕێوشوێنی دارایی (Financial Axtion Task Force، FATF) پسپۆڕی بە لەبەر شۆردنەوەی پارە لە ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری و پەرەپێدان، لەکانوونی یەکەمی ۲۰۰۱ ڕایگەیاند، کە بۆ جاری یەکەم لە مێژووی دوانزە ساڵەی دامەزراندنیدا، ڕێوشوێنی پێویست لە دژی دەوڵەتی سەربەخۆ دەگرێتەبەر. هەروەها دەوڵەتی ناورۆی ئاگادارکردەوە لەوەی کە دەبێت گۆڕانکاری لە یاساکانی خۆیدا ئەنجام بدات، تاوەکو کۆنترۆڵی بانکە دوورە دەستەکانی بکات یاخود بەرگەی سزاکان بگرێت.

لە کانوونی یەکەمی ساڵی ۲۰۰۱، لەخۆرئاوای ئوستراليا، لیژنەیەکی تایبەت بۆ لێوردبوونەوە لەو تۆمەتانەی کە ئاراستەی پۆلیس سەبارەت بە بەرتیل کرابوون پێکهێنرا. لێکۆڵینەوەکان کە هەژدە مانگی خایاند، لە ئازاری (۲۰۰۲)ەوە



دەستیپێکرد. ئەوەبوو هەر پۆلیسێکی لەکارلابراو لەبەرامبەر دانپێدانانی نووسراو لەمەڕ چالاکییە گەندەڵ و تاوانکارییەکانی پۆلیس لێبووردنی دەخرایە بەردەم و دەبوو بەر لە ۱۳ی ئایاری ۲۰۰۲، ئامادەبن بۆ پێشکەشکردنی بەڵگەکانیان. دیسان گەندەڵی پۆلیس، بابەتێك بوو لە بابەتەکانی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ۲۰۰۳، هاوکات پسپۆڕان پێیانوابوو کە یەکێك لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لەلای پۆلیس دەگەڕێتەوە بۆ (کولتووری پۆلیسی) کە هاندەرە بۆ ڕەفتاری نائاسایی. دادوەر جیمس وود (James Wood) کە پێشەنگی لیژنەکە بوو ڕایگەیاند، پیاوانی پۆلیس هەر لەسەرەتاوە ئەوە فێردەبن کە پێبەندی -الولاء- یان بۆ هاوکارەکانیان گرنگترە لەپێبەندییان بۆ پابەندبوونە وەزیفییەکەیان.

لە پاپوانیوگینی (Papua - Newguinea)، بەر لە چەند هەفتەیەك لە هەڵبژاردنەکان، ڕۆژنامەکان، بانگەوازی ئەنجوومەنی میدیاکانیان لە لاپەڕەیەکی تەواودا بڵاو دەکردەوە و تیایدا داوا لە دەنگدەران دەکرا، کە ڕەخنە لە کاندیدەکانیان بگرن و چیتر دەنگەکانی خۆیان نەفرۆشن. ئەم هەڵمەتە کە لە کانوونی دووەمی ساڵی ۲۰۰۲ دەستیپێکرد، بەرپەرچدانەوەی زنجیرەیەك کاری ئابڕووبەرانەی گەندەڵی بوو، کە بەرچاوترینیان لەلای ڕێکخراوی ناشیۆنال پرۆڤیدنت فەند / National Provident Fund بوو. ئەوەبوو ئەنجوومەنی میدیاکان هەستیان بەدردۆنگییەکی تایبەت دەکرد لەبەرامبەر سەرۆکی پێشووی ئەم دامەزراوەیە کە بەلوشدانی بڕی (۲,۷) ملیۆن کینا (واتە نزیکەی ۷٥۰،۰۰۰ دۆلاری ئەمریکی) لە سندوقی مووچەی کارمەندانی خانەنشین تۆمەتبارکرابوو.

ئەم هەڵمەتە بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بوو، بێئەوەی کەس لەلایەن دادگاوە لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت، ئەوەبوو ئەنجوومەنی میدیاکان بەردەوامبوون

لەسەر پێداگری لەسەر پۆلیس و نووسینگەی دادوەری گشتی بۆ پەلەکردن لە لێکۆڵینەوەکانیان، ئەمەش لەلایەن دادوەری گشتی و وتەبێژی پەرلەمانەوە پێشوازی لەم هەڵمەتەی ماس میدیاکان کرا، بەوەی کە داوای یاساگەلێکی نوێ دەکەن، بۆ ئەوەی دادوەرە گشتییەکان بە شێوەیەکی چڕوپڕ و تۆکمە لە دژی گەندەڵی هەڵسوکەوت بکەن. ئەوەبوو بە بەشداری لەگەڵ (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) و لقی پاپوا نیوگینی و لیژنەی ئامۆژگارییەکان، ئەنجوومەنی میدیاکان هێڵێکی گەرمیان دامەزراند بۆ ئەوەی جەماوەر بتوانێت ڕاستەوخۆ لە ڕێگەیەوە وەسیلەکانی ڕاگەیاندن لە هەر گومانکردنێکی پەیوەست بەگەندەڵییەوە ئاگادار بکاتەوە.

## خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

یاسای ئازادی و دەستاودەستپێکردنی زانیارییەکان، کە لە نیسانی ساڵی (٢٠٠١)ەوە کاری پێدەکرێت، توانای گەیشتنی هاوڵاتیان بەزانیاری پەیوەست بە دەوڵەت لە ڕێگەی ئیدارەکان و توانای بانگهێشتکردنی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە حاڵەتی ڕێگری حکومەت لە ئاشکراکردنی هەندێك لە زانیارییەکان، فەراهەم دەکات. هەڵبەتە بەهۆی ئەم ڕێوشوێنانەوە، گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی توانیان هەندێك لە حاڵەتەکانی گەندەڵی ئاشکرا بکەن و یەکێك لەو کەیسانە بەدەربخرێت، کاتێك ڕۆژنامەی ئاساهی شیمبۆن (Asahi Shimbun) داوای ڕاپۆرتگەلێکی کرد لە بارەی خەرجییەکانی واتاشیکیری (Watashikri) کە ئاراستەی ئۆفیسەکانی پۆستەکرابوون:

ئەوەی کەشتێکی باو بوو، ئاشکراکردنی بالآنسی واتاشیکیری بوو لە کۆیگشتی دا. کاتێکیش لەکانوونی یەکەمی ٢٠٠١، وردەکارییەکانی بەکارهێنانی خەرجییەکانی واتاشیکیری بلاوکرایەوە، نموونەی پاکتاوکردنی ژمێریاری بەشێوەی پڕ لە ساختە و هەڵخەڵەتاندن ئاشکرابوون.



هەروەها تۆمارکراوەکانی یەکێك لە ئۆفیسەکانی پۆستە دەریخست، ئەو حساباتانەی کە دامەزراوەکە دەینوسێت لەڕاستیبوونیان نییە.

لە حاڵەتێکی تردا دەرکەوت، ئۆفیسی پۆستە لەگەڕەکی کیوشیو، ماوەی زیاتر لە حەفتا ساڵە چەند پێگەیەکی پڕوپاگەندەی لەکۆمپانیایەك کرێوە کە خاوەندارێتییەکەی بۆ کارمەندانی پۆستە خۆیان دەگەڕێتەوە، کە بەمەش ئەم کۆمپانیایە ساڵانە بڕی نۆ ملیۆن دۆلاری دەستدەکەوت. پاش ئەم پرۆسەی ئاشکراکردن، ڕێگەخۆش بوو بۆ چاوپێداخشانەوەی ناخۆیی بە پۆستەدا، هەروەها لێکۆڵینەوەکان بوونە هۆی ئەوەی ڕێوشوێنی تەمبێکردن لە دژی ژمارەیەك لە سەرۆك فەرمانگەکانی پۆستە و کارمەندەکانی بگرێتەبەر و لەهەمانکاتیشدا سیستمی بانکە تایبەتەکان لە بواتاشیکیری هەڵبوەشێتەوە.

کاتێکیش پێڕستی بەرتیلدەرەکان لەلایەن (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) لە ئایاری ساڵی ٢٠٠٢ دەرکرا، تیایدا کۆمپانیا تایوانییەکان ڕیزبەندکران بەوپێیەی لە پێشی ئەو کۆمپانیایانەن کە لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا بەرتیل دەدەن، ئەوەبوو وەزیری دادی تایوان ئارەزووی خۆی پیشاندا لەقەدەغەکردنی ئەو بەرتیلانەی کە لە خاوەن وەزیفەی بیانییەوە دێن، هاوکات لە تەمووزی ساڵی ٢٠٠٢، پرۆژەی یاسایەکی هاوڕەوت بەوەی ئامادەکرد.

لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٢، دادوەری گشتی لە کۆریای باشوور دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە، دوای ئەوەی براکەی بەگومانی پەسەندکردنی بەرتیل دەستگیرکرا. ئەوەبوو لەپاش چەند کاتژمێرێکی کەم، کیم دای جۆنگ ( Kim Dae Jung)ی سەرۆکی دەوڵەت بە ئاشکرا لەبەرامبەر ئیدارە گەندەڵەکەیدا پۆزشی هێنایەوە و بەڵێنی دا کە بنەبڕکردنی گەندەڵی لە پێشەوەی ئەو کارانەی بێت، کە لەدوا ساڵەکانی دەسەلاتیدا بەئەنجامی دەگەیەنێت.

له ئایاری ٢٠٠٢، (کیم دای جۆنگ)ی سەرۆکی دەوڵەت لەپارتەکەی هاتە دەرەوە و دیسان بۆ جارێکی تر لەبەرامبەر ئابڕووچوونەکانی ئیدارەکەی پۆزشی هێنایەوە. له حوزەیرانی ٢٠٠٢ دادوەرانی گشتی ڕایانگەیاند، که کیم هۆنگ — ئەپ (Kim Hong - up)ی یەکێك لە کوڕەکانی سەرۆکی دەوڵەت بڕی (٢٨٠٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی له دامەزراوەیەکی بیناسازی پەسەندکردوە، ئەمە جگە له بەرتیلی دیکەش. ئەوەبوو دواتر بەسزای زیندانیکردنی سێ ساڵ و نیو حوکمدرا.

لە ساڵی ٢٠٠٢ حکومەتی کۆریای باشوور، یاسایەکی بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی گەڵاڵەکرد، که بەو پێیەش سزای توندی فەرمانبەرانی گەندەڵکار دەدرێت و سزاکەش دەگاتە سزای زیندانیکردن بۆ ماوەی دە ساڵ و غەرامەکردنی پەنجا ملیۆن وین (٤٠ هەزار دۆلار)، لەگەڵ دوورخستنەوەی بۆ ماوەی پێنج ساڵ له دەرفەتی کار له دامەزراوە گشتی و تایبەتییەکان.

هەروەها ئەم یاسایە ڕێگە بە کۆمیتەی دژایەتیکردنی گەندەڵی دەدات لێکۆڵینەوە لەو حاڵەتانە بکات، که تیایدا فەرمانبەرانی خاوەن پۆستی باڵا تێوەدەگلێن. له نیسانی ساڵی ٢٠٠٢، حکومەتی کۆریای باشوور سووره لەسەر هاوکاریکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی دژ بەگەندەڵی.

وا چاوەڕوان دەکرێت له ساڵی ٢٠٠٩ دا کۆتایی بەو بەنداوە سێ ڕاڕەوەبێت، کە له دوای دروستکردنی شووراى چین، بەگەورەترین پرۆژە لەو وڵاتەدا دەژمێردرێت. ئەم پرۆژەیە باڵانسەکەی نزیکەی ٢٤ ملیار دۆلاری ئەمریکییە، بەمەش دەرگا لەبەردەم دەوڵەمەندبوونی شەخسی ئەو کادیرانەدا دەکرێتەوە، که بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندیان به پرۆژەکەوە هەیە.

له ساڵی ٢٠٠٠ پەکین دانیبەوەدانا که لەکۆی ٢٤ ملیار کە بۆ نیشتەجێبوون تەرخانکرابوو، (٢,١) ملیاری لێلووش دراوە.



ئەمە و تاوەکو ئێستا ڕێوشوێنی تەمێکردن دەرهەق بەنزیکەی (١٠٠) کارمەندی سەر بەپارتی کۆمۆنیست بەهۆی گەندەڵییەوە گیراوەتەبەر. هەروەها دەگوترێت ئەو پڕۆژانەی که ملیاران دۆلاریان تێدەچێت، زۆرێك لەکارمەندەکان ئەو پڕۆژانە ئیستیغلال دەکەن.

دیارە حکومەتی چینی وەسیلەکانی ڕاگەیاندن، وەکو چەکێك لە خەباتی دژ بەگەندەڵی بەکاردەهێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠١ دا فیلمێکی له بارەی دژایەتیکردنی گەندەڵی بەناونیشانی (دەرچەی ڕەش) لە تەلەفیزیۆنیدا پەخشکراو، لەڕووی ژمارەی بینەرانیدا، گشت ژمارە پێوانەییەکانی له پەکین تێپەڕاند.

دیسان لە ئازاری ٢٠٠٢ زنجیرەیەکی نوێی تەلەفیزیۆنی بەناونیشانی (ئەو مامۆستایانەی له چین داوادەکرێت: کارمەندو گەندەڵکارەکان) بە شێوەیەکی ڕۆژانە و بۆ ماوەی پانزە خولەك بەفۆرمێکی دۆکۆدراما له زیاتر له ٦٠ ئامێری تەلەفیزیۆنەوە نیشاندرا. ئەم بەرهەمە لەلایەن بریکارەکانی نێو ڕیزەکانی توێژی گەلەوە بەرهەمهاتووە و تیایدا ئابڕووی ئەو کارمەند و خەڵکانە دەبات کە گومانی گەندەڵییان لێدەکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ وەسیلەکانی ڕاگەیاندنی چین نییە، که بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەدووی گەندەڵی بکەوێت، بەتایبەتیش کاتێك مەسەلەکە پەیوەست بێت بەکارمەندانی پلەیەکەی دەسەڵاتەوە.

ئەوەبوو کاتێك جیانگ وایینگ (Jiang Weiping)ی ڕۆژنامەنووس پەردەی لەسەر کاری ئابڕووبەرانەی کارمەندانی خاوەن پۆستی باڵا لادا، ژێربەژێر لەلایەن ئەو کەسانەوە به بیانووی بڵاوکردنەوەی نهێنی دەوڵەت سزای زیندانی کردنی نۆ ساڵی بۆ بڕایەوە.

**باشووری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست:**

لە ئازاری ٢٠٠٢، خاتوو میگاواتی سوکارنۆپوتری، سەرۆکی دەوڵەتی ئەندونیسیا، پێشنیازیکرد کە ئەکبەر تانیونگ، وتەبێژی پەرلەمان دەستگیربکرێت ، هەروەها بەهۆی گەندەڵییەوە سکاڵانامەیەکی لە دژ بەرز بکرێتەوە.

تۆمی سۆهارتۆی کوڕی سۆهارتۆی سەرۆکی پێشووی ئەم وڵاتە بە تۆمەتی کوشتنی ئەو دادوەرەی کە بەگەندەڵی تاوانباری کردبوو، ئیدانەکرا. هاوکات بۆ دادگایەکی جاکارتا ڕوون بووەوە، کە دادوەری بانکی ناوەندی سیاهریل سابیرین (Syahril Sabirin) بەگەندەڵی ئیدانەکراوە و سزای زینیدانیکردنی سێ ساڵی بەسەردا سەپێنراوە.

لە تایلاند، کۆمیتەی نیشتیمانی بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی، حکومەتی وڵاتەکەی سەرسامکرد، کاتێک ساکسین شیناواترای سەرەك وەزیرانی بەدەستبەسەراگرتنی نایاسایی سامان تۆمەتبار کرد. بەڵام دادگای دەستووری تایلاند لەبەرچەند هۆیەکی نادیار حوکمدانی خۆی بەسەر ناوبراودا ڕەتکردەوە، پاشان جاڕدانی سەرفەرازبوونی سەرەکی وەزیران، تووڕەبوونی زۆرێك لەچاودێرەکانی لێکەوتەوە. بەڵام کۆمیتەی نیشتیمانی بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی کە هێشتا کۆمیتەیەکی تازەیە، بەهۆی سەربەخۆیی ئاشکراو بەرچاویەوە لەبەرامبەر فشاری سیاسیدا ستایشکرا.

لە سەنگافورە و هۆنگکۆنگ و جێگاکانیتر، دامەزراوەکانی دژایەتیکردنی گەندەڵی، سەرباری ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان، سەرکەوتنی خۆیان سەلماندووە و هەندێك جاریش بۆ خۆیان گەندەڵکارن.

لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٢ لە دژی لێکۆڵیارێك لە فلپین سکاڵانامەیەك پێشنیازکرا بۆ ئەوەی بەهۆی گەندەڵییەوە لە پۆستەکەی دووربخرێتەوە، بەڵام پێشنیازەکە



ڕەتکرایەوە و ئەمەش بووە هۆی گومانکردن لە ڕاستگۆیی دامەزراوەکە و توانستی لە کۆنترۆڵکردنی گەندەڵیدا.

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەك، کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠١ دەرکەوتووە و بە وێستگەکانی کەشی کۆمەڵایەتی ناودەبرێت، دامەزراوەکانی فلیپین، ئامادەن کە بڕی (٢٪)ی داهاتیان لە خزمەتی بەرنامەکانی دژایەتیکردنی گەندەڵیدا بەگەڕبخەن. هەروەها لێکۆڵینەوەکە دەریخستووە کە ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی داهاتی دامەزراوەکان بەڕێژەی (٥٪) و فەراهەمکردنی جۆرێك لە پاشەکەوتی تێچوونی گرێبەستەکان بەڕێژەی (١٥٪)، هاوکات حکومەتیش دەتوانێت بەڕێژەی (١٥٪ - ٢٠٪) پاشەکەوت بکات.

**باشووری ئاسیا**

لە ئازاری ٢٠٠١، جۆرج فرنانديز، وەزیری بەرگری هیندستان دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند، پاش ئەوەی لەلایەن دامەزراوەی تێکهلکادوت کۆم (Tehelka.com)ە کاسێتێکی ڤیدیۆیی نمایشکرد، کە بە شێوەیەکی نهێنی وێنەی گیرابوو، تیایدا کارمەندان لەبەرامبەر کڕینی چەکدا داوای بەرتیلیان دەکرد. لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠١ دیسان بیۆگرافیای پیشەیی فرناندیز زیانێکی تری پێگەیشت، کاتێك کێشەی تابووت — گێت (Coffin - gate) بووە مانشێتی سەرەکی ڕۆژنامەکان. لەم ئابڕووچوونەدا فەرمانبەرانی وەزارەتی بەرگری تێوەگلابوون. ئەوەبوو ئەو فەرمانبەرانە لەبەرامبەر هەر تابووتێك ڕێگەیان دابوو بڕی (٢٥٠٠) دۆلاری ئەمریکی بدرێت، بۆ ئەوەی هیندستان لە جەنگی کارجیل (Kargil) دا زیانی پێبگات، لە کاتێکدا نرخی ڕاستەقینەی هەر پارچەیەك لە سنووری (١٧٢) دۆلار دا بووە.

لەم سەروبەندەدا کۆمەکبەخشانی دامەزراوەی تێهلکاری پەیوەندیگرتن، دووچاری جۆرەکانی تەنگەتاوکردن بوونەوە، لەوانەش هەوڵدان بۆ تێوەگلانیان لە پیلانێکی دارایی بەرفراوان، کە دەبوو لەڕێگەیەوە کار لە نرخەکانی بۆرسە بکات. دیسان ئەوەتا بۆ جارێکی تر فیرناندیزی وەزیری بەرگری بۆ پۆستەکەی دەگەڕێتەوە.

لە بنگالوری باشووری هیندستان، ڕێکخراوی سەنتەری پەیوەندییە گشتییەکان، کە ڕێکخراوێکی ناحکومییە لە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی لەبارەی چاودێری کردنی پزیشکی بۆ دایکانی نیشتەجێی گەڕەکە هەژارنشینەکان، ئاشکرایکرد، کە دایکانی کەم دەرامەت ناچارن کاتێك کە مافی خۆیان لە خزمەتگوزارییە گشتییە تەندروستییەکان بەکاردەهێنن بڕێکی زۆری پارەبدەن. لە نەخۆشخانەی منداڵبوونی شاری بنگالور، ئافرەتێکی سکپڕ بڕی (١٠٨٩) روپیە (واتە نزیکەی ٢٢ دۆلاری ئەمریکی) وەکو بەرتیل دەدات، بۆ ئەوەی چاودێرییەکی گونجاوی پزیشکی بۆ دەستەبەربکرێت. هەروەها ئەوانی دیکەش کە لە (٦١٪) پێکدەهێنن و پرسیاریان لێکراون بەناچاری پارەی داوودەرمانیان داوە، لەکاتێکدا کە پێویستە بەبێ بەرامبەر پێیان بدرێت.

لە بەنگلادیش، حکومەتی ئەو وڵاتە کە پارتی بەنگالی نەتەوەیی ( Bangal National Party) تیایدا باڵادەستە، لەدووتوێی کتێبێکدا کە لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٢ دەرچووە، ئاماژە بە خراپەکارییەکانی حکومەتەکەی پێشووی خۆی دەکات و چل حاڵەتی پەیوەست بەگەندەڵکاری لەدژی پارتی یەکگرتوویی ڕەشۆکی لە ماوەی دەسەڵاتیدا تیادا بڵاوکردووەتەوە کە بە (١٢٦) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی مەزەندە دەکرێت. هەروەها شێخە حسێنەی سەرەك وەزیرانی پێشوو بە لوشدانی بڕی ١٢٣ ملیۆن دۆلار لە فرۆشتنی هەشت فڕۆکەی (میگ - ٢٩)ی ڕوسی تۆمەتبار دەکات، دیسان لەسەروی ئەمەشەوە لە ڕێگەی بەگەڕخستنی ڕاوێژکارانی بیانییەوە سێ ملیۆن دۆلاری تری دەستکەتووە.



هەڵبەتە لەم کتێبەدا کە بەکتێبی سپی ناودەبرێت، ئەو پێشێلکارییە نایاساییانەی لەخۆنەگرتووە کە لە سەردەمی حکومەتەکەی پارتی بەنگالی نەتەوەییدا ڕوویانداوە.

لە پاکستان کە دەستەبژێری سەربازیی تیایدا باڵادەستن، پێیانوایە کە ئیدارەی مەدەنی، گەندەڵکارە و پشتی پێنابەسترێت، لەگەڵ ئەوەشدا کەسانی سەربازی و بیروکراس و کارشناسەکان کە لە ململانێدان لەگەڵ ڕژێمی دەسەڵاتداری پەرویز موشەرەفی سەرۆکی دەوڵەت، ڕێگەیانپێدراوە دەنگی خۆیان بەرزبکەنەوە و هەڵبچن بێئەوەی ئاوڕیان لێبدرێتەوە، لە کاتێکدا ئەوەندە دەوڵەمەندبوون، کەوا پێویست دەکات قازانجە نامەشروعەکانیان بگەڕێننەوە.

ئەمیراڵ مەنسوور ئەلهەق، توانی خۆی لە زیندان بەدووربگرێت پاش ئەوەی بڕی (٥،٧) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی گەڕاندەوە بۆ نووسینگەی لێپێچینەوەی نیشتیمانی پاکستانی و بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانیش ناوبراو ئەو بڕە پارەیەی لەمیانەی سەودانامەکانی کڕینی چەکدا وەریگرتووە.

پەرویز موشەرەفی سەرۆکی دەوڵەت لەچوارچێوەی خەباتی دژ بەگەندەڵی زنجیرەیەك چاکسازی لە دامەزراوە حکومییەکاندا پیادەکرد، لەوانەش چاککردنی ڕاژەی گشتی و جیاکردنەوەی مەسەلەکانی پاکتاوکردنی ژمێریاری لە نووسینگەی سەرۆکی دیوانی لێپێچینەوەی فیدراڵی. سەرباری ئەمەش، حکومەت بەڵێنیدا، دامەزراوەیەکی سەربەخۆ بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی تاوەکو تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٢ پێك بهێنێت. لەو زنجیرە دیدارەش کە (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) لەگەڵ حکومەتی پاکستانی ئەنجامیدا، لەنیسانی ٢٠٠٢ داوای لە حکومەتی ئەو وڵاتە کرد، کە یاسایەك لە پێناو ئازادی بەدەستهێنانی زانیاری و گرتنەبەری ڕێساگەلێکی ئەخلاقی لە پێناو بەکارهێنەرەکان لە ڕاژەی گشتیدا گەڵاڵە بکات. هەروەها چاکسازی سەرلەبەر لە

سیستمی پێبەخشینی گشتی ئەنجامبدات. سەرباری ئەمەش دەبوو سوپا و داد لەڕووی تەکنیکی ئیدارییەوە پەیڕەوی نووسینگەی لێپێچینەوەی نیشتیمانی پاکستانی بکەن.

دیسان لە ساڵی ٢٠٠٢ دا نیپاڵ، یاسایەکی دوور مەودای بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی گەڵاڵەکرد، کە پرۆژەی چاودێریکردنی گەندەڵی و پرۆژەی لە پێناو لیژنەی لێکۆڵینەوەی لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و لە پێناو دادگای تایبەت و پرۆسەی لەکارلابردنی کارمەند و کۆنترۆڵکردنی ڕەوشەکانی کار و لە پێناو سەرکردایەتیکردنی پارتە سیاسیەکانی لەخۆگرتبوو.

ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٢ دا دەچووە خانەی گەندەڵی بەرچاوەوە، ساختەکردن بوو لە پاکتاوکردنی حسابەکان و جاڕدانی ناشەرعی لە باری کەمکردنەوە و هەڵخەڵەتاندنی بانکەکان و ڕاوەدوونان لە پێناو باجی زێدەبایی و سامان و داهاتدا.

لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠١ لە سریلانکا، ململانێی لە بارەی سیاسەتی ئابووری کەوتەڕوو، بەتایبەتیش پاش ئەوەی ڕۆنی پایریسی کارشوناسی لەپێدانی ١٥ ملیۆن ڕوپیە (١٥٠٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی)، بەخشرا، چونکە پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ شاندریا کوماراتونگا سەرۆکی دەوڵەتدا هەبوو.

**دەوڵەتانی پاشماوەی یەکێتی سۆڤیەت:**

هەفتەنامەی ناتچنژوم پوندیلینکای سەربەخۆی کازاخستانی بەوە دەناسرێت، کە هەواڵی تێروتەسەل لەمەڕ تێوەگلانی فەرمانبەرانی کەرتی نەوت و پارەوکارەکانی تر بلاودەکاتەوە. لە نێوان ساڵانی (١٩٩٨ - ٢٠٠١)، هەڤدە سکاڵا لە دژی ئەم ڕۆژنامەیە بەهۆی تانە و تەشەرەوە بەرزکرایەوە. سکاڵاکارانیش کارمەندانی



تایبەت و سەرۆك فەرمانگە و ئەو کەسانەبوون کە پەیوەندی پتەویان بە حکومەتەوە هەبوو. ئەوەبوو لە سێ لەم حاڵەتانەدا ڕۆژنامەکە سەرکۆنە بەبڕی (٢٥٩٣٥٠٠٠) تینگە (١٨٠٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی) سزادرا. هاوکات بەپێی بڕگەیەکی تایبەت بە تانە و تەشەر لەیاسای کازاخستانی، ڕۆژنامەکە لەتوانایدا نەبوو داکۆکی لە خۆی بکات، بەڵکو ڕۆژنامەکە ناچاربوو غەرامەکان بدات، چونکە زیانی بەناوبانگی کارمەندەکان گەیاند. دیسان بەردەوام بەڵگە لە ئارادایە لە ئەگەری تێوەگلانی فەرمانبەران لە پرۆسەی بەرتیل، کە ئاوڕی لێنادرێتەوە.

لە هاوینی ساڵی ٢٠٠١ من و جۆرج سورش، سەردانێکمان بۆ گورجستان لەسەر بانگهێشتی ئیدوارد شیفاردنازەی سەرۆکی دەوڵەت بەئەنجامگەیاند. لەگەڵ ئەوەی لە تەمووزی ساڵی ٢٠٠٢، لەم وڵاتەدا ئەنجوومەنێك بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی پێکهێنرا هەندێك لەڕێوشوێنە گرنگەکان بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی جێبەجێکرا.

پێویستە ئێمەش ئەوە بڵێین، ئەو هەوڵانەی کە تاوەکو ئێستا دراون، تەنیا سەرکەوتنێکی کەمیان بەدەستهێنتاوە.

دیسان دوای ئەوەی بەم دواییە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لەڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بەلاوازی ئیدارە و بەربڵاوی گەندەڵی کرد، یەکەیەکی بەرگریکردن لەساختە و هەڵخەڵەتاندنی پەیوەست بە باجی زێدەبایی پێکهێنرا هەروەها یاسایەك گەڵاڵە کرا، کەوا پێویست بوو پشتیوانی بەهێز لە سیستمی پێ ڕاگەیاندنی تایبەت بە باجی زێدەبایی بکات. هاوکات سەرۆکی دەوڵەت پێداگری لەسەر چاکسازی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکرد بەهاوکاری لەگەڵ ئەنجوومەنی دژایەتیکردنی گەندەڵی. بەپێی پلانەکە، قۆناغی یەکەم بەلابردنی حەصانەی پەرلەمانتارەکان دەستی پێدەکرد. لە ساڵی ٢٠٠٢ سەرۆك داوای یاساگەلێکی تۆکمەی لە دژی گەندەڵی و خۆدزینەوە لەباجدان و کەمکردنەوەی و دەستدرێژیکردنە سەر موڵکی دەوڵەت کرد.

له هاوینی ساڵی ٢٠٠١ سەرۆکی دەوڵەتی تورکمانستان، سەپارمورات نیازی، دەستیکرد بە زنجیرەیەك دەستگیرکردن و پرۆسەی دەستبەرداربوون لە چەندین کەسایەتی خاوەن پۆستی باڵا لەسەر تۆمەتی گەندەڵی. ئەوەی ئەم سیاسەتەی پێدەناسرایەوە ئەوەبوو، کە تۆمەتبارکردنەکە ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە دەبوونە لایەنگری ئۆپۆزسیۆن. بەم جۆرە هەریەك لە سەرۆکی بانکی ناوەندی و بریکاری سەرەك وەزیران (چودای بیردی ئوراسوف) لە ئازاری ساڵی ٢٠٠٢ واتە پاش چەند مانگێك لە شکانەوەیان بەلای ئۆپۆزسیۆندا بەتۆمەتی بەتاڵانبردنی بەشێك لە قەرزی کشتوکاڵی کە لەلایەن بانکی کریدی سویس و دویتچە بانك لە ساڵی ١٩٩٧ درابوون، ئیدانەکران.

له تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠١ ئۆکرانیا ڕێنمایی (لەمەڕ گەرەنتی پاراستنی مافی هاوڵاتیان و بنەماکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی و ڕاشکاوەی و شەفافییەت لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢) دەرکرد، بەڵام یاساکە سنووری کارکردنی ڕۆژنامەوانی ناوخۆی و دەرەکی پێکەوە دیاریکرد. هەروەها دەنگدەران دەرفەتی توانای گەیشتن بە زانیاری بێخەوش و دوور لە بەحیزبی بوونیان نەبوو، چونکە دەزگای پەخشی تەلەفیزیۆن لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتدا بوو.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، کە ئامۆژگاری سینك تانك ئینەدم، زانیاری لەپێناو دیموکراسی / ("Think Tank INDEM “Information for Democracy) بەئەنجامی گەیاندووە، ساڵانە پیاوانی کارشناسی ڕووس، زیاتر لە (٣٠) ملیار دۆلاری ئەمریکی بەرتیل دەدەن، کە ئەمەش هێندەی دەرامەتی دەوڵەتی ڕوسیایە لە ساڵی ٢٠٠٢ واتە نزیکەی لە (١٢٪)ی کۆی بەرهەمی وڵاتە. نزیکەی لە (٩٠٪)ی ئەم بەرتیلە لەبەرامبەر (پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پەیوەست بە گەندەڵی) و مۆڵەتی هەناردە و مەسەلە بەپەلەکانی تر و، سەودانامە و مامەڵەی بازرگانی پەیوەست بە بودجەی دەوڵەت و گۆڕینەوەی باج و بۆندی بەتایبەتیکردن و ڕاژەی قەرزی پەیوەست بە بودجەی دەوڵەت دەدرێت.



دامەزراوەی ترۆیکا دیالۆگ (Troika Daulog) کە دامەزراوەیەکی جامبازییە لە مۆسکۆ، وایمەزنەندە دەکات کە بازرگانی بۆرسەی ئەو وڵاتە ساڵانە نزیکەی (٤٥) ملیار دۆلاری ئەمریکی تێدەچێت و ئەمەش ڕووسیا بەوە ناوبانگی هەیە، کە بەڕێوەبەری کارەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو مافی خاوەن پشکە بچووکەکان پێشێلدەکەن. دیسان دامەزراوەی پرایس وترهارس کوپەرز وایدەخەملێنێت کە دەکرێت مومارەسەی کۆنترۆڵکردنی هاوبەش چاکبکرێت و ئەمەش ساڵانە بەدەیان ملیار دۆلاری ئەمریکی لەوەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانییەوە فەراهەم بکات. لەبەرئەوە ئەوەی کەمایەی هاندانە ئەوەیە (ڤلادیمیر پۆتین)ی سەرۆکی ڕوسیا جەنگی دژ بەگەندەڵی لەپێشەوەی کارەکانییەتی.

بەڵام وەکو ئاشکرایە کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی لە ڕوسیا، تەنیا بە هەڵمەتێکی چڕوپڕ کۆتایی دێت. لە پایزی ساڵی ١٩٩٩، سەرۆك شارەوانی بەهێزی مۆسکۆ (یۆرۆی لۆچکۆف) لەمشتومڕێکدا کە لەسەر سەکۆیەکی بەرز ئەنجامدرا منی بەو بۆقە چواند، کە دەیەوێت بەقیرە قێڕەکەی زۆنگاوێك وشك بکات.

لە باشووری ئۆزبەگستان، (مەجید عەبدولڕەحمان)ی ڕۆژنامەنووس لەسەر تۆمەتبارکردن بە بەرتیل و سەرانەسەندن ناچار دەبێت بۆ چەند ساڵێك بچێتە زیندانەوە، چونکە زنجیرەیەك ڕاپۆرتی لەسەر خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەنێو ناوەندە گەورە فەرمانبەرەکانی شارەوانی بۆیسۆن (Boison)ی هەرێمی سورخانداریا (surkhandarya) نووسی هاوکات هەڵسوڕاوانی بواری مافەکانی مرۆڤ ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە پێنج ڕۆژنامەنووسی دیکە کە ئێستا بەتۆمەتی جۆراوجۆر لەزینداندان. دیسان لە تشرینی دووەمی ٢٠٠١ ساماغان ئەوروز عەلی، ڕۆژنامەنووس و هەڵسوڕاو لە بواری مافەکانی مرۆڤ لەقیرغیزستان بۆ ماوەی نۆ ساڵ زیندانیکرا، دواتر ڕوون بووەوە کە ناوبراو تاوانبارە بەوەرگرتنی سەرانە و ساختەکردنی بەڵگەنامە و هەڵگرتنی چەك بە شێوەیەکی نایاسایی و دژایەتیکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت.

دەستگیرکردنی ناوبراو لە کاتێکدابوو، کە دەیویست گەندەڵییەکانی ئیدارەی گشتی بە بەڵگەوە بخاتەڕوو.

**خۆرهەڵات و ناوەڕاستی ئەورووپا و دەوڵەتانی بەڵتیك**

لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠١ پەرلەمانی هەنگاری یاسایەکی پەیوەست بە مافەکانی تاوانی تایبەت بە کۆمپانیاکان و باشکردنی وەسیلەکانی خەباتی دژ بەگەندەڵی دەرکرد، بۆ ئەوەی چاکتر بتوانرێت سزای ئەو هەڵسوکەوتانە بدات کە گەندەڵئامێزن.

جگە لەمەش دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە دادوەرە گشتییەکان بەرفراوانکرا. لەهەمانکاتدا هەنگاریا ئەوەی سەپاند بەسەر گشت بەکارهێنەرەکان لە ڕاژەی گشتیدا کە پێویستە هەلومەرجی سامانی خۆیان ئاشکرا بکەن.

لەتەمووزی ساڵی ٢٠٠١ و پاشانیش لە ئازاری ٢٠٠٢ کۆماری چیك و کۆماری سلۆڤاکیا بەپێی یاسایەکی گەڵاڵەکراو ئەوەیان سەپاند بەسەر کارمەندانی ڕاژەی گشتیدا کە دەبێت ئاماژە بەهەلومەرجی سامانی خۆیان بدەن و هەروەها دەفتەری تۆماری رەفتاریان بەگەڕخست. لەسەرو ئەمانەشەوە لە ئاب و تشرینی یەکەمدا پشکنینی سەربەخۆ لەنێو حکومەتەکانیان گەڵاڵە کرد. لە هەردوو ساڵی(٢٠٠١-٢٠٠٢) ژمارەیەك ڕێکخراوی ناحکومی سلۆڤاکیا لەژێر دروشمی (ململانێکان لەسەر بەرژەوەندییەکان ڕابگرن) لە هەڤاڵبەندیەکدا بۆ پشتیوانیکردن لەو یاسا نائەکتیڤەی کە هەبوو یەکیانگرت.

ئەم هەڤاڵبەندییە دەیویست بازنەی تاکەکان لەچوارچێوەی ڕاژەی گشتیدا بەرفراوان بکات، کە دەکرێت یاسای بەسەردا جێبەجێبکرێت و وردتر پابەندبوون و سنوور و دەستکەوتە تایبەتییەکانی پەیوەست بەکارە زیادەکان ڕوونبکرێتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە دەبێت سامانەکان ئاشکرا و ڕابگەیەنرێن و هەروەها کاریگەری شێوازەکانی هەڵسوکەوت و سزاکان لە حاڵەتی ململانێ لەسەر بەرژەوەندی چاکتر بکرێت.



لەبەرامبەر کۆمپانیای ولیامزئینتەرناشیۆناڵ (Wiliams International)ی وزەی ئەمریکی و هەردوو رکابەری ڕووسیای (یوکۆش - Yokos) (لوکۆیل - Lukoil) هابوار لە دژی گەندەڵی بەرزبووەوە، کەدەیانوویست لەسەر بەتایبەتیکردنی کۆمپانیای نەوتی لیتوانی (مازیکیو - Mazeikiu) کێبڕکێ بکەن:

پێشتریش سەرۆك شارەوانی فلینای پایتەخت، پەرلەمانتارێکی بەتۆمەتی هەڵخەڵەتاندنی کۆمپانیای (دالیکیا - Dalkia)ی وزەی فەرەنسی سەرکۆنە کرد، کە گوایە لەبەرمبەر پاراستنیدا داوای پارەی کردووە. ئیتر لەو دەمەوە حکومەتی لیتوانیا لە سایەی پەرلەمانێکی ئەکتیڤ و کۆمەڵگەی مەدەنیدا، ستراتیژییەتێکی تۆکمەی دژ بەگەندەڵی برەوپێدا و پێویستیش دەکات کە هانای بۆ بدرێت بۆ ئەوەی لەداهاتوودا وڵات لە هەر کێشەیەك بپارێزێت.

لە شوباتی ٢٠٠٢ ئەوە ڕوون بووەوە کە کارمەندانی نەخۆشخانەی مەیدانی لە شاری لۆدج (Lodz)ی پۆڵەندی، هەر بەتەنیا لەبەرامبەر پێدانی زانیاری لەمەڕ مردنی نەخۆشەکان پارەیان لە خەڵکی وەرنەگرتووە، بەڵکو گەیشتبوونە ئەوەی کە نەخۆشەکان لەو پێناوەدا بکوژن.

بێگومان ئەم تۆمەتبارکردنە تەنانەت پزیشك و خاوەن کۆمپانیاکانی لەژێر خاك نانیشی گرتەوە کە بەرتیلیان وەرگرتبوو.

دیسان ئەمە گوزارشتە لە هاوکاری دەگمەنی نێوان لقی نیشتیمانی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) و حکومەتی لیتوانیا، کاتێك کە حکومەت داوای لە لقی ناوبراومان کرد، چاودێری جاڕنامەیەك لەمەڕ پڕۆژەیەکی گەورەی بەتایبەتیکردن بکات، هەرچەندە ئەم جاڕنامەیە بەشکستی ئەو کۆمپانیا لیتوانیە کە چاودێری دەکرا کۆتایی هات.

هەڵبەتە زۆرێك لەم چاكسازیانە، لەلایەن ڕێكخراوە هەرێمایەتییەكانەوە، لەنموونەی ئەنجوومەنی دەوڵەتانی بەلیتك (GBSS) و ئەنجوومەنی ئەوروپییەوە پشتیوانی دەكرێن.

**باشووری خۆرهەڵاتی ئەوروپا**

حكومەتی كۆماری یوگسلافیای فیدراڵی، باجی بەسەر كار و سەودانامەكاندا سەپاند و ئەمەش لەسەردەمی میلۆسۆڤیچدا بەردەوام بوو، كە بەچەندین شێوەی هاندان و لایەنگیریلێكردن پشتیوانی لێدەكرا.

هەروەها ئەو لیژنەیەی كەلەو نەرێتە خراپانەدا دەیكۆڵییەوە بە شێوەیەكی ڕێكوپێك ناوی سوودمەندەكانی بڵاودەكردەوە.

لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٢ دا ناوی ٢٧١ كەس بڵاوكرایەوە، كە ئەمەش جەختكردنەوەیە لەسەر ئەوەی كە باجدان ئامانجی خۆی پێكاوە.

لە ئەیلولی ٢٠٠١ یشدا، كۆماری فیدراڵی بەپێی یاسایەكی گەڵاڵەكراو، لەبەر شۆردنەوەی پارەی بەتاوان دایە قەڵەم و دیسان داواشی لەگشت دامەزراوە داراییەكانیش كرد، كە لە تەمووزی ٢٠٠٢ ەوە، حسابی گشت ئەو سەودانامانە پێشكەش بكەن كە بڕەكەیان دەگاتە (٩٥٠٠ دۆلاری ئەمریكی).

سربیا (٢٦) یەكەی بۆ دژایەتی گەندەڵی دامەزراند، كەوا پێویستی دەكرد لە ڕێگەی هێڵی گەرمەوە زانیاری كۆبكاتەوە. بەڵام زانیارییەكان ئەوەیان دەرخست كە هەریەك لەوەزارەتی ناوخۆ و دەستەی گومرگ، گەندەڵترین دوو دامەزراوەن.

لە توركیا وەكو بەشێك لەبەرنامەی حكومەت، دیسپلین گەلێكی نوێ بۆ كۆمەكە داراییەكانی هەڵبژاردنەكان و شەفافییەتی پیتاكە سیاسییەكان هاتە ئاراوە.



ئەوەبوو لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٢، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە پێناو قەرزی پشتیوانیكردندا، كەبڕەكەی دەگەیشتە (٣،١٦) دۆلاری ئەمریكی، مەرجی ئەوەی بۆ توركیا دانا، كە دەبێت یاسایەكی تازەی تایبەت بە دابەشكردنی بۆندی ڕاسپاردنەكان دەربكات. ئاشكرابوو كە پارتەكانی سەر بە حكومەت لە پێناو پشتگیریكردن لە هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن بڕی (١٥٪)ی بەهای ڕاسپاردنیان بۆ خۆیان دەبرد، هەروەكو لەڕاپۆرتی ساڵی (٢٠٠١)ی بانكی نێودەوڵەتیدا ئاماژەی پێكراوە.

لە ئەلبانیا، یەكەكانی دژایەتیكردنی گەندەڵی، لە وەزارەتی نیزامی گشتی و وەزارەتی دارایی و وەزارەتی داد و نووسینگەی دادوەری گشتی چڕدەبوونەوە و دەرەنجامەكانیش جۆربەجۆربوون.

لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٢ حكومەت، پڕۆژەی یاسایەكی دژ بەگەندەڵی گەڵاڵەكرد، كە دەبوو بەوپێیەی دەستەی سەرپەرشتیكردنی تایبەت بە لێكۆڵینەوە لە موڵكی نزیكەی پێنج هەزار بەرپرسی پایە بەرز و مامناوەند پێكبهێرێت. هاوكات ئەندامانی دەستەكە كە لەلایەن پەرلەمانەوە دیاری دەكران، كارئاسانیان بۆ فەراهەم دەكرا و ئەو كارمەندانەش كە داتای نادروستیان دەدا لەباری موڵكەكانیانەوە ئەوا لێپێچینەوەی دادگایان لەگەڵ ئەنجام دەدرا.

بەڵام حكومەتی ئەلبانیا ئەوەی بەسەردا تێپەڕی كە تانە و پوختانكردن لە خەسڵەتی تاوانكاری جیابكاتەوە، ڕۆژنامەنووسانیش كە لە لێكۆڵینەوە لە حاڵەتەكانی گەندەڵی دەكەن، سەرچڵی بەگیانی خۆیانەوە دەكەن و دیسان دەستگیركردنی ستەمكارانە و سزادان و وروژاندنی ترس بەشتێكی ئاسایی دادەنرێت. هاوكات لەكاتی سكاڵاكردن لەتانە و تەشەر، وەڵامدانەوەیەكی دادگاییانەی عادیلانەی نابێت.

له تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠١، سەرنووسەری ڕۆژنامەی سەربەخۆیی (کۆها یۆنا / Koha Jona) له تیرانا، پەلاماردرا، پاش ئەوەی ڕۆژنامەکە هەواڵێکی بڵاوکردەوە کە گوایە ئوتێلێك لە دەریس (Durres) بە شێوەیەکی نایاسایی بونیادنراوە.

هەڵبەتە کاتێك کە یاسای ئازادی گەیشتن بەزانیارییەکان، لەلایەن کەسەوە پەیڕەو ناکرێت، ئەوا ڕۆژنامەنووسان ناچاردەبن بە شێوەیەکی بەربڵاو و ناسیستماتیك پەنا بۆ پێدانی بەرتیل بەکارمەندانی حکومەت بەرن بۆ ئەوەی بەڵگەنامەی فەرمییان دەست بکەوێت.

لە شوباتی ٢٠٠٢، بۆسنە و هەرسۆگۆڤینا، کۆمەڵێك ڕێوشوێنی بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی و تاوانی بە بەرنامە بۆ داڕێژراو ئامادەکرد، کە وەزیر و نوێنەرانی ئینترۆپۆل و داد و پۆلیس بەشداریان تێدادەکرد. پاش مانگێکیش ئەنجوومەنی ئەو وڵاتە بەهاوکاری بانکی نێودەوڵەتی، پلانی نیشتیمانی بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی پێشنیازکرد.

لەهەمانکاتیشدا ئابڕووچونێکی گەورە ڕوویدا، کاتێك وەزیری دارایی سربی بۆسنە بەهۆی ساختەکاری گومرگەوە کە بڕی ١٥ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لەسەر بودجە کەوت، دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە.

دیسان ڕاپۆرتێکی دامەزراوەی برایسوترهاوسکوبرز بڵاویکردووەتەوە، کە ساڵانە گەندەڵی لە ڕۆمانیا زیانی ملیاران دۆلار لەو وڵاتە دەدات، هەروەها ئەوەشی دەرخستووە کە وەبەرهێنانە ڕاستەوخۆ بیانییەکان کە بڕەکەی دەگاتە (٣،١) ملیار دۆلاری ئەمریکی لەساڵی ٢٠٠١ دەکرێت لەڕووی مەبدەئییەوە بگاتە سێ ئەوەندە.



**ئەمپەری خۆرهەڵات و باکووری ئەفەریقیا**

لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١-٢٠٠٢ بانکە حکومی و دامەزراوە داراییەکان لەم هەرێمەدا بە شێوەیەکی بەربڵاو و سیستماتیك بوونە قوربانی گەندەڵی.

هەروەها لە سیستمی بانکە ئوردونییەکاندا، لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٢ پرۆسەیەکی ساختەکاری و هەڵخەڵەتاندن بەبڕی (١٥٠-١٦٨) ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی ئاشکرا کرا و ڕاشگەیەنرا کە ٧٢ کارشناسی بەرچاو و کارمەند تێوەگلاون، لەوانەش وەزیری پێشووی کشتوکاڵ و ئەندامی پەرلەمان، کوڕی سەرەك وەزیرانی پێشوو. هەروەها دەگوترێت کە کارشناسەکان بە بەشداریکردنی کارمەندانی دەوڵەت بەبێ گەرەنتی و دەستەبەری بەبیانووی ئامادەکردنی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان بۆ هەواڵگری وڵات، قەرزیان لەبانکە تایبەتییەکان بەدەستهێنا.

لەم سەروبەندەدا ڕۆژنامەی (دەیلی ستار) کە گەورەترین ڕۆژنامەی زمانی ئینگلیزییە و لە لوبنان دەردەچێت، ئاماژە بەوە دەکات، دەرهێنانەوەی مۆڵەتێکی شوفێری لەکاتی ونبوونیدا (٧) دۆلاری ئەمەریکی وەکو بەرتیل و مۆڵەتی لێخورینیش(٢٧) دۆلاری دەوێت. بەخشیشی دروستکردنی خانوویەك دەگاتە زیاتر لە (٢٠٠٠) دۆلار. لەم بارەیەوە لقی لوبنانی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) ڕێنمایی نووسراوی بۆ کارئاسانیکردنی ڕێوشوێنی پێویست لە بەدەستهێنانی مۆڵەتی بیناسازی و بەڵگەنامە و کاتی پێویست بۆ چاوەڕوانکردنی پەخشکردووە.

لە ئیسرائیل یەکەی تایبەت بە ساختە لە پۆلیسی ئەو وڵاتە، ئێریل شارۆنی سەرەك وەزیران و کوڕەکەی بەوەڵام هێنا. پرسیارەکەش پەیوەست بوو بەوەی کە ئاخۆ ناوبراو دامەزراوەیەکی خەیاڵی بۆ گواستنەوەی پیتاکە نایاساییەکانی

پارتەکەی بەکارهێناوە کە بڕەکەی (٣،١) ملیۆن دۆلاری ئەمریکییە، ئەویش لە پێناو هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی ئیدارەی پارتی لیکۆد لە ساڵی ١٩٩٩ و هەروەها هەڵبژاردنەکانی سەرەك وەزیران لە پاش دوو ساڵ.

هەرچی ئیهود باراکی سەرەك وەزیرانی پێشووشە لە ئایاری ٢٠٠٢ لە لێپێچینەوەیەکی هاوشێوە دەربازی بوو، بەڵام پۆلیس سوور بوو لەسەر تۆمەتبارکردنی چوارکەس لەیاریدەرەکانی کە لە ساڵی ١٩٩٩ دا و لەمیانەی هەڵبژاردنەکاندا پارەی نایاسایی ڕێکخراوە خێرخوازییەکانیان بەتاڵانبردوو.

لەمەڕاکیشیش، (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) ژمارەیەك کارشناسی بە وەڵام هێناوە و ئەوانیش ئاماژەیان بەوەکردووە کە گەندەڵی لەڕووی قەبارەیەوە دووەم تەحەددییە لەپاش باجە بەرزەکان.

لە فەلەستینیش ئەو کارشناسانەی کە لەلایەن بانکی نێودەوڵەتییەوە بەوەڵامهێنراون دیسان ئاماژەمان بەوە کردووە، کە لە دوای نائۆقرەیی سیاسییەوە، گەندەڵی ئاستەنگە لەبەردەم پەرەپێداندا.

دیسان لە شانشینی عەرەبستانی سعودیە (عبدولمحسن مسلم)ی نووسەر لە ئازاری ٢٠٠٢ لەسەر بڵاوکردنەوەی قەسیدەیەکی بەناونیشانی (گەندەڵکارەکانی سەر زەوی) لەرۆژنامەی (المدینە) دا دەستگیرکرا، کە تیایدا سەرکۆنەی ژمارەیەك لەدادوەران بە ساختە و هەڵخەڵەتاندن دەکات. هەروەها لەلایەن وەزیری ناوخۆی سعودیەشەوە سەرنووسەری رۆژنامەکە لەسەر بڵاوکردنەوەی قەسیدەکە لە پۆستەکەی دوورخرایەوە.



**خۆرئاوای ئەفەریقیا**

لە سینگال، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕەخنەیان لە (عەبدوڵلا وادی) سەرۆکی دەوڵەت دەگرت، لەپای ڕەتکردنەوەی داواکاری چەندبارەی لقەکەمان کە بە یانەی مەدەنی ناودەبرێت سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی مەرسوومی ژمارە (٩٧- ٦٣٢)، ئەم مەرسوومە لە ساڵی ١٩٩٧ ەوە، ڕێگە بە ڕاسپاردنی گشتی دەدات بە بیناکردن بەبێ بوونی جاڕدانی کەمکردنەوە (مناقصە). نموونەی ئەم ڕاسپاردنانەش دەکرێت بگاتە ئەوپەڕی بەهای ١٠٠ ملیۆن فرانك بە دراوی کۆمەڵەی دارایی ئەفەریقیا — فەرەنسا ١٥٠٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی لە بواری ڕاوێژپێکردن و تەجهیزدا.

هەروەها ١٥٠ ملیۆن فرانك (CFA)، واتە ٢٢٥٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی لە بواری بیناسازیدا.

بەگشتی وا لەم مەرسوومە دەڕوانرا، کە ئامرازێکە بۆ سەرپەرشتیکردنی ژینگەی هەڵبژاردن. دیسان وەسیلەکانی ڕاگەیاندن سەرنجیان لەوەدابوو، ئەو پرۆژە گشتییانەی کە تێچوونی زیاتریشیان هەیە هیچ جۆرە جاڕدانێك بۆ کەمکردنەوەیان نەکراوە. بەڵام لە تەمووزی ساڵی ٢٠٠٢، سەرلەنوێ دەزگای تەزوید و ئیمدادی گشتی ڕێکخرایەوە و دەبوو ئەو مەرسوومە گۆت بکات، بەڵام بە فەرمی هەرگیز جەخت لەسەر ئەوە نەکراوەتەوە.

لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٢، نوێنەری کۆمسیۆنی دژایەتیکردنی گەندەڵی لە سیرالیۆن، ڕەخنەی لە دادوەری گشتی گرت، چونکە ئەم کەسە ناوبانگی لیژنەی دژایەتیکردنی گەندەڵی شێواندووە و ڕێنمایەکانی پشتگوێخستووە.

لە کۆی ٥٧ حاڵەت کە لەکاتی دەستبەکاربوونی لیژنەکە لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠١ ەوە پێشکەش بە نووسینگەی دادوەری گشتی کراون، کەچی هێشتا

بەرپێژەی یەک بۆ سێی حاڵەتەکان چارەسەرنەکراون، لەبەناوبانگترینی ئەو حاڵەتانەش، حاڵەتی وەزیری گواستنەوە و پەیوەندیگرتنی پێشوو (مۆمۆ پوجیە/ Momoh Pujeh)یە، کە لەپاش لێکۆڵینەوەکانی لیژنەکە لە ئەیلوولی ٢٠٠١ دەستگیرکرا، چونکە بەشێوەیەکی نایاسایی مومارەسەی دەرهێنانی کانزای دەکرد و سەرگەرمی کۆکردنەوەی پارچە ئەڵماس بوو کە ململانێ لەسەر خاوەندارێتییەکەی بوو. ئەوەبوو جورئەتکرا تەنیا لە ئابی ساڵی ٢٠٠٢ تۆمەتی ئاراستە بکرێت.

لەم چوارچێوەیەدا لیژنەی دژایەتیکردنی گەندەڵی لەنایجیریا، خۆی رووبەرووی رەخنە کردەوە، کاتێک لەکاتی دروستبوونییەوە لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٠ نەیتوانی تەنیا یەک حاڵەت لەدژی کارمەندە خاوەن پۆستە باڵاکانی حکومەت دەربخات. هاوکات بەرەتکردنەوەی دادگای باڵا زۆرێک لە بیانووی ویلایەتە فیدراڵییەکان بەوەی کە ئەم لیژنەیە لەگەڵ دەستووردا ناگونجێت، ئاستەنگەکانی سەر رێگەی لابرد و حکومەتی ناوەندیش دەستیکرد، بە چەندین هەنگاوێک بۆ خێراکردنی هەڵمەتی دژایەتیکردنی گەندەڵی.

لە ئابی ساڵی ٢٠٠٢، ئەنجوومەنی راپەراندنی فیدراڵی، بریاریدا کە رێوشوێنی بەرفراوان لە پێناو خزمەتگوزاری گشتیدا پەیرەو بکات و رێگە بە سەرۆکی دەوڵەتیش بدات، کە کارمەندانی گەندەڵکار ناو دەوڵەت لە پۆستەکانیان دووربخاتەوە. لە مانگی داهاتوودا رەزامەندی نیشاندرا بەپێکهێنانی یەکەی دژایەتیکردنی گەندەڵی لە گشت وەزارەتە فیدراڵییەکان و گەیشتنیان بە سەرجەم بەڵگەنامە حکومییەکان و لێکۆڵینەوە لەحاڵەتەکان.

لە ئازاری ساڵی ٢٠٠٢ بریکاری سەرۆکی دیوانی لێپێچینەوەکان ئاشکرایکرد، کە پتر لە بیست ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی لە دوو ساڵی رابردوودا و لە شێوەی



مووچەدا دراوە بە نزیکەی دوو هەزار کەسی خەیاڵی، هەر بۆیە لەژێر کاریگەری ئەمەدا، وەزیری دارایی فەرمانیدا بە سەرژمێرکردنی کارمەندانی دەوڵەت.

لە بورکینا فاسۆ، لێکۆڵینەوەیەک دەریخست کە پۆلیس گەندەڵترین دامەزراوەی وڵاتە. لە سینگالیش لێکۆڵینەوەیەکی یانەی مەدەنی دیسان ئاماژەی بەوە کرد، کە پۆلیسی هاتوچۆ و کارمەندانی گومرگ و پۆلیس گەندەڵترین دامەزراوەن.

لەم چوارچێوەیەدا هەر فەرمانبەرێکی گومرگ، بەلانی کەمەوە چاوساغێکی هەیە کە لە (کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی گزی) دا هاوکاریان دەکەن و لەکاتی سەرکەوتنیشیاندا لە (١٠٪) کاڵا دەستبەسەر گیراوەکەدا بۆ خۆیان دەبێت.

جگە لەمەش سەرانەی خۆیان لە هەموو ئەو کەسانە دەستێنن کە دەیانەوێت کاڵاکانیان بە گومرگدا تێپەرێنن و دیسان لەم برەش کارمەندانی گومرگ پشکی خۆیان چنگ دەکەوێت. لە کراکیەی نزیک بە سنووری نایجیریا، نزیکەی ٤٠٠ چاوساغ هەیە کە ژمارەیان چوار ئەوەندەی ژمارەی کارمەندانی گومرگە و بەشێوەی نێوەندکار (وسیط) کاردەکەن بۆ ئەوەی بەردەوام بە لە پاراستنی کۆمەکبەخشەکان و بە شاردراوەیی هێشتنەوەیان.

## ناوەڕاستی ئەفەریقیا

لە چاد، بانکی نێودەوڵەتی لەم ساڵەی دوایدا هەوڵەکانی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە پرۆژەی هێڵی بۆرییەکانی حەوزی دوبا بەگەرخست. پرۆژەکە، پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی ئێجگار گەورەی ویلایەتە یەکگرتووەکانە لە ئەفەریقیا و هێڵی بۆرییەکانی بە چاد و کامیرۆندا تێدەپەرێت و لەلایەن بانکی نێودەوڵەتی و دامەزراوەی کۆنسوریتۆمی نەوتی، بەرابەرایەتی کۆمپانیای ئیکسۆن — موبایل (Exxon Mobile) کۆمەکی دارایی دەکرێت.

ئەم پرۆژەیە لەلایەن گرووپەکانی ژینگەپارێزی وەکو ئەوەی لە واشنتۆن هەیە بەناوی سندوقی بەرگری ژینگەیی (Enviromental Defence Fund)یەوە ڕەخنەیەکی توندی ئاراستە دەکرێت. هەڵبەتە نیگەرانی هەر لەوە نییە کە ئەم پرۆژەیە ژینگە و دارستانە تەڕەکانی کامیرۆن پیس دەکات، بەڵکو نیگەرانییەکە لەوەشدایە کە حکومەتان بەرەو گەندەڵی پەلکێش بکات، بەتایبەتیش لەکاتێکدا کە (ئیدریسی دیبی) سەرۆکی چاد، دەسەڵاتێکی ستەمکارانەی لەدەستدایە و ترس لەوە هەیە، کە ناوبراو داهاتەکانی ئەم پرۆژەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٣ دا تەواو دەبێت و ڕۆژانە بەبڕی (٢٥٠٠٠٠) بەرمیل نەوت دەدات، خەڵکانی هەژاری لێبێبەش بکات.

ئاشکراشە کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەکبەخشانی تری سەرمایە، سیستمێکی تایبەت بە کۆنترۆڵی دابەشکردنی داهاتەکانیان لە ڕێگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەناوی Revenue Sharing Arrangement دامەزراندووە. کە لە ڕێگەیەوە دەستدەکرێت بە دابەشکردنی پارەی کۆمەڵەکە و ئەولەویەتیش بۆ خەرجییە کۆمەڵایەتییەکانە.

دیسان دەشێت سود لە نموونەی ئەم پرۆژەیە لە پرۆژەکانی دیکەی جیهاندا وەربگیرێت و ڕێگە لە دەوڵەمەندبوون بەداهاتی نەوت و هەژاری و کلۆڵی دانیشتوانیش کەمبکرێتەوە.

بێگومان لە گینیای ئیستیوائیش، سەرۆکی دەوڵەت، حسێن حبری، هەر لە سەرەتاوە پارەی لە چەکدا خەرجکرد. ئەم وڵاتە کە خاوەنی بڕێکی زۆر لە نەوتی یەدەگییە و خاوەنی داهاتێکی زۆرە، هێشتا بەدواکەوتوویی ماوەتەوە. هاوکات ڕێکخراوە کۆمەکبەخشەکان پێیانوایە کە پێویستە ڕێوشوێنی پێویست بۆ بەرەنگاریبوونەوەی گەندەڵی بکرێت و حکومەتەکەشی بە شێوەیەکی گونجاوتر مومارەسەی دەسەڵات بکات بۆ ئەوەی بازنەی بەرنامەکانی بنەبڕکردنی هەژاری کە حکومەت جێبەجێیان دەکات، بەرفراوانتربێت.



لەم ساڵەی دوایدا، ڕاپۆرتەکان لە بارەی گەندەڵی لە ئابووری تەختە لەکامیرۆن پەیتا پەیتا ڕەوانە دەکران. هاوکات بانکی نێودەوڵەتی و (ئیدارەی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی / Department for Internation Development، DFID) بەریتانی جەختیان لەوە کردەوەتەوە کە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان لە پانتایی (٨٠٠٠٠) هیکتار دارستاندا سەرقاڵی بڕینی درەختن بەبێ بوونی مۆڵەت.

هەروەها ئەو پشکنینانەی کە چاودێران بەیارمەتی حکومەت لە کامیرۆن بەئەنجامیان گەیاندووە، دەریدەخەن کە دامەزراوە گەورەکانی تەختە -الخشب- لەو وڵاتەدا لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسادا دەجووڵێتەوە. ئەم دەرەنجامەش لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠١ بۆ سەرەتای ساڵی ٢٠٠٢) پێیگەیشتوون.

دیسان لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٢، بانکی نێودەوڵەتی فشاری خستە سەر پۆل بیا (Paul Biya) کە لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ دامەزراوەکانی تەختە و بنەبڕکردنی گەندەڵی لە ئابووری تەختەدا ئەنجام بدات، ئەگینا کۆمەکە داراییە فەرمییەکانیان ڕادەگیرێت. دیارە هەریەك لەبانکی نێودەوڵەتی و ئیدارەی بەریتانی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی، وەکو یەك یارمەتیدەربوون لە پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی تەختەدا.

## خۆرهەڵاتی ئەفەریقیا

لە حوزەیرانی ٢٠٠٢ ئەو ڕاپرسییەی کۆمپانیای پشکنینی ئابووری (KPMG) لە خۆرهەڵاتی ئەفەریقیا کە لەگەڵ پتر لە ٤٠٠ لە بریکارانی کار و بەڕێوەبەرانی بەشەکانی دارایی ئەنجامیدابوو، دەریخست کە ساختە و گەندەڵی لەم هەرێمەدا لەزیادبووندایە. لە (٦١٪)ی ئەوانەی پرسیاریان لێکراوە پێیانوایە کە ساختە و گەندەڵی، کێشەیەکی سەرەکین، هەروەها (٨٨٪) پێیانوایە کە دەبوو لە ساڵی ڕابردوودا، دامەزراوەکانیان بەو کارانە هەڵبستن و لەهەمانکاتیشدا

لێکۆڵینەوەکە ئاماژە بە لاوازی شێوەکانی چاودێریکردنی دەوڵەت دەکات. دیسان ئەوەی کە ڕاپرسییەکە گرتوونییەتییەوە لەو بڕوایەدان کە فێڵ و وریایی لەلای تاوانباران پەرەیسەندووە.

لەم سەروبەندەدا پێڕستی کینیا بۆ بەرتیلی مەدەنی ( Kenya Urban Briban Index) کە ئەمەش یەکێکە لەو ڕاپرسیانەی لەلایەن لقی کینیای (شەفافییەتی نێودەوڵەتی)یەوە ئەنجامدراوە، دەریدەخات، کە نیشتەجێی شارەکانی ناوەڕاستی کینیا لەهەر مانگێکدا شانزە جار پارەی بەرتیل دەدات و ئەمەش دەگاتە (٨١٨٥) شلنی کینی (٣٣١) دۆلاری ئەمەریکی. هەروەها کارمەندانی دەوڵەت لەپێشەوەی بەرتیل خۆرەکانن کە لە (٩٩٪)ی پارەی بەرتیل وەردەگرن، بەتایبەتیش لەلایەن پۆلیسەوە. ڕاپرسییەکە دەریدەخات کە لەکۆی دە کەس، شەشیان لە دانیشتوانی شار بەرتیلیان داوەتە پۆلیس. هەڵبەتە ئەمەش بەهاتنی حکومەتی نوێ گۆڕانکاری بەسەرداهات کە دەستی دایە دژایەتیکردنی گەندەڵی.

لە ئەسیوبیا، لیژنەی حکومەت بۆ ڕەوشت دژایەتیکردنی گەندەڵی (FEACC) ڕووبەڕووی گەورەترین حاڵەت بووەوە، کە تیایدا ٤١ تۆمەتی گەندەڵی ئاراستەی کارمەندانی پێشووکرد، لەوانەش بەرپرسانی بانکی بازرگانی ئەو وڵاتە. هەروەها ١٢ تۆمەتی دیکەی ئاراستەی سەرۆکانی دەستەی فیدراڵی و کارشوناسەکان کرد، بەدواشیدا لە ئایاری ٢٠٠١ دەستگیرکردنەکان دەستیپێکرد و یەکێکیش لەوانە سەرکردەی گروپێکی هەڵگەڕاوەی نێو پارتی دەسەڵاتدار بوو.

لە تانزانیا لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٢، ڕاسپاردەیەك دەرکرا بە دامەزراندنی ویستگەیەکی تازە بۆ بەرهەمهێنانی وزە، بەڵام دامەزراوەیەکی مالیزی کە جێبەجێکاری پرۆژەکە بوو، تۆمەتبارکرا بەپێدانی بەرتیل بەکارمەندانی دەوڵەت. دیسان شارەزای بانکی نێودەوڵەتی کە پسپۆڕی فرۆکەوانی بوو، ڕەخنەی لەو ڕێکەوتننامەیە گرت کە لە نێوان کۆمپانیای



(British Aeropace) و حکومەتدا لە پێناو سیستمی چاودێری و کۆنترۆڵکردنی گەشتە ئاسمانییەکان، بەبڕی ٤٠ ملیۆن دۆلار بوو ململانێ هەبوو.

لە ئۆگەندە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەو پێشەنگانەی سوارچاکی بوون کە هەوڵەکانیان بە ئاراستەی ناچارکردنی حکومەت بوو، لە شەفافییەتی زیاتر لەدابەشکردنی بۆندەکانی ڕاسپاردن. لە ساڵی ٢٠٠١ بانکی نێودەوڵەتی ڕاسپێردرا کە دەستەیەکی لێکۆڵینەوە ڕەوانەی ئۆگەندە بکات بە مەبەستی بەدواداچوون لەو ڕێکەوتننامەیەی کە سەبارەت بەڕاکێشانی بە وزەی کارەبا (Power Purchase Agreement) لەنێوان حکومەت و کۆمپانیای فرە ڕەگەزی ئەمەریکی (AES) هەبوو، کە بەوپێیەش بەنداوی بوغالی لەبەرامبەر ٥٥٠ ملیۆن دۆلار دامەزراوبوو.

ئەوەبوو بانکی نێودەوڵەتی دەستەیەکی ڕەوانەکرد و تەواوی پرۆژەکەی هەڵسەنگاندو دایە بەر ڕەخنە، بە بڕیاری پێشووی بانکی نێودەوڵەتی خۆشییەوە سەبارەت بە شاردنەوە و نهێنی ڕێکەوتننامەکە. لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٢، بانکی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند کە قەرزەکانی خۆی لە پێناو ئەو بەنداوەدا رادەگرێت و ئەمەش پەیوەندی بەگەندەڵییەوە هەیە.

### باشووری ئەفەریقیا

لە باشووری ئەفەریقیا، هیوا و ئیکتیفایەکی زۆر هەیە، بەڵام جۆرێك لە نیگەرانی و هەناسە ساردیش هەیە. لەوڵاتێکی وەکو بوتسوانا کە بەدیموکراسی دەژمێردرێت، بەگشتی گەندەڵییەکی کەمی هەیە، بەڵام دیسان وڵاتانیش هەن، کە مایەی ترس و دڵتەنگین لەسەرتاسەری جیهاندا، ئەویش بەهۆی گەندەڵی و ململانێی توندوتیژی لای دەستەبژێر و نالەباری گوزەرانی دانیشتوانەکەیان.

کاتێکیش لە نیسانی ٢٠٠٢ لە ئەنگۆلا، ئاگربەست ڕاگەیەنرا سەبارەت بەکۆتاییهاتنی درێژخایانترین جەنگ لە هەرێمەکەدا، جیهان هیوایان بەراشکاوەی و شەفافییەت ڕوو لە هەڵکشان بوو. ئەوەبوو پێشتر ڕێکخراوی گەواهیدەری گەردوونی (Global Witness) ناحکومی، بەهۆی بەتاڵانبردنی بەرفراوانی حکومەت بۆ سامانی ئەو وڵاتە بەتایبەتیش لەکەرتی نەوت و بانکەکاندا دەنگی بەئاگاهێنانەوەی بەرزکردبووەوە.

بە بۆچوونی پسپۆڕانی نەتەوە یەکگرتووەکان، زۆرێك لەوانەی کە لە کۆماری کۆنگۆی دیموکرات سەودانامەکان واژۆ دەکەن، لە ململانێ و توندوتیژییەکان سوودمەند دەبن، دیسان ساختەی نێو هەڵبژاردنەکانی زامبیا و زیمبابۆی، هیوابوونی بەچاکسازی لەباربرد و گەڕانەوە بۆ دواوە ڕوویدا، تەنانەت بگرە کارگەیشتە ئەوەی سەرۆکی پێشووی زامبیا چیلوبا (Chiluba) لە ئێستا بخرێتە زیندانەوە، ئیتر ئایا ئەمە ئاماژەیەکی باشە؟

لە ئێستادا گەندەڵی هەموو جێگایەکی تەنیوەتەوە بەتایبەتیش لە زیمبابۆی. لە دوا ڕاپۆرتی ئابووری نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا هاتووە: کە زۆرێك لەگرفتەکانی زیمبابۆی دەکرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ کێشەیەکی ناوەندی کە ئەویش خراپ ڕابەرایەتیکردنی حکومەتە، دیسان هەڵبژاردنی سەرۆکی دەوڵەت لە ساڵی ٢٠٠٢ بە شێوەیەکی ناڕەوابوو، بۆ نموونە لایەنە فەرمییەکان لە شارەکاندا مەڵبەندەکانی دەنگدانی سەر بە ئۆپۆزسیۆنیان دەستنیشانکرد، بۆ ئەوەی دەنگدەران ناچاربن بۆ ماوەی سێ کاتژمێر لەریزەکاندا بووەستن، لەکاتێکدا لە ناوچە گوندنشینەکان دەگوترێت کە (٤٠٠٠٠٠) کەس لەپاش هەڵگرتنی فەرمیی دەفتەرەکان دەنگیانداوە. لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتانی ڕێکخراوەکانی پەرەپێدان لە باشووری ئەفەریقیا (SADC) هەڵبژاردنەکەیان بە رەوا دایە قەڵەم، کە هەر ئەمەشە تائێستا ئاستەنگە لەبەردەم چاکسازییەکاندا.



لە نیسانی ٢٠٠٢، لقی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) لەڕاپۆرتێکدا گلەیی ئاراستەی زیدکو هۆڵدینگس (Zidco Holdings)ی لقی وەبەرهێنانی پارتی دەسەڵاتداری (ZANU PF) لەزیمبابۆی دەکات، بەوەی کە لەخزمەت دەوڵەمەندکردنی پێشەوایانی پارتەکە دایە و بەئەرکی پاکتاوکردنی حسابات و ڕاپۆرتە داراییەکان هەڵناسێت و پرۆژەکە، قازانجەکان ناخاتە خزمەت چالاکییەکانی پارتەکەوە.

هەروەها لەراپۆرتەکەدا هاتووە، کەزیدکۆ کۆنترۆڵی بەرژەوەندیە ئابوورییە فرەلایەنەکانی وڵات و دامەزراوە فەرعییەکانی تێوەگلاو لەپرۆژەکانی کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی کردووە و لەلایەن سوپای زیمبابۆشەوە پارێزگاری لێدەکرێت.

هەرچی جۆن ماکومبی (John Makumbe) سەرۆکی لقی شەفافییەتی نێودەوڵەتی زیمبابۆشە، بەم دواییە لە کۆبوونەوەیەکی ئاشتەوایدا دەستگیرکراو لەلایەن پۆلیسەوە لێیدرا.

بەهۆی جارنامەیەکی نادروست لە بارەی کەمکردنەوەیەك لەمەڕ دامەزراوەیەکی گەیاندنی تەلدراو بێ تەلەوە لەمالاوی (Malawai Telecomminication، MTL) بۆ گرووپێك کە وەزیری ڕاگەیاندن و سەرۆکی دامەزراوەکە، کە لەهەمانکاتدا مێردی وەزیری ڕاگەیاندن بوو، لەخۆگرتبوو، چوار گەورە کارمەندی لقی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) لەمالاوی لەلایەن دەستەی دژایەتیکردنی گەندەڵییەوە قۆڵبەستکران. بەڵام دواتر بەکەفالەت ئازادکران و چوونەوە سەرکارەکانیان.

دیسان گرنگترین کەیسی گەندەلی لەهەرێمەکەدا لە حوزەیرانی ٢٠٠٢ بە حوکمدانی ماسوفا ئیفرایم سوڵی بەڕێوەبەری گشتی پێشووی دەسەڵاتی پەرەپێدانی بەرزاییەکانی لیسۆتۆ، بە هەژدە ساڵ زیندانیکردن بەتۆمەتی گەندەڵی، کۆتایی پێهات.

هەروەها بەڵگەی ئەوە لەبەردەستدابوو، کە لە ڕێگەی کۆمپانیا ڕاوێژکارییە نێودەوڵەتییەکانەوە، کە هەر هەموویان پەیوەندیان بە پرۆژەی بونیادنانی بەنداوێکەوە هەبوو، بەملیۆنان راند (دراوێکی باوە لە باشووری ئەفەریقیا) چووبووە سەر حساباتی بانکی ماسوفا سول لە سویسرا. هەڵبەتە لەپاش حکومدانی ناوبراو، دیسان هەریەك لەکۆمپانیاکانی بەریتانیا و کەنەدا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیتالیا و باشووری ئەفەریقیا و سویسرا راپێچی دادگا کران. دیارە سزادانی کارمەندانی دەسەڵاتی پەرەپێدانی بەرزاییەکانی لیسۆتۆ لەسەر مەسەلەی بەرتیل، رووداوێکی گرنگ بوو بۆ هەرێمەکە، چونکە مامەڵەکردن بوو لەگەڵ ئەو دامەزراوە دەوڵەتیانەی کە بەرتیل دەدەن.

لەم سەروبەندەدا حکومەتی هەرێمی باشووری ئەفەریقیا ڕایگەیاند، کە دامەزراوە پەیوەندیدارەکان لەوانەش (هەندێك لەگەورە کۆمپانیا ئەندازەییەکانی باشووری ئەفەریقیا)، ئەگەر روونبووەوە کە دەستیان لە بەرتیلدان هەیە، ئەوا لەو راسپاردنانە دوور دەخرێنەوە کە لە بارەی هێڵی ئاسنین لەو شارەدا پلانی بۆ داڕێژراوە.

ئەمجارەشیان لە باشووری ئەفەریقیا، پاش لێکۆڵینەوەیەکی هاوبەش لە تشرینی دووەمی ٢٠٠١ هەریەك لە دادوەری گشتی یەکەم و لێکۆڵیاری یەکەم لە سکاڵانامەی (دژ بە کارمەندانی دەوڵەت) و سەرۆکی دیوانی لێپێچینەوە تایبەتییەکان بەهێنانی چەك و دیسان پەرلەمان راپۆرتیان بۆ رەوانەکرا سەبارەت بە پرۆسەی ساختەکردن و گەندەڵی لە چوارچێوەی هێنانی کەلوپەلی سەربازیدا، بەڵام دواتر هەندێك لە ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران سەرفرازکران، لەگەڵ ئەوەشدا سابۆمبیکی (Thabo Mbeki) سەرۆکی دەوڵەت تەحەفوزاتی جددی خۆی نیشاندا لەبەرامبەر ئیدارەی پرۆسەکانی جاڕدان لەمەڕ کەمکردنەوەکان. هاوکات هەریەك لەو کارمەندانەی کە دیارییان لەڕکابەرانی نێو



کەمکردنەوەکانەوە وەرگرتبوو، ناوەکانیان لەراپۆرتەکەدا هاتبوو. هەروەها ناوی بەرێوەبەری دەزگای تەزوید و ئیمدادای وەزارەتی بەرگری و ئەو دامەزراوانەی تێدابوو کە براکەی پشکی تێدا هەبوو.

وەکو ئۆپۆزسیۆن دەڵێت راپۆرتەکە کەموکورتی هەبوو، بەڵام حکومەت توانی پاساو بۆ خۆی بهێنێتەوە.

## بەرئەنجام

گەندەڵی لە هەموو جێگایەکدا هەیە، لە وڵاتانی پیشەسازی دەوڵەمەند و لە هەرێمە هەژارەکان، لەباکوور و باشوور، لە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا. بۆ جاری یەکەمیش راپۆرتی گەندەڵی جیهانی، وێنای ئاماژە رەشبینەکانی دەکێشێت. پێدەچێت کە لە هەموو جێگایەکدا، گەندەڵی شتێك بێت و ریشەکێش نەکرێت، رەنگە خەڵکی بڵێت کە ئێمە لە (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) ئیشوکارێکی گران و قورسمان لە ئەستۆ گرتبێت. چونکە هەموو ڕۆژێك گۆڕانکاری نوێ لەبەرتیل و ساختەو فریودان زیاد دەکات، هەروەکو ئەوەی ئێمە بەرەنگاری درندەیەکی ترسناك و ئەفسانەیی فرە سەر ببینەوە و لەکاتی برینی هەر سەرێکیدا چەند سەرێکی سەرهەڵبداتەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا دیدێکیتر هەیە، کە پێیوایە بێهیوابوون نییە و هەموو ئەو حاڵەتانەش کەدووچاری بوەتە، بوونەتە جێگەی بایەخی گشتی و ئەمەش بۆ خۆی بەسەرکەوتنی دەژمێردرێت. ئەوەتا لە سەرەتای نەوەدەکاندا حاڵەتەکانی گەندەڵی لەژێر پەردەدا تەشەنەیان دەکرد و کەسیش قسەی لەبارەیەوە نەدەکرد، بەڵام لە ئێستادا لەژێر رووناکیدا وێنەی گەندەڵی دەشێوێنرێت و خەڵکیش لەسەر ئاستی جیهانیدا لە هەوڵی دەرخستنی بێزاریدان.

دیسان وڵاتێك نییە لە جیهاندا کە حاڵەتی گەندەڵی تایبەت بەخۆی ئاشکرا نەکردبێت، بەڵام حکومەتانی هەندێك لەوڵاتان وا هەستدەکەن کە ڕۆژنامەنووسانی پشکێنەر و کۆمەڵەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەمڕۆدا هەڕەشەی لێدەکەن و ئەویش بەکاری تۆڵەسێنەرانە بەرپەرچیان دەداتەوە هەڵبەتە دەروەستبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوەکانی برایتۆن و دز و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) و زۆرێك لە مرۆڤە دەروەستەکان دەبێتە هۆی کارکردنی زیاتر لە دژی گەندەڵی.

هەروەها یاساگەلێك گەڵاڵە دەکرێت و تۆمەتیش ئاراستەی سیاسی و فەرمانبەران دەکرێت و لەڕووی یاساییەوە دوایان دەکەون.

دیارە دامەزراوە گەلێکیش هەن ڕێسا و ڕێگا بۆ پێدانی بەرتیل خۆ دەکەن، لە کاتێکدا کۆمەڵگای مەدەنی پێداگری دەکات لەبەشداریکردنیان لەپرۆسەی چاودێری و ئێشکگرتن.

کەوابوو خەباتمان کە ماوەی دە ساڵە بەردەوامە، کاریگەری دیاریکراوی هەبووە و گەندەڵیش لەخشتەی کارەکانی جیهانیدا تۆمارکراوە. بێگومان هێشتا زۆر کارماوە کە بەئەنجامبگەیەنرێت. هەرچەندە ئێمە باش بەرەو پێشچووین، بەڵام ئەو راستییەمان لەبەرچاوە کە سەرکەوتن لەخەباتی دژ بەم بەڵایە هێشتا ماویەتی.



## خشتەکان

### پێڕستی درکپێکردنی گەندەڵی

| پ | وڵات | پێڕستی وێناکردنی گەندەڵی ٢٠٠٠ بەهاکان بەخاڵ | لێکۆڵینەوە بەکارهاتووەکان | لادانە پێوەرییەکان ڕووەو خوارەوە | بەهای کەم / زۆر |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | فنلەندا | ٩٧ | ٨ | ٠,٤ | ٠,١٠-٨,٩ |
| ٢ | دانیمارك<br>نیوزیلەندا | ٩٥<br>٩٥ | ٨<br>٨ | ٠,٢ | ٩,٩ -٨,٩<br>٩,٦-٨,٩ |
| ٣ | ئایسلندا<br>سەنگافور<br>سوید | ٩٤<br>٩٣<br>٩٣ | ٦<br>١٣<br>١٠ | ٠,٤<br>٠,٢<br>٠,٢ | ١٠,٠٥-٨,٨<br>٩,٦-٨,٩<br>٦,٩-٩,٨ |
| ٤ | کەنەدا<br>لۆکسەمبۆرگ<br>هۆڵەندا | ٩٠<br>٩٠<br>٩٠ | ١٠<br>٥<br>٩ | ٠,٢<br>٠,٥<br>٠,٣ | ٣,٩-٨,٧<br>٩,٩-٥,٨<br>٣,٩-٥,٨ |
| ٥ | بریتانیا | ٨٧ | ١١ | ٠,٥ | ٤,٩-٧,٨ |
| ٦ | ئوستالیا | ٨٦ | ١١ | ٠,١ | ٣,٩-١,٦ |
| ٧ | نەرویژ<br>سویسرا | ٨٥<br>٨٥ | ٨<br>٩ | ٠,٩<br>٠,٩ | ٣,٩-٦,٩<br>٤,٩-٨,٦ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٤ | هونگ کونگ | ٨٢ | ١١ | ٠,٨ | ٤,٩-٦,٦ |
| ١٥ | نەمسا | ٧٨ | ٨ | ٠,٥ | ٧,٨-٢,٧ |
| ١٦ | ولاتە یەکگرتووەکان | ٧٧ | ١٢ | ٠,٨ | ٧,٨-٥,٥ |
| ١٧ | چیلی | ٧٥ | ١٠ | ٠,٨ | ٨,٨-٦,٥ |
| ١٨ | ئەڵمانیا<br>ئیسرائیل | ٧٣<br>٧٣ | ١٠<br>٩ | ٠,١<br>٠,٩ | ١,٨-٠,٥<br>١,٨-٢,٥ |
| ٢٠ | بەلژیکا<br>ژاپۆن<br>ئیسپانیا | ٧١<br>٧١<br>٧١ | ٨<br>١٢<br>١٠ | ٠,٩<br>٠,٩<br>٠,١ | ٨,٧-٥,٥<br>٩,٧-٥,٥<br>٩,٨-٢,٥ |
| ٢٣ | ئیرلەندا | ٦٩ | ٨ | ٠,٩ | ٨,١-٥,٥ |
| ٢٤ | بوتسوانا | ٦٤ | ٥ | ١,٥ | ٨,١-٣,٥ |
| ٢٥ | فرنسا<br>پورتوگال | ٦٣<br>٦٣ | ١٠<br>٩ | ٠,٩<br>٠,١ | ٧,٨-٤,٨<br>٠,٨-٥,٥ |
| ٢٧ | سلۆڤینیا | ٦٠ | ٩ | ١,٤ | ٨,٩-٤,٧ |
| ٢٨ | نامیبیا | ٥٧ | ٥ | ٢,٢ | ٨,٩-٣,٦ |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٩ | ئیستۆنیا<br>تایوان | ٥٦<br>٥٦ | ٨<br>١٢ | ٠,٦<br>٠,٢ | ٦,٦-٥,٢<br>٦,٦-٣,٩ |
| ٣١ | ئیتاڵیا | ٥٢ | ١١ | ١,١ | ٧,٢-٣,٤ |
| ٣٢ | ئۆرۆگوای<br>هەنگاریا | ٥١<br>٤٩ | ٥<br>١١ | ٠,٧<br>٠,٥ | ٦,١-٤,٢<br>٥,٦-٠،٤ |
| ٣٤ | مالیزیا<br>ترینیداد وتوباگو | ٤٩<br>٤٩ | ١١<br>٤ | ٠,٦<br>١,٥ | ٦,١-٣,٦<br>٦,٩-٣,٦ |
| ٣٦ | روسیای سپی<br>لیتوانیا<br>ئەفریقیای باشوور<br>تونس | ٤٨<br>٤٨<br>٤٨<br>٤٨ | ٣<br>٧<br>١١<br>٥ | ١,٣<br>١,٩<br>٠,٥<br>٠,٨ | ٨,٥-٣,٣<br>٧,٦-٣,٤<br>٥,٥-٣,٩<br>٥,٦-٣,٦ |
| ٤٠ | کۆستاریکا<br>ئوردون<br>موریشیوس<br>کۆریای باشوور | ٤٥<br>٤٥<br>٤٥<br>٤٥ | ٦<br>٥<br>٦<br>١٢ | ٠,٩<br>٠,٧<br>٠,٨<br>١,٣ | ٥,٩-٣,٦<br>٥,٢-٣,٦<br>٥,٥-٣,٥<br>٧,١-٢,١ |
| ٤٤ | یۆنان | ٤٢ | ٨ | ٠,٧ | ٥,٥-٣,٧ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤٥ | بەرازیل<br>بولگاریا<br>جامایکا<br>پیرۆ<br>پۆلۆنیا | ٤٠<br>٤٠<br>٤٠<br>٤٠<br>٤٠ | ١٠<br>٧<br>٣<br>٧<br>١١ | ٠,٤<br>٠,٩<br>٠,٤<br>٦,٠ | ٣,٨ -٣,٤<br>٧,٥ -٣,٣<br>٤,٣ -٣,٦<br>٥,٠ -٣,٢<br>٥,٥ -٢,٦ |
| ٥٠ | گانا<br>کرواتیا | ٣٩<br>٣٨ | ٤<br>٤ | ١,٤<br>٠,٢ | ٥,٩ -٢,٧<br>٤,٠ -٣,٦ |
| ٥٢ | کۆماری چیك<br>لیتوانیا<br>مەراکیش<br>سلوڤاکیا<br>سریلانکا | ٣٧<br>٣٧<br>٣٧<br>٣٧<br>٣٧ | ١٠<br>٤<br>٤<br>٨<br>٤ | ٠,٨<br>٠,٢<br>٨,١<br>٠,٦<br>٠,٤ | ٥,٥-٢,٦<br>٣,٩ –٣,٥<br>٥,٥-١,٧<br>٤,٦ -٣,٠<br>٤,٣ -٣,٣ |
| ٥٧ | کۆلۆمبیا<br>مەکسیك | ٣٦<br>٣٦ | ١٠<br>١٠ | ٠,٧<br>٠,٦ | ٤,٦ -٢,٦<br>٤,٩ -٢,٥ |
| ٥٩ | چین<br>کۆماری<br>دۆمۆنیکا<br>ئەسیوبیا | ٣٥<br>٣٥<br>٣٥ | ١١<br>٤<br>٣ | ١,٠<br>٠,٤<br>٠,٥ | ٥,٦ -٢,٠<br>٣,٩ -٣,٠<br>٤,٠ -٣,٠ |
| ٦٢ | میسر<br>سلڤادۆر | ٣٤<br>٣٤ | ٧<br>٦ | ١,٣<br>٨,٠ | ٣,٥-٧,١<br>٢,٤-٠,٢ |
| ٦٤ | تایلاند<br>تورکیا | ٣٢<br>٣٢ | ١١<br>١٠ | ٧,٠<br>٩,٠ | ١,٤-٥,١<br>٦,٤-٩,١ |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٦ | سەنیگال | ٣١ | ٤ | ٧,١ | ٥,٥-٧,١ |
| ٦٧ | پەنەما | ٣٠ | ٥ | ٨,٠ | ٦,٣-٧,١ |
| ٦٨ | ملاوی<br>ئۆزبەکستان | ٢٩<br>٢٩ | ٤<br>٤ | ٩,٠<br>٠,١ | ٠,٤-٠,٢<br>١,٤-٠,٢ |
| ٧٠ | ئەرژەنتین | ٢٨ | ١٠ | ٦,٠ | ٨,٣-٧,١ |
| ٧١ | ساحل عاج<br>هندۆراس<br>هند<br>روسیا<br>تانزانیا<br>زامبیا | ٢٧<br>٢٧<br>٢٧<br>٢٧<br>٢٧<br>٢٧ | ٤<br>٥<br>١٢<br>١٢<br>٤<br>٦ | ٨,٠<br>٠,٦<br>٤,٠<br>٠,١<br>٧,٠<br>٥,٠ | ٤,٣-٠,٢<br>٤,٣-٠,٢<br>٦,٣-٤,٢<br>٠,٥-٥,١<br>٤,٣-٠,٢<br>٣,٣-٠,٢ |
| ٧٧ | پاکستان<br>فلیپین<br>رۆمانیا<br>زامبیا | ٢٦<br>٢٦<br>٢٦<br>٢٦ | ٣<br>١١<br>٧<br>٤ | ٢,١<br>٦,٠<br>٨,٠<br>٥,٠ | ٠,٤-٧,١<br>٦,٣-٧,١<br>٦,٣-٧,١<br>٢,٣-٠,٢ |
| ٨١ | ئەبانیا<br>گواتیمالا<br>نیکاراگوای<br>فەنزویلا | ٢٥<br>٢٥<br>٢٥<br>٢٥ | ٣<br>٦<br>٥<br>١٠ | ٨,٠<br>٦,٠<br>٧,٠<br>٥,٠ | ٣,٣-٧,١<br>٥,٣-٧,١<br>٤,٣-٧,١<br>٢,٣-٥,١ |
| ٨٥ | جۆرجیا<br>ئۆکرانیا<br>ڤیتنام | ٢٤<br>٢٤<br>٢٤ | ٣<br>٦<br>٧ | ٧,٠<br>٧,٠<br>٨,٠ | ٣,٣-٧,١<br>٨,٣-٧,١<br>٦,٣-٥,١ |
| ٨٨ | کازاخستان | ٢٣ | ٤ | ١,١ | ٩,٢-٧,١ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٨٩ | پولیڤیا<br>کامیرون<br>ئۆکوادۆر<br>هایتی | ٢٢<br>٢٢<br>٢٢<br>٢٢ | ٦<br>٤<br>٧<br>٣ | ٤,٠<br>٧,٠<br>٣,٠<br>٧,١ | ٩,٢-٧,١<br>٢,٣-٧,١<br>٦,٢-٧,١<br>٠,٤-٨,٠ |
| ٩٣ | مۆلْداڤیا<br>ئۆگەندا | ٢١<br>٢١ | ٤<br>٤ | ٦,٠<br>٣,٠ | ٠,٣-٧,١<br>٦,٢-٩,١ |
| ٩٥ | ئازربایجان | ٢٠ | ٤ | ٣,٠ | ٤,٢-٧,١ |
| ٩٦ | ئەندونیسیا<br>کینیا | ١٩<br>١٩ | ١٢<br>٥ | ٦,٠<br>٣,٠ | ٠,٣-٨,٠<br>٥,٢-٧,١ |
| ٩٨ | ئەنگۆلا<br>مەدەغشقر<br>پاراگوای | ١٧<br>١٧<br>١٧ | ٣<br>٣<br>٣ | ٢,٠<br>٧,٠<br>٢,٠ | ٠,٢-٦,١<br>٥,٢-٣,١<br>٠,٢-٥,١ |
| ١٠١ | نەیجیریا | ١٦ | ٦ | ٦,٠ | ٥,٢-٩,٠ |
| ١٠٢ | بەنگلادیش | ١٢ | ٥ | ٧,٠ | ٠,٢-٣,٠ |

**تێبینییەکان**

لەژێر سیمبۆلی www.transparency.org یاخود www.gwdy.de وەسفێکی تێروتەسەلی مەنهەجێتی جێبەجێکرا و لە پێناو پێڕستی وێناکردنە تایبەتییەکان بەگەندەڵی ٢٠٠٢دەبینینەوە.

بەهاکان بەخاڵ، بۆ پێڕستی وێناکردنە تایبەتییەکان بەگەندەڵی: ئەمەش بۆ ئەو پلە گەندەڵییە دەگەڕێتەوە، کە لەلای کارشوناسان و شیکارانی سەرەڕۆییەکان



تێبینی دەکرێت، کە لە نێوان (دە) (ناگەندەڵکار) و (سفر) (گەندەڵکار تائەوپەڕی) دایە.

**لێکۆڵینەوە بەکارهاتووەکان**

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ژمارەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەئاکامی سەرکەوتن یاخود شکستی ولاّتێك ئەنجامدەدرێت. بەگشتی پانزە لێکۆڵینەوە لەلایەن نۆ دامەزراوەی سەربەخۆوە بەکارهێنرا. جا بۆ ئەوەی هەر ولاّتێك لە پێڕستی وێناکردنە تایبەتییەکان بەگەندەڵی ٢٠٠٠ پەسەندبکرێت، پێویستە لەسەری بەلانی کەمەوە لە سێ لەو لێکۆڵینەوانەدا پشکی هەبێت.

**لادانە پێوەرییەکان:** ئاماژەیە بۆ جیاوازی لەبەهای سەرچاوەکاندا: هەرکاتێك قەبارەی لادانی پێوەریی زیادبکات، ئەوا جیاوازی لە ئەنجامەکانی هەر سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی ولاّتێك گەورەتر دەبێت.

**بەهای زۆر/ کەم:** ئەمە ئاماژەیە بۆ زۆرترین و کەمترین بەهای هەریەك لەسەرچاوە جیاوازەکان.

**پێڕستی بەرتیلدەرەکان**

لەو ولاّتانەی کە تازە پێشکەوتوون، پرسیار لە ٨٣٥ شارەزای کارودارایی کرا: تکایە لەوەی پەیوەستە بە کەرتە ئابوورییەکان ئەو بڕە بەرتیلەمان بۆ دیاری بکە، کە پێدەچێت کۆمپانیاکانی سەر بە ولاّتانیتر بیدەن یاخود دەخرێنە بەردەمی بۆ ئەوەی لەسەر سەودانامەکان لەم ولاّتەدا ڕێکبکەوێت یان پارێزگاری لەکارەکەی بکات.

هەڵبەتە پرسیارەکە پەیوەستە بەئامادەیی کۆمپانیای گەورە ولاّتانی هەناردە بۆپێدانی بەرتیل لەو ولاّتانەی کە گەیشتوونەتە سەر پەیژەی پێشکەوتن. هەروەها لێکۆڵینەوەکە کەسانی نێو پۆستە بەرزەکانیشی گرتووەتەوە.

دیاره بەهای نموونەیی بەژماره (٠,١٠) دەخەملێنرێت، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی هیچ جۆره ئامادەییەك بۆ پێدانی بەرتیل بەدینەکراوە.

بەم جۆره لیستی پلەی کۆمپانیای ئەو وڵاتانەی کە تیایاندا ئامادەیی نزمە بۆ پێدانی بەرتیل لەدەرەوەرا دەستپێدەکات و، هەرچی مێژووی لێکۆڵینەوەکانیشە ئاماژەن بۆ ئەو کۆمپانیا لۆکاڵییە نیشتیمانیانەی هەر پانزه وڵاتی گەیشتوو بەپەیژەی پێشکەوتن، کە ئامادەیی گەورەیان بۆ پێدانی بەرتیل تیایدا ئاشکرا دەبێت، واتە ئامادەییەکی بەرز لە ئامادەیی دامەزراوە بیانییەکان.

| ژ | کۆی ژمارەکان | ٢٠٠٢<br>٨٣٥ | ١٩٩٩<br>٧٧٩ | ڕێکەوتننامەی پەرەپێدان و هاریکاری ئابووری، هەلومەرجی بەرواری ٢٠٠٢/٥/١٤ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئوسترالیا | ٨,٥ | ١,٨ | واژۆیکردووە |
| ٢ | سوید<br>سویسرا | ٨,٤<br>٨,٤ | ٣,٨<br>٧,٧ | واژۆیکردووە |
| ٤ | نەمسا | ٨,٢ | ٨,٧ | واژۆیکردووە |
| ٥ | کەندا | ٨,١ | ١,٨ | واژۆیکردووە |
| ٦ | هۆڵەندا<br>بەلجیکا | ٧,٨<br>٧,٨ | ٤,٧<br>٨,٦ | واژۆیکردووە |
| ٨ | بریتانیا | ٦,٩ | ٢,٧ | واژۆیکردووە |
| ٩ | سەنگافوره<br>ئەڵمانیا | ٦,٣<br>٦,٣ | ٧,٥<br>٢,٦ | واژۆینەکردووە |
| ١١ | ئیسپانیا | ٥,٨ | ٣,٥ | واژۆیکردووە |
| ١٢ | فەرنسا | ٥,٥ | ٢,٥ | واژۆیکردووە |
| ١٣ | USA<br>ژاپۆن | ٥,٣<br>٥,٣ | ٢,٦<br>١,٥ | واژۆیکردووە |
| ١٥ | مالیزیا<br>هونگ کونگ | ٣,٤<br>٤,٣ | ٩,٣<br>– | واژۆینەکردووە |
| ١٧ | ئیتالیا | ٤,١ | ٧,٣ | واژۆیکردووە |
| ١٨ | کوریای باشوور | ٣,٩ | ٤,٣ | واژۆیکردووە |
| ١٩ | تایوان | ٣,٨ | ٥,٣ | واژۆینەکردووە |
| ٢٠ | چین | ٣,٥ | ١,٣ | واژۆینەکردووە |
| ٢١ | روسیا<br>کۆمپانیا نیشتیمانییەکان | ٢,٣<br>٩,١ | –<br>– | واژۆینەکردووە |

## بەرتیل لە لقەکانی ئابووریدا

تا چ مەودایەك لە لقە ئابوورییەکانی خوارەوەدا، خاوەن پۆستە بەرزەکان لەم ولاتەی (کە بارەگای نیشتەجێبوونییەتی و پرسیارەکەی لێدەکرێت) چاوەڕوانی ئەگەری خواستی پارەی بەرتیل یاخود پەسەندکردنی لێدەکرێت، نموونەی ئەمەش ئەوەیە کە لە ریکلامکردن بۆ کەمکردنەوەکان و، لە لیستە یاسایی و پرۆسەکانی واژۆکردندا روودەدات.

| کۆی ژمارەی ئەوانەی پرسیاریان لێکراوە | ٢٠٠٢ ٨٣٥ |
|---|---|
| ژێرخانی گشتیگەرایی / ئابوورییەکانی بیناسازی | ١٠٣ |
| چەك و پیشەسازی خۆ پرچەککردن | ١,٩ |
| پیشەسازی گاز و نەوت | ٢,٧ |
| خانووبەرە (موڵکدارییە نەگۆڕەکان). کەلوپەلەکان | ٣,٥ |
| بەیەکگەیشتنی لەدوورەوە | ٣,٧ |
| بەرهەمهێنانی وزە / گواستنەوەی وزە | ٣,٧ |
| کانزاسازی | ٠,٤ |
| گواستنەوە. سیستمی عەمبارکردن | ٤,٣ |
| دەرمانسازی / سیستمی تەندروستی | ٣,٤ |
| پیشەسازی قوورس | ٤,٥ |
| بانك و سیستمی دارایی | ٤,٧ |
| فرۆکەوانی مەدەنی | ٤,٩ |
| ئابووری دارستانەکان | ٥,١ |
| تەکنەلۆژیای راگەیاندن/ یان زانیارییەکان | ٥,١ |
| راوەماسی | ٥,٩ |
| پیشەسازی سووك | ٥,٩ |
| کشتووکاڵ | ٥,٩ |

هەڵبەتە ئەو بەهایانەی کەنیشان دراون ، جگە لەبەهای مامناوەندی گشت پرسیارەکان چیتر نییە. هەروەها ئەم بەهایانە دەگەڕێنەوە بۆ ریزبەندییەك کە لە



یەکەوە بۆ دە دەستپێدەکات، دیارە سفر ئەو ڕەهەندە پۆلێنکراوەیە کە بە بەرزترین گەندەڵی دادەنرێت، لەکاتێکدا ژمارە (١٠) ئاماژە نییە بۆ گەندەڵی.

## بەرتیل لە لقەکانی ئابووری، پێبەپێی بەرزبوونەوەی بڕەکانی بەرتیل

لەکام لقە ئابوورییەی کەپێشتر ریزبەندکراوە، ئەگەری پێدانی بەرزترین بەرتیل چاوەڕوان دەکرێت؟

| کۆی ژمارەی ئەوانەی پرسیاریان لێکراوە | ٢٠٠٢ ٨٥٣ |
|---|---|
| ژێرخانی گشتیگەرایی / ئابوورییەکانی بیناسازی | ٤٦٪ |
| چەك و پیشەسازی خۆ پرچەککردن و تەجهیز | ٣٨٪ |
| پیشەسازی گاز و نەوت | ٢١٪ |
| بانك و سیستمی دارایی | ١٥٪ |
| (موڵکدارییە نەگۆڕەکان) / کەلوپەلە بینراوەکان | ١١٪ |
| دەرمانسازی و سیستمی تەندروستی | ١٠٪ |
| بەرهەمهێنانی وزە / گواستنەوەی | ١٠٪ |
| بەیەکگەیشتنی لەدوورەوە | ٩٪ |
| تەکنەلۆژیای زانیارییەکان | ٦٪ |
| ئابووری دارستانەکان | ٥٪ |
| کانزاسازی | ٥٪ |
| گواستنەوە و سیستمی عەمبارکردن | ٥٪ |
| پیشەسازی قورس | ٤٪ |
| کشتووکاڵ | ٣٪ |
| ئابووری دارستانەکان | ٣٪ |
| فرۆکەوانی مەدەنی | ٢٪ |
| پیشەسازی سووك | ١٪ |

ڕێکەوتننامەی هاریکاری ئابووری و پەرپێدان: لەمەڕ ئەگەری سەپاندنی سزا بەسەر خاوەن پۆستە بیانییەکان لە بواری کارگێڕی نێودەوڵەتیدا (ڕێکەوتننامەی دژ بەگەندەڵی).

کام هەڵگۆزانە (الخيارات)ی خوارەوە لەباشترین باریدا لەگەڵ هەلومەرجی زانراوی پەیوەست بەڕێکەوتننامەکە هاوجووت دەبێت؟

لێکۆڵینەوەی ساڵی ٢٠٠٢

| | ٢٠٠٢ | ١٩٩٩ | کۆمپانیا بیانییەکان | ناوەوەی وڵات کۆمپانیاکانی | ژمێریاری وردبینی | بازرگانی هۆبەکانی | بانکەکان | مافناسەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆی ژمارەی ئەوانەی پرسیاریان لێکراوە | ٨٣٥ | ٧٧٩ | ٢٦١<br>٪٣١ | ٢٦١<br>٪٣١ | ٨٤<br>٪١٠ | ٪٧١<br>٪٩ | ٨٠<br>٪١٠ | ٧٨<br>٪٩ |
| زانیاری تەواوم لەبارەی ڕێکەوتننامەکەوە هەیە | ٪٧ | ٪٦ | ٪٧ | ٪٤ | ٪٨ | ٪١٣ | ٪٨ | ٪١٢ |
| هەندێك شت لەبارەیەوە دەزانم | ٪١٢ | ٪١٣ | ٪١٢ | ٪١٠ | ٪١٨ | ٪١٨ | ٪٩ | ٪١٤ |
| تەنیا بیستوومە | ٪٣٢ | ٪٣٤ | ٪٣٠ | ٪٣٣ | ٪٢٦ | ٪٢٨ | ٪٣٦ | ٪٣٨ |
| هیچم لەبارەیەوە نەبیستووە | ٪٤٦ | ٪٤٦ | ٪٤٤ | ٪٤٥ | ٪٤٠ | ٪٣٨ | ٪٤١ | ٪٢٩ |
| بێ وەڵام | ٪٧ | - | ٪٧ | ٪٧ | ٪٧ | ٪٣ | ٪٦ | ٪٦ |



ئایا دەزانیت کە ڕێکخراوەکەت هەندێك ڕێوشوێنی لەسەر بناغەی ڕێکەوتننامەی ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری و پەرەپێدان جێبەجێکردووە؟

| کۆی ژمارەی ئەوانەی پرسیاریان لێکراوە | ٢٠٠٢<br>٪١٦٤ | ١٩٩٩<br>٪١٦٤ |
|---|---|---|
| وردبینی لەمومارەسەی کارەکان | ١٣ | ١٩ |
| بەرنامەی جێبەجێکردن کە لەئێستاوە هەیە | ٣٥ | - |
| پێویست بەهیچ ڕێوشوێنێك ناکات | ٣٠ | ٤٣ |
| تاوەکو ئێستا هیچ بڕیارێکی چارەنووسساز نەدراوە | ١٣ | ١٨ |
| نازانم کە ڕێکخراوەکە بەچی وەڵامی ئەوە دەداتەوە | ٩ | ١٢ |
| بێ وەڵام | - | ٨ |

## چارەسەر لە پێناو بنەبڕکردنی گەندەڵی

باوایدابنێین لەتواناتدا هەیە، کە لەیەکێك لەم بوارانەی خوارەوەدا لەگەندەڵی ڕزگار دەبێت، ئەوا کەمیان هەڵدەبژێریت؟

| کۆی ژمارەی ئەوانەی پرسیاریان لێکراوە | ٢٠٠٢<br>٨٣٥ |
|---|---|
| دادگاکان | ٪٢١ |
| پارتە سیاسییەکان | ٪١٩ |
| پۆلیس | ٪١٣ |
| گومرگ | ٪٩ |
| دەزگای فێرکاری (قوتابخانە و زانکۆکان) | ٪٧ |
| دەستەی باج | ٪٦ |
| ئابووری تایبەت | ٪٤ |
| تەسدیقاتی بیناسازی و ئیستیغلال | ٪٤ |

| | |
|---|---|
| خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان | ٪۳ |
| بەکارهێنان و مەرجەکانی کار | ٪۲ |
| خزمەتگوزارییەکانی (تەلەفۆن، کارەبا، ئاو...) | ٪۲ |
| کۆچ و پاسپۆرت | ٪۱ |
| بوارەکانی تر | ٪۳ |

**سەرچاوەکانی زانیاری ئەوانەی پرسیاریان لێکراوە**

تکایە ناوی ئەو سەرچاوانە بڵێ، کە لە بارەی ئەم بابەتەوە زانیاریت لێوە دەستکەتووە.

| **کۆی ژمارەی ئەوانەی پرسیاریان لێکراوە** | ۲۰۰۲<br>۸۳۵ |
|---|---|
| زانیارییەکان لەهاوکاران و هاوڕێیان و زەبوونەکان | ٪۸۵ |
| ڕۆژنامە، ڕاپۆرتی میدیاکانی ڕاگەیاندن | ٪۵۵ |
| ئەزموونە شەخسییەکان | ٪۵۲ |
| سەرچاوەکان لە دامەزراوەکانیتر | ٪۳۸ |
| ئەزموونە ڕاستەوخۆکان لەگەڵ کەسانی دامەزراوەکەت | ٪۳٤ |
| حکومەت و سەرچاوە دیبلۆماسییەکان | ٪۱۳ |
| ئینتەرنێت | ٪۱۲ |
| نازانم / سەرچاوەکانی تر | ٪۱۲ |
| (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) | ٪۸ |



ئایا ئەو وەرچەرخان و گۆڕانکاریانە لەفاکتەرەکانی خوارەوەدا پشکێکی ئەوتۆیان هەبووە، کە جێپەنجە و دەلالەتی لە بەرتەسکبوونەوەی **سنووری گەندەڵی** لە نێوان کارمەندانی خاوەن پۆستە بەرزەکان لە ڕێگەی کۆمپانیا بیانییەکان لە پێنج ساڵی دواییدا هەبووبێت؟

| | ۲۰۰۲ |
|---|---|
| ئازادی زیاتری ڕۆژنامەوانی | ٪۵۲ |
| لێکۆڵینەوەی حکومەت لە حاڵەتەکانی گەندەڵی | ٪٤۸ |
| چاککردن لە ئاراستەکردنی هاوبەشدا | ٪٤۲ |
| چاودێری توند سەربارەت بە لەبەرشۆردنەوەی پارە | ٪۳۹ |
| بەجیهانیکردن و کێبڕکێی پەرەسەندووەکان | ٪۳۸ |
| باشکردنی مومارەسەی دابەشکردنی ڕاسپاردنە گشتیگەراییەکان | ٪۳۳ |
| بەتایبەتیکردنی سامانی دەوڵەت | ٪۳۳ |
| بەرزکردنەوەی ئاستی پابەندبوون بە لێپرسینەوەی کارمەندان | ٪۳۳ |
| بەرزکردنەوەی ئاستی سەربەخۆیی بۆرسەکان | ٪۲۹ |
| چاکسازی لە پەرەپێدان بە پارتەکان | ٪۱۰ |
| مەسەلەکانی تر | ٪۱ |

ئایا ئـەو وەرچـەخان و گۆڕانکارییانـە لـە فاکتـەرەکانی خـوارەوەدا پـشکێکی ئەوتۆیان هەبووە، کە جێپەنجە و دەلالەتی لەبـەرفراوانکردنی سـنووری گەنـدەڵی لەنێوان خاوەنپۆستە بەرزەکان لە ڕێگەی کۆمپانیا بیانییـەکان لـە پێـنج سـاڵی دواییدا هەبووبێت؟

| | ٢٠٠٢ |
|---|---|
| لێبووردەیی جەماوەر لەبەرامبەر گەندەڵی | ٪٦٧ |
| زیاد خراپی باری یاسایی دەوڵەت | ٪٥٩ |
| حەسانەی کارمەندە پایە بەرزەکان | ٪٥٣ |
| نەبوونی چاودێری پێویست سەبارەت بە لەبەرشۆردنەوەی پارە | ٪٤٩ |
| خراپبوونی کرێی کەرتی گشتی | ٪٤٤ |
| زیاد خراپی مومارسەی دابەشکردنی بۆندی راسپاردنە گشتییەکان | ٪٣٥ |
| زیادبوونی بێدەنگی لەناوەندە حکومییەکاندا | ٪٣٤ |
| بەتایبەتیکردنی سامانی دەوڵەت | ٪٣٢ |
| پەرەسەندنی بەدجیهانیکردن و کێبرکێ | ٪٢٨ |
| چاکسازی لە پارەپێدان (تحویل) بە پارتەکان | ٪٢٣ |
| زیاد ئازادبوونی بۆرسەکان | ٪١٩ |
| سنووردانان بۆ ئازادی ڕۆژنامەوانی | ٪٦ |
| مەسەلەکانی تر | ٪٢ |



**مومارەسەی کار ناڕەواکانی دیکە بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازی ناڕەوا**

ئایا لەمومارەسەی کارە نامەشروعەکانی تری لقەکانی ئابووری، کە تۆ زانیاریت لەبارەیانەوە هەیە، حکومـەت دەسـتکەوتی نـاڕەوا لـەکاردا بـۆ کۆمپانیاکـانی بەدەستدەهێنێت؟

| کۆی ژمارە | ٢٠٠٢ ٧٧٩ | ١٩٩٩ ٨٣٥ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٦٨ | ٦٩ |
| نەخێر | ٢٦ | ٦٩ |
| بێ وەڵام | ٧ | – |

**مومارەسەی کارە ناڕەواکانی دیکە، کە حکومەت بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازی ناڕەوا بەکاریدەهێنێت.**

| کۆی ژمارەی ئەوانەی پرسیاریان لێکراوە | ٢٠٠٢ ٪٥٦٧ | ١٩٩٩ ٪٥٣٧ |
|---|---|---|
| فشاری دیبلۆماسی یان سیاسی | ٦٦ | ٥٣ |
| فشاری دارایی | ٦٦ | ٤٥ |
| مەسەلەکانی بازرگانی و نرخ | ٦٦ | ٤٩ |
| پابەندبوون بە هێنان | ٥٤ | ٣٥ |
| هەڕەشەکردن بە کەمکردنەوەی کۆمەکی بیانی | ٤٦ | – |
| سەودانامەی چەك و تەجهیزاتی مەرجدار | ٤١ | ٢٨ |
| پشتگوێخستنی کارگەکان / و پێشکەشکردنی دیاری بەکارمەندان | ٣٩ | ٣٦ |
| بەخشین (منح)ی مەرجدار لەبواری خوێندن و تەندروستیدا | ١٢ | ١٦ |
| وەسیلەکانی تر | ٨ | ١١ |
| بێ وەڵام | ٥ | ٢ |

ئەو وڵاتانەی مومارەسەی کاری خەوشدار یان نامەشروع دەکەن بۆ واژۆکردنی سەودانامەکان یاخود بۆ پاراستنی بواری کارەکان لەکۆی ئەم حکومەتانە، کامە سێ حکومەتیان لەڕووی مەبدەئییەوە گرێیان دەدەیت بە مومارەسەی کارە نامەشروعەکانی کەپێشتر باسکراون (مومارەسەی کارە نامەشروعەکانی تر، جگە لەبەرتیل، بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەستکەوتی نابەجێ لەبازرگانی دەوڵەت و وەبەرهێنانەکاندا؟

| کۆی ژمارە | ٢٠٠٢ ٪٥٦٧ |
|---|---|
| ویلایەتە یەکگرتووەکان | ٥٨ |
| فەرەنسا | ٢٦ |
| بریتانیا | ١٩ |
| ژاپۆن | ١٨ |
| کۆماری چینی میللی | ١٦ |
| روسیا | ١٣ |
| ئەم وڵاتە | ١٣ |
| ئەڵمانیا | ١١ |
| ئیسپانیا | ٩ |
| ئیتالیا | ٥ |
| تایوان | ٥ |
| کوریای باشوور | ٤ |
| سویسرا | ٤ |
| مالیزیا | ٣ |
| کەنەدا | ٣ |
| هۆڵندا | ٣ |
| سەنگافورە | ١ |
| بەلژیکا | ١ |
| ئوستralیا | ١ |
| نەمسا | ١ |
| هونگ کونگ | ١ |
| سوید | ١ |



بەهای ڕێژەی سەدی وەڵامدانەوەکان کە تیایدا ناوی وڵاتێك لەو سێ وڵاتەی یەکەم هاتوە، پتر ڕەنگدانەوەی پەیوەندییانە بەوەسیلە نامەشروعەکانەوە.

**پەیڤی سوپاسگوزاری**


کەسانێکی زۆر لە کتێبەدا پشکیان هەیە، بۆیە پێویستە بەتایبەتی سوپاسی هەریەك لەهانزیورگ ئیلزهورست(Hansjorg Elshorst) و جیزین شفان (Gesine Schwan) بکەم، کە بە نووسینەکەدا چوونەتەوە و بەسەرنجەکانیان دەوڵەمەندیان کردووە.

هەروەها لە دڵەوە سوپاسی هانز کۆنگ (Hans Kung)، ریچارد فون فایتستسکر (Richard Weizacker)، جیمس فولفنزن ( James Wolfensohn) دەکەم لەپای گەواهییە گرنگەکانیان.

دیسان سوپاسی ئەو کەسە بوێر و تێکۆشەرانەش ئەکەم، کە لە (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) لەگەڵمدان، بەتایبەتیش ئەوانەی لەدامەزراندنیدا بەشدارییان کردووە، لەوانەش کەسایەتییە سەرکردەکان لەسەرتاسەری جیهان، کە لەم دەستکەوتە زانستییەدا ڕۆڵیان گێڕاوەو پەرە بە پەرەی ئەم کتێبەیان ڕۆشنکردووەتەوە، بۆیە من بەختەوەر و ئاسوودەم بەم هاوکاریکردنەیان.

لەکۆتایشدا دەمەوێت سوپاسی تایبەتی کارستن لوهمایر ( Karsten Lohmeyer)بکەم، چونکە ئەگەر کاری دەروەستانەی ئەو نەبوایە، ئەوا ئەم پرۆژەیە لەم شێوەیەدا فەراهەم نەدەبوو.

## نووسەر لە چەند دێرێکدا



پیتەر ئـایگن (Peter Eigen)، لـەدایکبووی سـاڵی (١٩٣٨)ە، بەدرێـژایی چـەردەیەك لەخزمەتی بانکی نێودەولـەتی لـە باشـووری ئەمەریکا و ئەفەریقیا کاریکردووە. لە سـاڵی ١٩٩٣، بـانکی نێودەوڵـەتی بـە ئـەنگێزەی هەناسەسـاردی و بـیێ دەسـەڵاتی لـە کردنـی کارێك لە بواری بنـەبڕکردنی گەندەڵیـدا بەجێهێـشتووە و، لەگـەڵ هەنـدێك لـە هاوڕێکانی ڕێکخراوی (شەفافییەتی نێودەوڵەتی) دامەزراندووە.

سەرەتا نووسینگەیان ژورێك و تەلـەفۆنێك بـووە و بـۆ ڕێکخراوێکـی نـاحکومی گۆڕاوە و زیاتریش لەڕێکخراوەکانیتر چانسی سەرکەوتنی هەبووە. لەگـەڵ بـوونی لقە نیشتیمانیەکانی لە نزیکەی سەد وڵاتی سـەر زەوی، لـە سـاڵی ٢٠٠٢، ئـەم ڕێکخراوە خەڵاتی (کارل بریتلزمان)ی بەدەستهێناوە.